هونەری سەرکردایەتی کارا

12 کلیل بۆ گەیشتن بە لوتکە

نوسینی وانەبێژی جیهانی

د.ئیبراهیم فەقی

Dr.ibrahim Eifikh

منتدى اقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

وەرگێرانی:
کەرمیانی محەمەد ئەحمەد

2014

منتدى اقرأ الثقافي
----
www.iqra.ahlamontada.com

هونەری سەرکردایەتی کارا

١٢ کلیل بۆ گەیشتن بە لوتکە

نوسینی وانەبێژی جیهانی

د.ئیبراهیم فەقی

وەرگێڕانی: گەرمیان محەمەد ئەحمەد

چاپی یەکەم

٢٠١٤

لەبڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما

زنجیرە(٤٩١)

ناسنامەی کتێب

- ناوی کتێب: هونەری سەرکردایەتی کارا
- نوسینی: د.ئیبراهیم فەقی
- وەرگێڕانی: گەرمیان محەمەد ئەحمەد
- تایپ: وەرگێڕ
- بەرگ: فواد کەوڵۆسی
- شوێنی چاپ: چاپەمەنی گەنج
- ساڵی چاپ: ٢٠١٤
- نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە

لەبەڕێوەبرایەتی گشتی کتێبخانەگشتییەکان ژمارە سپاردنی: (١٣٦٥)ی ساڵی ٢٠١٤ی پێدراوە.

ناونیشان:

سلێمانی ـــ بازاڕی سلێمانی ـــ بەرامبەر بازاڕی خەفاف.

ژمارەی مۆبایل: (٠٧٧٠١٥٧٤٢٩٣)، (٠٧٥٠١١٩١٨٤٧)

پێڕست

لەبارەی ئیبراهیم فەقییەوە چییان گوتووە؟ ١٢

ئەم پەرتوکە پێشکەش بێت ١٥

سوپاس و رێز ١٧

هەموو رۆژێك ٢٣

کلیلی یەکەم ٢٥

بڕیار رێگەیەك بەرەو سەرکەوتن ٢٥

١ - هێزی بڕیاردان: ٢٧

٢-هەشت جۆر بڕیاردەر: ٣٠

٣- دە هۆکار بۆ بڕیاردانی هەڵە: ٣٣

٤-دە ئامۆشیاری بۆ دانی بڕیاری دروست ٣٧

٥-چۆن بڕیارێکی بەکۆمەڵ دەدەیت؟ ٤١

٦-چۆن بڕیاری تەندروست دەدەیت؟ ٤٣

٧-رێزگرتن لە خوود و کردارەی بڕیاردان : ٤٥

٨-کردارە(عەمەلەیە)ی بڕیاردان: ٤٩

کلیلی دووەم ٥١

هاندان هێزی پاڵنەری جیاکردنەوەی مرۆڤایەتی ٥١

٩-هاندان.. چییە؟ مانای چییە؟ :.................................... ٥٣

١٠-کردارە(عەمەلیە)ی هاندان :....................................... ٥٥

١١-سێ جۆرەکەی هاندان:.. ٥٧

١٢- دە خێراترین ڕێگە بۆ داڕووخانی کارمەندان :........................ ٦٢

١٣-پێنج ڕێگەی بەسود بۆ هاندانی کارمەندان:.......................... ٦٦

١٤-بیست ڕێگەی کارا بۆ هاندانی کارمەندان :.......................... ٦٩

١٥-پێنج ڕێگەی کارا بۆ هاندانی خۆت:................................ ٨٤

١٦-بەرنامەی زمانەوانیانەی دەمار و هاندان:............................ ٨٨

کلیلی سێیەم ٩٣

گۆڕان کەتواری ڕاستەقینەی ژیان.. .... ٩٣

١٧-ناوچەی حەسانەوە و گێلێتی نواندن:................................ ٩٥

١٨-پێنج هۆکار وەها لەخەڵك دەکەن ڕقیان لە گۆڕانکاری بێت:............ ٩٨

١٩- پێنج بنەمای گرنگ لەکاتی ڕودانی گۆڕاندا دەبێت ڕەچاوی بکرێت:........ ١٠٣

٢٠-چۆن وەها لە دەستەی کارمەندانت دەکەیت بە گۆڕانکاری قایلبن؟......... ١٠٧

کلیلی چوارەم ١١١

دڵەڕاوکێ و گوشاری کار گرەوەناستەنگ(تەحەدی)ی مرۆیی سوتەمەنییە بۆ سەرکەوتن.... ١١١

٢١-هۆکارەکانی پشت دڵەڕاوکێ لەدەستی خۆماندایە ! ! ١١٣

٢٢-کامیان باشترە: زۆرکەم یان زۆر زۆر؟........................ ١١٦

٢٣-هۆکارەکانی دڵەڕاوکێ:........................ ١١٨

٢٤-نیشانەکانی دڵەڕاوکێ : ١٢٢

٢٥-پێکهاتەی بەرگری لەخۆکردن دژی دڵەڕاوکێ:........................ ١٢٤

٢٦-سیستمی ((فەقی)) بۆ حەسانەوە:........................ ١٣٠

کلیلی پێنجەم........................ ١٣٥

توانایی و بەهرەکانی پەیوەندی دابەستن ڕێگەیەك بەرەو هێزی خوددی... .... ١٣٥

٢٧-پەیوەندی دابەستن جگە لە جۆرێك پەیهەست(ئیدراك) هیچی دیکە نییە: ١٣٧

٢٨-نهێنی هۆگربوون: ١٤١

٢٩-کەسانی کارگران دەوروبەرتیان تەنیوە: ١٥٣

٣٠-چۆن لەگەڵ نۆ تەرزەکەی کەسانی کارگراندا ڕەفتاردەکەیت؟ ١٥٤

٣١-بیست قەدەغەکراوەکەی کاتی پەیوەندی بەستن ڕەگەڵ کەسانی تردا: ١٥٩

٣٢-دە ئامۆژگاری پێویستە بەکاریان بهێنی..لەبیریان بکەی ئەنجام لەئەستۆدەگریت:..... ١٦١

٣٣-ئایا دەزانی چۆن لەگەڵ مرۆڤی دوو ڕوودا ڕەفتار دەکەیت؟ ١٦٢

٣٤-ئایادەزانی چۆن ورتەورت و واتەوات چارەسەر دەکەیت؟ ١٦٣

٣٥-چۆن ململانێی نێوان کارمەندانت چارەدەکەیت؟ ١٦٤

٣٦-رەچەتەی کارا بۆ پەیوەندی سەرکەوتوو: ١٦٦

کلیلی شەشەم ١٧٣

دیاری کردنی ئامانج ڕێگەیەك بەرەو بەختەوەری و سەرەنج ڕاکێشی.. .... ١٧٣

٣٧-ئایا دەزانی تۆ بەرەو کوێوە دەڕۆیت؟... ١٧٥

٣٨-پێنج هۆکار وەها لە ٩٧٪ی خەڵکی دەکات ئامانجیان دیاری نەکەن: ١٧٩

٣٩-پێنج سوودی پشت دیاریکردنی ئامانجەکان: ١٨٣

٤٠- چواربەشەکەی دیاریکردنی ئامانج:.. ١٨٦

٤١-سێ شێوەکەی ئامانج : ١٩٣

٤٢-چۆن ئامانجەکانت دەست نیشان دەکەیت-سیازدە بنەما: ١٩٦

٤٣-چۆن ئامانجەکانت بەدی دەهێنیت؟.. ٢٠٤

٤٤-سودەکانی دیاریکردنی ئامانجەکان لەبواری کاردا: ٢٠٨

٤٥- هەوڵدانی کەسێتی بۆ دیاریکردنی ئامانجەکان: ٢١٢

کلیلی حەوتەم ٢١٥

بەکارهێنانی کات بەهای ڕاستەقینەی ژیان...٢١٥

٤٦-بۆچی خەڵکی کاتی خۆیان بەفیڕۆ دەدەن؟ ٢١٧

٤٧-دوو کۆسپی دەروونی پێش بەکارخستنی کات:.. ٢٢٠

٤٨-پێنج تەرزەکەی بەڕێوەبەرانی کات: ٢٢٤

٤٩-شەش سودەکەی پشت بەکاربردنی کات: ٢٢٧

٥٠-پازدە دزەکەی کات(کە زۆرترین وێرانکاری دەنێنەوە).. ٢٢٩

٥١-بیست ڕێگەی زۆر کارا بۆ پاراستنی کات: ٢٣٤

٥٢-چۆن دەتوانی خووی کارا بۆ بەکارخستنی کات گەشەپێبدەی: ٢٤٣

کلیل هەشتەم.. ٢٤٧

سەرکردایەتی کردن ڕێگەیەك بەرەو لوتکەی ئەنجامدان.. .... ٢٤٧

٥٣-شێوازی تۆ چۆنە؟ ٢٤٩

٥٤- ٢٠ تایبەتمەندی بۆ سەرکردایەتی: ٢٥٥

٥٥-چوار شێوازەکەی سەرکردایەتی کردن: ٢٦٤

٥٦-چۆن دەستەلآت بەدەست دەهێنی و بەکاریشی دێنی: ٢٦٧

کلیلی نۆیەم.. ٢٦٩

دروستکردنی دەستە هێزێکی ڕەها بۆ دامەزراوەی سەرکەوتوو.. .... ٢٦٩

٥٧-دەستەی کار..شوێن دەست دیار: ٢٧١

٥٨-پێنج بنەما بۆ دروستکردنی دەستە-گروپی کار: ٢٧٥

٥٩-حەوت بنەما بۆ دروستکردنی دەستەیەکی سەرکەوتوو: ٢٧٨

٦٠-کێ پێویستە بهێنیتە نێو دەستەکەتەوە(هەڵبژاردنی کەسانی گونجاو): ٢٨٣

٦١-چۆن وەها لە دەستەکەت دەکەیت بەرهەم هێن بن؟ ٢٨٦

٦٢–چۆن لەگەڵ ئەوانەدا ڕەفتاردەکەیت حەزیان لە گۆشەگیرییە؟ ٢٩١

٦٣–چۆن لەگەڵ کێشەکانی نێو ئەندامانی دەستەکەتدا ڕەفتار دەکەیت؟ ٢٩٣

کلیل دەیەم ٢٩٧

پێ سپاردن ڕێگەیەك بەرەو ئازادی... ٢٩٧

٦٤–شت بەکەس دەسپێری؟... ٢٩٩

٦٥–ئەو شەش هۆکارەی وەها لە بەڕێوەبەران دەکەن رقیان لە پێ سپاردن(بریکاردانان)
بێتەوە: ٣٠١

٦٦–دە سوودی پێ سپاردن–بریکاردانان(تفویچ): ٣٠٥

٦٧–ئەوکارانە چین دەتوانی بەوانی تری بسپێری؟ ٣٠٨

٦٨–پێسپاردن چۆن ئەنجام دەدەیت؟ ٣١٢

کلیلی یازدەهەم ٣١٥

کۆبونەوەکان دەبم.. یان نابم.. ٣١٥

٧٠–حەوت هۆکاری پشت بەستنی کۆبونەوەکان: ٣٢٠

٧١–حەوت جۆر خەڵك لە نێو کۆبونەوەکاندا:..................................... ٣٢٣

٧٢–دەهۆکاری پشت شکست هێنانی کۆبونەوەکان : ٣٢٦

٧٣–پازدە بڤە لەکاتی ئامادەبوون لە کۆبونەوەکاندا:... ٣٣١

٧٤–بیست بنەما بۆ سەرخستنی کۆبونەوەکان:.. ٣٣٣

٧٥-خشتەی کار.. چییە؟.. ٣٣٩

٧٦-شەش کلیل بۆ بەستنی کۆبونەوەی کارا و بەهێز: ٣٤١

٧٧-کەی کۆبونەوە دەبەستیت؟... ٣٤٣

٧٨-کۆبونەوەکانت لەکوێ دەبەستیت؟ ٣٤٩

٧٩-کۆبونەوەکان ڕێزگرتن لەخود...٣٥١

کلیلی دوازدەیەم.. ٣٥٣

دامەزراندن جیاوازی دروست دەکات... ٣٥٣

٨٠-ئامادەبە..کارەکە ئاسان نییە: ٣٥٥

٨١-نۆ هۆکار دەبنەهۆی زۆربوونی تێچوون لەکاتی دامەزراندندا:.................... ٣٥٧

٨٢-هەشت هۆکار وەها لە بەڕێوەبەران دەکات کەسانی نوگونجاو دابمەزرێنن: ٣٦١

٨٣-دەهۆکار بۆ دۆزینەوەی کەسی ناوازە:... ٣٦٤

٨٤-چۆنێتی خستنەڕوو و هەڵبژاردنی باشترین؟ ٣٦٨

٨٥-کردارەی دامەزراندن: ٣٧٠

٨٦-کردارەی پاش دامەزراندن:... ٣٧٩

٨٧-بیست هەنگاوی بڤە لەکاتی دامەزراندنی کارمەندی نوێدا: ٣٨٤

٨٨-دەرکردن..کارێك هەر لەسەرەتاوە لەسەری ڕێك کەوتوون:.............................٣٨٦

٨٩-کردارەی دەرکردن: ٣٨٨

٩٠-دە خاڵی بڤە لەكاتی دەركردنی هەر كارمەندێكدا: ٣٩٣

٩١-چۆن دەزانیت تیشك خراوەتەسەر تۆ؟.. ٣٩٤

كۆتاوشەكان ٣٩٦

بەناوی خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

[خوا لە هیچ گەلێك ناگۆڕێ، تا ئەوان دڵیان نەگۆڕن]

(رعد-هەورەگرمە:11)

خودای گەورە ڕاستی فەرمووە

لەبارەی ئیبراهیم فەقییەوە چییان گوتووە؟

ئیبراهیم فەقی کەسێکی تایبەتمەندە، کۆڕەکانی بەجوانی و بەرنامەکانی بە سانایی پێشکەش دەکات. بە هەموو شارەزایی و ئاشنایەتیەکانی ئامازە پێدەری تەواوی ژیانە، پێویستە هەموان هەڵی گەیشتنە خزمەتیان بۆ برەخسێت..

(Rose Sollazzo...AT &T Canada)

کۆڕ و وانەکانی ئیبراهیم فەقی وەکو کلیلی سەرکەوتن وەهان..

(Collette Assaab...Bell Canada)

کۆڕەکانی ئیبراهیم فەقی بەهەموو شێوەو پێوەرێك کاریگەر و گونجاون

(Andre Dostie...Chysler – Canada)

ئیبراهیم فەقی جیاوازێکی دانسقەیە، کۆڕەکانی زۆر بەپێز و بونیات نەریشن.

(Marcel Cheujer...Pepsi Cola)

لەمرۆژە تایبەتیەدا، ئاهەنگی ساڵانەمان بەم شێوەیە سەرکەوتوو نەدەبوو گەر ئیبراهیم فەقی نەبوایە..

(Bernard Thibaulit...Greater Montreal Beal Estate Board)

ڕێنماییە نائاساییەکانی ئیبراهیم فەقی بووە هۆی هاندان و وروژاندنمان بۆ سەرکەوتنی مەزن...

(Alain GerardTelToute Communication)

ئەم پەڕتوکە پێشکەش بێت

بە هەموو ئەوانەی ڕۆژێك پێیان گتووم نەخێر.. بەبێ ئەوان نەمدەتوانی توانا ڕاستەقینەکانم بدۆزمەوە و سەرکەوتن لە ژیانمدا بەدیبێنم..

بە ئامالی هاوسەرم.. کچە جومکەکانم نانسی و نەرمین ..

د.ئیبراهیم فەقی

پێشکەش بێت بەو کەسەی فێری سەرکردایەتی کردنی کردم و دانایم لێوە چنگ خست... بە مێردەکەم، لە خوا داوای بۆ دەکەم بیخاتە باخی نەبڕاوەی نەمرانەوە و ئەم کارە باشانەی بکاتە کێشکانی چاکانی..

ئامال فەقی

سوپاس و ڕێز

لەکاتێکدا ئەم پەڕتوکە بەری ساڵانێکی زۆری فێربوون و گەڕانە، هەمدیس ئەنجامی ماندووبونێکی ماوەدرێژی دەستەیەکی کاری بلیمەتی ناوازەشە. بۆیە لێرەوە و لە قوڵایی هەناومەوە دەمەوێت سوپاس و نەوازش ئاراستەی هەموو ئەو کەسانە بکەم کە ، یارمەتی و هاندانەکانیان لە بەرجەستەبوونی ئەم پەڕتوکەدا ڕەنگ ڕێژ بووە، بەهۆیانەوە ئەم پەڕتوکە بە ڕاستینەیەکی کەتواری بووە.

بە تایبەت دەمهەوێت سوپاسی هاوڕێ و هاکاری ژیانم و هاوبەشە خەباتم (ئامال) بکەم" لەبەرامبەر ئەو هەموو هەوڵ و ماندوبونانەی لە گەشتی ژیانمدا بۆی نواندوم و یارمەتی کردووم بۆ ڕێکخستنی گەشت و کۆڕ و وانەکانم. سوپاسی ئامال دەکەم بەهۆی مانەوەی تا درەنگانێکی شەو" بۆ ئامادەکردن و ڕێکخستنی یادگاری نامە و بەرنامە و پێویستییەکانم لەکات و جێی خۆیدا.

سوپاس بۆ هاریکارەکەم Pina DeFabrizo بۆ ئەو ئەمەکداری و ماندوو نەناسییەی کە لەکارەکەی خۆیدا دەینواند. سوپاس بۆ هەموو ئەو کەسانەی لە لایەکەی تری کیشوەرەکەوە کاریان ڕەگەڵ کردووم، ئەوانەی یارمەتییان داوم بۆ هاتنە بەرهەمی ئەم پەڕتوکە و بەتایبەت بەڕێوەبەر Sylvain Bedard بۆ ئەو ئامۆشیارییە بە بەها و هاندانە بەردەوامانەی کە پێشکەشی دەکردم. سوپاس بۆ Pol Mall بەهۆی ئەو هونەرکاری و ڕازاندنەوەیەی کەلەم پەڕتوکەدا ئەزیەتی پێوە کێشاوە.

Regis Nadeau خۆشەویسترین هاوڕێم، کە هەمیشە جێ نیازی من بووە.

Fehim Sofraci هـاورێم و جێگـری سـەرۆكی Holiday Inn Crowne Plaza، Metro Center بەهۆی هاندانە بەردەوامەكانیەوە بۆمن .

سـوپاس بـۆ هـاورێم Alain Laroche ئەنـدامی لیژنـەی گەشـەپێدان لەشـاری Verbun بۆ هاندانە بەردەوامەكانی بۆ من.

سوپاس بۆ هاورێم Joseph Sidaros بەڕێوەبەری هەرێمی كۆمپانیای London Life بـۆ ئـەو متمانـە و بـاوەڕە زۆرەی بـەمن هـەیبوو. بـۆ David Meyersبەڕێوەبەری Sunlife of Canada .

سوپاس بۆ Toni DiFruscio بەڕێوەبەری گشتی Preston Phipps .

سـوپاس بـۆ Benito Migliorati بەڕێوەبـەر و سـەرۆكی میوانخانـەی Hotel Chateau Vaudreuil .

بۆ Angela Prevost ی خاوەن و بلاوكاری ڕۆژنامەیPremiere Edition.

سوپاس بۆ هەموو ئەوانـەی لـەكۆڕ و وانەكانمـدا ئامـادەبوون، بـۆ سـەرجەم سـەرۆك و بەڕێوەبەرانی جێبەجێ كاریی كە ڕێگەی چاوپێكەوتنیان پێدام.

سوپاس بۆ هەموو بەهرەداران كە بەشدارێتییان هەمیشە بووەتە سەرچەشمەی گیان و پەیام و كاریگەریەكانم، بەتایبەت خوا لێخۆشبووان: د. نۆرمان ڤینسیت بیـل، د. ڕۆبێـرت شۆلر، د.جۆن گیندر، د.ڕیچارد باندلیر، د.دیباك شـوبرا، د.زج زیجـلار و برایـان تراسـی .

سوپاسی تایبەتم بۆ هەمووتان.. خودا موارەكتان بكات.

تێبینییەك لە نوسەرەوە

بـۆ ئاسـانكاری خوێندنـەوە، وشـەی (ئـەو)م بـەكارهێناوە؛ وەك ئاماژەدان بە بەڕێوەبەر یان سەركردەكان لـەنێو ئـەم كتێبـەدا، بـۆ نێر و مێش هەمان شت وتراوە و بەكارهێندراوە.

پێشەکی

چۆن ئەم پەرتوکە دەبێتە ڕێنوێنی کارت" بەرەو سەرکەوتن؟

تۆیش وەکو من بڕوات وەهایە کە لەداهاتوودا نەختێك جهان دەگۆڕێت؟ کێبڕکێ کاری نوێ و بەهێزتر دیار وچێ دەبن، دەتوانن هەبووەکانی ئێستا بهاپن و تیابەرن و ون ناو بکەن، بێگومانیش ون ناویان دەکەن؟ گەر بە بەڵێ وەڵامی هەردووك پرسیارەکەت داوەتەوە ئەوا بزانە کە من و تۆ لەم بارەیەوە هاوڕاین، هیچ شتێکیش نییە ماناو ناوی هەڵسوڕاندنی مانەوە یاخود کارگێڕی مانەوەبێت. تۆ دەزانی سەرکەوتن تەنها بە بیرکردنەوە چێ نابێت، بە هەڵسوڕاندنیش، بە فرۆشتن بە هەمان شێوازی کۆن، یاخود زاڵبون بەسەر چالاکی ئەوانی تردا، لەڕاستیدا شێتییە مرۆڤ لەسەر هەمان چەشنە چالاکی کۆنی بەردەوام بێت و بەردەوام بێ و چاوەڕوانی ئەنجامی جۆراو چەشن بێ. نایتنجاڵ لە " کایەت هەڵسوڕێنە" دا باسی چیرۆکی پیاوێکمان بۆ دەکات کەلە پێشی ئاگردانێك دانیشتووە و دەڵێت:" گەرمیم پێ ببەخشە، کۆترەدارت پێ دەبەخشم" ، بۆماوەیەکی زۆر بێ دەستکەوتنی گەرمی مابویەوە" چون لەبیری کردبوو کە پێویستە لەسەرەتادا ببەخشێت و کاری خۆی ئەنجامبدات بەر لەوەی هیچی دەست بکەوێت یاخود ئەنجامی بەرچنگ کەوێت.

بەپشتیوانی ئەزمونم بۆم دیارکەوت کە زۆرێك لە بەڕێوەبەران هێشتاکە بەم چەشنە بیردەکەنەوە، ئەوکاتەی دەستم دایە نوسینەوەی ئەم پەرتوکە و ئەنجامدانی چاوپێکەوتن ڕەگەڵ بەڕێوەبەرانی ئێش و پلەجیاوازدا، هەموویان سەیریان لەوەدەهات

كە بۆچی ئەنجامی باشتریان چنگ ناكەویت؟! یاخود بەلای كەمەوە ناتوانن ئەو ئەنجامەش بپارێزن كە پێی ڕاگەیشتوون؟!

تاكە ڕێگە بۆ برەودان بەمانەوە لە كێبڕكێی ئەو چەرخەی كە هەرگیز بە كۆتا نایات- لەسایەی پێشكەوتنی خێرای بواری تەكنەلۆژیاوە- ئەوەیە كە گەشە بە خۆت بدەیت، بەهرەی نوێ یادبگریت، بەسەركردەیەكی باشتربیت، هاندەر و وروژێنەرێكی خاستروبیت، بە مەشق پێكارێكی چاكتربی، بە باشتر كاتەكانت بەكاربێنی، ئامانجەكانت دیاری بكەیت" بۆئەوەی بەهرەكانت لەسمارتەبدەی، بەهرەی هەمووانی دەوروبەریشت هەست پێبكەی.

ڕێسایەكی زۆر ساكارهەیە، **یان بۆ پێشەوە پێش دەكەوی، یاخود ئەوانی تر دەتشێلن.** تۆم بیترز جارێك گوتی: " **دوو جۆر بەڕێوەبەر هەیە: خێرا و مردوو**"، تۆ پێویستت بەوەیە خێرابیت بۆئەوەی داهێنەربی و مانەوەی خۆت لە بازاڕەكاندا بپارێزی. زۆربەی بەڕێوەبەران بەر لەوەی پێیان بگوترێت بەڕێوەبەر، هەمیشە دەستكەوتەكانیان ناوازە و نایاب بووە، بەلام هێشتاكە ئامادەیی بەرگەگرتنی ئەوەیان تیادا بەرجەستەنەبوو كە لەگەڵ دەستكەوتنی نازناوی بەڕێوەبەردا توشیان دەبێت" لە داواكاری كۆتا نەهاتوو.

باوەكو چرۆكێكت بۆ بگێرمەوە: جارێك ڕاوچییەك سەگێكی بۆ ڕاو بەكرێ گرتبوو، بەخت یاوەری بوو، ڕاوێكی باشی بە قیسمەت بوو. پاشی مانگێك ڕاوچییەكە هاتەوە بۆ بەكرێ گرتنی هەمان سەگ، لەبەرئەوەی ناوی سەگەكەی نەدەزانی هەستا بە پەسندانی سەگەكە بۆ خاوەن سەگەكە و ئەویش گوتی: " ئەها سەگە كات دەڵێی، ئێستا كرێی ڕۆژانەی بەرزكراوەتەوە بۆ پازدە دۆلاری ڕۆژانە" . ڕاوچییەكە پارەكەیدا، ئەمجارەشیان بەخت یاوەری بوو. پاشی یەك مانگی تر گەڕایەوە و داوای هەمان سەگی كردەوە، خاوەن سەگ داوای ٢٥ دۆلار ڕۆژانەی كرد"چون ببوە پاڵەوانی فرۆشەكان، ڕاوچییش دەیزانی سەگەكە ئەوەندە و زیادتریش دەهێنێت بۆیە پارەكەیدا و بردی بۆ ڕاو، ئەمجارەش ڕاوێكی باشی بۆی چنگ خست، جاری داهاتوو گەڕایەوە بۆ بە كرێ

گرتنەوەی هەمان سەگ، بەڵام خاوەن سەگەکە گوتی: " ببورە ناتوانم بەکرێ ئەو سەگەت پێبدەم!" ، بەکرێگیریش پرسی بۆ؟ ئەویش گوتی: " چونکە ئێستا سەگەکە تەنها لەسەر کلکی دادەنیشێت و دەحەپێت و هیچی تر ناکات" .

بۆ بێ بەختی و چارەڕەشی زۆرێك لە بەڕێوەبەرەکان هەمان چەشنە ڕەفتار دەنوێنن بۆ ئەنجامدانی کارەکانیان، وادەزانن گەر هەمان شت ئەنجام بدەیت ئەنجامی باشتر چنگ دەخەیت. ئەم پەڕتوکە وەکو قسەکردنی دوو بەڕێوەبەر ڕەگەڵ یەکتر وەهایە، ئەم پەڕتوکە پوختەی بیست و پێنج ساڵ لە شارەزایی و فێربوون و ئەزموادن و گەڕانە. ئەم پەڕتوکە نوێترین بیرۆکە و ستراتیژییەتی باوت پێشکەش دەکات" بۆ یارمەتیدانت لەبۆ ئەوەی:

- وەڵامی گونجاو بۆ هەموو ئەو ئاریشانە بدۆزیتەوە کە ڕۆژانە توشت دەبن.
- برەو بە وەرنامەی سەرکەوتنی تایبەتیت بدەیت.
- فێری بەهرەی کارگێڕی کارابیت، بەئاسانی پەیوەستی شێوازی خوزاراو و پەسەندی خۆتی بکەیت.
- بیرکردنەوەکانت داهێنەرتربن، بەخاوەنی وابینینێکی بەهێزبیت.
- هەروەها یارمەتیت دەدات بۆ ئەوەی:

- بڕیاری دروست بدەی.. باشترین بڕیار.
- هانی خۆت و هەموانی دەوروبەرت بدەی.
- لەگەڵ گۆڕانەکاندا خۆت بگونجێنی.
- دڵەڕاوکێکانت هەڵبسوڕێنی.
- بە سەرکردەیەکی بەهێزبیت.
- دەستەیەکی بەهێز چێ بکەیت.
- بەباشتر لە جاران کاتەکانت هەڵبسوڕێنی.

- بە ئاسانی و متمانە و بێكێشەوە پەیوەندی بە ناجۆرترین مرۆڤەكانیشەوە بكەیت.
- بەجۆرێك كۆڕەكانت هەڵسوڕێنی باشترین ئەنجامیان هەبێت.
- فێری هونەری دامەزراندن و دەركردن بیت.
- .... شتی زۆرتریش.

ئامانجم لە داڕشتنەوەی ئەم پەرتووكە ئەوەیە كە: تۆ ئاشنا بكەم بە دۆزینەوە و هەستكردن بە زۆرترین كلیلەكانی بەڕێوەبردنێكی زندەیی و پێویست، لەپێناو فێربوون بە هاوژیانیكردن و ئاشنابوون بە گومان و ئەو كێشانەی چارەكردنیان ئاسان نییە، سەرباری ئاشناكردنت بە وەرنامەگەلێكی ناوازەی بواری كارگێڕی بەنرخ و پێویست.

بۆ ئەوەی لەمڕۆوە بەرزترین ئاست چنگ بخەیت، وەها لەگەڵ هەر ئاریشەیەكدا بجولێرەوە كە تاكە كێشەی ژیانتە، بۆئەمەش پێویستت بە خوێندنەوەی تەواوی ئەم پەرتوكەیە. كاتی تەواو بەخۆت ببەخشە بۆ خوێندنەوەی جاراو جاری دوای یەكی ئەم پەرتوكە" **هەر كێشەیەك لەخۆگرتەی بنچینەی خودی چارەسەریەتی**" . ئەم پەرتوكەش تیابووی هەموو ئەو چارەسەرانەیە كە پێویستت پێیەتی" بۆ ئەوەی بەوە بیت كە دەتەوێت.

ئێستاش وەرە باوەكو پێكەوە ئاشنای یەك بە یەكی هەر دوازدە كلیلەكەی سەركەوتنی بەڕێوەبەرانی زۆر سەركەوتوو بین.

هەموو رۆژێك

هەولّی ئەنجامدانی کارێك بدە پێشتر ئەنجامت نەدابێت، ئیشێکی وەها ئەنجامبدە پێشتر توانای ئەنجامدانیت نەبوبێت.

... رۆژانە گەشە بەخۆت بدە" نەختە نەختە.

... فێری بەهرەی نوێتربە.

...چارە بۆ کێشە نوێیەکانت ببینەوە.

...یەك میل پتر برۆپێشەوە، بەمەش لەسەر رێگەت دەبیت بۆ بەدیهاتنی شکۆمەندی بالاّی خوازراو .

د.ئیبراهیم فەقی

کلیلی یەکەم

بڕیار...

ڕێگەیەك بەرەو سەرکەوتن

((نهێنــی ســەرکەوتنی ژیــان لــەوەوە سەرچــاوە دەگرێــت کــە مرۆڤێــك ئامــادەی قۆستنەوەی ئەو هەلەبێت کە بۆی دەڕەخسێت))

بنیامین دیزرائیلی

1- هێزی بڕیاردان:

((هیچ شتێك نییە ڕێگری هیمەتم بێ، خۆ دورخستنەوەش لە هەر هەوڵێکی هەڵە جگە لە هەنگاوێکی تر بۆ پێشەوە هیچی تر نییە))

تۆماس ئەدیسۆن

سەرباری ئەوەی هەوڵەکانی تۆماس ئەدیسۆن نزیکەی دەهەزارجار شکستی هێنا، بەلام بەردەوام بوو تاوەکو گڵۆپی کارەبایی دۆزییەوە، هنری فۆردیش پێنج جار مایە پووچ بوو بەر لەوەی بە مۆدیلی T سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، والت دیزنی شەش جار شکستی هێنا بەر لەوەی شاری دیزنی لاندی بەناوبانگ دروستبکات. ئەوکاتەی ١,٠٠٧ چێشتخانە بیرۆکەی مریشکی کنتاکی ڕەتکردەوە کولونیل ساندرز کۆڵی نەدا تاوەکو (KFC) قایلمەندی پێ بەخشی. کەواتە خاڵی هاوبەشی هەموو ئەو کەسە سەرکەوتوانە چییە؟ بێگومان پابەندی و پێداگیری، بەلام ئەم هێزەی لەکوێوە هێناوە؟ بە بڕیاردان دەستی پێکردووە، هەموویان بڕیاریانداوە بۆ ئەنجامدانی ئەوەی پێویستە بۆ سەرکەوتن، بێگومانیش توانییان هەموو کارێکی پێویست ئەنجامبدەن بۆ بەدیهاتنی سەرکەوتنی باو، ورد و دروستتریش دەبێت گەر بڵێین: ئەم کەسانە خۆیان ڕێگەی سەرکەوتنی خۆیان دروست کردووە، ئەمەش ڕەگەڵ وتەکەی هانیباڵدا هاوتایە: "**یان ڕێگەیەك دەدۆزینەوە، یاخود ڕێگەیەك دروست دەکەین**".

کەچی تۆ گرنگی بە دروستکردنی ڕێگەت نادەیت و گرنگ نییە بەلاتەوە ئێستا تۆ کێیت یاخود چی دەکەیت؟ بۆنمونە: ئەو شێوازەی بۆ دانیشتن هەڵت بژاردووە، ئێستا، ئەو شێوازەی خۆراکی پێ دەخۆی و پێی دەجوڵێیتەوە، ئەو شێوازەی ئەم پەرتوکەی

پێ دەخوێنیتەوە یاخود لێی دەناڵێنی یاخود بە چارەی دەبینی، هەروەها ئەو ڕێگەیەی ئامانجەکانی پێ دەبینی و کاتەکانتی پێ ڕێك دەخەیت، لەگەڵ خەڵکدا ڕەوتاردەکەیت هەموو ئەمانە لە بڕیاردانەکانتەوە سەرچاوە دەگرن، ئەم بڕیارەش یان ئەوەتا بە تەواوی هۆشتەوە داوتەوە یان بەبێ هۆش و وشیارییەوە بڕیارت لێداوە و تەنانەت گرنگی بە بڕیاردانیش نادەیت، ئەمەش بۆخۆی بڕیارە((**بڕیاردان بۆ بڕیارنەدان**)).

گەر کردارەی بڕیاردروستکردن تا ئەم ئاستە بەهێز و گرنگە، گەر یەکەمین کارە بۆ بەڕێوەبردن و هەڵسوڕاندن، بەجۆرێك بەشێکی سەرەکی ژیان پێکدەهێنێت، کەواتە بۆچی بە شتێکی نارەحەت و نەکردە لێی دەنواڕی؟ بۆچی هەرتاکێك ئەنجامی نادات؟ بۆچی بۆهەمووان بووەتە کێشە؟ وەڵامەکەش خۆی لە ترسدا دەبینێتەوە... ترس لە شکست" چون هەر بڕیارێك بۆخۆی هەڵگرتەی چەشنێك لە سەرکێشی و مەترسییە و ئەمەش مانای دۆڕانە–لای زۆر کەس. هەندێك پێیان باشە لە شوێنێکی ئاسایشداردا بمێننەوە و توانا شاراوەکانیان بەکارنەهێنن"چون لە دانی بڕیای هەڵە دەترسێن. بەڵام تۆماس ئەدیسۆن، واڵت دیزنی، هنری فۆرد، لۆنیل ساندەرز، گاندی و زۆیتریش لە بڕیارداندا سەرکەوتوو بوون، پابەندی بەجێ هێنانی بوون.

لەوانەیە نەزانی کە توانای گۆڕاندنی شتەکانت پترە لەوەی هەستی پێدەکەیت، ئەمەشت چنگ ناکەوێت مەگەر ئەو کاتانە نەبێت کە خۆت بڕیاردەری خۆت دەبیت و دەپرسیت: چۆن دەتوانم ئەمە بەدیبهێنم؟ وەڵامەکەش ئەوەدەبێت کە: **خۆت بناسەوە و خۆت بدۆزەرەوە**. بابلیلیۆس سیرس دەڵێت: ((**هیچ ڕێگەیەك نییە بۆ زانینی ئەوەی کەسێك دەتوانێ چی بکات مەگەر هەوڵێکی بۆ بدات**)) .

زۆر بەڕێوەبەر هەن هەموو شتێك ئەنجام دەدەن بۆ دوورکەوتنەوە لە بڕیاردان. ئەم کارە بە کەسێکی تر دەسپێرن بۆئەوەی لەم ترس و سەرکێشییە بەدووربن، ئەم جۆرە کەسانە پێویستیان بەفێربوون و یادگرتنی بەهرە و شێواز گەلێکە یارمەتیدەریان بێت بۆ دانی بڕیاری تەندروست.

ئەم بەشەت پێشدەست دەخەم کە یارمەتی دەرت دەبێت بۆ گەشەپێدانی ئەو ماسولکەیەی کە کاری بڕیاردانی لەئەستۆ دەبێت، هەروەها بۆ تێگەیشتنی ڕاستەقینە لە بڕیارەکان و بوون بە بڕیاردروستکارێکی ناوازەش.

٢-هەشت جۆر بڕیاردەر:

((هیچ کەس نیە لەوە کەساس و کڵۆڵتربێت کە بڕیارنەدان بووەتە تاکە خووی)) .

ولیام جیمس

یەکەمین هەنگاو بۆ دانی بڕیاری دروست ناسینەوەی شێوازی گونجاوی خۆتە بۆ بڕیاردان، هەروەها ئاشنا بونە بە شێوازی بڕیاردانی ئەوانی تریش. هەشت جۆر بڕیاردەر هەن، بەم شێوەیە:

١-سەرکێشی خواز:

ئەم جۆرە کەسە کەم حەوسەڵە و بێ جیقڵە، ئەم کەسە حەزی بە سەرکێشی و جەربەزەییە، خاوەنی کەسێتییەکی بەهێزە، زۆر گرنگی بە زانیاریەکان نادات و بەخێرایی بڕیاردەدات و بەهۆیەوە زۆرجار توشی بێ ئومێدی دەبێت.

٢-خۆ بە دوورگر لە کێشەکان:

ئەم جۆرە کەسە بڕیاردەرانە هەمووشتێك ئەنجام دەدەن تەنها بۆ ئەوەی لە بڕیاردان وەدووربن. ئەم کەسانە پێیانە باشە کەسێکی تر لەبریاندا بڕیارەکە بدات. خووی هەمیشەیی خۆ دوورگرتنە لە توشبوون بە کێشە. ئەم جۆرە کەسانە زۆر سەرزەنشتی ئەوانی تر دەکەن، لۆمەی ئەو کۆمپانیا یان حکومەتە دەکەن کە ناچاریان کردووە بۆ بڕیاردان.

٣-دوودڵ یان ڕاڕا:

ئەم جۆرە کەسانە ناتوانن بە ئاسانی بڕیاری کۆتایی بدەن، گەر بڕیارێکیشیان دا ئەوا زۆرجار هەڵدەگەڕێنەوە و لێی پەژیوان دەبنەوە ئەوجا دەشی گۆڕن. ئەم ڕێگە

ناجێگیرەی بۆ بڕیاردان گرتویانەتەبەر زۆرجار دەبێتە هۆی نانەوەی کێشە و ئاریشە لە نێوان خۆی و گەورەترەکانیدا.

٤-خاوەن لۆژیك:

ئەم جۆرە کەسانە هیچ کات بڕیار نادەن تاوەکو زۆرترین زانیاری کۆدەکەنەوە. کرداره(عەمەلیە)ی کۆکردنەوەی زانیاریش کاتی زۆری پێویستە، بۆیە ئەم کەسانە زۆرجار لە بڕیاردان دوادەکەون و بەهۆیەوە توشی پەژیوانی دەبنەوە.

٥-لێکۆڵەر:

ئەم کەسە زۆر بەگومانە، حەزی لەوەیە خۆی لە شتەکان بکۆڵێتەوە پێیان ئاشنابێت، لە دەوروپشتی بکۆڵێتەوە و بپرسێت بەر لەوەی بڕیارێك بدات کە پشت بەستووە بەو زانیاریانەی کۆی کردونەتەوە.

٦-بەسۆز:

ئەم چەشنە کەسانە بۆ بڕیاردان پشت بە سۆز و هەستەکان دەبەستن. ئەم کەسە متمانەی بە پەیبردنەڕووداو(حەدەس)ی خۆی هەیە، هەرگیز نایەوێت ئازاری کەس بدات، پاش لە گوێگرتن لەکەسانی تر بڕیارێك دەدات هەڵقولاوی هەناویەتی.

٧-دیمۆکراتی:

ئەم جۆرەی مرۆڤ حەزی بە کۆکردنەوەی دەستەی کارەکەیەتی بۆ ڕاوەگرتنیان لە بارەی دۆخە تێکەوتوەکەیانەوە. ئەم چەشنە کەسانە بڕیارەکانیان پشت بەستە بەکۆڕا، پشتگیری دەستەیی" بەلاَ ئەو کێشە تایبەتیانەی توشی ئەم جۆرە کەسانە دەبێت لەم کاتەدا ئەم کەسە کەسی وەهای دەست ناکەوێت بۆ ڕاوێژکردن پشت پێ بەستراوبێت.

٨-خاوەن بڕیاری(دوایین سات):

ئەم جۆرە مرۆڤە تاوەکو دوایین سات چاوەڕوانە ئەوجا بڕیار دەدات، یاخود چاوەڕێ دەکات تاوەکو دەکەوێتە ژێر گوشارەوە، لەم کاتەشدا جگە لە بڕیاردان هیچ ئەگەرێکی دیکەی دەپێش نابێت.

ئێستاش..تۆ کام جۆرە بڕیاردەریت؟ کام جۆر بە باشترین دەزانی؟

بەزۆری..لە زۆرێك لەو کۆڕانەی دەیبەستم خەڵکان لێم دەپرسن: کام جۆر لەم کەسانە باشترینیانە؟ منیش هەمیشە دەڵێم: هیچ کام لەم هەشت جۆرە لەوانی تر باشتر نییە. دەتوانی تۆیش بە خاوەنی شێوازێکی تایبەتی بیت کە ئەم جۆرانە هەمووی لەخۆ بگرێت و تەرزی گونجاوی تۆ بۆ بەڕێوەبردن بنوێنێت. گرنگ ئەوەیە چاوت بخەیتە سەر یەك وشە((کشۆکی-مرونەت)) و بەپێی ئەمە ڕەوتاربکەیت. ڕەنگە شێوازی بڕیاردانت دیمۆکراتیانەبێت کەچی بەپێی قایلمەندی بە کۆمەڵ بڕیاربدەیت. بەڵام زۆرجار پێویستت بەوەیە پشت بە لۆژیك ببەستی و زانیاری زۆر کۆبکەیتەوە. لە جارەکانی تردا کە پێویستی کرد دەتوانی پشت بە پەیبردنەڕوداو(حەدەس)ت ببەستیت و متمانەی پێبکەیت. کلیلەکە ئەوەیە کشۆك بیت جا بە بەهەر ڕێگەیەکیش بڕیاربدەیت.

٣- دە هۆکار بۆ بڕیاردانی هەڵە:

((سەرباری فرەیی... کەمیش لەبونە))

هیپۆکراتس

ئەو کاتەی هۆکارەکانی پشت بڕیاردانی هەڵە دەزانیت، ئەمە بۆخۆی یرمەتی دەرت دەبێت بۆئەوەی باشتر خۆت ئامادەبکەیت" گەر دووچاری دۆخی هاوشێوەی ببیتەوە، لێرەدا گوتەیەکی فیرجیلت بیردەخەمەوە، کە دەڵێت: **" لەو مرۆڤە بەختەوەرتر نییە کە بە هۆکاری پشت شتەکان ئاشنایە"**، لێرەشدا دە هۆکارت بۆ دەخەینەڕوو کە هۆکاردەبن بۆ بڕیاردانی هەڵە:

١-دودڵی و گوشاری کار:

ئەوکاتەی بە ڕاستییەوە دەکەویتە ژێر گوشارێکەوە، ڕەنگە ئەمە ببێتەهۆی ئەوەی کە بەیەکەم بیرۆکەی بۆهاتوت قایل بیت و بەبێ گرنگیدان بە بیرۆکە گەلیتر بڕیاری لەسەربدەی. دودڵی دەتخاتە دۆخێکی ئاوەزی ناسروشتییەوە، کاردەکاتەسەر هەستەکانت، ئەمەش وەهات لێدەکات بڕیاری ناتەندروست بدەیت.

٢-پەیپێبردن(ئیدراك)ی هەستی(حسی):

کاتێك دەتەوێت ڕاستێتی دۆخێك دووپات بکەیتەوە کە توشی ئارەزووەکانت هاتووە، بەڵام ڕاستی گەلی پاڵپشتی بونیان نییە، ئەوا تۆ لەم کاتەدا لایەنگیری بیرۆکەیەکت دەبیت، کە کۆکردنەوەی ئەو زانیاریانە لەخۆدەگرێت کە یارمەتی بڕوا و هەستەکانت

دەدات و دواتریش لەسایەیدا بڕیاردەدەی، بۆیە هەوڵەکانت لەبۆ پشتیوانی کردنی تێڕوانین و هەستە تایبەتیەکانت هانت دەدەن بۆ بڕیاردانی هەڵە.

٣-ترس:

گەر بیرۆکەیەکی پێشوەختت هەیە لەبڕیاردانی شکست خواردوو، ئەوا توشی ترس دەبیت لە شکست، جا گەر بتەوێت لە ئێستا یاخود لە داهاتووشدا بڕیاربدەیت هەمان شت ئەزمون دەکەیت. ئەزموانەندنی شکستی پێشوو بڕواکانت بۆ دوبارە شکست خواردنەوە زیاد دەکات. ترس وەها لە مرۆڤ دەکات بەشێوەیەك هەست بکات کە هیچ بگۆڕ و هێزێکی نییە، بەندییەکە لەنێو ئەندێشە نەرێنیەکانیدا، ئەمەش هانی دەدات بۆ بڕیاردانی هەڵە. ئەمەش ڕاستێتی قسەکەی فرانسیس بیسکۆن دووپات دەکاتەوە کاتێك دەڵێت: **" هیچ شتێك نییە بتترسێنێت جگە لە خودی ترس"**.

٤-توڕەیی:

توڕەبوونیش هۆکارێکی سەرەکی هەڵە بڕیاردانە" چونکە لە دۆخی توڕەییدا بڕیارەکان پشت بەستن بەو زانیاریانەی کە ڕەنگە هیچ پەیوەندیەکیشی بە خودی بابەتە بنچینەییەکەوە نەبێت و بڕیاری لەسەر بدەیت. بۆنمونە: هەڵدەستیت بە وەدەرنانی کارمەندێك کاتێك تۆ توڕەیت، دواتر کە دادەمرکێیتەوە پەشیمان دەبیتەوە. بەداخەوە زۆرێك لە بەڕێوەبەران لە دۆخی هەڵچون و توڕەییدا بڕیاردەدەن و دەشزانن هەڵەیە، بەڵام هەر بڕیاری لێدەدەن. توڕەیی وەك هوراس دەڵێت: **" جگە لە ماوەیەکی کورتی شێتێتی هیچی دیکی نییە"** .

٥-کارتێکاری دەرەکی:

ڕەنگە هۆکارێکی دەرەکی فاکتەری پشت هەستکردنت بێت بە داڕووخاوی. بۆنمونە: گەر چاوەڕوانی وەرگرتنی قەرزێکی گرنگیت، بانکەکەش ئاگادارت دەکاتەوە کە پێت نادرێت، یاخود گەر ڕوویدا کارکارێکی تایبەتمەند لەدەست بدەیت، یامەکو پەیوەندیت بە سەرگەورەکەتەوە باش نییە، هەموو ئەم کارتێکار و هاوشێوەکانی کاریگەری تەواوی هەیە لەسەر بڕیارەکانت، تەنانەت هانت دەدات بۆ دانی بڕیاری هەڵە.

٦-بیرکردنەوە ئاسۆ تەسك:

زۆرجار کە بە خێرایی بڕیارێك دەدەیت بۆ چارەکردنی شتێك یام دۆخێك بەخێرایی، ڕەنگە ئەم بڕیاردانە لە داهاتوودا کێشەی گەورەترت توش بکات، بۆنمونە: بەڕێوەبەرێك بڕیاری کەمکردنەوەی بانگەشە و ڕیکلام دەدات بۆ کەمکردنەوەی خەرجییەکان و زیاوکردنی داهاتەکان، بەلاّم ئەم کارەی هەلی قازانجی گەورەی داهاتووی لەدەست دەردەکات" لەداهاتوودا. زۆرجار بڕیاری پەلە هەڵەدەبێت و کارەکە پتر دەئالۆزێنێت.

٧-نمونەیی:

کاتێك دەتەوێت نمونەیی بیت، بڕیارەکانت تەندروست بن، ئەوا کاتێکی زۆرت پێویستە بۆ کۆکردنەوەی زانیاریەکان، ئەمەش بۆخۆی ناچارت دەکات بڕیاری هەڵەبدەی. کۆکردنەوەی زانیاریەکان کارێکی زۆرباشە، بەلاّم تەوەزەلی و دواخستنی کۆکردنەوەی زانیاریەکان ناچارت دەکات هەست بە دڵەڕاوکێ بکەیت" بەهۆی کەمی کاتی بەردەستی ماوەوە، ئەوجا بڕیاری هەڵەت لێوە سەرچاوە دەگرێت. لەم کاتەشدا گوتەیەکی بابلیلیۆس سیرست وەکو نمونە بۆ دەهێنمەوە کە دەڵێت: " **کاتێك لە بیرکردنەوە دەوەستین، ئەوا زۆرجار هەلەکانمان لەدەست دەردەچێت**".

٨-گرنگی نەدان بە خێرایی بڕیاردان:

بۆنمونە گەر ویستت شوێنی بانگەشەکردنەکەت لە ڕۆژنامەیەکدا بهێڵیتەوە، دواتر ئەم کارە هەڵبوەشێنیتەوە و بڵێی بۆ جاری داهاتوو، بەڵام کە دواتر دەتەوێت دیسانەوە بانگەشە لەو ڕۆژنامەیەدا دەست پێبکەیتەوە پێت دەڵێن: ئەو ماوەیەی قەوڵ بووە لە نێوانماندا تەواوبووە. گرنگی نەدان بە خێرایی بڕیاردان و تەمبەڵی تێداکردنی ناچارت دەکات بڕیاری هەڵە بدەیت. لێرەشدا گوتەیەکی کۆنفۆشیۆست بیردەخەمەوە کە دەبێژێت: **" گەر مرۆڤ هەستی بە کێشە دوورەکان نەکرد، ئەوا ڕاڕتر و دڵەڕاوکێدارتر دەبێت کاتێك نێزیکتر دەبێت".**

٩-ڕێك نەخستن و تێکەڵاوکردنی لەپێشییەکان(ئەولەویات):

ڕێکنەخستن و تێکەڵاوکردنی لەپێشییەکان، بە ناچارییەوە دەتخەنە ژێر کاریگەری دڵەڕاوکێ وە، کە ئەمەش ناچارت دەکات بڕیاری هەڵە بدەیت. کاتێك چەندین شت لەیەك کاتدا دەتەوێت ئەنجام بدەیت، ئەوا دەکەویتە دۆخێکی ڕاڕایی و خەمۆکییەوە، ئەوجا ناشتوانی بڕیاری تەندروست بدەیت، بابیلیلۆس سیرس دەڵێت: **" ئەنجامدانی دووشت لەیەك کاتدا، مانای ئەنجام نەدانی هەردووکیانە".**

١٠-بڕیاردان لەسەر بیستراو:

کاتێك لە هەموو ڕاستیەکان بێ ئاگادەبیت، گوێت بۆ قسەکانی خەڵك سوك دەبێت، ئەوجا خۆت ئامادەی بڕیاردانی هەڵەیش دەکەیت، ئمرسۆ دەڵێت: **" ناتوانی هەڵەبکەیت بەبێ گرفتاربوون بە هەڵە".**

هەموو ئەوانەی پێشووتر باوترین ڕێگە و هۆکارەکانی پشت بڕیاردانی ناتەندروستن، لەبەرئەوەی تۆ ئێستاکە دەزانی دەبێت چی نەکەیت، باشتر وەهایە ئامادەبیت فێری ئەوانەش بیت کە دەبێت بیان کەیت، بۆئەمەش مەنشۆس دەڵێت: **" پێویستە خەڵکی بڕیاربدەن دەبێت چی نەکەن، بۆئەوەی بە خرۆشەوە ئەوە ئەنجامبدەن کە بڕیاردەدەن بیکەن ".**

٤-دە ئامۆشیاری بۆ دانی بڕیاری دروست

((گەر بەری لیمۆت بۆ بەردەستە، دەبێت ئاوگیراوەی لیمۆ دروست بکەیت))

پۆلیۆس پڕینۆلد

لەبەرئەوەی هەنوکە تۆ شێوازی بڕیاردانت و هۆکارەکانی پشت هەڵە بڕیاردانت ئاشنایت، ئێستایش کاتی ئەوە هاتووە ئەو شێوازە کارایانە ئاشنابیت کە یارمەتی دەرت دەبن بۆ بڕیاردانی تەندروست. لێرەشدا دە ئامۆشیاریت بۆ بەردەست دەخەین لەبۆ بڕیاردانی ڕاست و بێ مەلام:

١-ڕاهاتن لەسەر بڕیاردانی ڕۆژانە و دووبارەکردنەوەی:

وەك لەپێشدا گوتمان کە : کردارەی بڕیاردان وەکو ماسولکە وەهایە، کەواتە پێویستی بە مەشق و بەردەوامی پێدانە بۆ ئەوەی بەهێز و دروست بێت. ئەوکاتەی ڕۆژانە بڕیاردەدەیت-تەنانەت گەر بڕیارەکانیش نا گرنگ بن-بەمەش خۆت بۆ کەسێکی خاوەن بڕیاری تەندروست ئامادە دەکەیت و توانای بڕیاردانی پێویست و تەندروستت بۆ چێ دەبێت.

٢-لە ئەزمونەکانی پێشوترتەوە فێربە:

هەولبدە لە هەڵەکانی پێشوترتەوە فێربیت و سودیان لێ ببینی، هەروەها لە سەرکەوتنەکانیشتەوە فێربیت و کەڵکیان لێ ببینی.

٣-ڕاوێژی شارەزایان بکە:

هەوڵی ڕاوەرگرتنی ئەو کەسانە بدە کە بەلاتەوە پەسەندن، ئەوانەی کە متمانەت بە بڕیار و داناییەکانیانە، هەوڵبدە لێیانەوە فێرببیت کە چۆن بڕیاردەدەیت، بەلأم دەبێت ئەوەشت لەیادنەچێت کە تێڕوانینی شارەزایان بۆ بوارەکە یارمەتییەکی مەزن دەبێت بۆ بڕیاردانی تەندروست، بەلأم مەرجیش نییە بە تەواوەتی بێ خەوش بێت.

٤-وای دابنێ تۆ کەسێکی تریت:

هەوڵی ڕوانین لە دۆخەکەت بدە لە چاوی کەسێکی ترەوە، یاخود لە گۆشەی جۆراوجۆرەوە لە دۆخەکانت بڕوانە، ئەمە دەبێتەهۆی زیاوبوونی هەڵبژاردنەکانی پێشووترت، بەشێوەیەکی گشتی بۆ هەر کێشەیەك سێ ڕوانگە و بۆچوون بوونی دەبێت: تێڕوانینی تۆ، تێڕوانینی کەسێکی تر، تێڕوانینی ڕاست و دروست.

٥-لایەنگیر مەبە:

بەدووربە لەبڕیاردانی پشت بەست بە هەستکردن و سۆزەکانت بەرامبەر کەسێکی تر، دەبێت لەڕوانگەی جۆراوجۆرەوە لە دۆخەکە بڕوانیت و هیچ لایەنگیرییەکی تێدا نەبێت.

٦-وشیاربە لە لوتبەرزی پێگە:

ڕەنگە بڕوات وەهابێت تەنها لەبەرئەوەی پلەت بەرزە و نازناوت مەزنە ئیتر هەموو بڕیارەکانت دروستن؟! بەڵکو پێویستە بڕیارەکانت پشت بەست بە ڕاستیەکان دابمەزرێنی و نەکەویتە ژێر کاریگەری پۆست و پێگەی کارتێ کردوتەوە.

7–جێبەجێکردن:

کاتێك بڕیارێك دەدەیت، بۆنمونە: بڕیارت داوە ڕێژەی فرۆشەکانت بە ١٠٪ بەرزتر بکەیتەوە، بڕوای تەواوت بە گەیشتن بەم دۆخەت هەیە، پێویستە هەنگاوی شیاو بنێی بۆ زێدەترکردنی سەرکەوتنەکانت و سەرکەوتنی نەخشەڕێکانت لەخۆ بگرێت.

٨–بەکێش بە:

گەر بڕیارێکت دا، جێبەجێت کرد، هەوڵبدە کە بەکێش بیت و ئامادەی ئەنجامدانی چاکسازیی پێویست بیت بۆئەوەی پلانی سەرکەوتنت لەخۆبگرێت.

٩–لە گشتاندن خۆت بەدووربگرە:

کاتێك وشەگەلی گشتاندنی وەکو ((هەمیشە، هەرگیز، گشت)) بەکاردێنی بە درۆزن دیاردەکەوی، بۆنمونە گەر گوتت: ((من هەمیشە گرنگی بە کڕیارەکانم دەدەم))، ئەم چەشنە بانگەشانە و بەکارهێنانی وشەی هەمیشە بۆخۆی مانای ناڕاستی قسەکەیە" چونکە ناتوانی بەبەردەوامی کاری وەها ئەنجام بدەی. هەروەها کاتێك دەڵێی: ((من هەرگیز بڕیارێك نادەم مەگەر ڕاوێژی دەستەی کارکارم بکەم)). ئەم چەشنە دەستەواژانە ڕەنگە ببنەهۆی ناڕاست دەرخستنی قسەکانت. بۆیە پێویستە خۆت لە وشە گشتاندنەکان بەدووربگریت و بەدیاریکراوی لە دۆخ و شتەکان بدوێی" لەکاتی هەر چەشنە بڕیاردانێکدا.

١٠–بەدواداچوون:

بەدواداچوون هۆکارێکی گرنگ و بنچینەیی سەرکەوتن و شکستی کۆمپانیاکانە. هەربۆیە پێویستە بەدواداچوونی ئەو بڕیارانەت بکەی کە لە جێبەجێکردندان، دڵنابیت

لەوەی هەمووان کار و بەرپرسیارێتی خۆیان دەنوێنن و ڕێزی ڕێچکەی کارەکە دەگرن.

لەبیرت بێت بەدواداچوون هەمان کاریگەری و گرنگی بڕیاردانی هەیە، بگرە زیادتریش.

ژیانی داهاتووت پشت بەستە بەو بڕیارانەی ئەمڕۆ دەیدەیت، بۆیە ژیانت باشتر دەبێت گەر بەباشتر فێری بڕیاردان بیت. لەمڕۆوە دەست پێبکە و بڕیاری سادە و ساکاربدە، لەماوەیەکی کەمدا فێری ڕۆیشتنەسەرەوە دەبیت بەسەر پلەکانەی سەرکەوتندا، دەتوانی بڕیاری باشتر و گرنگترین بدەی.

٥-چۆن بڕیارێکی بەکۆمەڵ دەدەیت؟

((ژیان یان سەرکێشییەکی جوامێرانەیە، یاخود هیچ نییە))

هیلین کیلر

بڕیاری بەکۆمەڵ سودی زۆر و ئاوێتەی هەیە. هەوڵبدە لە نێو دەستەی کارەکەتدا بەرپرسیاریێتی بڕیاردانی هاوبەش و متمانەی هاوبەش بئافرێنی.

بۆئەوەی بڕیاری بەکۆمەڵ بدەیت، پێویستە ئەمانە ئەنجام بدەی:

١- بابەتەکە بنوسەرەوە بۆئەوەی شیکردنەوەی بۆ بکەیت بە هەموو هەڵوێست و ڕوانگەکانەوە.

٢- لەبەرگیراوەیەکی بدەبە هەموو ئەندامانی کارەکە، لەبیرت بێت کە پێویستە هەموان بەباشی ئاشنای کێشەکەبن.

٣- داوا لە ئەندامانی دەستەکە بکە هەڵوێست و بۆچوونی شیاوی خۆیانی لەبارەوە بخەنەڕوو.

٤- هەموو تێڕوانینەکان بەراورد و دیاری بکە.

٥- دەنگی زۆرینە بۆ چارەی پێویست و شیاو بەدەست بخە" لەڕێگەی وەلامدانەوەی ئەم چوار پرسیارەوە:

أ- چەندی تێ دەچێت؟

ب- مەترسیدارترین ئەگەر بۆ ڕوودان چییە؟ چۆن دەتوانین چارەی بکەین؟

ت- دەتوانین چی بکەین؟ چۆنیش لەسەری بەردەوامبین؟

پ- كاریگەرییە لاوەكییە دوور و نزیكەكانی ئەم بڕیاردانە چین؟

٦- لە دەستەكە بپرسە و بزانە كامیان حەزی لە جێبەجێ كردنە، بەرپرسیاریەتیەكانیش دیاریبكە بۆ زامنكردنی سەركەوتن.

٧- دەبێت بەدواداچوونی جێبەجێ كردنی بڕیاركە بكەیت، ئەنجامەكانیش دیاری بكەیت، وەك وەلیام چیمس دەبێژێت: " كاتێك دەگەیتە بڕیارێك، جێبەجێی دەكەیت، پێویست چاو لە هەموو بەرپرسیارێتیەكان بپۆشی و گرنگی بە ئەنجام بدەی"، وەك وەلیام چیمس دەبینێ هەر كاتێك هەلێكی بۆ بەشداری كردن هەیە لە بڕیاردانی بە كۆمەڵدا، لێرەوەش بڕیارەكان لەسەر بنەمایەكی پتەو دەدرێن و ئەنجامی خوازراو چنگ دەخات.

٦-چۆن بڕیاری تەندروست دەدەیت؟

((گەر هەوڵ نەدەیت شتێك ئەنجام بدەیت دوورتربێت لەوەی فێری بوویت، ئەوا هەرگیز پێش ناکەویت))

ڕۆناڵد. ئۆسپۆرت

زۆرجار توشی هەندێك دۆخ دەبیت بڕیاری ڕاستەوخۆی بێ دواخستنی پێویستە، لەبەرئەوەی سەرکردەیت، پێویستە بە توانابیت بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەم چەشنە دۆخانە بە متمانە و وردی تەواوەوە، بۆئەمەش دەتوانی ئەم ڕێگایانە بۆ بڕیاردانی یەکلاکارەوەی تەندروست و متمانە پێکراو بەکاربێنی:

١-شێوازی پیر(کوڕی دانا):

کاتێك بنیامین فرانکلین توشی کێشەیەك دەهات کە چارەسەرێکی ڕاستەوخۆی پێویست دەبوو، دوو هێڵی ستونی لەسەر لاپەڕەیەك دەکێشا، لەسەر ستونی یەکەم دەینوسی (بەڵێ)، لەسەری ئەوی تریش دەینوسی(نەخێر)، ئەوجا لایەنە ئەرێنیەکانی لەبەشی بەڵێدا دەنوسی و نەرێنیەکانیشی لەبەشی نەخێردا دادەڕشتەوە، هەرکام ستونێك زێدەتر بوایە ئەوەی بە ئەنجام وەردەگرت بۆ بڕیاردان:

بەڵێ(هۆکارە ئەرێنییەکان)	نەخێر(هۆکارە نەرێنیەکان)
١-	١- ....
٢-	٢- ....
٣-	٣- ....
تێکرا	تێکرا

٢-ڕوانین لەکێشەکە لە گۆشەی جۆراوجۆرەوە:

دەبێت لە گۆشەی تازەوە لە کێشەکان بڕوانیت، جێگرەوە گەلێك بدۆزیتەوە کە بتوانێت یارمەتیت بکات لە کردارەی بڕیاری دروستدا.

دۆخەکە	دۆخەکە لەڕوانگەی جۆراوجۆرەوە
*خەرجکردنی پارە بۆ نوێکردنەوە.	*ئافراندنی کەشێکی باشتر بۆ کارکردن و باشترکردنی ڕاژەی پێشکەشکراو بە کڕیار.
*زیادبوونی تێچوونەکانی بانگەشە.	*بانگەشەی فراوان، قازانج و فرۆشی زۆر.
*زیادبونی خەرجیەکانی مووچە.	*زیادبونی سود لەڕێگەی دامەزراندنی کارمەندی زۆرترەوە.
*دەرکردنی کارمەندێك.	*یارمەتی دانی بۆبەرجەستەکردنی داهاتووی لە جێگەیەکی باشتر.

ڕوانین لەکێشەکان لە ڕوانگەی نوێوە هەڵبژاردنی زۆرت بۆ بەردەست دەخات و بۆچوونی فرەجۆریشت بۆ دەستەبەر دەکات کە لای خۆیەوە یارمەتیت دەدات بۆ دانی بڕیاری باشتر.

گرنگ

((کاتێك پابەندیت پێویستە بڕیاری بەکلاکارەوە بدەی، دەبێت وردتر و خۆپارێزتر بیت، هەوڵبدە بەر لە بڕیاردان بەجوانی و بەکاتێکی باش بیر لە بڕیارەکانت بکەیتەوە)).

٧-ڕێزگرتن لە خوود و کردارەی بڕیاردان :

((گرنگترین دۆزینەوەی هاوتەمەنانم، ئەوەیە کە مرۆڤ دەتوانێت ژیانی بگۆڕێت" گەر بتوانێت ئاراستە ئاوەزیەکانی بگۆڕێت)).

ولیام جیمس

ڕێزگرتنی خود کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر هەموو لایەکانی ژیان، تاوەکو پتر ڕێزی خۆت بگریت خۆشەویستیت بۆ خۆت زێدەتر دەبێت، بڕیارەکانت باشتر و دروستتریش دەبن. ڕێزگرتنی خود کلیلی سەرکەوتنە، ڕەگەزی سەرەکی ژیانێکی بەختەوەرە. کەواتە ڕێزگرتنی خود چییە؟ چۆن دەتوانی بەدی بهێنی؟ ناشانیل براندین نوسەری پەرتوکی (چۆن ڕێزگرتن لە خود بەدیدەهێنی) وای دەبینێ کە: ڕێزگرتنی خود شێوازی هەستکردن و بڕوابوونە بەرامبەر بەخۆت. ڕێزگرتنی خود هەستکردنە بە ئاشتی هەناوی لەگەڵ دەروندا.

زۆر کەس بڕوایان وەهایە کە هەستکردنی باش بەرامبەر بە خود، لە بڕیاری نەدروستەوە سەرچاوە دەگرێت. بەڵام ئەمانە پێچەوانەکەی تێگەیشتون"چونکە ئەوە بڕیاری ڕاستە لە هەستکردنی باش بەرامبەر خودەوە هەڵدەقوڵێت، نەوەك پێچەوانە. ئەم هەستە باشانە بەشێوەی وێنەی هەناوی کەسەکە دیاردەکەوێت، لەبری ئەوەی لەم ڕوانگەیەوە بڕیاربدەی، یان بڵێی: ناتوانم بڕیاری دروست بدەم، ئەوا لەم چەشنە تاوتوێ کارییە نەرێنیانە لەگەڵ خۆتدا خۆت بەدووربگرە" چونکە هەستکردنی خۆ بەکەم زانین لە هەناوتدا بەرجەستە دەکات، ڕەنگە ئەمەش بەسەر خۆتدا زاڵبکەیت و نەزانیت کە زۆر

خـەڵك بـەم هۆیـەوە توشـی شكسـت هـاتوون و زۆر دامـەزراوە و كۆمپانیـاش بـەهۆی بیركردنەوە لە وشەی (ناتوانم)ەوە لەلایەن خاوەن و بەڕێوەبەرەكانیەوە توشی مایە پوچ بوون هاتوون.

((ئەوەی لەدەستمان ڕۆیشتووە و ئەوەشی چاوەڕوانمانە بێ بەهادەبێت گەر بەراوردی بوونی هەناوومانی بكەین))

ڕالف و.ئیمرسۆن

چۆن ڕێزی خودیت پونیات دەنێیت ؟

١-تێبینی ئەو وشانە بکە بەخۆتی دەڵێی.

٢-بەپێی توانایی خۆت ئەم دێڕانە دووبارە بکەرەوە.

- هەموو ڕۆژێك ڕێزگرتنم لە خودم باڵاتر دەبێت.
- من خۆمم خۆش دەوێ و ڕێزی خۆیشم دەگرم بەبێ مەرج.
- دەتوانم بە ئاسانی بڕیاربدەم.
- من بڕیار دروستکارێکی ناوازەم.

٣-تەمەنت دابەشی سێ قۆناغ بکە.. گریمان ئەنجامەکەت ١٥ دەرچوو..

- ئێستایش سێ بڕیاری ڕاست بیری خۆت بخەرەوە کە لەو کاتەوەی لەدایك بوویتە تاوەکو تەمەنت گەیشتۆتە ١٥ ساڵ داوتە، تۆماری چۆنێتی کارتێکردنی ئەم بڕیاریانەت بکە لەسەر هەستەکان و باشترکردنی ژیانت.
- هەمان شت بۆ ماوەی نێوان ١٥ -٣٠ ساڵیت دووبارە بکەرەوە.
- هەمان شتیش بۆ تەمەنی ٣٠-٤٥ ساڵی تەمەنت.

ئێستایش... تۆ خاوەنی ٩ بڕیاری بەهێزی، بڕیارگەلێك وەهای لێ کردووی هەست بە مەزنی خۆت بکەیت. ئەمەش بەڵگەیە بۆئەوەی کە تۆ توانیوتە بە درێژایی تەمەنت نۆ بڕیاری دروست و بەکلاکارە بدەی. جار نا جارێك ئەم بڕیارانە بخوێنەرەوە، بۆ بەهێزکردنی ڕێزگرتن لە خودت پەنایان تێبگرە. لەمڕۆوە دەست پێبکە، متمانەت بەخۆت هەبێت، دەشتوانی سەرکەوتووبیت، تواناداردەبیت کە بڕیاری تەندروست بدەی.

لێرەشدا گوتەیەکی ئو ج.ماندینۆ ت بیر دەخەمەوە کە دەڵێت: " **هەمیشە تێبکۆشە، ئەوەی ئەمڕۆ دەیوەشێنی سبەی بەرەکەی هەڵدەگریتەوە))**.

د. نۆرمان ڤینسینت باڵ دەبێژێت: ((**ئەوکاتەی بیرکردنەوەکانت دەگۆڕیت، تۆ بەم کارەت هەموو جهانت دەگۆڕیت))** .

٨-کردارە(عەمەلەیە)ی بڕیاردان:

((کاتێك دۆخەکە پەیوەست دەبێت بە تایبەتمەندیی باڵاوە، بەس سەرلێدەرکردن بەس نابێت، بەڵکو پێویستت بە هەوڵە بۆ یادگرتنی زانین و قۆستنەوەی))

کۆنفۆشیۆس

زانین هێزە ! ! .. ئایا ئەمە ڕاستە؟ بەتایبەت لەم چەرخەماندا (چەرخی زانیاری)، بەڵام ئەم زانینە تەنها بەشێوەی زانیاری دەمێنێتەوە گەر نەیخەیتە بواری جێبەجێکردن و بەکارهێنانەوە. لەم بەشەدا هەموو بنەماکانی بڕیاردانی دروستم پێشکەش کردی، بەهیوام پەیامی چۆنێتی ئەنجامدانیم پێ ناساندبێت.

ئەرەستۆ دەڵێت: ((**مرۆڤ بنچینەی هەموو ئەو شتانەیە ئەنجامی دەدات**))، تۆمارس هکسلی دەڵێت: ((**ئامانجی باڵا لە ژیاندا زانین نییە، بەڵکو کارە**)) .

((چەند خولەکێك لەکاتەکانت بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەرکە پەسەندە تەرخان بکە" بۆئەوەی لەمڕۆوە بەسەر پلەکانەی سەرکەوتندا بەرەو سەرێ هەنگاوبنێی)).

١-سێ بڕیار بنوسەرەوە کە پێشتر نەختێك دوات خستوون. نەخشەی کارت دیاریبکە، کاتی گونجاویش بۆ هەر بڕیارێك تەرخان بکە:

بڕیار	نەخشەی کار	دوا کات	ئەنجام
١-		....	
٢-		....	
٣-	....		

٢-ئێستاش دەست بە جێ بەجێكردن بكە، پەیوەندی تەلەفۆنی ئەنجام بدە، كۆبونەوە ببەستە، قسەلەگەڵ ئەم كەسدا بكە، نامە بۆ ئەویتر بهەنێرە، گرنگ ئەوەیە بڕیارەكەت بچێتە بواری جێبەجێ كردنەوە.

گومانی تێدانییە كە تۆ جاربەجار بڕیاری هەڵە دەدەیت، بەلاّم گرنگ ئەوەیە تێبگەی كە دۆخێكی سروشتییە مرۆڤ هەڵەبكات. لەڕاستیدا وەك سیگمۆند دەڵێت: ((**لەكاتێكدا مرۆڤ لە هەڵەیەكەوە بۆ هەڵەیەكی تر دەگوازێتەوە، ڕاستی تەواوی بۆ دیاردەكەوێت**)).

گرنگی ئەم هەلاّنە لەوەدا دیاردەكەوێت لێیانەوە فێربیت، فێربیت كە چۆن لەداهاتوودا بڕیاری گونجاو دەدەی.

بە ئازایەتی و بوێریی خۆت چەكداربكە" بۆئەوەی هەرئێستا بڕیاربدەی. ئەوەت لەبیربێت كە هیلین كیلر گتویەتی: ((**ژیان یان سەركێشییەكی بوێرانەیە، یاخود هیچی تر نییە**)). هەموو سەركەوتنێكی مەزن پریشكی یەكەمی بە بڕیار دەستی پێكردووە.

پێداگیری بكە لەوەی ببیتە بڕیاردەرێكی سەركەوتوو.

کلیلی دووەم

هاندان ..

هێزی پاڵنەری جیاکردنەوەی مرۆڤایەتی

((هەموو کردارەکانت –جا ڕەگەزنامەت هەرچییەك بێت، یاخود کار و پیشەی ئەنجام دراوت چی بێت– لە ڕەگەزی هاندانی هەناوتـەوە سەرچـاوە دەگرێـت، جـا ئـەم هاندانـە ئەرێیی بێت یاخود نەرێنی))

د.ئیبراهیم فەقی

٩-هاندان.. چییە؟ مانای چییە؟ :

((ئەو کارە سەرەکیەی کە مرۆڤ لە ژیانیدا دەکەوێتە ئەستۆی، ئەوەیە بدوێ و خۆی ئاراستەبکات))

ئارش فرۆم



تۆیش لەگەڵ مندا هاوڕای لەوەی کە: گەر هاتوو ڕەگەزی هاندان و بزواندنمان لەدەستدا بەهای کاریشمان لەدەست دەدەین؟ ئایا کەسێك دەناسی خاوەنی ئیشێکی باش بوبێت" چێژی لێ بینی بێت، پلەکەشی باش بوبێت، بەڵام سەرباری ئەوەش کەچی دەستی لەکارکێشابێتەوە لەبەرئەوەی هاندانی نەماوە و وروژێنەرەکانی لەدەستداوە؟

کاتێك هاندراو دەبیت، ئاستی نواندن و ئەنجامدانت لە ترۆپکدا دەبێت، ڕاستییەکی دروستیشە،کاتێك هاندانت لەدەست دەدەیت ئاستی نواندن و ئەنجامدانت کەم دەبێتەوە، ئێستا پتر لە هەر کاتێکی پێشتر هاندان بووەتە جێگەی باس و بایەخ، پەڕتوکی زۆری لەبارەوە بڵاوبوەتەوە، کە دووپاتی گرنگییەکەی دەکەنەوە. هەنوکە بەڕێوەبەرگەلێکی زۆر هەوڵی فێربوون و یادگرتنی هونەرەکانی هاندان و هاندەرەکان دەبن، لەگەڵ چۆنێتی بەکارهێنان و قۆستنەوەی بەرامبەر کارمەندەکانیان" بۆ ئەوەی باشتر کاربکەن و بەهۆیەوە بەئامانجی خوازراو بگەن و قازانجی باڵای ویستراو چنگ بخەن.

ڕەنگە تۆیش بپرسیت: ئەی هاندان چییە؟ ئەم وشەیە لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە؟

ئەم وشەیە لە كۆنە وشەیەكی یۆنانییەوە وەرگیراوە و مانای بزواندن و جولاندن دەگەیەنێت. فەرهەنگی ویستر هاندان بە كار دەناسێنێت، یاخود گوتنی شتێكە پاڵ بە كەسێكەوە دەنێت بۆئەوەی كارێك ئەنجام بدات، لە زمانی ئینگلیزیشدا وشەی هاندان Motivationدەتوانرێت بە Motive-action یش بخوێنرێتەوە، واتە: **هاندان كردارێكە لە هاندەرێكەوە سەرچاوە دەگرێت.** بەڵام ئەم هاندانە لە كوێوە هەڵدەقوڵێت؟

د.دینیس واتلی – نوسەری پەرتوكی(هاندان لە رووی دەروونییەوە)–دەڵێت: ((هاندان لە ئارەزووەوە سەرچاوە دەگرێت، كاتێك ئارەزوویەكی پتەو و بەهێزت هەیە بۆ بەدیهاتنی ئامانجێكی دیاریكراوت، یاخود ئەوكاتەی جۆرێك كێشەت دووچار دەبێتەوە، لەو كاتەشدا تۆ دەتەوێت گۆڕانێك بەرەو ئاستێكی باڵاتر ئەنجام بدەیت، ئەوا تۆ هاندراو دەبیت، لەم وەختەشدا كە تۆ لە لوتكەی هانداندا دەبیت بەرەو بەدیهاتنی ئامانجەكەت هەنگاو دەنێی، بۆ بەدیهاتنی ئەم ئامانجەشت هیچ لەمپەر و داڕووخاوییەك نابێتە رێگرت)) .

١٠-کرداره(عەمەلیە)ی هاندان :

((ڕەنگە یەکێك بێت لە پەرچوەکانی ژیان، ئەوەی کە هەرچییەك لە ئاستی لوتکە نزم تربێت تۆ ڕەتی بکەیتەوە، ئەوا تۆبە لوتکەت دەگەیت)).

سۆمرست مۆم

بەرلە قۆستنەوەی هێزی مەزنی هاندان بۆ بەدیهاتنی ئامانجەکان، پێویستە لەسەرەتاوە خودی کردارەی هاندان ئاشنابی و فێری بیت.

١-ئارەزوو:

هاندان بە بوونی ئارەزوویەکی بەهێز بۆ بەدیهاتنی ژیانێکی باشتر دەست پێدەکات.

٢-وادانان :

وای دابنێ کە تۆ خەونەکەت بەدی هێناوە، تۆ بەڕاستی لەنێو خەونەکەتدا دەژیت.

٣-قسەکردن لەگەڵ خۆدا:

لەگەڵ خۆتدا قسەبکە، بەشێوەیەك هێزت پێ ببەخشێت، هیمەتت بوروژێنێت، لەبیرت بێت هەمیشە بەخۆت بڵێ: دەتوانم ئەمە ئەنجام بدەم، دەتوانم ئەنجامی بدەم... بەردەوامبە لەسەر وتنەوەی ئەم دروشم و قسەیە تاوەکو دەبیتە بەشێك لە کەتواریت.

٤-کردار(جێبەجێ کردن):

زانین و هێزت بخەرە بواری کردارییەوە، لەبیرت بێت پێویستە ببیت و ئەنجامبدەیت و بەدەستی بێنی ئەوەی دەتەوێت.

نمونەیەك بۆتۆ: گەر خەون بەوەوە دەبینی بە بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیای ئیش تێکراوت بیت، چاوانت دابخە، وای دابنێ تۆ بەڕاست بەم پێگەیە گەیشتووی، ئەوجا دە جار بەدوای یەکدا بڵێ: من دەتوانم بەمە بم.. ئەوجا دەستبکە بەکارکردن بۆ بەدیهاتنی ئەم ئامانجە مەزنەت. دایڤید فیسکۆت دەڵێت: " **دەست پێبکە و وای دابنێ بەوکەسە بویتە کە دەتەوێت ببیت)).**

١١-سێ جۆرەکەی هاندان:

((لای کەسانی تازە دەست بۆ بردوو ئەگەرەکان زۆرن، بەڵام لای شارەزا کەمە))
شاتریۆ سوزوسکی

١-هاندەری مانەوەی بنچینەیی:

ئیبراهیم ماسلۆ دەبێژێت: ((**گرنگترین بزوێنەری مرۆڤ هاندەری مانەوەیە**))، ئەم چەشنە هاندەرە هەموو پێویستییە بنچینەییەکانت دەگرێتەخۆ، وەکو: خۆراك و ئاو و ئەو هەوایەی هەڵی دەمژیت، گەر یەکێك لەم پێویستیانەت لەدەستدا ئەوا پاڵنەرێکت لە هەناوەوە بۆ چێ دەبێت و ناوەندەکانی دەماری جۆراوجۆرت لە مێشکدا بۆ دەبزوێنێت، لەکاتێکدا هەڵچونەکانی خانە دەمارییەکانت زیاودەبێت، تۆ بە جەستە هاندەدرێیت بۆ ئەنجامدانی ئەوەی پێویستە لەبۆ بەدیهاتنی تێری ئەم پێویستییە.

هەر کە ئەم ئاتاجییەت تێربوو دۆخت دەگەڕێتەوە باری ئاسایی خۆی، بەخۆ دوورگرتن لە ئاڵۆزاندن نمونەیەکت پێ دەبەخشم:

گەر ڕۆژێك پاش ماندوبونێکی زۆر گەڕایتەوە ماڵێ، ئەوەندە شەکەت بووی نەتدەتوانی هیچ شتێك ئەنجام بدەیت، لەناکاو.. گوێت لەدەنگێك دەبێت کە هاواردەکات: ئاگر.. ئاگر.. دەنگی ئاگادارکردنەوەی کەوتنەوەی ئاگر دەبیستی، خەڵکی لێرە و لەوێ بەرەو دوور لە ئاگرەکە دەڕۆن، ئەی تۆ چی دەکەیت؟بێگومان تۆیش وەکو ئەوان ئەنجام دەدەیت و بەرەو دوور لە ئاگرەکە دەڕۆی. کەواتە ئەم هێزی ڕۆیشتنەت لەکوێوە بۆ هات؟ وەڵامەکە: تۆ بە هاندەری مانەوە پاڵپشتی کرابووی بۆ ئەوەی گیانی خۆت ڕزگاربکەیت. بەڵێ، ئائەمەیە لە هەناوتەوە ئەو وزەیەی پێ بەخشیویت کە بە هۆیەوە دەتوانی خۆت ڕزگاربکەیت.

لە کۆڕێکدا لێیان پرسیم: ئایا هاندەری مانەوە دەتوانێت کەسێك بجوڵێنێت کە نەخۆش بێت و تازە لە نەخۆشخانە وەدەرکەوتبێت؟ گوتم: بەڵێ، وای دابنێ سەگێکی

زۆر برسی و هار لە نزیكیەوەیەتی و لەناكاو پەلاماری دەدات، دەبینیت كە خێراتر لە ڕاكەرانی گۆڕەپانەكان هەڵدێت. بەشێوەیەكی گشتی كە دۆخەكە دێتەسەر مانەوە تۆ دەبیتە داهێنەر، بەئاگا، هاندراو، وای دابنێ كە هەموو كاتێك ئەم هاندەرەت هەبێت دەبینی دەبیتە داهێنەرێكی مەزن و ئەو ئەنجامانەی بەدەستی دەهێنی ناوازە دەبێت.

٢-هاندانی دەرەكی

ئەم جەشنە هاندانە لە چوارچێوەی دەرەوەوە سەرچاوە دەگرێت، بۆنمونە: لەو دەستەواژە و قسانەوەی كە هەستەكان دەخرۆشێنن، یان لە هاوڕێ و خێزانەوە. ڕەنگە وتارێك بێت لە گۆڤارێك یاخود لە دەزگایەكی ڕاگەیاندنەوە بلاّوبێت، ڕەنگە سەرچاوەی ئەم هاندانەت سەرۆك ئیشەكەت بووبێت، كێشەی ئەم هاندەرە دەرەكیانە ئەوەیە بۆ ماوەیەكی زۆر بەردەوام نابێت، پاشی ماوەیەكی كورت هێزی هاندەریت دەپوكێتەوە.

بۆنمونە: هەرگیز بووە، جارێك ڕووبكەیتە كۆڕێك لەبارەی هاندانەوە؟ گەر وەلاّمەكەت بەلێ بێت، ئەوا پرسیاری مەودای كارایی ئەم كۆڕەت لێ دەكەم بۆ هاندانت؟ پاش ماوەیەك كاریگەریەكانی لەسەر تۆ چۆن بووە، پاشی مانگێك، ئەی دوای ساڵێك؟ ئەی ئێستا؟ بێگومان ئاستی هاندانت بەتێپەڕبوونی كات لاواز دەبێت و دەپوكێتەوە. وەرە باپرسیارێكی دیكەت لێ بكەم: گەر سەرۆك ئیشەكەت بە پێكەنینێك پێشوازی لێ كردی، ئەمە چۆن كاردەكاتە سەر ئیشی ئەو ڕۆژەت؟ ئەی ئەگەر پێچەوانە ڕوویدا، ئایا ئەمەش كار لە ڕۆژەكەت دەكات؟ دڵنیام لەوەی كار لە هەستەكانت دەكات، ئەم كارتێكردنەش بۆماوەیەكی زۆر دەمێنێتەوە، بۆ ئەگبەتی مرۆڤ هەمیشە پشت بە هاندانی دەرەكی دەبەستێت بۆ هەستكردن بەوەی ئەوان جێگەی ڕێزی سەرۆك یان هاوڕێ یاخود هاوبەشی ژیان یان هەركەسێكی تری گرنگن.

ولیام جیمس لەم وارەدا ئێژێ: ((**گەر چاوەڕوانی ستایش و پەسندانی ئەوانی تری ئەوا زۆر بەزوویی دەبیتە نێچیرێكی ئاسانی فرت و فێڵ و تەڵەكان**)). لەڕێگەی

لێکۆڵینەوەکانمەوە بۆم دیارکەوت کۆمپانیاکانی دڵنیایی ساڵانە کێبڕکێیەك بۆ کارمەندانیان ڕێك دەخەن، ئەوکارمەندەی باشترین فرۆشی و قازانجی هەبێت ئەوا بەبێ بەرامبەر دەبرێت بۆ گەشتی دوورگەیەکی بچۆلانە و جوان. بێگومان لەکاتی ئەم کێبڕکێیەدا ئەو کارمەندەی هەفتانە فرۆشی دەگاتە ٢٠٠٠ بەرزی دەکاتەوە بۆ ٣٠٠٠ دۆلار . واتە بەرێژی ٥٠٪ فرۆشی زیاد دەکات، بەلأم پاشی کێبڕکێکە، بڕی فرۆشەکانی کەمدەبێتەوە بۆ ١٥٠٠ دۆلاری هەفتانە، واتە بەرێژەی ٥٠٪ نزم دەبێتەوە، پاشی ماوەیەکی کورت ژمارەیەکی زۆری کارمەندەکان یان دەست لەکاردەکێشنەوە یاخود دەردەکرێن! سەرباری ئەوەی هەمان کارمەندان لەگەڵ هەمان خەڵکی ناوچە و بۆهەمان کۆمپانیا کاردەکەن کەچی بەهۆی ماندەرەکەوە گۆڕانی گەورە لەفرۆشیاندا ڕوو دەدات، ئەمەیە کێشەی هاندانی دەرەکی، کە بە تێپەڕبوونی ماوەیەکی کەم هەڵدەپرووقێت و نامێنێت.

لێرەدا قسەیەکی کۆنفۆشیۆس ت بیردێنمەوە، کەدەڵێت: **((ئەوەی مرۆڤی بالأ هەوڵی بۆ دەدات لەهەناویدا دەستەبەرە، بەلأم مرۆڤی لاواز لای ئەوانی تر دەستەبەرە)).**

٣-هاندانی ناوخۆیی:

ئەم جۆرەی هاندان کاریگەرترین و بەردەوامترینی سێ جۆرەکەی هاندانە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی ئەم جۆرەیان" چون لەم کاتەدا تۆ بە هێزی خودی و بالأت هاندراویت بۆ بەدیهاتنی ئامانجەکانت. بەر لە ٢٠٠٠ ساڵی ڕابردوو سۆکراتی فەیلەسوفی گەورە یەکەم کەس بوو ئاماژەی بەم جۆرە یاسایە ئاوەزییە هۆکارییە کردووە، لەمڕۆشدا لەلایەن زاناکانی

دەرون ناسییەوە ئاماژەی ((هۆکار و ئەنجام))ی بۆ بەکاردەهێنن. **هەموو هۆکارێك ئەنجامێکی هەیە گەر هەمان هۆکار دووبارە بوویەوە هەمان ئەنجام چنگ دەکەوێتەوە،** بە مانایەکی تر گەر بتوانی هەمان ماندەرەکانی ڕابردووت چنگ بخەیتەوە ئەوا بەردەوام ماندراودەبیت .

لە وەرنامەی زمانەوانیانەی دەماریدا گریمانەیەك هەیە ئاماژەدەکات بەوەی کە:

((لە مێژووی هەر مرۆڤێکدا هەموو ئەو سامانانە هەن کە دەتوانێت لە سایەیاندا هەموو گۆڕانێکی ئەرێی ئەنجام بدات)).

بۆیە ڕەگەڵ مندا هەوڵی ئەنجامدانی ئەم ئەزمونکراوە زانستیە بدە:

چاوانت دابخە، بە قوڵی لە لوتەوە هەناسە بدە، بیر لە کاتێك بکەرەوە کە لە لوتکەی ماندانداندا بویتە.

بیر لە ئەزمونێکی دیاریکراوت بکەرەوە کە بتەوێت دووبارە تێیدا بژیتەوە" لە کەتواری ئێستادا. بەهەمان شێوازی پێشوو هەناسەبدە، دانیشە یان بەهەمان شێوە هەستە، هەوڵبدە هەست بە هەمان چەشنە هەستی ئەزمونی ڕابردووت بکەیتەوە، گەر بتوانی ئەم مەشقە بە جوانی ئەنجام بدەی ئەوا هەمان چەشنە ماندانت بۆ دەستەبەر دەبێت.

ماندانی هەناویت وەکو کاری هەناوی وەهایە، ئێمە پێویستمان بەوەیە هانی خۆمان بدەین بۆ ئەوەی ماندانمان لە قوڵایی خودمانەوە بێت، پێویستمان بە هیچ کارتێکارێکی دەرەکی نابێت، مارك تۆین ئاماژەدەکات و دەڵێت: **((گەر نەتوانی ستایش چنگ بخەیت، ئەوا خۆت بەهەر شێوەیەك بێت پەسنی خۆت بدە.. گەر ئەوانی تر بەشان و باڵتدا هەڵیان نەدا، ئەوا خۆت بە خۆتدا هەڵبدە)).**

هەوڵبدە لە قوڵایی هەناوتەوە مەلەبکەی، ئەزمونەکانی ڕابردوت بگێڕەوە، هەستی پێبکە، چێژی لێ وەربگرە، هەوڵبدە بەپێی توانا تێیدا بژیت. ئەلێکسەندەر گراهام بێڵ دەڵێت:

((من ناتوانم بڵێم ئەم هێزە بەچی دەبێ، بەڵام دەزانم هەیە، ئەم هێزە تەنها لەکاتێکدا بەردەست دەبێت کە مرۆڤ لە دۆخێکی هزری وەهادابێت کە لە ڕێگەیەوە بزانێت بە تەواوەتی چی دەوێت؟ سوردەبێت لەسەر ئەوەی نەوەستێت تاوەکو بەوەدەگات کە دەیەوێت)) .

لەبیرت بێت کە هێزێکی خودی بێ شومار لەهەناوتدایە بۆ هاندانت، ئەوەی لەسەر تۆیە ئەوەیە کاتێك بدۆزیتەوە کە تۆ تێیدا هاندراوبیت، هەوڵی دیسانەوە ژیانەوە لەم ئەزمونە بدە" بەهەموو سۆز و هەستەکانتەوە.

١٢- دە خێراترین ڕێگە بۆ داڕووخانی کارمەندان :

((لەکاتێکدا من لەکارمدا بۆ پێشێ هەنگاو دەنێم گرنگی بەوە نادەم خەڵکی چیم لەبارەوە دەڵێن،بەڵام گرنگی بەوە دەدەم کە ئەنجامی دەدەن))

ئەندرۆکارنگی

بەداخەوە تاوەکو ئێستا زۆرێك لە بەڕێوەبەران ترس بەهۆکاری پارمەتی دەری هاندان دادەنێن، بە پارمەتی دەری دەزانن بۆ ئەنجامدانی کاری گرنگ بەشێوەیەکی خێرا لەگەڵ بەدیهاتنی ئەنجامی باشترین، لەکاتێکدا پێچەوانە ڕاستە. خۆ ڕاستە بەکارهێنانی دەستەلات و سزا دەبێتە هۆی بەدیهاتنی ئەنجامی خێرا، لە ڕاستیدا تاکە ئەنجام لەم کاتەدا شلەژان ، دڵەڕاوکێ و داڕووخان لە بەدیهاتنی ئامانجە خوازراوەکان دەبێت.

دە ڕێگەت بۆ پێش دەست دەخەم کە هۆکاری پشت داڕووخانی کارمەندانن:

(دەتوانی تۆ لای خۆتەوە کەڵکی لێ ببینی).

١. ناجێگیری :

ڕەنگە کۆمپانیاکەت توشی ناجێگیری بێت" گەر شێوازی پەیرەو لێکراوی کارگێری بەخێرایی بگۆڕیت، یاخود جاربە دووی جار کێشە بەسەر کۆمپانیاکەتدا دێت، یاخود بەهۆی دووچاربوون بە ئاریشەوە نەخشە ڕێگای پەیرەو کراوی دەگۆڕێت. ئەم جەشنە هەستکردنانە دەبنە هۆی ناجێگیری، ئەمەش لای خۆیەوە دەبێتەهۆی ناهاندانی کارمەندان.

٢. موچەی نەگونجاو:

ئەو موچەیەی بۆ کارمەندانت دەیبڕیتەوە بەقەت بەهایانە ؟ کەی بووە دوایین جار کرێکانیانت بەرز کردۆتەوە؟ تێبینی بکە و بزانە کە موچەی نەگونجاو دەبێتە هۆی کوشتنی هاندەرەکان، بۆیە بە دەستکەوتنی یەکەمین هەل ئەم کاریان جێدەهێڵن.

•

٣. سەرزەنەشت و خراپ مامەڵە:

ئایا تۆ ڕاهاتووی لەسەر ئەوەی لەپێش چاوی ئەوانی تر ڕەخنەی کارمەندانت بکەیت؟ لەبەردەم ئەوانی دیکە بەسەریاندا دادەبارێیت؟

لەبیرت بێت خراپ مامەڵە کردنت ڕەگەڵ کارمەندانتدا دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی هاندانیان بۆ باش کارکردن.

٤. ئومێدی درۆ:

ئایا ڕوویداوە بەڵێنی پلە بەرزکردنەوەت بە کارمەندێکت دابێ و بەڵێنیەکەت نەبردبێتەسەر؟ یاخود بەڵێنی ئەوەت پێ دابێت کە پاداشی بکەیت و نەت کردبێت؟

بەجوانی بیربکەرەوە، دەبینی ئەمە بۆخۆی دەبێتە هۆی لەدەستدانی متمانەی نێوان خۆت و کارمەندەکانت، هاندانەکانیان تیادەچن و دەپوکێنەوە.

٥. ڕۆتینانەت(ناپێویست و بێزارکار):

ئایا هەمیشە هەمان کار بەسەر کارمەندەکانتدا دەدەیت؟ ئایا کارمەندەکانت ڕاهاتوون لەسەر ئەنجامدانەوەی هەمان کارەکان؟

دەبێت تێبینی ئەوە بکەیت کە مرۆڤ هەمیشە پێتفی بە نوێبونەوە و فێربوونی بەهرەی نوێیە. ڕۆتینیش یەکێکە لەو هۆکارانەی مرۆڤ دەگەیەنێتە دۆخی پوکانەوە و هۆکاری پشت نزمکردنەوەی ئاستی هاندانیان دەبێت.

٦. خراپی بەرهەمی پێشکەش کراوت:

بەرهەمە پێشکەش کراوەکانت خراپییەکیان تێدایە؟ کارمەندەکانت توشی ڕەخنە دەبنەوە لەکاتی پێشکەش کردنی بەرهەمەکانت بەوانی تر؟

هەوڵی بەرزکردنەوەی ئاستی باشی بەرهەمەکانت بدە" چون پێویستە مرۆڤ هەست بە شانازی بکات لەوەی دەیفرۆشێت، شانازی بکات بەوەی ئەنجامی دەدات.

هەربۆیە بەرهەمی خراپ هۆکاری پشت شەرمەزاربوون و بێزاربوونی کارمەندانە، ئەمەش دواتر هۆکاری پشت کەمبونەوەی هاندانیانە.

٧. ئامانجی دژ بەیەك :

ئایا ڕوویداوە شتێك بڵێی، دواتر لێی پەشیمان بوویبیتەوە؟

دەزانم کە دژبەیەکی ئامانجەکان دەبنەهۆی دڵەڕاوکێ و ئاژاوە، هەروەها جۆرێك لە لەدەستدانی متمانەش دەئافرێنێت و لە تواناییەکانت وەکو بەڕێوەبەر کەمدەکاتەوە، ئەمەش بێگومان کار لە کارمەندانت دەکات.

٨. ئاراستەکردنی لۆمە و سەرزەنشت:

کاتێك توشی هەر شکستێك دەبیت لۆمەی کارمەندانت دەکەیت؟ خووگرتن بە سەرزەنشتن کردنی ئەوانی تر کارێکی ئاسانە و دەبێتە هۆی ئەوەی پەیڕەوی ڕێگەیەکی لاواز بکەیت بۆ کارگێڕی و بەڕێوەبردن، ئەمەش دەبێتەهۆی هان نەدانی کارمەندان بۆ باشتر کارکردن.

٩. لایەنگرتن:

بێ جیاوازی لەگەڵ هەموو کارمەندەکانتدا کاردەکەیت یاخود هەندێکیان بەسەر ئەوانی تردا باشتر دەسەپێنی؟

خاترگرتن و لایەنگرتن دەرکی وتی وتـی دەکاتـەوە و واتـە وات لـەنێو کارمەندەکانتـدا دروست و بڵاودەکات، ئەمەش بێگومان دەبێتەهۆی لاوازکردنی هاندانیان.

١٠. ڕەفتاری تایبەتیت:

ئایا تـۆ لـەو کەسـانەی کـەمترین پێکـەنین لەسـەر ڕووخسـارت دیاردەکـەوێت؟ کاتێـك بـەوانی تـر دەگـەیت سـڵاویان دەکـەیت؟ تێبینـی بکـە و بزانـە کـە ڕەفتـاری تایبـەتیت هۆکارێکی گرنگە بۆ لاوازکردنـی ئاسـتی هانـدانی کارمەنـدانت، ئـەو ڕێگەیـەی ڕەفتاریـان ڕەگـەڵ دەکـەیت و بەهۆیـەوە لێیـان نێزیـك دەکـەویت، هـەموو ئەمانـە ڕەنگـە ببنـەهۆی لاوازبوونی هاندانی کارمەندانت. بێگومان ئەم لیستە دەشێت درێـژتربێت، بـەڵام مـن ئـەم دە هۆکارەکەم بە کاریگەرترین و بـاوترین زیـان گەیەنـەرەکان بـە دامـەزروەکان زانیـوە، بۆیە ئامازەم پێ داون. خۆت لەنێو بەندێك یاخود زێدەتریش لـەو لیسـتەدا دەبینیتـەوە؟ گەر وەها نەبوو ئەوا پیرۆزباییـت لـێ دەکـەم بـۆ گەیشـتن بـە لوتکـە.. بـەڵام گـەر لـەنێو لیستەکەیت ئەوا هەرئێستا هەندێك گۆڕانکاری ئەنجام بدە.. بەڵێ، هەرئێستا، تاوەکو پتر خێراتربیت ئەوەندە باشتر دەبیت.

١٣-پێنج ڕێگەی بەسود بۆ هاندانی کارمەندان:

((بەهێزترین شت لەم جهانەدا، ئەوەیە بیرۆکەیەك لەکاتی خۆیدابێت))

ڤیکتۆر هۆگۆ

لەکاتی بونم بە میوانی بەڕێوەبەری کۆمپانیایەکی چنی، لێم پرسی: بەچی ڕێگەیەك هانی کارمەندەکانت دەدەیت؟ گوتی: بە پارە هانیان دەدەم.

بەپێکەنینەوە لێم پرسییەوە: لەپاڵ ئەمە چی تر ئەنجام دەدەیت؟ گوتی: بۆچی دەبێت هانیان بدەم؟ نازانیت چەندە بێ کار هەن و بەدووی کاردا دەگەڕێن؟ ئەوەتا منیش کارم بۆ هەندێك لەمانە ڕەخساندووە. تاوەکو باشتر کاربکەن منیش بەخشندەتر دەبم لەگەڵیاندا، گەر وەها ئەنجام نەدەن ئەوا منیش بێ سێودوو دەریان دەکەم و کارکەری دیکە دەهێنم.

لەم کاتەدا پرسیاری ڕێژەی گۆڕینی کارمەندی کۆمپانیاکەیم کرد، لەوەڵامدا گوتی: ٦٣٪، بەڕاستی زۆرم سەیر لێهات !

لەم کاتەدا پێنج ڕێگەی بەکەڵکم خستە پێش دەستی بۆئەوەی بتوانێت هانی کارمەندەکانی بدات:

(١) کەمکردنەوەی تێکڕای خولانەوەی کارمەندان:

کاتێك کارمەندان ڕێز و هاندان دەبینن بەبێ زیادکردنی پارەش حەزی بەردەوامبونیان بۆ دەستەبەر دەبێت و تەنانەت گەر لەجێگەی تریش موچەی زیادتریشیان بدەنێ ڕەنگە نەڕۆن. کەسێك دەناسی ڕەتی پێشنیاری کۆمپانیەکی موچە زیادتری کردبێت بەهۆی پەیوەستی بەم کارەی ئێستاوەی؟ چونکە بەختەوەرە و خەمی نییە. پارە هۆکارێکی هاندەرە، بەڵام هەمووشتێك نییە، چونکە هەموو کارمەندەکان تەنها پێویستیان

بەپارەنییە بۆ کارکردن، بەڵکو پتر پێویستیان بە ڕێز و خۆشەویستی بۆدەربڕینی هاوسەنگ و جیاوازی نەکردنە لەنێوانیاندا.

(٢) کەمکردنەوەی ڕێژەی ئامادە نەبوون:

کاتێك کارمەندان ئیشەکانیان بەدڵ دەبێت کەمترین جار ئامادەنابن، تەنانەت لەدۆخی نەخۆشیشدا. بۆخۆم بەڕێوەبەرێك دەناسم کە نەشتەرگەری پێی ئەنجامدابوو، بەلاّم پاشی نەشتەرگەریەکەی ڕاستەوخۆ بۆسەر ئیشەکەی ڕۆیشتەوە! ڕەنگە ئەمە بەزێدەڕۆیی بزانی، ڕەنگە تۆ لەمەدا ڕاست بیت، بەلاّم مەبەستم ئەوەیە کاتێك کارمەندێك وەها هەست دەکات بۆخۆی کاردەکات، ئەوا هاندراودەبێت، حەزی بۆ ئیشکردن دەجولێت، خۆی لە ئامادەنەبوون بەدوور دەگرێت، مەگەر دۆخەکەی زۆر ناچاری بێت ئەگینا بۆ سەر کارەکەی دێت.

(٣) ڕەفتاری باش بۆ کارمەندان:

کاتێك کارمەندان هاندراو دەبن، ئەوا حەزیان بە ژینگەی کارکردنیان دەبێت، پتر پێ دەکەن و یەکتریان خۆش دەوێت، ئەمەش بێگومان کار لە شێوازی ڕەفتارکردن لەگەڵ کڕیار و سەردانکاراندا دەکات.

(٤) بەدیهێنانی ئامانجەکان:

هاندان هێزێکی پاڵنەرە بۆ ئەنجامدان، بەجۆرێك وەها لە کارمەندان دەکات بە خرۆشەوە کاربکەن بۆ بەدیهاتنی ئەو ئامانجانەی وەکو ئامانجی خۆیان هەستی پێ دەکەن، لێرەوە هاندان دەبێتە گرنگترین هۆکاری پشت بەدیهاتنی ئامانجەکان.

(٥) وزە:

هاندان دیسانەوە بەرهەم هێنەرێکی سەرەکی وزەشە، کاتێك مرۆڤ هاندراو دەبێت، ئەوا(لەشی بەجیاوازتر دەجولێنێت) بەشێوازی باشتر هەناسە دەدات، دەبێتە خاوەنی

چالاکی و زیندەیی و بەشێوەیەکی گشتی باری جەستەیی خاستر دەبێت لەکەسێك هاندانی نییە. ئەوکاتەی کارمەندانت ئەم وزەیەیان لا دەستەبەرە، بێگومان باشترە بۆ پترکردنی بڕی بەرهەم و یارمەتی دەریشە بۆ بەدیهاتنی ئامانجە بەپێزەکان.

بێگومان هەر هەوڵێك بۆ هاندانی کارمەندانت بدەی، سود و کەڵکی باشی بۆت دەبێت و ئەنجام و بەرهەمەکانت باشتر دەبێت لەوەی پێشبینیت کردووە.

١٤-بیست ڕێگەی کارا بۆ هاندانی کارمەندان :

((باشترین ڕێگە بۆ دیاریکردنی ئەوەی چی خەڵکی هاندەدات ئەوەیە لێیان بپرسیت))

هارۆڵد. ماك ئەلیندۆن

ئێستایش باوەکو ٢٠ ڕێگەت پێشکەش بکەم کە گرنگن بۆ هاندانی کارمەندانت:



١) ستایش و ڕێزگرتن:

هەرگیز ڕوویداوە سوپاسی کارمەندێکت بکەیت؟ ولیام چیمس دەڵێت: **((قووڵترین بنەمای سروشتی مرۆڤ حەز و ئارەزووە بۆ هەستکردن بە ڕێز))**. ڕێزگرتن لە کارمەندانت بەهێزترین ئامرازە بتوانی بەکاری بهێنیت بۆ هاندانیان" چونکە هەستکردن بە گرنگی و بەهاداری دەرون و ڕێزگرتنی خورد و هەستکردن بە متمانەیان لەلا دەئافرێنێت، بۆ چارە ڕەشی بەڕێوەبەرگەلێکی زۆر لەم ڕاستییە بێ ئاگان، یاخود ڕەنگە مەودای گرنگی و کارایی هاندان لەڕێی ڕێزگرتنەوە نەزانن.

توێژینەوەیەك لەلایەن کۆمپانیای پێشخستنی کارگێڕییەوە ئەنجامدراوە ئەوەی دیارخستووە کە ١١٪ی بەڕێوەبەرەکان بە تەنها پەسنی کارمەندانیان دەکەن و ڕێزیان دەگرن، هەروەها توێژینەوەکە دیاریخستووە کە ٢٧٪ی کارمەندانی بەڕێوەبەران حەزی گواستنەوەی کارەکەیان بۆ کۆمپانیایەکی تر هەبووە، بەهۆی بوونی هاندەر و ڕێزگرتن لە کارمەندان لەو کۆمپانیانەی دیکە. ئەو ڕێژەی مەبەستمانە تەنها بانگێشت کردنی کارمەندەکەت نییە بۆ نوسینگەکەت و تەوقەی لەگەڵ بکەیت و سوپاسی بکەیت،

ڕێزگرتن دەبێت لەسەر بنەماگەلی دیاریکراوبێت، بۆئەوەی ڕێزگرتنەکەت کارابێت پێویستە ڕەچاوی ئەم ڕێسایانە بکەیت:

١- دەبێت ڕێزگرتنەکە لەپێش چاوی هەموو کارمەندان بێت.

٢- پاش ئەنجامدانی کارێك شیاوی ڕێزگرتن بێت ڕێز لەکارمەندەکەت بگرە.

٣- هەولبدە ڕاستگۆ و دیاریکراوبیت، بۆنمونە مەلێ: سوپاست دەکەم بۆ یارمەتیەکەت، باشتر وەهایە بلێی: من دەزانم تۆ زۆر خۆت ماندوو دەکەیت و دوێنێش بۆ تەواوکردنی ڕاپۆرتەکە لەکاتی خۆیدا کاتێکی زۆر سەرقاڵ بوویت، من ڕێزی ئەم کارەت دەگرم.

٤- زیادە ڕۆیی مەکە.

٥- لەوەش گرنگتر، لەبیرت بێت کەنابێت ئەمە لەبیربکەی، واتە: ڕێزگرتنی کارمەندانت لەیاد مەکە.

کاتێك ڕێز لە هەوڵی کارمەندانت دەگریت، ئەوان باشتر کاردەکەن، نەوەك ئەمە بە تەنها، بەڵکو شێوازی هەستکردنیان بەرامبەر خۆیشیان و تۆیش باشتردەبێت، ئەمەش وەهات لێ دەکات هەست بەوەبکەیت تۆیش مەزن و خۆشەویستی، بۆیە لەمڕۆوە دەست پێبکە، پەسندانی کارمەندان بکەرە خووت، دەبینی پاداشەکانت مەزن دەبن، سۆکرات ئێژێ: ((**ئەوەی بەباشی لەگەڵ خەڵکدا ڕەوتاریکات بۆپێشەوە دەڕوات**))، لەبیرت بێت دەتوانی هەرکارێك لەبیربکەی تەنها سوپاسکردنی کارمەندانت نەبێت، هەولبدە بەبەردەوامی خۆت ئەم کارە ئەنجام بدەیت.

٢) خەڵات/پاداشت:

خەلات بە ئامرازێکی گرنگی هاندان دادەنرێت، بۆ ماوەیەکی زۆریش ئەم هاندانە بەکارایی دەمێنێتەوە. دیارییەکە باشترەوهایە مەدالیای لێهاتوویی یاخود

تابلۆیەك بێت كە ناوی كارمەندە خەڵات كراوەكەی لەسەر هەڵكۆڵدرابێت لەگەڵ هۆكاری خەڵاتكردنەكەی، یاخود هەر جۆرە خەڵاتێكی تری باشتریش. باشتر وەهایە لە ئاهەنگێكدا بە كارمەندەكە بدرێت، هەروەها كاریگەریەكەی باشتردەبێت گەر تاكەكانی خێزانەكەی بەنهێنی بانگێشت بكەی و وەكو دۆخێكی چاوەڕوان نەكراو بە كارمەندەكەی ببەخشیت و ئەوانیش لە بینینی ئەم دیمەنە گرنگە بێبەش نەبن. دەتوانی پێشبینی كاریگەری ئەم خەڵاتە لەسەر كارمەندانت بكەیت؟ ئەتوانی بزانی چەندە هاندەر و پاڵنەریشە بۆئەوەی بە باشتر كاربكەن.

كاتێك كارمەندانت خەڵات دەكەیت وەهای لێ دەكەی باشتر لە بەرامبەر خۆی و خۆت و ئەوانی تریشدا بیربكاتەوە بڕوانێت، بۆیە شێوازی خەڵاتكردن بقۆزەوە بۆ بەرزكردنەوەی ورەی ئەوانی تر بۆئەوەی ورە و قازانجی تۆیش پتر بەرز بكەنەوە. وەك جۆن ئەندرۆ هۆلمز دەڵێت: ((هیچ ئەزمونێك بۆ دڵ باشتر نییە لەگەیشتن بە بنك و بەرزكردنەوەی ئەوانی تر)) .

٣) كێبڕكێ:

لەكاتی ئامادەكردنی لێكۆڵینەوەكەمدا بەڕێوەبەر گەلێ زۆر قسەیان ڕەگەڵ كردم، CEOs،VPs، هەروەها خاوەنی كۆمپانیاكانیش، بۆم دیاركەوت كە زۆر دامەزراوە و كۆمپانیا شێوازی كێبڕكێ وەكو ئامرازێك بۆ هاندان بەكاردەهێنێت، خەڵاتەكەش نان خواردنێك دەبێت لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتی یاخود دانیشتن و قسەكردن و كات بەسەربردن ڕەگەڵ گرنگترین كەسی كۆمپانیاكە، ئێستاش دەمەوێت لەتۆ بپرسم: ئایا تۆ ئامادەی بۆ ئەوەی بەڕاستی كاربكەیت بۆئەوەی بگەیت بەوەی لەگەڵ سەرۆكدا نان بخۆی؟ ڕەنگە هەندێك بڵێن بەڵێ. بەڵام ئەو كارمەندانەی ئەم خەڵاتە دەبەنەوە توشی دڵەڕاوكێ دەبن، بیر لەپۆشینی ئەو جلەدەكەنەوە كە دەیپۆشن، شێوازی قسەلەگەڵ

کردن و چەشنی خۆراك خواردن، ئەمانە دەترسێن ڕەفتارێکی گەمژانە ئەنجام بدەن، بۆیە گەر دەتەوێت کێبڕکێ ببێتە هۆکارێك بۆ هاندانی کارمەندانت ئەم شتانەت لەبیربێت:

١- لەبارەی جۆری دیارییەکەوە لە کارمەندانت بپرسە، با خۆیان جۆرەکەی دیارییکەن" چون ئەمە دەبێتە هاندەری ڕاستەقینەیان.

٢- خەڵاتەکە باوەکو بۆ دوو کەس بێت، گەر خەڵاتەکە گەشتێکە بۆ دوورگەیەك ئەوا باوەکو گەشتەکە بۆ دووکەس بێت" چون ئەمە هەلێك بۆ کارمەندانت دەڕەخسێنێت بۆئەوەی ژنەکەی یاخود هەر کەسێکی تری گرنگ لەم گەشتەدا ڕەگەڵ خۆی بەرێت.

٤) پلەبەرزکردنەوە:

بە ڕەخساندنی هەلی پلە بەرزکردنەوە هەستی کارمەندانیش باشتر هاندراو دەبێت و دواتریش داهاتوویەکی گەش بۆ کۆمپانیاکە دابین دەبێت، بەداخیشەوە زۆرێك لە بەڕێوەبەران بۆ پڕکردنەوەی پۆستە ڤالاکان کارمەندی نوێ دادەمەزرێنن، من نالێم ئەمە تەواو هەڵەیە، بەڵام لەسەرەتادا کارمەندانی کۆمپانیاکەی خۆت هەن و دەبێت پلەیان بەرزتربکەیتەوە. هەلی پلە بەرزبوونەوە بۆ دەستەی کارکەرانت بڕەخسێنە" بۆئەوەی بەرەو پێشەوە هەنگاوبنێن، کاتێك پلەبەرزکردنەوەی دەبێتە پلەکانی قالدرمەی کۆمپانیاکەت ئەوا بەمە هاندراو دەبن و ئەوپەڕی توانایان دەخەنەگەڕ بۆ بەدیهاتنی ئەنجامێکی نایاب.

گەر ئەم هەلەت بۆ کارمەندانت ڕەخساند ئەوانیش ئەوپەڕی هەوڵی خۆیان دەدەن بۆ یارمەتی دانی تۆ و دابینکردنی داهاتوویەکی گەشیش بۆخۆیان. هنری دایڤد سۆریۆ دەڵێت: ((**گەر مرۆڤ بەو لایەدا پێشکەوت کە خەونیەتی و ڕەهای دەژیانی لەو ژیانەدا دەژێت خەونی پێوە بینیوە، ئەوا سەرکەوتنێکی ناچاوەڕوان کراو لەکاتێکی کەمدا**

بەدەست دەهێنێت)) ، یارمەتی دەستەی کارکارانت بکە بۆنەوەی پێشبکەون و خەونەکانیان بەدیبێنن، بێگومانبە لەوەی ئەمە دەبێتەهۆی سەرکەوتنی دڵنیایی تۆ.

٥) مەشق:

دەتوانی مەشق وەکو ئامرازێکی گرنگ بۆ هاندانی کارمەندانت بەکاربێنی، ڕێکخراو و دامەزراوەکان لەمڕۆدا پتر لەهەر کاتێکی ڕابردوو بڕوایان بەکاریگەری مەشق و ڕاهێنان هەیە وەکو هاندەرێك بۆ کارمەندانی. بێگومان سەرکەوتنی کۆمپانیاکەت لە داهاتوودا بەشێوەیەکی گەورە پشت بەستووە بە چۆنێتی ڕەفتارکردنت لەگەڵ کارمەندانت و شێوازی لەئەستۆدانی بەرپرسیارێتیەکانیشیان. تاوەکو بەباشتر مەشقیان پێبکەی، ئەوەندەش نواند و تواناییان پتر بالاتر دەبێت، متمانە پێکراوتر دەبن لە ڕووبەڕوو بوونەوەی هەر دۆخێك، ئەمەش پتر هاندەریان دەبێت بۆ ئەنجامدانی کارەکانیان. ڕێژەی قازانجی گەڕاوە بۆ خۆت و کۆمپانیاکەت پاش مەشق پێکردنی کارمەندانت بناڵا دەبێت، هانی کارمەندانت بدە بۆ گوێگرتن و سەیرکردنی کاسێتی گەشەپێدانی خوددی و پەنا بە مەشقەوانێکی کارا بگرە بۆ ڕاهێنان کردن بە کارمەندانت، ئەمەش ئەنجامێکی زۆرباشی بۆت دەبێت.

٦) متمانە:

لۆتسۆ دەڵێت: **"ئەوەی متمانە بەوانی تر نەکات هەرگیز بە متمانەپێکراوییان نابینێت".**

بۆیە، ئەو بەڕێوەبەرەی متمانە بە کارمەندانی ناکات، پێداگیری لەسەرنەوەش دەکات خۆی کارەکانی ئەنجامبدات، بەردەوام دەبێت لە پێداچونەوە بەکارەکانیان، ڕەخنەیان ئاراستەدەکات،

خۆی بە بار قورس دەزانێت، ئەوجا دەبێتە خاوەنی دەستەیەکی کاری ناکارا و بێ خرۆش بۆ کارکردن.

بەڵام کاتێك متمانە بەکارمەندانی دەکات، وەهایان لێدەکات هەست بە ئازادی بکەن، ئەنجامێکی زۆر خوازراوی دەبێت. جۆرجس.باتۆن دەڵێت:" **هەرگیز بە کەس مەڵێ چۆن ئەوکارەت ئەنجامدا. ئەوەی گرنگە پێی بڵێی کەچی دەکات، دەبینی بە هێزە داهێنانیەکانی تێرادەمێنێت**".



٧) دیاریکردنی ئامانجەکان:

دیون بیات دەڵێت:" **کەسی مەزن ئەوەیە بەیارمەتی ئاوەزی ئەوانی تر دەتوانێت کارەکەی ئەنجامبدات**" ، دیاریکردنی ئامانجی دامەزراوەکەت ڕەگەڵ کارمەندانتدا سودێکی زۆری هەیە، تۆ بەم کارەت تەنها هاندانیان لەلادا دروست ناکەیت، بەڵکو کۆمەکیان دەکەیت بۆئەوەی وابینینێکیان هەبێت لەبارەی سروشت و چۆنێتی بەشداریکردنیان لە بەدیهاتنی ئامانجەکانی کۆمپانیاکەت. توێژینەوەکان سەلماندویانە ئەو کارمەندانەی لەسایەی ئامانجێکی دیاریکراوەوە کاردەکەن پتر هاندراو و کارا دەبن وەك لەوانی تر. بۆیە گەر دەتەوێت بەڕێوەبەرێکی کارابیت، هانی کارمەندانت بدەی بۆ بەدهاتنی ئامانجی بالاّ و مەبەست، پێویستە ڕێگە بەکارمەندانت بدەی ڕەگەڵتدا هاوکاربن بۆ دارشتنەوەی ئامانجەکانی کۆمپانیاکە و دانانی نەخشە ڕێگەی بەدیهاتنی.

بۆنمونە: خولێکی دیاریکردنی ئامانج بۆ کارمەندانت بکەرەوە، داوایان لێبکە ئامانج و پێشبینیەکانیان بنوسنەوە، لەگەڵ کاتی بەدیهاتنی. دڵنیابە لە تێگەیشتنیان لەم مەشقە، ئەوجا ڕەگەڵیان کۆببەرەوە و سود لە بیرۆکەکانیان وەربگرە بۆ دیاریکردنی

ئامانجە گونجاوەکانی خۆت لەگەڵ چۆنێتی جێبەجێ کردنیدا، ئالبێرت هابند دەڵێت: "**پێشکەوتن بەدی نایەت، تەنها لەڕێگەی قۆستنەوەی شارەزاییەکانەوە نەبێت**" ، بۆیە کاتێك ڕەگەڵ کارمەندانی کۆمپانیاکەتدا -کە خاوەنی بۆچوون و بیرۆکەی لێك جودان- ڕێنامە و ئامانجی کۆمپانیاکەت دادەڕێژیتەوە بەرەو بەیهاتنی سەرکەوتنت هەنگاو دەنێی، د.ڕۆبێرت شۆلر دەڵێت:" **ئامانجەکان تەنها پێویست نین بۆ ئافراندنی هاندەرمان، بەڵکو بنچینەشن بۆ مانەوەمان لە ژیاندا**" .

٨) ئەنجام و دەستکەوت:

((**بەرهەمی ئەمڕۆت ئاماژەیە بۆ هەوڵەکانی دوێنێت**)). دەستکەوت بەختەوەری بۆ ژیانی خۆت و کارمەندانت چێ دەکات، ئاماژە و ڕوونکاری ئەوەس کە: تۆ و کارمەندانت بەو پەڕی تواناتانەوە هەوڵتانداوە بۆ بەدیهاتنی ئامانجە دیارەکانی کۆمپانیەکە. دەستکەوت گرنگترین هۆکارە بۆ هاندانی هەموان و بەرزکردنەوەی ڕادەی ڕێزگرتن لە خود و هەستکردن بە بەهای دەروون. دەستکەوت بۆ هەموو جهان و دەوروبەری دەسەلمێنێت کەتۆ بەوپەڕی تواناوە هەوڵتداوە و کەڵکت لە ژیرێتیت وەرگرتووە. دەستکەوت وەها لە کارمەندانت دەکات باشتر لە خۆیان بڕوانن، لەکارەکانیشیان، یارمەتیشیان دەدات بۆنەوەی گەشەبکەن و هەوڵی بەدەست هێنانی شتە ئەستەمەکانیش بدەن. کاتێك ئامانج بۆ کارمەندانت دادەڕێژیت هەوڵی بەدشداریپێکردنی کارمەندانت بدە و باوەکو ئامانجەکانت کەتواریانە بن و هانیان بدە و یارمەتیشیان بدە بۆ بەدیهاتنی ئەم ئامانجانە، دەبینی ئەنجامەکە باش و گونجاودەبێت، فرانکلین ڕۆزفلت دەڵێت:" **بەختەوەری لە چێژی دەستکەوتنەوە سەرچاوە دەگرێت، مەستی تێکۆشانی داهێنەرانەشە**" .

٩) بړواپاستی(مسداقیەت)

لە لێکۆڵینەوەیەکدا کەلەسەر پێنج گەورەترین ئوتێلی مۆنتریال ئەنجام درابوو، پرسیاری ئەوە لە کارمەندان کرابووکە: ئایا بەوپەڕی تواناتانەوە کاردەکەن؟ ٧٢٪ یان بە نەخێر وەلآمیان دابوویەوە، کاتێك هۆکارەکەیان لێ پرسی بوون، لەوەلآمدا گتبویان: پاداشی کارەکانیان بۆ بەڕێوەبەرەکانمان دەبێت نەوەك خۆمان، ئیتر بۆچی زۆر خۆمان ماندوو بکەیت!! بۆیە پێویستە هەرکەسە و بەپێی کاری خۆی پاداش بکرێت و نابێت کەس لەبری کەس پاداش وەربگرێت، بەم کارەش متمانەی کارمەندانت بۆخۆت و کۆمپانیاکەت بەدەست دەهێنیت و هەمیشە هاندراو دەبن بۆ ئیشکردنی باشتر، بۆیە هەرکارە و پاداشێك بۆ خاوەنەکەی دانێ و بە دادگەرییەوە بۆ سەرکەوتن هەنگاو بنێ و لایەنگیرمەبە.

١٠) بڕیاردروستکردن:

بەشدارپێکردنی کارمەندانت لە کردارەی بڕیاردروستکردن بە گرنگترین هۆکارەکانی پشت هاندان دادەنرێت، مەبەستم ئەوەنییە لە هەموو بڕیارێکدا بەشداریان پێبکەی، نەخێر" چونکە تۆیش وەکو هەر بەڕێوەبەرێکی دیکە پێویستت بەوەیە زۆرجار خۆت خاوەنی بڕیاری خۆت بیت، بەلآم لە بڕیاردان لەبارەی مەشق پێکردن و دامەزراندنی کارمەندی نوێ و خزمەتکردنی کڕیاران و شتی لەم جۆرەدا دەتوانی ڕاوێژی کارمەندانت بکەیت. دەبێت ڕێگەشیان پێبدەیت بۆئەوەی خۆیان ببنە بڕیاردەری خۆیان، کێشەکانیان خۆیان چارەسەری بکەن بەبێ ئەوەی بەناچاری بۆتۆ بگەڕێنەوە، ڕێگەیان پێبدە بۆئەوەی فێربن و بزانن کەچۆن ڕۆڵ و نواندنیان باشتردەکەن و شێوازی پەیوەندی دابەستن و ڕەفتاریان خاستردەکەن و خشتەی کارەکانیان بەجوانی بەرەو پێشەوەدەبەن و جێبەجێ دەکەن...هتد. بەمەش متمانەی کارمەندانت بەخۆیان باشتردەکەیت و

هەستکردنیان بە ئەمەکگیری(ئینتیما)یش بالآتر دەکات، هەروەها بۆ پێشەوەیان دەبات، لەگەڵ بەشدار بونیشیان لە کەموکوڕیەکان و بەرپرسیاریەتیەکانیش لە ئەستۆ دەگرن و هەوڵ بۆ بەدیهاتنی ئامانجی خوازراو دەدەن.

١١) ڕاسپاردن:

لە پەڕتووکی: ((ئەو حەوت خووەی زۆرینەی خەڵك شوێنی دەکەون)) ی نوسەری بەناوبانگ و پڕفرۆشی کتێبەکان لەجهاندا ستیفند.کۆڤای دا هاتووە:" ڕاسپاردنی ئەوانی تر بۆ ئەنجامدانی کارەکان بە کارایی باشترین کاری هێزبەخش و کاریگەرە" . ڕاسپاردن سودی زۆرە، کاتی تەواوت پێ دەدات بۆ چڕبیرکردنەوە(تەرکیزکردن)لە دۆخ و کارە گرنگەکان. هەروەها هانی کارمەندانت دەدات بۆ باشتر ئەنجامدانی کارەکان بە ئومێدی پلەبەرزبوونەوە" لە داهاتوودا، هەروەها ڕێزلە خۆگرتن و متمانە بەخۆکردن لەلایەن کارمەندەکانەوە بالآتر دەکات، بۆیە ڕاسپاردن و بەبریکارکردن بخەرە ڕیزی یەکەمی بەرنامەکانتەوە. لیستی ئەو کارانە دیاریبکە کەبە کارمەندانتی دەسپێری و دواتریش لیستی کارمەندانی بڕواپێکراوت بنوسەرەوە، دواتر بەپێی هەردوو لیستەکە کاری گونجاو بۆ کەسی گونجاو دیاریبکە، فێری چۆنێتی ئەنجامدانی کاری پێ سپێردراویشیان بکە، ئەوجا کاتێکیش بۆ ئەنجامدانی ئەو کارەشیان بۆ دیاریبکە، دواتریش بەدواداچوونت لەبیرنەچێت، ئەوجا بە شێوەیەکی ڕێك و گونجاو لەگەڵیان کۆببەرەوە و بزانە کارەکانت چۆن بەڕێدەکەن.

١٢) گەشە و بالآبوون:

((ڕەنگە جوانترین شت کە مرۆڤ لەژیانیدا قەرەبووی پێ وەربگرێتەوە ئەوەیە کە یارمەتی ئەوانی تر بدات، بەمە یارمەتی خۆیشی دەدات)) ، گەر یارمەتی کارمەندانت

بکەی بۆئەوەی پێش بکەون و گەشەبکەن، ئەمە دەبێتە هاندەرێکی مەزنیان، بۆئەمەش کارمەندانت بەشداری کۆرەکا بکە بۆ فێربوونی بەهرەی نوێ، هانیان بدە بۆئەوەی بەردەوام بن لە فێربوون یان بەلای کەمەوە دبلۆم لەئیش و کاریاندا بەدەست بێنن. گەر بتوانی باشتر وەهایە نەختێك لەرووی دارایشەوە بۆ ئەم مەبەستە کۆمەکیان بکەیت.

رێگەمەدە بە کارمەندانت بۆماوەیەکی زۆر هەمان کار ئەنجام بدەن، بۆئەوەی بێزار نەبن، وەها هەستبکەن کە بەسالدا رۆدەچن بەلام لەکاردا رۆناچن، ناپلیۆن پۆناپەرت دەلێت: ((**دانایی ئەوەیە وەها لەخەلك نەکەیت بەسالدا رۆبچن، لەکاتێکدا لەهەمان کاردا رۆدەچن**)) .

خەلکی بە بەدیهاتنی گۆران و گەشە هەست بە باشتربوونی دۆخی گشتییان دەکەن، سۆکرات دەلێت: ((**مرۆڤ چێژ لە گەشەپێدانی زەویەکەی و دوایین ئەسپیشی دەبینێت، بەلام من چێژ لەوەدەبینم رۆژ لەدوای رۆژ خۆم پێش بخەم**)).

تۆیش کاتێك یارمەتی کارمەندانت دەدەی بۆئەوەی پێش بکەون، کەلك لەم شارەزاییە زێدەیان دەبینی. ز ج.زجلار دەلێت:"**ئەوەدەبیت و بەدەست دێنیت لەژیانتدا کەدەتەوێت، گەر یارمەتی ئەوانی تریش بدەی بەوە بن و بەدەست بێنن دەیانەوێت**".

١٣) رەفتاری کەسێتیت:

د.کلیمن ستۆن دەلێت: " **جیاوازییەکی ئاسایی لەنێوان خەلکدا هەیە، بەلام ئەم جیاوازییە کەمە ناچونییەکی گەورەی ئافراندووە. جیاوازییە ئاساییەکەش رەفتاری ئەرێیی یان نەرێنییە**" .

گەر یەك هۆکاری بنچینەیی بەکەلك هەبێت بۆ هاندانی کارمەندانت ئەوا رەفتارەکانی تۆیە، بۆنمونە شێوازی قسەکردنی تۆ، گوێگرتن و پێکەنین و شێوازی جولەکانت، تۆ وەکو ئەو بەرێوەبەرە وەهای کە هەمیشە لەژێر چاودێرییەکی ورددایە، دەبێتە جێگەی

شیکردنەوە و ڕەخنە، بڕیار لەسەردانت. ڕەفتار و پلەی پەیوەندیت ڕەگەڵ کارمەندان و کۆمپانیەکەشتدا لەهەر شتێکی تر گرنگترە.

ئێستایش تۆ ئاشنای ئەو ڕێگەیە دەکەین کە بتوانی لە ڕەفتارتدا بۆ هاندانی ئەوانی تر پێڕەوی بکەیت:

(أ) هەڵگری پێکەنینی گەرمی سەر ڕووخسارت بە، پێکەنین بەسۆزیت پیشان دەدات، ئاسودەیی بەخۆیشت دەبەخشێت و ئارامیش بە کارمەندانت، ئیمرسۆن لەم بارەیەوە دەڵێت:" **ئەوکاتەی کەسێکی خۆشحاڵ دێتە ژوورێکەوەو وەکو ئەوە وەهایە گڵۆپێکی تازەت داگیرساندبێت**".

(ب) گوێ بۆ کارمەندانت ڕادێرە. زینۆ دەڵێت:" **دوو گوێ و یەك زمانمان هەیە بۆئەوەی پتر ببیستین و کەم بدوێین**". لە کارمەندانت بڕوانە کەلە دەورو بەرتن ، گرنگییان بۆ دیاربخە. پرسیاریان ئاراستەبکە و وەهایان لێبکە هەست بە گرنگی بکەن. خەڵکی حەزیان بەو کەسانەیە گوێیان لێ دەگرن بۆیە ئارامگریش بە، تاوەکو دەتوانی گرنگی پێدانی خۆتیان بۆ دیاربخە، مەهێڵە هیچ شتێك لەمەت داماڵێت.

(ت) کارمەندانت بە ناوی خۆیانەوە بانگێشت بکە، ناوەکانیان خۆشترین وشەی بیستراویانە، بۆیە کاتێك مرۆیەك بە ناوی خۆیەوە بانگ دەکەیت وەهای لێدەکەیت هەست بە گرنگی پێدان و ویستراویی بکات، بۆیە هەوڵبدە ناوی هەموو کارمەندانت لەیادبێت، پێویستە بەجوانترین شێواز بانگێشتیان بکەیت.

(پ) بەرپرسیاری هەموو هەڵەکانت بە، هەوڵی سەرزەنەشتکردنی ئەوانی تر مەدە، بەتایبەت کاتێك ویستت هەندێك کار بەوانی تر ڕاسپێریت، کەوتنە هەڵە شتێکی ئاساییە و لەکاردا هەیە، بەڵام گرنگ ئەوەیە بەرپرسیارێتی هەڵگریت و تیشك بخەیتەسەر دۆزینەوەی چارەکان.

(ج) دادگەربە، لایەنگیری کەسێك مەبە لەسەر هیسابی ئەوانی تر، هەروەها ڕێگە مەدە نازناو و پێگەی بەڕێوەبەریت ببێتە لەمپەرێکی نێوانتان. دال کارنیگی دەڵێت:"

لەبیرت بێت بەختەوەری لە ڕەگەزنامە و موڵکەکانتەوە سەرچاوە ناگرێت" چون بەختەوەری ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە بیرۆکە و بۆچوونەکانتەوە". لێرەوە بۆت دیاردەکەوێت کە ڕەفتارەکانت یارمەتیت دەدات بۆ هاندانی کارمەندانت، هەروەها دەشتکات بەو کەسەی هەڵگری بەرپرسیارێتی هەموو گرە و کێشەکان دەبێت. د.نۆرمان ڤینسینت بال دەڵێت:" **هەر ڕاستییەك ڕووبەڕوومان بێتەوە ئەوەندە گرنگ نییە لەچاو ڕەفتارمان بەرامبەر ئەو ڕاستییە" چون ئەوە کاردانەوەی ڕەفتارمانە ڕادەی سەرکەوتن و شکستمان دیاری دەکات"**.

١٤) ئاشنای گۆڕانەکانیان بکە:

گۆڕان بووەتە تایبەتمەندیی باوی ئەم ژیانەمان، هەوڵبدە کارمەندانت ئاشنای گۆڕانکاریەکانی دامەزراوەکەت بکەیت" چون ئەمە بۆخۆی واتەواتەکان لەناودەبات. نەوەك تەنها ئەمە و بەس، بەڵکو کارمەندانت توشی ئارامی دەکات" چون دەزانن چی لەدەوروپشتیان دەگوزەرێت و هۆکاری پشت ئەو گۆڕانکاریانە چین، ئەمەش لای خۆیەوە دەبێتە هاندەریان بۆ کارکردن.

١٥) ڕێز لەکارەکانیان بگرە:

بۆ چارە ڕەشی زۆرێك لە بەڕێوەبەرەکان ڕێزی کاتی کارمەندانیان ناگرن، بۆنمونە: کاتێك بەڕێوەبەرێك دەیەوێت چاوی بە کارمەندێکی بکەوێت، داوای لێ دەکات هەمووشت دەست لێ هەڵبگرێت و بێتە ژورەکەی، یاخود داوای لێ دەکات دەس و دەم ڕاپۆرتێکی بۆ تەواوبکات! ڕەگەزی کات هۆکارێکی گرنگە بۆ هەستکردن بە گرنگی و ڕێزگرتنی خوود، گەر ڕێزی کاتی کارمەندانت نەگریت، تۆ بەم کارەت لە شکۆمەندییان کەم دەکەیت، توانای هاندانیشیان کەم دەکەیت، بەڵام گەر کەڵکت لە ڕیزگرتن لە کاتەکانیان

گرت، ئەوا هانیان دەدەیت و دەیان وروژێنی و هەستی قوڵیان بۆ دەرەخسێنی لەبۆ ڕێزگرتنی خودیان و هەمدیس ڕێزی بەهای کاتیان فێردەکەیت.

١٦) بەتایبەت گرنگیدان بۆ کارمەندانت دیاربخە:

هەوڵبدە بزانیت کارمەندانت حەزیان بە چییە، گەر ئارەزوویان لە وەرزش بوو، بۆنمونە: بزانە کام جۆرە وەرزش: هۆکی، پێ، باڵە، سەرمێز، هەوڵبدە خاڵێکی هاوبەش لەنێوان تۆ و ئەندامانی دەستەی کارمەندتدا بدۆزیتەوە، ڕەنگە خوێندنەوە یان تێڕامان، یۆگا، ئۆتۆمبێل بێت.

هەوڵبدە وەها بۆ کارمەندانتی دیاربخەی کە بێگومان تۆ گرنگییان پێ دەدەیت، هەمیشە پرسیاری دۆخی خۆیان و خێزانەکەیان بکە، لە بۆنەکانیاندا هاوبەشبە، ئەمە دەبێتە هاندەریان و کەڵکیشیان لێ وەردەگرن، هەروەها ڕادەی خۆش ویستنی تۆیش لای ئەوان پتر دەبێت و ڕادەی هەستکردنیان بە ئەمەکگیری(ئینتیما)یان باشتر دەبێت.

١٧) دیاری:

دیاری هۆکارێکی هاندەری گرنگە جاپا دیارییەکە گرانیش نەبێت، گرنگ ئەوەیە بە وردیەوە دیاریی و کەسەکان هەڵبژێری. دیاری ئەوکاتە کارادەبێت کە بەدڵی کارمەندانت بێت نەوەک تۆ. گەر کارمەندێك زۆری حەز بەشتێکە ئەوا باوەکو دیاریەکەت لەو بوارەبێت، بۆنمونە: گەر حەزی لە یاری هۆکییە ئەوا باوەکو دیاریەکەت پلیتێکی ئامادەبوون لەیاری هۆکی بێت. ئەم چەشنە دیارییانە هانی دەدات و بۆ باشتر کارکردن و خۆشویستنی تۆ وکارەکەیشی.

١٨) جەژنی لەدایك بوون:

ئاهەنگ گێڕان بە جەژنی لەدایکبوونی کارمەندانت ڕەنگە ببێتە هۆی هاندانی کارمەندانت، مەرج نییە ئەم ئاهەنگە لە هۆڵ یان ئوتێلێکی گرانبەهادا ئەنجام بدرێت، بەڵکو دەتوانی تەنها مێزێك و کێکێکی بۆ ئامادەبکەی و هەموو کارمەندانی تر لە دەوری کۆببنەوە و چەند خولەکێك ئاهەنگ بگێڕن، دیارکەشت با کارتێك بێت لەتۆوە کە واژووی تۆی لەسەربێت و دواتریش واژووی هاوکارەکانی و کەسانی تری گرنگی دامەزراوەکانی لەسەر دابنرێت، ڕەنگە ئەمە زۆر ساکاربێت بەڵام زۆر کاریگەرە و ئەنجامی باشی دەبێت بۆ هاندان و باشتر متمانە بەخۆکردن و بڕیاردان.

١٩) بەرهەمی باش:

ئەو بەرهەمەی دەیخەتەبازاڕەوە گەر خراپ بوو ئەوا خەم و نیگەرانی توشی کارمەندانت دەکەیت و ناچاریان دەکەین دووچاری گلەیی بەکاربەران ببنەوە، بە پێچەوانەشەوە کاتێك ئەنجامەکەت باش و ئاست بەرز دەبێت، ئەوا کارمەندانت شانازی بە ئیشەکەیان و تۆی بەڕێوەبەریانەوە دەکەن، بریکارەکانیشت شانازی بە فرۆشتنی بەرهەمەکانتەوە دەکەن، بێگومان ئەمەش هاندەرە بۆ باشتر کارکردنی کارمەندانت.

٢٠) گرەوەکانیان بۆ پێش چاوبخە:

هیلین کلیر دەڵێت: **"لەبەرئەوەی من مرۆڤێکی تاکم، بۆیە ناتوانم گشت شت ئەنجام بدەم، بەڵام یەك شت هەیە دەتوانم بیکەم، ئەویش ئەوەیە ڕەتی ئەوە نەکەمەوە کە دەتوانم ئەنجامی بدەم"** .

هەوڵبدە هەلێك بە کارمەندانت بدەی بۆ ئەوەی فێری بەهرەی نوێبن و بەهۆیەوە ئامانجەکانت بۆ بەدی بێنن، ئەمەش لای خۆیەو هانیان دەدات بۆ باشتر کارکردن، بەلام ئەمەش بۆخۆی پشت بەستە بەشێوازی ڕەفتاری تۆ ڕەگەڵ کارمەندانت و چۆنێتی گونجاندن و ئامادەکردنیان لەگەڵ لەمپەر و ئاریشە نوێیەکان، بۆنمونە: دەتوانی داوا لە

سەرپەرەشتیارانی لقەکانی کۆمپانیاکەت بکە یکە ١٠٪ رێژەی فرۆشیان زیاد بکەن، یاخود داوا لە بەشی راژەی کرپاران بکە کە ١٠٪ رێژەی سکالاکان کەم بکەنەوە.

تێبینیت کرد پارە توخمێکی بنچینەیی نەبووە لەنێو هەموو خالانی پێشووتر؟ دەزانی بۆچی؟ چونکە:

لە لێکۆلینەوەیەکی تایبەت بە فاکتەرەکانی هاندان کەلەسەر ٢٠٠ کارمەند لە ٢٢ بانك ئەنجام درا دیارکەوت کە زیادکردنی مووچە پلەی نۆیەمی گرتبوو لەنێو هۆکارە گرنگەکانی هاندانی کارمەندان. **پارە هاندەرێکی گرنگە بەلام گرنگترین نییە.** راستە پارە وەکو پێویستییەك وەهایە کە لەژێر سێبەری مانەوەدایە و کەمی دەبێتە هۆی ناجێگیری و کەمی هاندەریش، ئەمەش دەبێتەهۆی بەجێ هێشتنی کار. بەلام ئەمەش مانای وەها نییە تاوەکو موچەی کارمەندانت بەرزبکەیتەوە باشتر و باشتر کاردەکەن، نەخێر! هەروەها دەتوانی داوا لە کارمەندانت بکەی کاری نوێت بۆئەنجام بدەن، ئەمەش قازانجی زۆری بۆت دەبێت" چون بەرهەمت بەمە زیاودەبێت و هانی باشتر کارکردنی کارمەندانت دەدەی و متمانە بەخۆکردنیان بالاتر دەکەیت.

مارك کرۆلی دەلێت:" **گەر روودانی ئەمە حەتمی بێت، ئەوا بۆ خۆم دەگەرێتەوە"**

IF IT TO BE IT IS UP TO ME

١٥-پێنج ڕێگەی کارا بۆ هاندانی خۆت:

((بۆ دەربڕین و ئەنجامدانی هەرشتێك هەمیشە ڕێگەیەکی باشتر هەیە، تۆیش تەنها پێویستە بیدۆزیتەوە))

تۆماس ئەدیسۆن

هاندانی کارمەندانت بێگومان کاریش لەخۆت دەکات. بەلاّم پێویستە فێربیت و بزانیت چۆن خۆت هاندەدەیت بۆئەوەی تواناداربیت لەبۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەو ئاستەنگ و کێشە لە ژمارە نەهاتوانەی دووچارت دەبنەوە و بتوانی هەڵیان بسوڕێنی. بۆئەمەش پێنج ڕێگەت بۆ بەردەست دەخەم کە دەتوانی خۆتیان لەڕێگەوە هانبدەی:

١-دیاری کردنی ئامانجەکان:

کاتێك ئامانجەکانی ژیانت دەست نیشان دەکەیت هەست بەهێزێکی نەبڕاوە دەکەیت بۆ بەدیهاتنی ئامانجەکانت. ئەمەش لای خۆیەوە دەبێتە هاندەرت" تاوەکو بتوانی ئامانجت بپێکی ئەوەندەی تر هاندراو و بەهێزتر کاردەکەیت.

دەتوانی بە نوسینەوەی لیستێك لەو شتانەی کە حەزت پێیەتی و دەخوازی ئەنجامی بدەی یان پێشکەشی بکەیت دەست پێبکەی. ئەوجا ئەم هیوایانەت بەپێی گرنگییان لە یەکەوە بۆ سێ ئامانج بنوسەرەوە، ئەمەش گرنگی نایابی دەبێت بۆ هاندانت، بۆئەمەش پێویستە کاتێك دیاریی بکەیت بۆ بەدیهاتنی ئەم ئامانجانەت.

لێرە بەدواوە هەوڵی ئەنجامدانی ئەو شتانە بدە کە یەك ئینچ زیادتر لە بەدیهاتنی ئامانجەکەت نێزیکت دەکەنەوە، ئەوجا فێربە هەموو ڕۆژێك بەر لەوەی بنووی ئامانجەکانت بخوێنیتەوە، وای دابنێ تۆ بەدیت هێناون، کاتێك بەئاگا دێیتەوە هەوڵی نوسینەوەی ئەم ئامانجانە بدە، بەڵام بەشێوەی کاتی ڕانەبردوو. بۆنمونە: دەمەوێت کێشم بگاتە ٧٠ کیلۆ، دەمەوێت ١٠٠،٠٠٠ دۆلار ساڵانە داهاتم بێت، دەمەوێت من ببمە بەڕێوەبەری گشتی. ئەمە تەنها پێنج خولەکی لەکاتی تۆ پێویستە، دواتر وای بێنە پێشەچاوی خۆت کە بێگومان ئامانجەکانت بەدیهێناوە. هەموو بەیانییەکی زۆر ئەم کارە ئەنجام بدە، بێگومانبە لەوەی ئەمە دەبێتە زیادکردنی هاندانت بۆ باشتر کارکردن و هانت دەدات بۆ گۆڕینی خەونەکانت بۆ ڕاستی، بۆیە هەمیشە ئەم گوتەیەی ناپلیۆن هیلت لەیادبێت: **" هەرشتێك ئاوەزی مرۆڤ بتوانێ پەی پێبەرێت و بڕوای پێ بهێنێت دەتوانێ بەدی بهێنێت"** .

٢-گەشەپێدانی خوود:

ڕۆلاند . ئۆسپۆرن دەڵێت: **" تۆ ناتوانی پێش بکەوی مەگەر هەوڵبدەی شتێك ئەنجام بدەی لەوە باڵاتربێت بە ئاوەزتدا دێت"** . گەر جار بەدووی جار لە ئەنجامدانی ئەم کارە بەردەوام بیت، ئەوا هەمیشە هەمان ئەنجامت چنگ دەکەوێتەوە. هەوڵبدە لەناوچەی خەمۆك بەخش و هەڵپرقێنەر بەدووربیت، شتی نوێ ئەنجام دەربە. هەندێك کاسێت بکڕە، لەکاتی لێخوڕینی ئۆتۆمبێلتدا گوێیان لێبگرە، ڕۆژانە بەلای کەمەوە ٢٠ خولەك و گۆڤار و کتێب بخوێنەرەوە، فێری شتی نوێبە" لەڕێگەی کۆڕ و کۆبوونەوەکانەوە، خۆیشت دەتوانی شتی نوێتر و باشتر فێری خۆت بکەیت. ئێمە ئێستا لەچەرخی زانیارین کە زانیاری بووەتە هێز، تاوەکو زێدەتر فێربیت، ئەوەندەش بۆ پێشەوە هەنگاو دەنێی، هەروەها باشتر بەرامبەر خۆت هەست دەکەیت. بەردەوام هەست بە ڕێزگرتن لە خۆت و بەهای باڵای خۆت بکە بۆئەوەی ئەمەش ببێتە هاندەرت و لە بەدیهاتنی ئامانجاکانت

نێزیك ترت بكاتەوە. ڤینس لۆمباری دەڵێت:" **سروشتی ژیانی مرۆڤەکان هاوتایە لەگەڵ مەودای پابەندی بۆ بەدیهاتنی ئامانجەکانی، بە چاو پۆشین لەو بوارەی هەڵی بژاردووە**".

٣-گرنگی پێدانی تایبەتی:

حەز یان گرنگی پێدانی تایبەتیت هەیە؟ حەزت بە وەرزشە، نوسین یان چێشت لێنانە؟ بە چاوپۆشین لەوەی گرنگی پێدانەکەت چییە، گرنگ ئەوەیە ئایا تۆ ڕاهاتووی لەسەر ئەنجامدانی بەردەوامی ئەو شتانەی حەزی پێ دەکەیت ؟ گەر هیوایەتێکت نییە هەوڵی دۆزینەوەی بدە" چون بەرەو ژیانێکی جێگیر و هاوسەنگت ئاراستە دەکات. من زۆرێك لە بەڕێوەبەرانی جێبەجێ کاری دەناسم حەزیان لە یاری تێنس یان وێنەکێشانیشە، هەوڵی ئەنجامدانی دەدەن بە یەك بۆ دووجار بەلای کەمەوە لەهەفتەیەکدا، هاوڕێیەك دەناسم حەزی بەوەیە لەناو باخچەکەیدا کاربکات، هەندێك مەشقی جەستەیی ئەنجام بدات، من بۆخۆم زۆرم حەز بە چێشت لێنانە" چون لە خەمەکانی کار دوورم دەخات. مەڵێ کاتم بۆ ئەمە نییە، یاخود بە گرنگی نازانی، دەبێت ئەمە ئەنجام بدەی، دەبینی چی ئەنجامێکت دەبێت کاتێك لێی تێڕادەمێنی. هیوایەت یارمەتیت دەدات بۆ چێژ وەرگرتن لە کاتەکەت، هەروەها هانت دەدات بۆ کارکردن بە چالاکییەوە. هنری فۆرد دەڵێت:" **ئەو کەسەی بەردەوام فێردەبێت، بەگەنجی دەمێنێت، مەزنترین شت لەژیاندا هێشتنەوەی ئاوەزە بە گەنجێتی**" .

٤-یانەی تایبەتمەندان:

ئەم بیرۆکەیە هێشتاکە یەکێکە لە مەزنترین و کاریگەرترین بیرۆکەی هاندەرم. یانەیەکم دامەزراند و ناوم لێنا یانەی تایبەتمەندان. دە بەڕێوەبەری سەرکەوتووم هەڵبژارد، ئەوانەی خۆم دەیان ناسم و لە بیرکردنەوەدا ئەرێیین، سوبحەینانی هەموو دوو شەممانێك یەکترمان دەبینی لە کاتژمێر حەوت بۆ نۆ، ئەمەش پاش قاوەڵتییەکی تەندروست بوو، تاوتوێی گرفتەکانی پێشمان دەکرد، هەر هەفتەیەك کێشەی یەکێکمان

تاوتویێ دەکرد، بیرمان لەچارەکردنی دەکردەوە، زۆرجار دەیان چارەیان بۆ کێشەیەك دەدۆزییەوە. ئەم چاوپێکەوتنە هەمیشە ئەرێیی کاریگەر بووە، شتی نوێی فێری هەمووومان دەکرد، تۆیش دەتوانی هەمان شت ئەنجام بدەی، لیستی کۆمەڵێك بەڕێوەبەری سەرکەوتوو بنوسیتەوە، ئەوانەی لەگەڵ تۆدا لە کێبڕکێدا نین، پەیوەندییان پێوەبکە، بیرۆکەکەتیان بۆ بخەرە ڕوو، ئەنجامەکەی ناوازە دەبێت، ئەمە تەنها هانت نادات، بەڵکو بازنەی ناسراوی و زانینەکانت فراوانتر دەکات و فێری بەهرەی نوێتر دەبیت. جۆرج برنارد شۆ دەڵێت:" **تۆ دەبینی شتەکان ڕوودەدەن، دەپرسی بۆچی ڕوودەدەن؟ بەڵام من خەون بەو شتانەوە دەبینم کە ڕوویان نەداوەو دەپرسم بۆچی بەڕاستی ڕوونادەن؟**" .

٥-تیانوسی ئەنجامدراوەکانی ڕۆژانە:

ڕۆژانە چی ئەنجام دەدەیت لە تۆماری ڕۆژانەتدا بینوسەرەوە، هەوڵبدە تیشك بخەیتەسەر ئەوەی بەڕاستی ئەنجامت داوە، نەوەك ئەو شتانەی ئەنجامت نەداون. بەم کارەت هێز و توانا و سەرکەوتنەکانت مەزنتر دەبن. ئەم نوسراوە ڕۆژانە بخوێنەرەوە و بەخت بڵێت کە ئەمەت ئەنجام داوە و دەتوانی جارێکی تریش بەباشترەوە ئەنجامی بدەی. بە تێپەڕبوونی کات تیانوسی ئەنجامدراوەکانی ڕۆژانەت دەبێتە هاوڵی بەسۆزت.

وەك دەبینی، هیچ شتێك نەکردەیی(مەحاڵ) نییە، دەتوانی ھاندەر بۆخۆت بئافرێنی، جا هەرچییەکیش ڕووبدات و بویت تۆ هەر دەتوانی هاندراوبیت. جۆن هایۆد دەڵێت:" **هیچ شتێك نەکردە نییە لە پێشی دڵێك حەز و ئامادەیی تیایە**"، هەروەها جۆرج س. باتۆن دەڵێت:" **گەر مرۆ باشترینی ئەنجام دا هیچ شتێك دوای ئەمە بوونی نابێت**" ، بۆیە تۆیش باشترین ئەنجام بدە و دەبیتە خاوەنی هاندەر و وزەی پێویست بۆ بەدیهانی ژیانێکی باشتر.

16-بەرنامەی زمانەوانیانەی دەمار و هاندان:

((مرۆڤ خۆی بەختی خۆی دروست دەکات))

فرانسیس بیکۆن

بەرنامەی زمانەوانیانەی دەمار کە بە (NLP)[١] ئاماژەی پێدەکرێت لەساڵی ١٩٧٣ لەسەر دەستی هەردوو پزیشکی دەروونی : جۆن گریندەر و ریچارد باندلر دیارکەوت، ئەم بەرنامەیە بە شوێن کەوتنی نمونەیەکی سەرکەوتوو دەبێت، بەوەی تۆ ڕێچکەی کەسێکی سەرکەوتوو دەگریت، بەکوت ومتی هەمان شتەکانی ئەو ئەنجام دەدەیت بۆ گەیشتن بە ئەنجامەکانی ئەو، ئەم بەرنامەیە لەدیارکەوتنیەوە تاوەکو ئێستا سەرکەوتنی خۆی تۆمارکردووە و لەماوەیەکی کەمدا توانیویەتی ئەنجامی مەزن و سەرسوڕهێنەر بەدەستەوە بدات، بەکەڵکە بۆ چارەکردنی فۆبیا(شۆك)ی ترس، هەروەها بۆ ستراتیژیەتی سەربازی و هۆکاری پشت هەستکردنی خەڵکی بەهەندەرەکانیان بەکەڵکە، هۆکاری داڕووخانیشیان پیشان دەدات.

لەڕێگەی جێبەجێکردنی ستراتیژیەتی هاندانەوە مرۆڤ دەتوانێت هاندراوبێت بە پلەیەکی باڵا، بۆیە ڕێگەم پێبدە نمونەیەکی هاندانت پێشکەش بکەم لە ڕێگەی پرۆگرام سازی زمانەوانیانەی دەمارەوە کە هەرئێستا هاندراوت دەکات.

ئەزمونێکت لەبیرە کە تۆ تێیدا لە لوتکەی هاندانـدابیت؟ بۆ نمونە ڕۆژی تەواوکردنی زانکۆت کە پلەیەکت بەدەست هێنابێت؟ چاوانت دابخە و هەست بەهەمان دۆخت بکەرەوە کەلە لوتکەی متمانە و بەختەوەری و هانداندا بویتە. وەکو ئەوەی ئەم ئەزمونە ئێستا ڕوویدابێت وەها بژی، هەوڵبدە هەمووشتێك بەیادی خۆت بهێنیتەوە ئەوەی بینوتە و بیستوتە و هەستت پێکردووە لەو کاتەدا. تێبینی بکە و بزانە لەو کاتەدا چیت بەخۆت

---

[١] The Neuro-Linguoistic Programming

گتووە؟: کاتێك لەم ئەزمونەدا دەگەیتە لوتکەی پەیوەستەیی، مشتی ڕاستت بنوقێنە، نامەیەك بۆ ئاوەزی هەناویت بنێرە و بەهەمان شێوازی پێشوو هەناسەبدە، هەست بە هەمان هەستت بکە، لەهەمان دۆخدا بژی، بێگومانبە لەوەی هەرجارێك مشتت بەم شێوەیە بنوقێنی هەمان هەستت دەست دەکەوێت، ئێستایش مشتەکانت بکەرەوە و هەوڵبدە دووبارە بینوقێنیتەوە، چی ڕوودەدات؟ گەر بگەڕێیتەوە بۆ هەستکردنت بە هاندان ئەوا سیستمی پرۆگرام سازی زمانەوانیانەی دەمارت بەباشی کاردەکات گەر شتێك ڕوویش نەدات، هەوڵبدە لەگەڵ ئەم ئەزمونەدا هاوڕێیان بە، هەوڵبدە ئەمە بەشێوەیەکی کاریگەربێت، ئەوجا مشتت بنوقێنەرەوە.

ئێستایش ستراتیژییەتێکی هاندانت پێشکەش دەکەم کە کارەکانت ئاسانتر دەکات:

١-هەناسەدان:

هەناسەیەکی قوڵ هەڵبمژە تاوەکو سیت پڕ لە هەوا دەبێت(تاوەکو یەك بژمێرە) ئەوجا هەناسەکەت دەربکەرە دەرەوە(تاوەکو ژمارە چوار بژمێرە بەدرێژەپێدانی) وەکو ئەوەی فوو لە کوژانەوەی مۆمێك بکەیت، دواتر ئەمە پێنج جار دووبارە بکەرەوە.

٢-وادانان :

وای دابنێ تۆ لە لوتکەی هاندانی، ئەمەش وەها لێبکە وەکو ئەوەی ڕاستەقینەبێت. وەها هەستبکە کە هیچ شتێك ناتوانێت بتوەستێنێ و سنور بۆ هاندانت دانێت.

٣-باری ئەندامی:

هەستە و دانیشە لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەوەی کە پشتت لەبارێکی ڕێکی دابێت و سەریشت بۆ سەرەوە.

٤-دووپاتی:

بەخۆت بڵێ: ((دەتوانم ئەمە ئەنجام بدەم))پێنج جار، ئەجا بە دەنگێکی بەرز ئەو دەستەواژەیە دووبارە بکەرەوە.

٥-هەستەکان:

دووپاتییەکانی پێشووتر بکەرە هەستی ڕاستەقینە و هەوڵبدە بەهەموو هەستەکان هەستی پێبکەیت.

٦-مشتت:

کاتێك ئەو هەنگاوانەی سەرێ ئەنجام دەدەی مشتت بنوقێنە، دواتر بیکەرەوە، ئەوجا بۆ چرکەیەك دایبخەرەوە، بەردەوام بە لەسەر ئەنجامدانی ئەم تاقیکردنەوەیە تاوەکو دەبێتە بەشێك لەتۆ. ئێستایش کەی ویستت بگەیتە لوتکەی هاندان دەبێت مشتت بنوقێنی" بۆئەوەی هەستی ئەم هەنگاوانەت بۆ بگەڕێتەوە و هەمان هەستت بۆ پەیدابێتەوە. وابزانم ئەمە نوێ و باشترین بنەماکانی هاندانە، تۆیش دەتوانی ئەوانی تر هانبدەی، ئەوجا بە دووبارە خوێندنەوەی ئەم بەشە هەموو خاڵەکانی جێبەجێ بکە. کۆنارد هیلتۆن دەڵێت:" **سەرکەوتن بە تەواوەتی پەیوەستە بە کار و کردارەوە، کەسی سەرکەوتوو لەکارەکەی بەردەوام ڕەنگە بکەوێتە هەڵەوە، بەڵام هەرگیز ناوەستێت".** بۆیە بە وریاییەوە بەردەوامی بەکارەکەت بدە و هەرگیزمەوەستە، دەبینی ئەنجامەکانت ناوازە دەبن، وەك جۆن د.ڕۆك فیلبر دەڵێت:" **هیچ شتێکی پێویست بوونی نییە بۆ بەدیهاتنی سەرکەوتن لە کۆڵنەدان گرنگتر بێت" چون بەم هۆکارە بەسەر هەموو شتێکدا زاڵ دەبێت" تەنانەت سروشتیش".** هەوڵبدە سود لەم ستراتیژییەتە کارایانە وەربگری و لەمڕۆوە دەست بە کردنەکرداریان بکەی.

((زۆرینە ئامۆشیاری وەردەگرن، بەڵام تەنها زاناکان سودی لێ دەبینن))

بابلیلیۆس سیرس

بڕیاربدە ببیت بە کەسێکی هاندەری ناوازە و تایبەتمەند.

کلیلی سێیەم

گۆڕان..

کەتواری ڕاستەقینەی ژیان

((ئەوەی دڵەڕاوکێم توش دەکات سەرنەکەوتنە لەبواری کاری خۆمدا، سود لەهەموو ئەوانەش وەرنەگرم کە خوێندومن، نەزانم کام شت باشترین و دروستە، نەتوانم بگۆڕێم بۆئەوەی بەدییهێنم و ببم بە کەسێکی کەم توانا بۆ چارەکردنی شکست و بێدەستەڵاتیەکانم))

کۆنفۆشیۆس

١٧-ناوچەی حەسانەوە و گیلێتی نواندن:

((هەموو مرۆڤ مافی ئەوەی هەیە سەرکێشی بە ژیانیەوە بکات" لە هەوڵدان بۆ رزگارکردنی))

جان جاك رۆسۆ

گۆڕان ڕاستینەی کەتواری(واقیعی) ژیانە، بۆیە مانەوەیەکی بەردەوامە. گۆڕان هۆکارێکە بۆ گەشە و پێشکەوتن و گەیشتن بە ئاسۆی نوێ. هەرگۆڕانە یارمەتی دامەزراوەکانی داوە بۆ مانەوە و برەودان بە بەردەوامی، ئەو کلیلەیە کە بەهۆیەوە سەرکەوتن و دەستکەوت بەدی دێت، کەواتە گەر گۆڕان ئەم هەموو قازانج و کەڵکەی هەیە بۆچی زۆرینەی خەڵك لێی بەدوور و ترساون؟ بۆچی بەڕێوەبەرەکان گۆڕان بە نەرێنی دەبینن و هەمیشە لە دۆخی بەرگری نەگۆڕاندان؟ بۆچی هۆراسی فەیلەسووف گتویەتی:" **گەر ویستت دوژمنت هەبێت، ئەوا هەوڵی گۆڕینی شتێك بدە"** . وەڵامی ئەم پرسیارانە لە ترسدا خۆی دەبینێتەوە: ترسان لە نادیار، ترسان لە شکست و سەرکێشی. سروشتی ئێمەی مرۆڤ حەزی جێگیربوون و ئارامی بەسەردا زاڵکردووین. زۆرکەس حەزیان بە گۆڕانە، بەڵام زۆرینەی کۆمەڵگە و بەڕێوەبەرانیش لێی دەترسێن؟! چونکە لە ناوچەی حەسانەوە و گیلێتی نواندنیان دووردەخاتەوە، ئەم کەسانە بەردەوام بوونە لەسەر ئەنجامدانی کارگەلێك لەسەر هەمان ڕێچکە و ڕەوتی دووبارەیی و بۆماوەیەکی زۆر، بۆیە دەترسێن و هەست بەدڵەڕاوکێ دەکەن لە گۆڕانکاری و توشی ئەنجامدانی سەرکێشییان دەکات. ئەم کەسانە حەزیان بەوەیە تاوەکو ماون هەمان جۆرە ئیش ئەنجامبدەن، جا گرنگ نییە چەندساڵ و

چەندجاری دووبارە دەكەنەوە هەمان ئەنجامیشیان چنگ دەكەوێتەوە. بۆیە هەموو شتێك دەكەن بۆئەوەی لە گۆڕانیان دووربخاتەوە و هیچ كاتیش ئامادەی هەنگاونان نین بەرەو بەدیهاتنی گۆڕانكاری لەژیانی خۆیان و دامەزراوەكەیاندا.

بەڵام گۆڕان هەرهەیە و ماوەتەوە و تیاناچێت، جا بمانەوێت یانیش ڕقمان لێی بێت. گەر بەجوانی لەدەوروپشتت ڕوانی دەبینی هەمووشت لەگۆڕاندایە، بەردەوام دەگۆڕێن. لە سروشتدا وەرزەكان دەگۆڕێن، كەش دەگۆڕێت.

لەخۆت بڕوانە دەبینی تەمەنت دەگۆڕێت، حەزەكانت دەگۆڕێن، تەنانەت ئاتاجی و ویستراوەكانیشت دەگۆڕێن، كار و پلەكانت دەگۆڕێن، هەموو ئەمانە بەهۆی گۆڕانەوە بەدیهاتووە.

تێبینی گۆڕانی كەرتی تەكنەلۆژی بكە لە بواری كاركردنتدا، ئێستا تۆ تەلەفۆن(دووڕژنەوت)ێكی ئالۆزترت لەلادا بەردەستە، فاكس، ئامێری وێنەگرتنی بەڵگەكان، دەزگای كۆمپیوتەر[٢]، لەبواری پزیشكیدا دەبینی ڕۆژانە دەیان جۆر لە ئامراز و شێوازی نوێی نەشتەرگەری دێتەبوون، بۆیە گۆڕانكاری شتێكی زۆر گرنگە و دەبێت لەژیاندا بوونی بەردەوام بێت.

ئەلیانۆ ڕۆزفیلت دەڵێت:" **هێز و ئازایەتی و متمانە لەهەر ئەزموونێكتەوە بەدەست دەهێنی كە لەسەرەتاوە بە ترساوی لێی وەستاوی**" . دەتوانی بڵێی:" لەماوەی ئەم دۆخە ناخۆش و ترسناكەدا ژیاوم و دەتوانم لەپێشی هەموو ئەگەر و ئاستەنگەكانی

---

٢ كۆمپیوتەر: دەزگای زانینی، زانیاری ڕێكخار، زانینەشرۆڤەكار، دەزگای هونەركاری زانیاری، دزگای ڕێكخستنی زانیاری، زانینە ڕێكخار، زانین گر، ئامێرەئاوەز، ئاوەزەئامێر.

تەكنەلۆژیا: زانیاری هونەری، دەزگای ڕێكخار، توخمە ڕێكخارە، ڕەگەزەچارەسەر، ئامێرە هونەر، ئامێرەژیرە، ئامێرە وردەژیرە(وەرگێڕ)

فاكس: نامە ئامێرییە كاغەزینە، ئامێرە نامە.

تریشدا بوەستمەوە" ؟ دەبێت ئەوکارە ئەنجام بدەی کە بڕوات وەهایە دەتوانی ئەنجامی بدەی.

لەبیرت بێت تاکە جیاوازییەکی ناوەڕۆکی کە بەڕێوەبەرەکان لەیەکتر جودا دەکاتەوە توانای وەرگرتنی گۆڕانە. بەڕێوەبەری سەرکەوتوو ئەوەیە کە دەست بە گۆڕان دەکات و دەستی لێ هەڵناگرێت، یاخود دەیەوێت خۆی لەگەڵدا بگونجێنێت گەر توشی بوو. ژاپۆنیەکان بە شکست خواردوویی لە جەنگی جیهانی دووەمدا ڕۆیشتنە دەرەوە، ئێستا لەزۆربەی بوارەکانی ژیاندا پێشبڕکێی یەکەمین دەکەن. ئێمە لەچەرخی تەکنەلۆژیاین و پێویستە سەر کەشتی پێشکەوتن بکەوین. بۆیە پێویستمان بەوەیە خێراترین و کشۆک ترین بین بۆئەوەی خۆمان ڕەگەڵ هەموو ئەو دۆخانەدا بگونجێنین کەلە بازاڕکاریماندا توشمان دەبێت. پێویستە سەرکێشی بکەین، لە ئەزمونەکانی پێشوترمانەوە فێربین، لەو کەسانەشی بەر لەئێمە بەم هەنگاوەدا تێپەڕیون. هەوڵی ڕێککردنەوەی ئامانجەکانمان" بدەین بە بەردەوامی دان بۆئەوەی بە ئامانج و ئەنجامی خوزراو بگەین. ڕۆبێرت جۆرڤیتا(سەرۆکی جێبەجێکاری کۆمپانیای کۆکا کۆلا) دەڵێت:" **ڕەنگە شکست بێنی گەر سەرکێشیت کرد، بەلام بەدڵنیاییەوە شکست دەهێنی گەر سەرکێشی نەکەیت، گەورەترین سەرکێشیش ئەوەیە هیچ نەکەیت**" .

ئامانجی ئەم بەشە ئاشناکردنتە بەو بەهرە و توانایە کارایانەی کە هانت دەدەن بۆ ڕووبەڕووبونەوەی گۆڕانەکان و خۆ لەگەڵ گونجاندنی، کە ئەمەش کۆمەکت دەکات بۆ ئەوەی بەخێرهاتنی گۆڕانەکان بکەیت و هونەرەکانی فێربیت، هەروەها ئاشنای شێوازەکانی دەستکردن بە گۆڕانت دەکات.

تاوەکو پتر لەبارەی گۆڕانەوە بزانیت ئەوەندەی تر پێی قایل دەبیت، دەیکەیت بە بەشێك لە ژیانی ڕۆژانەت، کاتێکیش هونەری گۆڕانکاری یاد دەگریت، دەتوانی سەرکەوتن و داهێنان بەدیبێنی و دەوڵەمەند و باشتربیت.

١٨-پێنج هۆکار وەها لەخەڵك دەکەن ڕقیان لە گۆڕانکاری بێت:

((هیچ شتێك نەماوە بمێنێتەوە تەنها گۆڕان نەبێت))

هەرقل

چەندین هۆکار هەن وەها لە مرۆی دەکات خۆەشی لە گۆڕانکاری نەیەتەوە، هەست بە نائاسودەیی بکەن لە دووچاربوونیدا، بنچینەی پشت ئەم هەموو هۆکارانەش شێوازی پەروەردەکردن و چۆنێتی ڕەفتارکردنی باوك و دایکە ڕەگەڵ گۆڕانکاریەکاندا. بۆنمونە: گەر کەسێك لە ژینگەیەکدا گەورەکرابێت کە بە گۆڕانکاری قایلبێت، ئەوا ئەمیش ئامادە دەبێت بۆ قایل بوون بە گۆڕانکاری لە داهاتوو، پێچەوانەش ڕاستە، گەر لە ژینگەیەکی تەواو جێگیر گەورەببێ، کە گۆڕانکاری و چاکسازیی تێدا قبوڵ نەکراوە، ئەوا کاتێك لە داهاتوودا گۆڕانکارییەکی توش دەبێت دووچاری گرفت و دڵەڕاوکێ دەبێت. بۆیە بەها و باوەڕمان کاردانەوەمان بەرامبەر گۆڕانکاریەکان دەست نیشان دەکەن جا ئەرێیی بن یاخود نەرێنی. لە گفتوگۆیەکمدا ڕەگەڵ بەڕێوەبەرێکدا، گوتی: هەست بە خەوشداری ناکەم بەرامبەر گۆڕانەکان، بەلام هەمدیس کاتێك دووچاری دەبمەوە ترس و بێ متمانەیی بەرۆکم دەگرێت، کاتێك هۆکارەکەم لێ پرسی؟ گوتی: لە ژینگەی ساکاردا گەورەبووم، باوکم هەمووتەمەنی تەنها یەك جۆری کاری تاقی کردۆتەوە و لەیەك دامەزراوەدا کاری کرد، هەرگیز کارەکەی نەگۆڕی، هەمیشە لە سەرکێشی وشیاری دەکردمەوە. هەمیشە دەیگوت: "**چۆلەکەیەك لە دەستتدابێ باشتر لە دە چۆلەکە لەسەر درەخت بێ**" ، ئەم دۆخە ژیانەی تاوەکو

تەمەنی شەست وسێ ساڵی برەوپێدا و لەو تەمەنەدا هەر بەهەمان کارەوە سەری نایەوە، منیش هەمیشە وشەکانی باوکم لەیاد بوو و نەمدەوێرا توخنی هیچ گۆڕانکارییەك بکەومەوە.

بەها و باوەڕمان کار لە ڕەفتارمان دەکات بەرەو گۆڕان، کاردانەوەمان بەرامبەر گۆڕانەکان دیاری دەکات و پێك دەهێنێ، بۆئەوەی وردتربین ئێستایش پێنج هۆکارت بۆ بەردەست دەخەم کە باون و وەها لە بەڕێوەبەران دەکات خۆیان لە گۆڕانکاری بەدووربگرن، ئەوانیش:

١-گومان:

بەڕێوەبەرەکان هەمیشە پێشبینی ڕوودانی زیان و شکست دەکەن لە گۆڕانەکانەوە، هەمیشە ئەمە دەڵێنەوە:" ئەمە سودی نییە" ، یاخود" پێشتر ئەمەمان تاقیکردۆتەوە"، بۆئەوەی چواردووبەری بەهەمان شێوەی ئەم هەست بکەن، بەدووی ئەو وشە و هۆکارانە دەگەڕێت کە ئاماژەی شکستن.

شکسپیر ڕاستگۆبوو کاتێك گووتی:" **گومانەکانمان دەمانترسێنن، وەهامان لێدەکەن ئەوشتانە لەدەستبدەین کە دەتوانین بەردەستی بخەین، گەر لەهەنگاونان بەردەوام نەبین".**

٢–سەركێشی:

دەبینین بەڕێوەبەرەكە بەچڕی تیشك دەخاتەسەر كات و پارەی لەدەست دراو بۆ ڕوودانی گۆڕانكاری. بۆنمونە: بڕوای وەهایە بۆ كردنەوەی لقێكی نوێ پێویستی بە ٣ كارمەندی دیكەهەیە، هەریەكەیان ساڵانە ٢٥ هەزار دۆلاری پێویستە، ئەمە لەكاتێكدایە كە هەریەكەیان دەتوانن تەنها ١٥٠٠٠ دۆلار بەرهەمیان هەبێت، بەڕێوەبەرەكە بیر لەم سەركێشییە دەكاتەوە كە لەخەرجكردنی ئەم پارەیەدا خۆی دەبینێتەوە نەوەك لە خەرج نەكردنی. وەك جۆن ف.كەنەدی دەڵێت:" **هەر وەرنامەیەكی كار تیابوو مەترسی و تێچوونی زۆرە، زیانی ئەو كارانەی ئاسودەبەخش و بێ كێشەن زیادترە لەوانەی سەركێشی دار و تێچوون فرەی ماوەدرێژن"** .

٣–ئالودەبوون:

لە چوارچێوەی كاردا ڕەنگە گوێت لەكەسێك بێت بڵێت:" ئێمە لێرەدا شوێنكەوتەی پێڕەوێكی دیاریكراوین، ناتوانین بیگۆڕین"، یاخود: ئێمە وابۆماوەی ٢٠ ساڵە هەمان كار ئەنجام دەدەین بەهەمان شێواز، كەواتە ئێستا چۆن تۆ دەتوانی ئێستا بیگۆڕین؟ یاخود كۆمپیوتەر بۆ كەسانی تەمبەڵە و ئێمە دەتوانین بەبێ كۆمپیوتەر باشتر كارەكانمان ئەنجام بدەین؟! دەبینی بەڕێوەبەرێك بۆخۆی بێخەم دانیشتووە و هەمان شێوازی كار پێڕەو دەكات، كەچی چاوەڕوانی ئەنجامی باشتر و نوێترە و سەیری لەوەش دێت كە بۆچی دەستكەوتەكانی نەگۆڕاون و بۆباشتر هەنگاوێ نەنراون؟!

٤- ترس:

ترس لە هەستی ئاسایی ڕەنگە زۆر جار بەکەڵك بێت، بەڵام گەر ترس بووبە لەمپەری پێش قۆستنەوەی تواناکانمان، ئەوا پێویستمان بە ڕووبەڕوو وەستانەوە و زاڵبوونە بەسەریدا. هەستکردنی بەڕێوەبەرێك بە ترس ڕێگری لێدەکات لە قایل بوون بە گۆڕانکاری، هەموو شتێك ئەنجام دەدات بۆ وەستانی ئەم گۆڕانە. ئەم بەڕێوەبەرە ئامرازێکی نوێ ناکرێت و هیچ ئەنجام نادات تەنها مەگەر بۆ خۆلادان بێت لەزیانێکی چاوەڕوان کراو، ئەگینا بۆ پترکردنی قازانجی گۆڕانکاری ڕوونادات.

ئەرەستۆ دەڵێت:" **ترس ئازارێکە لە پێشبینی خراپەوە سەرچاوە دەگرێت**".

هۆراس یش دەڵێت:" **ئەوەی لەترسدا بژێت هەرگیز ئازاد نابێت**" .

٥- ڕەتکردنەوەی کۆمەڵایەتی:

لە گرنگترین هۆکارەکانی حەزنەکردنی بەڕێوەبەران بە ڕوودانی گۆڕانکاری، ترسە لە بوون بەگاڵتەجاڕ لەپێش چاوی ئەوانی تر، ترسە لە دووچاربوون بە ڕەتکردنەوە و بەدرێوبوون لەپێش چاوی دەستەکەیدا، ئەوجا بەدووی پشتگیری هەمواندا دەگەڕێت بۆ ئەنجام نەدانی گۆڕانکاری.

بڕوای ئەم جۆرە بەڕێوەبەرانە ئەوەیە کە خەڵکی بڕوایان پێیەتی، گەر دیتی دووکەس پێکەوە قسەدەکەن وەها هەست دەکات بەخراپ باسی ئەم دەکەن و گاڵتەی پێ دەکەن.

ئیمرسۆن دەڵێت:" **ئەو کەسەی دەڵێت ئەمە ئەنجام نادرێت، ئەوا لەناکاو کەسێك قسەکەی پێ دەبڕێت و ئەو ئیشە ئەنجام دەدات**" .

ئامرازێکت لەبیرە کە بەسود بووبێت بۆ پارە ژماردن لە ساڵانی شەست و حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا؟ گەر وەڵامەکەت(NCR) ە ئەوا تۆ ڕاستگۆیت، بەڵام ئێستاکە پشت پێ بەستراو نییە، دەزانی بۆ؟ چونکە بەکارهێنەرانی ڕەتی بەکارهێنانی دەکەنەوە بەهۆی داهاتنی ئامێری نوێ بۆ ژماردنی پارەی ئەلیکترۆنی، ئێستا کۆمپانیای دیکە هاتونەتە بازاڕی پارەوە و پلەی یەکەمیان لە داهێنانی ئامرازی ژماردندا گرتووە.

لەبواری مایکرۆکۆمپیوتەریشدا پێشتر کۆمپانیایەك دەیتوانی بۆماوەی یەك ساڵ پلەی یەکەم بگرێت بەر لەوەی کۆمپانیایەکی تر بتوانێت پێشی بدات، بەڵام ئێستا چەند ڕۆژێك زیادتر ناخایەنێت و بڕۆکەی بەهێزتر دەخرێتە ڕوو. بێگومان ئێستا هیچ کۆمپانیایەك ناتوانێت بۆماوەیەکی زۆر ببێتە گەورەی بازاڕ، مەگەر بەردەوام لە گۆڕان و نوێکاری پێشکەوتوتردابێت.

IBM زۆر بەناوبانگ بوو، هەمیشە بەرهەمی نوێی هەبوو، گۆڕانی نوێی دادەهێنا و کارمەندانی وەهایان دەگوت کە: IBM کورتکراوەی I Will Be Moving ەوە هاتووە کە مانای من هەمیشە پێش دەکەوم دەدات . کێبڕکێیش لەنێوان کۆمپانیاکانی ئۆتۆمبێل تەواو نابێت، لەنێوان کۆمپانیاکانی ئاوی گازی، ئەم کۆمپانیانە ئێستا زۆر بەهێز و مەزنن و سەرکێشی گەورە ئەنجام دەدەن و بەردەوام لە گۆڕاندان. بێگومان ئەمانیش کەوتونەتە هەڵەوە، بەڵام توانیویانە هەڵەکانیان چاك بکەنەوە و ئامانجەکانیان بەدی بێنن.

سیگمۆند فرۆید دەڵێت: **" کاتێك کەسێك لە هەڵەیەکەوە بۆ هەڵەیەکی تر دەڕوات ئەوکات ڕاستی تەواوی بۆ دیاردەکەوێت" .**

١٩- پێنج بنەمای گرنگ لەکاتی ڕودانی گۆڕاندا دەبێت ڕەچاوی بکرێت:

((هەرچییەك مرۆڤ دروستی کردبێت دەتوانێت بیگۆڕێت))

فریدریك مۆرڤینسۆن

ئێستایش پێنج بنەمات پێش دەست دەخەم کە پێویستە ڕەچاوی بکەیت و بیگریتەبەر بۆئەوەی بە گۆڕانکاریەکان قایل بیت و بەخێرهاتنی لێبکەیت:

١-گۆڕان بکەرە بنەمای سەرەکی ژیانی خۆت و کارمەندانت:

هەوڵبدە بەشێوەی ڕۆژانە و بەردەوام لەبارەی گۆڕانەوە قسەبکەیت، تێبینیەکانت بنێرە بۆ دەستەی کارمەندانت بۆ هاندان لەبۆ داهێنان، هەموو هەفتە یان مانگێك ڕۆژنامەیەکی هەواڵیان بەسەردا دابەش بکە. بەم ڕێگەیە وەها لەکارمەندانت دەکەیت بە گۆڕانکاری قایل بن، فێری چۆنێتی خۆگونجاندنیان دەکەیت لەگەڵ گۆڕانکاریەکاندا.

دواتریش، کاتێك گۆڕانێك ڕوودەدات بە شتێکی ئاسایی دەبینن، بە کردارێکی سروشتی دێتە پێش چاویان، ئەمەش لەوە دوورت دەخاتەوە کە زۆربەی کارمەندانت هەست بە نیگەرانی و ترس بکەن لەو گۆڕانانەی ڕویانداوە.

٢-هەستکردن بە ئازادی بە کارمەندانت ببەخشە:

خۆت قەتیس مەکە بە ڕامیارێتی ئاڵۆز و کار و ئەنجامدراوی ماوە درێژەوە، بەڵکو ڕێگە بە کارمەندانت بدە کە چاکسازیی گونجاو ئەنجام بدەن و چی شایەنی گۆڕانە

بيگۆڕن. من بەڕێوەبەرێكی گشتی دەناسم بڕیاری بۆیەكردنی دیوانی ئوتێلەكەی ئەدا تاوەكو پرسی بە پێنج كەسی لەخۆی گەورەتر كرد، پاشی نۆ مانگ بە تەواوەتی ئەو پێنج كەسە ڕامەزاندییان پێدا، بەڵام لەم كاتەدا ڕێژەی قازانجی ئەم ئوتێلە دابەزی بوو بۆ ٧٪ و بەناچاری هەموو ئوتێلەكەیان بۆیەكرد بە ٢ ملیۆن دۆلار، بەڵام بۆ بێبەختی ئەو كاتەی ئەمان سەرقاڵی بۆیەكردن بوون ئوتێلێكی تر هەلەكەی قۆستەوە و بەهۆیەوە ئوتێلەكە بە تەواوەتی داخرا، بۆیە هەموو بڕیاردان و ڕامیارییەكان لای خۆت قەتیس مەكە و نەختێك ڕێگەش بە كارمەندانت بدە كە چی باش بوو ئەوەت بۆ ئەنجام بدەن.

٣-جارناجارێك بەپێی شێوازی گونجاو كارمەندانت لەبەشێكەوە بۆئەوی تر بگوازەوە:

كاتێك كەسێك دادەمەزرێنی ڕێژەی قازانجی ساڵی یەكەمی دەگاتە ٦٠٪ و ساڵی دووەمی ٧٠٪ و سێیەم ٨٠٪ – ٨٥٪

پاشی دە ساڵی ئەم ڕێژەیە دادەبەزێت بۆ ٣٠٪ ، ئەمەش هەمان ڕێگەكەی بیتر ی بەسەردا دەچەسپێت كە دەڵێت: مرۆڤ كە گەیشتە ئاستی نەگونجاوی باشتر وەهایە لەبەشێكەوە بۆ بەشێكی تری بگوازیتەوە.

كاتێك كەسێك لێم دەپرسێت: كەی باشترین كاتە كە مرۆڤ شوێنی كارەكەی بگۆڕێت؟

ئەوا منیش وەڵامەكانم بەم شێوەیە دەبێت:

- كاتێك وەڵامی هەموو پرسیارەكانت لەلادا دەستەبەربێت و چارەسەری هەموو كێشەكانت بزانی، هیچ كێشەیەك نابینی بۆ هاندانت لەسەر كاركردن.
- ئەوكاتەی ڕەخنەی زۆر لە سیستمی كارەكەت دەگریت.
- ئەوكاتەی هەستت بەتەمبەڵی تەواو دەكەیت كاتێك لەنێو جێگەكەت دێتە دەر حەز ناكەیت بڕۆی بۆسەر كارەكەت.

- ئەوکاتەی پێت باشە هەموو شتێك ئەنجام بدەی بەس ئەم کارە نەبێت، بۆ هەموو جێگەیەك برۆی تەنها بۆ سەر کارەکەت نەبێت.
- ئەوکاتەی لەکاتی خۆ شتنی بەیانیاندا لەگۆرانی چڕین دەکەویت و ڕقت لە ڕۆیشتنە بۆسەر ئیشەکەت.

گەر هەستت بەم چەشنە هەستانە کرد ئەوا بزانە کاتی گۆڕینی کارەکەت هاتووە، ئەگینا ناچاری و بەناچاری دەیگۆڕیت.

لەهەموو ئەو دامەزراوانەی من بەڕێوەبەری بووم، هەڵدەستام بە گۆڕینی کارمەندان لە بەشێکەوە بۆ بەشێکی تر، ئەمەشم کردبووە کارێکی ئاسایی، بۆنمونە: لە ئوتێلدا دەتوانی مەشق بە کارمەندی پێشوازی بکەیت بۆئەوەی ببێتە کارمەندی تەلەفۆن(دووربێژ)، ئەوجا مەشقی کارمەندی دەرەکی، لەهەمان کاتیشدا وەکو زۆور پاقژکاری ڕابێنە، ئەوکاتەی شارەزایی ئەم هەموبەشانە چنگ دەخات، دەتوانرێت مەشقی کارکردنی لە چێشتخانەدا پێبکرێت... .

ئەم جۆرە جێ گۆڕکێیانە یارمەتی کارمەندانت دەدات بۆ ڕاهاتن لەگەڵ گۆڕانکاریەکاندا. هونەری گۆڕانیان فێردەکەیت.

٤- شوێنی شتەکانی دەوروپشتت بگۆڕە:

کات نا کاتێك لۆکەر و دۆلابەکانی دۆسیەکان لە جێگەیەکەوە بۆ جێگەیەکی تر بگوازەرەوە، شێوازی ڕێکخستنی ناوماڵەی ژووری نوسینگەکەت بگۆڕە و شێوازێکی تازەی پێ ببەخشە و وەهای لێبکە شێوەی جیاواز وەربگرێت، هەر ساکارترین گۆڕانێك دەتوانێت جیاوازییەکی زۆر دروست بکات.

5-شێوازی کۆبونەوەکانت بگۆڕە و شێوازی نوێ بەکاربێنە:

ڕێگە بە کارمەندێکت بدە دەست بە کۆبونەوەکە بکات، یاخود شوێنێکی نوێ بۆ بەستنی کۆبونەوەکانت دیاری بکە..گەر بتوانی بەشێوەی ڕۆژانە گۆڕانکاری ئەنجام بدەیت دەتوانی ڕووبەڕووی گۆڕانی نوێتربیت و خۆگونجاندنیش لەگەڵیدا ئەنجامبدەی.

برناردشۆ دەڵێت: **" پێشکەوتن ڕێگەیەکە لە ڕێگەکانی نەکردەیی لەکاتی نەبوونی گۆڕاندا، ئەوانەی بێ توانان لە گۆڕاندنی ئاوەزیان، ناتوانن هیچ شتێك بگۆڕن"** .

٢٠-چۆن وەها لە دەستەی کارمەندانت دەکەیت بە گۆڕانکاری قایلبن؟

((تاکە ڕێگەی گەشە قایل بوونە بە گۆڕان، بۆئەمەش ئەم بنمایە وەربگرە:
(هەنگاوێکی تر بۆ پێشەوە،مرۆڤی سەرکێش مرۆڤی ئازادە))) .

پەندی چینی

١) نەخشەیەکی سەربەخۆ دابڕێژە.

٢) چوارچێوەیەکی کاتی بۆ دانێ.

٣) شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی نەخشەکەت بە ڕوونی و تێگەیشتوویی دیاربخە.

٤) بەشێوەیەکی ئەرێیی ئەم ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەیە ئەنجامبدە.

٥) کاریگەری گۆڕانکاریەکان بەڕوونی لەسەر دامەزراوەکەت دیاربخە.

٦) لەبەرگیراوەیەك لەم وەرنامە و نەخشە ڕێگەیە بە هەموو ئەندامانی دەستەی بەشدارت بدە.

٧) پێشبینی لەمپەرەکان بکە، ئامادەی بەرپەرچدانەوەیان بە.

٨) ئامادەی قایل بوون بە ئەنجامەکان بە، زۆر کەس بە ئەرێییەوە بە ئەنجامەکان قایل دەبن، لەکاتێکدا زۆرێکی تر بە نەرێنییەوە لێی دەڕوانن، تێبینی ڕەفتارەکانیان بکە.

٩) هەوڵبدە خۆیشت لەکاتی دیارکەوتنی ئەنجامەکاندا لە دامەزراوەکەت بیت و دەستی یارمەتی بۆ ئەوانی تر درێژبکەیت و وەهایان هەست بۆ دابین بکەی کە تۆیش هاوبەشە کاریانی.

١٠) بەرپرسیاری ئەنجامەکانبە، جا هەرچۆنێك بێت.

١١) تۆسکە تۆسکە دەست بە بەدواداچوون بکە.

١٢) کشۆك بە و هەوڵی ئەنجامدانی گۆڕانکاری پێویست بدە، بەردەوامبە لەسەر ئەم کارەت تاوەکو دەگەیتە سەرکەوتن.

ڕەنگە ئێستا بزانی کە سەرکێشی ئەنجامی باشی بۆتۆ دەبێت..

لەسەرەتای ژیانی کارکردنمدا قاپ شۆر بووم، ئەوجا بووم بە گارسۆن لەبەشی خزمەتکارانی ژوورەکانی ئوتێلێك، لەم کارەمدا زۆر سەرکەوتوو بووم، پارەی باشم دەست دەخست. بەڵام بڕیارمدا ژیان و داهاتووم بگۆڕم، بەوپەڕی توانامەوە کارم کرد تاوەکو توانیم بە ئامانجەکانم بگەم و ببم بە بەڕێوەبەری گشتی ئوتێلێکی پێنج ئەستێرەیی.

کاتێکیش بووم بە پلەدار لە باشترین ئوتێلی کەنەدادا پارە و داهاتم زۆر بوو، بەڵام بڕیارمدا سەرکێشی ئەنجام بدەم و هەموو ژیانم بگۆڕم. بۆیە دەستم دایە دامەزراندنی کۆمپانیایەکی تایبەت بەخۆم، یەکەمین کتێبم نوسی بەناوی: ((بەدەم ڕێگەوە هونەری فرۆشتن یادگرتن))، ئەم کتێبە ئێستا بە زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی لە کەنەدادا باشترین و بەرزترین ڕێژەی فرۆشی هەیە. گەر سەرکێشیم ئەنجام نەدابایە بۆ گۆڕینی ئیشەکەم تاوەکو ئێستایش هەر گارسۆنی ئوتێلەکان بووم! بۆیە تاوەکو ئێستایش کە ١٦ ساڵە زۆرێك لە هاوڵەکانم هەمان کار ئەنجام دەدەنەوە، گەر بڕوات وەهایە ناتوانی خۆت و دۆخت بگۆڕیت ئەوا ئەم بۆچوونەت بگۆڕە. یانور ڕۆزفلت دەڵێت:" **پێویستە ئەو شتانە ئەنجام بدەی کە بڕوات وەهایە ناتوانی ئەنجامی بدەی**" . هەوڵبدە لەناوچەی ئاسودەیی و ئارامی بەدووربکەویت" چونکە ناوچەی مردووە. لەگەڵ گۆڕاندا خۆت بگونجێنە و فێری بە، هاوڕێی گۆڕانبە، هەوڵی فراوانترکردنی ئاسۆت بدە بۆبەدیهاتنی ئەوەی فێری نەبویتە" بۆئەوەی فێری بیت یاخود بە ئەندێشەتدا هاتووە و بەدی نەهاتووە. کۆنفۆشیۆس دەڵێت:" **چەند ساڵێکم پێ ببەخشە، ئەوکاتەی گەیشتمە پەنجا**

ساڵی، ئەوجا کتێبی ڕەبەنەکان کە ناوی (گۆڕانە) دەخوێنمەوە و بەهۆیەوە لە زۆر هەڵەی لەشی ڕزگارم دەبێت" .

هونەری گۆڕانکاری فێربە ..

کلیلی چوارەم

دڵەڕاوکێ و گوشاری کار...

گرەوەئاستەنگ(تەحەدی)ی مرۆیی سوتەمەنییە بۆ سەرکەوتن

((هیچ کەس ناتوانێت تووڕەیی یان دڵەڕاوکێ لە هەناوتدا چێ بکات، بەڵکو ئەوە خۆتی بەرپرسی بەدیهاتنی ئەمەی" لەڕێگەی کلۆر وێنەکردنی جهانەکەتەوە))

واین و.دایر

٢١-هۆکارەکانی پشت دڵەڕاوکێ لەدەستی خۆماندایە!!

((هەموو ئەوەی ئەنجامت داوە هیچ نییە جگە لە ئەنجامی هەموو ئەوەی بیرت لێ کردۆتەوە))

بودا

ئێمە بەڕاستی بە درێژایی ژیانمان کاردەکەین لەپێناو ئەوەی هەست بە دڵەڕاوکێ بکەین. ئایا ئەمە سەیرە بەلای تۆوە؟ با نەختێك ڕوونتر قسەبکەم، هەندێك خەڵك دەڵێن: گەر لە ئیشێکی باشتردا کارم کردبایە بەختەوەرتر دەبووم، یاخود گەر ئۆتۆمبێلێکی مۆدێل تازەترم هەبوایە دڵشادتر دەبووم، یاخود گەر خانوو یان پارەی باش و زۆرترم هەبوایە ئەوا ئاسودەتر دەبووم... ئەوجا کاتێك ئەوەی دەیانەوێت بۆیان بەدی دێت، ئەوکات دەگەڕێنەوە خاڵی سەرەتا، داوای زیادتر دەکەن. بۆخۆم کەسێك دەناسم هەموو شتێکی ئەنجامدا بۆئەوەی ئافرەتێك بخوازێت، ئێستایش دەیەوێت خۆی لێی ڕزگاربکات! هاوڕێیەکم هەبوو زۆری حەز بەوەبوو ببێتە خاوەنی منداڵ کەچی ئێستا گازەندەی سێ منداڵەکەی دەکات.

بۆخۆم ویستم ببم بە بەڕێوەبەری گشتی، کاتێك بەم پلەیەم گەیشتم لەخۆمم پرسی: ئایا ئەمە هەموو شتێکە؟ ئایا شتێکی تر نییە ئەنجامی بدەم؟ لەڕاستیدا سروشتی مرۆڤ وەهایە لەگەڵ لەپێش چاوگرتنی ئەوەی کە دڵەڕاوکێ تاڕادەیەکیش بەکەڵکە و گەر سنوری تێپەڕاند کوشندە دەبێت. لەنمونەکانی دڵەڕاوکێی بەکەڵك:

- بەڕێوەبەرێك بەوپەڕی توانایەوە کاردەکات بۆئەوەی ئیشەکەی لەماوەی دیاریکراودا جێبەجێ بکات، بێگومان توشی دڵەڕاوکێ دەبێت و گوشاری کارکردنی لەسەر کۆدەبێت، بەڵام ئەم چەشنە دڵەڕاوکێیە یارمەتی دەدات بۆئەوەی پرۆژەکەی لەکاتی دیاریکراودا تەواوبکات.
- خوێندکارێك بەوپەڕی توانایەوە کاردەکات بۆئەوەی لە تاقیکردنەوەیەکدا بە کۆنمرەی باش دەربچێت، بێگومان شەو درەنگ دەنوێت و ڕۆژیش زوو بەئاگادێتەوە* بۆئەوەی دەربچێت، لەم کاتانەشدا توشی دڵەڕاوکێ دەبێت بۆ بەدیهاتنی ئەوەی بەدویدا دەگەڕێت.
- خانمێك منداڵی دەوێت، لەکاتی سکپڕیدا توشی چەندان جۆر لە گۆڕانی دەروونی و جەستەیی دەبێتەوە، کەئەمەش دڵەڕاوکێی توش دەکات، بەڵام ئەم جۆرە دڵەڕاوکێیە هانی دەدات بۆئەوەی گرنگی بەخۆی بدات و خۆراکی باش بخوات" بۆئەوەی منداڵێکی ساغ و بێ کێشە بهێنێتە دونیاوە.

هەندێك خەڵك، وەرزش گەلێك ئەنجام دەدەن کە توشی دڵەڕاوکێیان دەکات، لەشێوەی: شەڕەبۆکی و زۆرانبازی، یاخود خلیسکانی سەر سەهۆڵ، کەچی چێژی لێ دەبینن و بەهۆیەوە چێژیش لە ژیان دەبینن.

((دڵەڕاوکێ بەختەوەری ژیانت تیانابات، بەڵکو بە پێچەوانەوە دڵەڕاوکێ یارمەتیت دەدات بۆ بەدیهاتنی))

د.بیترج. هانسۆن

دڵەڕاوکێ بەپێی جیاوازی ژینگە و پیشەی کەسەکان بە جیاواز کار لە مرۆڤەکان دەکات. هەریەکە لەئێمە لە قۆناغێکی ژیانماندا بوینەتە قوربانی دڵەڕاوکێ، بەڵام کاتێك ئەم دڵەڕاوکێیە دەگاتە مەودای خۆی ئەوا دەبێتەهۆی هەستکردن بە داڕووخان و تورەیی و نیگەرانی و بەرزبوونەوەی گوشاری خوێن و ئازاری سەر و نۆرەی دڵ و نەخۆشیە کوشندەکانی دیکە.

لەساڵی ١٩٧٧ دا دامەزراوەی زانستی نێودەوڵەتی لە هەرێمە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا هەستا بە ئەنجامدانی توێژینەوەیەك و بەهۆیەوە گەیشت بەو ئەنجامەی کە: دڵەڕاوکێ کێشەیەکی سەرەکییە و کارلە ژیانی ڕۆژانەمان دەکات، ڕەنگە ببێتەهۆی دیارکەوتنی خۆبەکەم زانینی دەروونی و جەستەیی و کۆمەڵایەتی، هەروەها زیانی ١٠ ملیۆن دۆلار ساڵانە بە خێزانی نەخۆشەکان دەگەیەنێت کە بەهۆیەوە بێکاردەبن و لە قەرەبووکردنەوەکان بێبەش دەبن و باری مردنی پێش وەختی لێوە بەرهەم دێت.

٢٢-كاميان باشترە: زۆركەم يان زۆر زۆر؟

((ژيان تەنها ئەوە نييە زيندووبيت، بەڵكو ئەوەيشە تەندروستييەكى باشت هەبێت))
مارشاڵ

دڵەڕاوكێ بەسودە يان بەزيانە بۆ ئێمە؟ د.بيترج .هانسۆن لە كتێبى ((چێژى دڵەڕاوكێ))دا واى دەبينێت كە: " دڵەڕاوكێى زۆركەم و زۆر زۆريش زياناويين"، بەڕێوەبەرێك كە بۆ چەندين كاتژمێرى زيادەيش كاردەكات و گوێى بە تەندروستى خۆى نادا، گرنگى بە خێزان و ژيانى تايبەتى خۆى نادا توشى هەمان جۆرە دڵەڕاوكێ دەبێتەوە كەئەو بەڕێوەبەرە توشى دەبێتەوە كە هەميشتە لەكاردابێت و سەرۆكەكەى هانى نەدات و دەست خۆشى لێناكات و ئەمەيش كارى زۆر قورس و گران دەكات.

دڵەڕاوكێى زياولەهەد دەبێتەهۆى كەمكردنەوەى بەرهەمى تاك، وەهاى لێدەكات چڕبيركردنەوەى نەهێڵێت و متمانەشى بە دەروونى خۆى كەمبكاتەوە، ئەمەش كار لە هەستەكانى دەكات و بارى هزريشى تێكدەدات و بەهۆيەوە توشى چەندين نەخۆشى كوشندە دەبێت.

بەڵام دڵەڕاوكێى زۆر كەم، كە لەسايەيدا كەسێك ڕاهاتووە بەدرێژايى ژيانى كاربكات و پاش خانەنشين بوون متمانە و ڕێزلەخۆگرتنى كەم دەبێتەوە و بەهۆيەوە توشى نەخۆشى كوشندەى دەكات، گەر ئەم كەسە لەماوەى دووساڵى خانەنشينيدا توشى

هەندێك گرفت نەبێت بۆئەوەی توشی دڵەڕاوکێی بکات ئەوا توشی نەخۆشیە کوشندەکان دەبێتەوە، بەپێی ڕای د.هانسۆن ە.

گەر دڵەڕاوکێ بەم هێندە مەترسیدارە و ڕەچەتەیەکی ڕاستینە و کەتواری ژیانمانە، کەواتە بۆچی خەڵکان نایخەنە جێگەی تێڕوانینیانەوە.

بۆچی خەڵکی ڕەتی ئەوەدەکات بە دڵەڕاوکێدا تێپەڕبووبێت؟ بۆچی بڕوایان وەهایە کە شتێکە و تەنها توشی ئەوانی تر دەبێت و دووچاری خۆیان نابێتەوە؟ ناتوانین دڵەڕاوکێ پتربکەین بەلام دەتوانین هەڵی بسوڕێنین و فێری چۆنێتی لەناوبردنی شوێنەوارە مەترسیدارەکانی بین. بەڵێ، ئامانجی سەرەکی ئەم بەشی کتێبە ئەوەیە کە فێری چۆنێتی هەڵسوڕاندنی دڵەڕاوکێ بیت و بەهۆیەوە ستراتیژیەتی بەرگری لەخۆکردن دانێی. پێویستە لەسەرەتاوە دڵەڕاوکێ بناسیت و بزانیت کە تۆیش کەوتویتەتە ژێر ئەم بارە قورسەوە.

بۆیە تۆ پێویستت بەوەیە کە ئاوەزی هۆشیارت لەئەمە بەئاگابێت" بۆئەوەی ئاوەزی ناهۆشیارت بتوانێت بۆتۆ لەدژی دڵەڕاوکێ بجەنگێت، ئەمەش بەشێوەیەکی خۆکردە دەبێت، بەم شێوەیەش دەتوانی ژیانی پڕ لەخۆشیت بۆ دەستەبەربێت و مل بە دڵەڕاوکێ نەوی بکەیت" بۆ بەدیهاتنی ئامانجەکانت و گەیشتن بە سەرکەوتن دەکاری بخەیت.

٢٣-هۆكارەكانی دڵەڕاوكێ:

((لەجیهاندا دڵەڕاوكێ بوونی نییە، بەڵكو مرۆڤ گەلێك هەن بیرلەشت گەلێك دەكەنەوە ئامازەی نیگەرانی و دڵەڕاوكێن))

د.واین و .دایر

ئەو هۆكارانەی هانی توش بوون بە دڵەڕاوكێ دەدەن جۆراوجۆرن و دەگۆڕێن بەپێی هەڵوێست و كات و دۆخەكان، ڕەنگە بەهۆی فاكتەرێكی ژیانی تایبەتی تۆ و باری كار یان تەندروستی یاخود دۆخی داراییتەوە لێت سەرهەڵبدات.

لە توێژینەوەیەكدا كەلەسەر ٢٠٠بەڕێوەبەری ١٢ كۆمپانیادا ئەنجامدرابوو، بۆ د. جۆن هـ.هوارد دیاركەوت كە: چوار تایبەتمەندی سەرەكی هەن كە هۆكاری پشت توشبوونی بەڕێوەبەرانی جێبەجێ كارین بە دڵەڕاوكێ ، ئەوانیش:

١-كەم توانایی:

ڕەنگە بەڕێوەبەرێك هەست بە كەمتوانایی بكات لەبەر ئەوەی كاتێك كێشەیەكی توش دەبێت بۆخۆی دەزانێت چارەی بكات، بەڵام بەهۆی ناچاری پابەندی بە بەڕێوەبەرانی سەرووی خۆیەوە ناچارە چاوەڕوانی بڕیاری ئەوان بكات بۆ هەنگاونان بەرەو بەدیهاتنی چاكسازیی، بۆیە لەم كاتەدا ئەم بەڕێوەبەرە توشی داڕووخان و هەستكردن بە كەمتوانایی و دواتریش دڵەڕاوكێ دەبێتەوە.

هیرۆدۆت ی فەیلەسوفی مەزن دەڵێت: **" تاڵترین ئازار لای مرۆڤ ئەوەیە كە خاوەنی زانیارییەكی زۆرە كەچی كەم هێزە"** .

٢-گومان و نادڵنیایی:

زۆرجار کێشەی ناسنورداری کار توشمان دەبێتەوە و ئەمەش دەبێتەهۆی ئافراندنی جۆرێك لە گومان، کاتێك بەڕێوەبەرێك ناچاردەبێت بڕیارێك بدات لەسەر کۆمەڵە زانیارییەکی نامتمانەیی یاخود لەسەر بنەمای ڕامیارییەکی ناڕوون ئەوکات دۆخی بەڕێوەبەرەکە گران و قورس دەبێت بۆ دانی بڕیاری دروست و گونجاو، ئەمەش دڵەڕاوکێی توش دەکات.

٣-ماندووبوون لەکاردا:

کارێکی ئاساییە کارکردنی بەڕێوەبەر لە هەفتەیەکدا بگاتە ٥٥ بۆ ٦٥ کاتژمێر، زۆرێك لە بەڕێوەبەران تەنها تیشك دەخەنەسەر ئەنجامەکان بە چاوپۆشین لەکاتەکانی کارکردنی، ئەم جۆرە خۆماندوکردنە لەکاردا دەبێتەهۆی دروستکردنی دڵەڕاوکێ، هەروەها هەندێك کێشە و ئاستەنگ لەژیانی خودی بەڕێوەبەرەکەدا دەئافرێنێت.

٤-پێداگیری:

د.هوارد دەڵێت: " **بەڕێوەبەر هەر حەوت خولەك جارێك کارێکی نوێ ئەنجام دەدات**"، پڕۆژە و ڕاپۆرتە زۆرەکان گوشارێکی زۆر لەسەر بەڕێوەبەرەکە دروست دەکات، ئەمەش وەهای لێدەکات هەست بە دڵەڕاوکێ بکات.

هوارد دەشڵێت:" خراپ بەڕێوەبردن هۆکارێکی سەرەکی توشبونی بەڕێوەبەرە بە دڵەڕاوکێ، گەر سەرۆکەکەی خاوەنی توانا و ژیرییەکی تەواونەبێت بۆ نەخشەدانان، ئەمەش وەها دەکات نەتوانێت بۆچوونێکی دیاریکراوی هەبێت و نەشزانێت بەباشی ڕەفتار ڕەگەڵ ئەوانی تردا بکات" . زێدەباری ئەو چوار هۆکارەی پێشێ کە د.هوارد خستیەڕوو، بۆخۆم وای دەبینم کە حەوت هۆکاری تریش هەن:

١-کەم دەستەڵاتی: کاتێك بەڕێوەبەرێك هەست دەکات بەرپرسیاریتی زۆری لەسەر شانە و لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانێت هیچ بڕیارێك بدات بۆ چاکسازیی یاخود بەدیهاتنی گۆڕان، ئەمە لای خۆیەوە وەهای لێدەکات توشی دڵەڕاوکێ بێت.

٢-پلەبەرزکردنەوە:

بەڕێوەبەر هەست بە دڵەڕاوکێ دەکات گەر دڵنیانەبێت لەپلەبەرزکردنەوە و خەڵاتکردنی و دڵنیاش نەبێت لەسەر داهاتووی کارەکەی.

٣-تەنهایی:

زۆرێك لە بەڕێوەبەران پێیان باشە هەرچی کێشەیانە تەنها لای خۆیان بێت و بەشداری هاوسەر و برادەرانی ناکات، ئەوەی دەیەوێت ئەوەیە پاشی ڕۆژێك لە کارکردنی قورس بگەڕێتەوە ماڵێ ژەمە خۆراکێکی بەتام هەبێت و بتوانێت نەختێك بحەسێتەوە، بەڵام بە پێچەوانەوە توشی چەندین کێشەی ناهەموار دەبێتەوە، وەکو: کێشەکانی منداڵ و خوێندنگە، قیستی مانگانە و بارمتەگیری خانوەکەی و ...هتد .

٤-نارێکخراوەیی:

کاتێك بەڕێوەبەرێك نارێکخراوبێت هەمیشە بەدووی دۆسیەکانیدا وێڵە، ڕاپۆرت و کلیلی ئۆتۆمبێلەکەی نازانێت لەکوێیە، ئەوجا هەموانی دەورووپشتی بە دزی و گەندەڵ تۆمەتباردەکات، ئەمەش وەهای لێدەکات هەست بە دڵەڕاوکێ بکات.

٥-دیمەن:

دیمەن و ڕووخساری بەڕێوەبەر کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لەسەر هەستکردنی، گەر خووی خۆراکی خراپ بێت و توشی قەڵەوی هاتبێت، ئەوا وەها هەست دەکات کە دیمەنی

ناشیرینە، ناتوانێت دیمەنیشی بگۆڕێت، ئەمەش وەهای لێدەکات هەست بە دڵەڕاوکێ بکات.

٦-ئازاری جەستەیی:

بەڕێوەبەرەکە توشی دڵەڕاوکێ دەبێتەوە گەر توشی هەر ئازارێك بێت لەجەستەیدا، لەشێوەی: ئازاری گەدە، یان سەرئێشە، یاخود گەر چاوەڕوانی ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەك بێت، یاخود تەنانەت گەر ئەژنۆی بەر مێزەکەی بکەوێت توشی دڵەڕاوکێ دەبێت.

٧-ئازاری دەروونی و سۆزیی:

بەڕێوەبەر هەست بە دڵەڕاوکێ دەکات گەر هەستی بە لەدەستدانی کەسێکی کرد، یاخود توشی ئەزمونی جیابونەوەی هاوسەرگیری ببوو.

ئێستا تۆ بەهیچ کام لەو دۆخانەدا تێدەپەڕیت؟
ئایا تۆ هۆکاری پشت دڵەڕاوکێی کارمەندانیت؟

زۆرێك لە بەڕێوەبەرانی جێبەجێکاری دەبنەهۆی دروستکردنی دڵەڕاوکێ بۆ کارمەندانیان" چونکە تەنها تیشك دەخەنە سەر هەڵەکان و گەورەی دەکەنەوە، زۆر بەکەمی پەسنی کارمەندانی ناوازەیان دەدەن.

جۆرێکی تری بەڕێوەبەران ڕەنگە میهرەبان و بەبزەبن، بەلاّم کارمەندانی توشی دڵەڕاوکێ دەکات"چونکە تێبینی زۆرە و لەسەر بۆچونێك ناوەستێ و ناشتوانێت بۆخۆی بڕیاری یەکلاکارەوە بدات. بۆیە زۆر وریابە و مەبەرە هۆی دروستکردنی دڵەڕاوکێ بۆ کارمەندانت. هەوڵبدە کێشەکان لەقەبارەی خۆیان گەورەتر مەکە، کاتێك لەگەڵ کەسێکدا قسەدەکەیت هەڵە پێشتریەکانی خۆتت لەیادبێت.

٢٤-نیشانەکانی دڵەڕاوکێ :

((گوێ لە جەستەت بگرە" چونکە هەمووشتێکت پێ دەڵێت" لەبارەی بکوژە بێ دەنگەکانەوە))

د.ئیبراهیم فەقی

ئێستا تۆ هەندێك لەو هۆکارە سەرەکیانەت ناسیوە و زانیوە کە دەبنەهۆی دڵەڕاوکێ .

ئێستایش بهێڵە باوەکو پێکەوە ئاشنای نیشانەکانی دڵەڕاوکێ بین:

- لەدەستدانی حەزی خۆراك خواردن.
- بەرزبوونەوە و زیاوبوونی لێدانەکانی دڵ .
- زیادەڕەوی کردن لە چێشتخواردن.
- ڕەفتاری دوژمن کارانە.
- ئازاری سەر(سەرئێشە) .
- داڕووخان.
- لەبیرکردن.
- گرنگی نەدان بە چالاکی جۆراوجۆر.
- توڕەیی.
- ماندووبوون.
- ئازاری پشت و مل.
- وروژاندن.

ئەم لیستە ڕەنگە درێژە بکێشێت و دیارکەوتەکانی زیادبن، بەڵام دەبێت زۆر بەخێرایی خۆت لەم نیشانانە دەربازبکەیت و سەردانی پزیشکی شارەزای دەروونی بکەیت.

کاتێك هەست بەوە دەکەیت ناتوانی بحەسێیتەوە زۆر بەخێرایی هەڵدەچیت، کاتێك دۆخەکان بەحەزی خۆت نابن و هەست بە ماندووبوون دەکەیت بەکەمترین ئیشکردن، زۆر بەکەمی دەتوانی بەچڕی بیربکەیتەوە و زۆر بەزوویی شتەکان لەبیر دەکەیت، زۆر کاردەکەیت و ئەنجامت باش نییە، نیگەرانی بەگوڕە و جگەرەکێشان و خواردنەوەی مەیشت فرەس.

هەموو ئەمانە ئاماژەن بۆئەوەی تۆ کەوتویتەتە ژێر کاریگەری دڵەڕاوکێوە، پێویستە کارێك بکەیت و خۆتی لێ ڕزگاربکەیت.

٢٥-پێکهاتەی بەرگری لەخۆکردن دژی دڵەڕاوکێ:

((کەسی مەزن دڵنیایە و ئازادە لە دڵەڕاوکێ، لەکاتێکدا مرۆی ئاسۆتەسک هەمیشە گرفتاری دڵەڕاوکێیە))

کۆنفۆشیۆس

ئێستایش هەندێك ڕێگەی زۆر کارات بۆ بەردەست دەخەین لەبۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی دڵەڕاوکێ و زاڵبوون بەسەریدا، بۆئەوەیشە بتوانی بۆ ڕاژەی خۆتی دەکاربخەی لەبری ئەوەی بەخراپ ببیتە کۆیلەی باشار وەهایە بیکەت بە داردەستی خۆت.

١-پێسپاردن:

کاتێك هەندێك ئیش و کاری ڕۆژانەت بە کارمەندانت دەسپێری، دەتوانی کاتێکی زۆر و هەلی باش برەخسێنی بۆ ئەوەی بە گرنگترەوە ڕەگەڵ دۆخەکاندا بگونجێی.

2-ڕێکخستن:

کاتێك سیستمی کاری دەورووبەرت، کات و ئیشە لەپێشییەکانت ڕێك دەخەیت، یارمەتی کارمەندانت دەکەیت بۆ ئەوەی کاروئیشیان ڕێکبخەن، دەتوانی خۆت بەدووربگریت لە کەوتنە داوی زۆر دۆخگەلی وەها کە هانت دەدەن بەرەو دڵەڕاوکێ.

٣-کارکردن بە گیانێکی دۆستانەی دەستانەوە:

کاتێك کارکردن بە گیانێکی دەستەیی و هاوبەشییەوە دەبێت بۆ بڕیاردان، ئەمە نەختێك باری سەرشانت سوك دەکات و کەمتر دووچاری دڵەڕاوکێ دەبیتەوە.

٤-پێشبینی کردنی ئەو هەڵوێستانەی دەبنە هۆی ئافراندنی دڵەڕاوکێ:

پێشبینی ئەو دۆخ و هەڵوێستانە بکە کە وەهات لێدەکەن دڵەڕاوکێ داربیت، دەبێت پێشتر خۆتت بۆی ئامادەکردبێت، بۆنمونە: ئەنجامدانی کۆبوونەوەی کارگێڕی، کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆکەکەت، یان کارمەندانت.

٥-وشیاربە لەقسەکردن لەگەڵ خۆ بە شێوازێکی نەرێنی:

گەر لەخۆتەوە بیستت کە ئەم دەستەواژانە بەخۆت دەڵێیتەوە: ئەمە کارێکی زۆر گرانە، باشە بۆهەموو ئەمانە ڕوو دەدەن؟ باشە سەرۆکەکەم بۆچی وەهام لێ دەکات؟ کارکردن لێرەدا زۆر گرانە، گەر ئەم شتانەت بیست ئەوا بە دەنگی بەرز بەخۆت بڵێ: بوەستە!

ڕووبەڕووی ئەم قسە نەرێنییانەت بوەستەوە و بەم شێوەیە وەڵامی بدەرەوە: من بەدۆخی خراپتر لەمەدا تێپەڕیوم، توانیومە بەسەریدا زاڵبم، من دەتوانم ئەم کارە ئەنجام بدەم" چونکە پێشتر ئەنجامم داوە، دەشتوانم دیسانەوە ئەنجامی بدەمەوە... لەبیرت بێت چی بە ئەندێشەتدابێت بۆئەوەی ئەنجامی بدەیت دەتوانی ئەنجامی بدەیت، بۆیە بە دووی چارەسەردا بگەڕێ و قسە لەگەڵ خۆداکردنەکانت هەڵسوڕێنە، دەتوانی بەسەر دڵەڕاوکێیشتدا زاڵبیت.

٦-ئاکامی دڵەڕاوکێ:

ئەم پرسیارانە ئاراستەی خۆت بکە:

*خراپترین شت چییە ئەگەری هەبێت لێم ڕووبدات؟

*چیم لێ بەسەر دێت؟

*باشترین چی دەبێت بۆمن ؟

بەخۆت بڵێ: پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆ گرنگی بەم دۆخەم دەدەم.

كێشەكەت بنوسەرەوە.. پێنج چارەسەریش بۆهەر كێشەیەكت بدۆزەرەوە.

خۆت بە كێشەیەكەوە سەرقاڵ مەكە كە پاشی مانگێك ڕوودەدات. بەڵكو دڵەڕاوكێكەت بۆ مانگی داهاتوو هەڵبگرە" ڕەنگە لەو كاتەشدا بە بێ كێشە ڕزگاربێت ، بۆیە دیل كارنگی دەڵێت:" **كە ٩٠٪ ی ئەو شتانەی دەبنەهۆی دروستكردنی نیگەرانی و دڵەڕاوكێ ڕوونادەن، بەڵام لە ١٠٪ مەكەش ڕەنگە لە دەرەوەی خوازویستی خۆمانەوە ڕوودەدات و ئەم ڕێژەیە دەستەڵاتی ئێمەی بەسەردا نەبێت"** .

٧-ستراتیژیەتی ئەنجامدراوەكانی ڕۆژانە:

دەتوانی تیانوسێك بهێنیت و لەسەری بنوسیت: ((تیانوسی ئەنجامدراوەكانی ڕۆژانەم))، ئەوجا هەوڵبدە ڕۆژانە بەلای كەمەوە یەك شتی ئەنجامدراوت بنوسیتەوە، بەم شێوەیە فێری ئەوە دەبیت كە چۆن تایبەتمەندییە ئەرێییەكانت بەكاردەهێنی و كاتێك بە دۆخێكی نەخوازراودا تێدەپەڕیت و دونیا بە تاریكی دەبینی تیانوسی ئەنجامدراوانت بێنە و هەناسەیەكی قوڵ هەڵبمژە و بیانخوێنەرەوە، ئەوجا دەبینی نەختێك هەست بە حەسانەوە دەكەیت، كەلە تیانوسەكە دەڕوانی دەبینی كاری زۆرباشت ئەنجام داوە و دەتوانی باشتریش ئەنجام بدەیت، جا دۆخەكان هەرچییەك بن.

٨-نمونەی باڵا:

نمونەی كەسایەتی مرۆڤێك وەربگرە كە پێی سەرسامیت، با ئەم كەسە تاڕادەیەكی باش خاوەن زانیاری و دانایی بێت و چارەسەری زۆربەی كێشەكانی لەلادا دەستەبەربێت، ئەم كەسە باوەكو بەجوانی بیناسیت، كاتێك كێشەیەكت توش دەبێت، وای بێنەپێشەچاوی خۆت كە هەمان كەسیت، بەهەمان ڕێگەی ئەو بیر لەچارەسەری كێشەكانت بكەرەوە.

کۆنفۆشیۆس دەڵێت: **" کاتێك کەسێك لە پێگەیەکی بالآدا دەبینی، وەهابیربکەرەوە کەتۆیش بەوە بگەیت"** .

٩-شێوازی هەناسەدانی ٤-٢-٨ :

دانیشە و گرنگی بە هەناسەدانت بدە. دڵنیابە لەوەی هیچ کەسێك بۆماوەی کەمتر لە دە خولەك بێزارت نەکات.

- هەناسەکی قوڵ هەڵمژە" لەڕێگەی لوتەوە باوەکو ٤ چرکە بخایەنێت.
- بۆماوەی ٢ چرکە هەناسەکەت لە هەناوتدا بهێڵەرەوە.
- بە هێمنی تەواوەوە لەماوەی ٨ چرکەدا هەناسەکەت دەربکەرە دەرەوە.
- ئەم مەشقە بەلای کەمەوە ١٠ جار لەسەر یەك ئەنجام بدە.

١٠-حەسانەوەی هزری بۆماوەی ١٠ خولەك :

بە ئەندێشەت کاتێك یادی خۆت بخەرەوە کە تۆ لەو کاتەدا لە لوتکەی حەسانەوەدابویتە، لەبیرت بێت لەکوێش بویتە.

بۆنمونە: تۆ لە مۆڵەتێك بوویتە لە باهاما لەسەر لوتکەی چیایەك یاخود باخچەیەك.

- دانیشە و بەئاسودەیی ڕابکشێ.
- مەشقی ٤-٢-٨ ئەنجام بدە.
- چاوانت دابخە.
- بە ئەندێشەت گەشتی ئەو شوێنەبکە کە حەزت لێیەتی،جارێکی تر لەنێو ماوەی مۆڵەتتدا بژی، ئەم جارەیان هیچ خەرج ناکەیت تەنها ئەندێشەت نەبێت.
- بەهەموو هەستەکانتەوە وەهای بێنەپێشەچاوی خۆت کە تۆ لەوێی، ئەوجا تیشك بخەرەسەر شێوازی هەناسەدانت.

١١-مەشقى وەرزشى:

بەشى پزيشكى زانكۆى ماساسيۆسچ هەستا بە ئەنجامدانى توێژینەوەيەك لەسەر ٣٠٠٠بەڕێوەبەرى جێبەجێ كار(تەنفيزى) لەبارەى چۆنێتى ڕووبەڕوو بوونەوەى دڵەڕاوكێ، وەلامى زۆربەيان وەرزش بوو.

ئەنجامەكان بەم شێوەيە بوون:

- ٧٢٪ ڕۆيشتن و پياسەى ئاسايى.
- ٦٤٪ بەكارهێنانى بزوێنەرى جێگير.
- ٦٦٪ڕێكردن و مەلەوانى.
- ٥٧٪بەرزكردنەوەى قورسايى .
- ٢٥٪ تێنس يان ڕاكيت.
- كەمترينيان گوێگرتن بوو لە مۆسيك، ئەنجامدانى تێرامان بوو.

بۆيە پێويستە بەهەر جۆرێك بێت چالاكى جەستەيى ئەنجام بدەيت، بۆئەمەش ڕەچەتەيەكى ئاسانت بۆ ئامادە دەكەم كە دەبێت بەيانيان پاش ئەوەى بەئاگا دێيتەوە ئەنجامى بدەى:

- بە سيستمى هەناسەدانى وزە هەناسەبدە، هەناسەيەكى قوڵ هەڵبمژە، سييەكانت بە ئۆكسجين پڕبكە، ئەوجا هەواكە وەها دەربكەرە دەرىَ وەك ئەوەى مۆمێك وەكوژێنى، ئەمەش ٥ جار لەسەر يەك ئەنجامبدە.
- بۆماوەى ٥ خولەك ڕاكشێ .
- لەو شوێنەدا بۆماوەى ٥ خولەك پياسەبكە.
- هەندێك مەشقى گوشارى ئەنجامبدە" گەر توانيت.

بۆ ئاشنابوونى زيادتر لەبارەى وزەوە دەتوانى بگەڕێيتەوە بۆ كتێبەكەم: ((بەدەم ڕێگەوە هونەرى فرۆشتن يادگرتن)).

١٢-گرنگی پێدانی تایبەتی:

زۆر حەزت بە چییە؟ حەزت لە چێشت لێنانە، یان وێنەکێشان، یاو مۆسیك یام خوێندنەوە..هتد، ئەوا ئەنجامدانی ئەم حەزەت یارمەتیت دەدات بۆئەوەی نەختێك چرپیرکردنەوەکانت لەبارەی ئیش کردنەوە بگۆڕێن و نەختێك لە دڵەڕاوکێ بەدووربیت.

گەر هیچ گرنگی پێدانێکی تایبەتیت نەبێت، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بیربکەیتەوە لەحەزێك یان شتێك " بۆئەوەی گرنگی پێبدەی، لەبیرت بێت ئەمە بۆتۆ زۆر بە سوود دەبێت.

بێگومان پێویستت بە ڕاوێژکردنە ڕەگەڵ پزیشکی تایبەتدا" بەر لەوەی هیچ مەشقێکی وەرزشی ئەنجامبدەی.

26- سيستمى ((فەقى)) بۆ حەسانەوە:

((گرنگ نييە تۆ لە كوێوە هاتووى، گرنگ ئەوەيە دەتەوێت بۆ كوێ بڕوى))

لەكاتى كاركردنمدا لە نۆرينگە(عيادە)كەم سيستمێكم داڕشتەوە كە هەم بۆ كارئاسانكردن بۆخۆم و هەميش بۆ چارەكردنى نەخۆشان زۆر بەكەڵك بوو، ئەويش:

١-بيرلەكێشەيەك بكەرەوە كە دەتوورووژێنێ و چاوانت دابخە:

- ژمارەى مۆبايلەكەت بەبيرى خۆت بهێنەرەوە، بە دەنگى بەرز بيڵێرەوە.
- جارێكى تر ژمارەى تەلەفۆنەكەت بەدەنگێكى بەرز و بەپێچەوانەى جارى يەكەمەوە بڵێرەوە.
- وشەى كۆنترياڵ يان هەر شار و وڵات كە تۆ تێيدايت بيرى خۆت بخەرەوە.
- بەدەنگى بەرز بيڵێ.
- بەپێچەوانەوەى پيتەكانى بڵێرەوە.

ئايا هێشتاكە بير لە كێشەكە دەكەيتەوە؟ كەواتە بەباشى مەشقەكەت ئەنجامداوە، وەڵامەكەت دەبێت نەخێر بێت" چونكە ئێمە ناتوانين لەيەك كاتدا بير لە دووشت بكەينەوە، كاتێك دڵەڕاوكێكانت بۆ چەند ساتێك لەبيردەكەيت، ئەمە هەلێكت دەداتێ بۆئەوەى كەمتر لەو دۆخەدا ڕۆبچيت كە توشى گرفتى كردووى.

٢-باڵەكانت بۆپێشى خۆت بهێنە و بەهێزەوە دايبگرە:

بەردەوامبە لەسەر ئەنجامدانى ئەم كارە، جاربەدواى جار هێزى پترى تێدا بەكاربێنە، ئێستايش دەستەكانت دابگرە و بيحەسێنەرەوە، تێبيشنى جياوازى نێوان گوشار و حەسانەوەبكە.

هـەردوو دەسـتت بخـەرە سـەر کورسـییەك، ئـەوجا بـەهێزەوە بـەرزی بکـەرەوە. بەردەوامبـە لەسـەر ئـەم کـارەت و جـار بـەدوای جـار هێـزی زیـادتری تێـدا بەکاربێنـە. ئێستایش دەستەکانت بحەسێنەرەوە، ئەم مەشقە ٥ جار ئـەنجام بـدە. تێبینـی بکـە کـە چۆن ئـەم مەشـقە یارمـەتیت دەدات بـۆ ڕزگـاربوون لـەوزە نەرێنیـەکانت و حەسانەوە و ئاسودەییت پێ دەبەخشێت.

٣-بە شێوازی ٤-٢-٨ هەناسە بدە:

- چاوانت دابخە و بەچڕی تیشك بخەرەسەر هەناسەدانت .
- بە هزرت بگەڕێوە بۆ ئەو ساتەی لـە لوتکـەی حەسـانەوە و ئاسـودەییدا بویتـە، هەوڵبدە چیت لەو ئەزمونەوە دیتـەوە و بیسـتووە و چێشـتوە و بۆنـت کـردووە وهەسـت پێکردووە هەمووی بەیادی خۆت بخەیتەوە.
- کاتێك لەقوڵایی ئەم ئەزمونەی ڕابردوتـدا دەبیـت، پەنجـە گـەورەت بـە پەنجـەی ناوەڕاستی دەستی چەپت بگرە.
- ئەمەش دەبێتە لەنگەرت و کەی پێویستت بـە وەڵام بـوو بـۆتی ئامـادە دەکـات، باوەکو ناوی لانکەی حەسانەوەی لێ بنێین.
- بەشێوازی ٤-٢-٨ هەناسە بدە.
- بەرگی پرسەت داکەنە و مێشکت ئاسودە بکە.

٤-ستراتیژیەتی حەسانەوە:

لـەکاتی هەسـتکردن بـە حەسـانەوە و وەرگرتنـی نوانـدنی حەسـانەوە لەڕێگـەی دەستەکانتەوە، تیشك بخەرەسەر ئەمە:

- بە تەواوەتی هەموو پارچەکانی لەشت ئاشنابە، لە پەنجەی پێیەکانتەوە دەست پێبکە و بەدەنگی بەرز بەخۆت بڵێ: ئەم بەشەی لەشـم بـە تـەواوەتی حەساوەتەوە.

بۆنمونە: پێیەکانم بە تەواوەتی حەساونەتەوە، ئەوجا لەسەر ئەم کارەت بەردەوامبە تاوەکو هەموو لەشت دەحەسێتەوە.

- بڵێ من بە تەواوەتی حەساومەتەوە.

٥-ئێستایش دەتوانی شوێنێك بۆ حەسانەوەت هەڵبژێری، چاوانت بە هێمنی بکەرەوە، دەست لەو شوێنەبدە کە تێی دەحەسێیتەوە، دەبینی کە ئەمە کار لە شێوازی هەناسەدانت دەکات، ئەوجا کار لە حەسانەوەی هەموو لەشت دەکات.

٦-گەر ئەو شوێنەی لێی دەحەسێیتەوە نەبووە هۆی حەسانەوەت، جارێکی تر بگەڕێوە هەنگاوی ژمارە ٣، بەڵام ئەم جارەیان هەوڵبدە چڕبیرکردنەوەت لەهەناوەوە پتر قوڵتربێت وەك لەجاری پێشووتر.

٧-ئەم کردارە بەردەوام ئەنجام بدەرەوە" بۆئەوەی هەمان ئەنجامی ئاسودەکارت چنگ بخات و بەپێی توانات کەڵکی لێ وەربگرە.

٨-ئەم کردارەیە ڕۆژانە ئەنجام بدە تاوەکو دەبێتە شتێکی ئاسایی بەلاتەوە" دەبێتە بەشێك لە سروشتت. ئێستایش تێدەگەیت لەوەی دڵەڕاوکێ چی دەئافرێنێت لە مەترسی و نەهامەتی، هەروەها ئەوەش دەزانیت کەلە ڕێگەی نیشانەی جۆراوجۆرەوە ئاشنای دڵەڕاوکێ دەبیت. هەروەها چۆنێتی هەڵسوڕاندنی و کەڵك لێ بینینی ئاشنا دەبیت و دەزانیت چۆنیش بەسەریدا زاڵدەبیت و دەیقۆزیتەوە" بۆ خزمەتکردنی خۆت.

تەنها ئەوە بەس نییە بزانی ڕەگەڵ دڵەڕاوکێدا چۆن ڕەفتار دەکەیت، بەڵکو دەبێت ئەوەی لەبارەیەوە ئەنجامی دەدەی ئەرێیی بێت.

هەرئێستا بڕیاربدە کە تێبینی کار و هەڵسوڕێنەری دڵەڕاوکێ بیت.

کلیلی پێنجەم

توانایی و بەهرەکانی پەیوەندی دابەستن...

ڕێگەیەك بەرەو هێزی خوددی

((جۆری ئەو ژیانەی دەژین پەیوەستە بەو ڕێگەیەی مامەڵەی خۆمانی پێدەکەین و ئەو ڕێگەیەی کە بۆ مامەڵەکردنی ئەوانی تر دەیگرینەبەر))

د.ئیبراهیم فەقی

27-پەیوەندی دابەستن جگە لە جۆرێك پەیهەست(ئیدراك) هیچی دیکە نییە:

((پەیهەست ئاوێنەیە و ڕاستی نییە، ئەوەی من لێی دیاردەکەوم ئەو وێنەیەیە کە لە ئاوەزمدا هەیە و بەرپەرچکراوەتەوە بۆ سەر دیمەنی دەرەوەم))

A Course in Miracle



کاردانەوەت چۆنە کاتێك کەسێك ڕەخنەت دەکات لەپێش چاوی ئەوانی تر؟ ئایا هەرگیز ڕوویداوە لەبەرچاوی کەسانی تر ڕەخنە لەیەکێك بگریت و وای دابنێی کەبۆ بەرژەوەندی خۆی قسەدەکەیت کەچی ئەو بەرگری لەخۆی بکات و بەگژتدا بچێتەوە؟

وەڵامدانەوەت بۆئەم پرسیارە کاردانەوەی سروشتی پەیهەستت دەبێت. جارێکیان لە بەرێوەبەرێکی بازارکاریم پرسی لەبارەی ئەو شێوازەی دەیگرێتەبەر بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی هەڵوێستە ئاڵۆزەکان و ڕەفتارکردن ڕەگەڵ ئەو کەسانەی کێشەی بۆ دروست دەکەن، وەڵامەکەی بەم شێوەیە بوو:" من هەمیشە خۆمیان لێ بێ ئاگا و گێل دەکەم، بۆتۆ بڕوات وەهایە ئەوەندە کاتم هەیە بۆ خەڵکانی تر ڕۆڵی دایەن ببینم؟" .

بۆیە پەیهەستی بەرامبەر دۆخەکان وەهای لێکردبوو خۆگێلکردن بەباشترین ئامراز دانێت بۆ خۆلادان لەو جۆرە کەسانە، بەڵام ئەمە وەکو ئەوە وەهایە کە میلی کاتژمێر بوەستێنی بۆئەوەی کات نەڕوات، یاخود خۆراك نەخۆی بۆ دوورکەوتنەوە لە زێدەکێشی، یان لێنەخوڕینی ئۆتۆمبێل بۆ خۆدوورگرتن لە فەتارەت، لەڕاستیدا ئەمانە کەتواری و ڕاستینەن و بەخۆگێلکردن کێشە و ناسۆری و ململانێکان چارەسەر نابن، هەروەها هیچ شتێکیش ناگۆڕێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەڵوێستەکان خراپتردەکات" چونکە

برواپاستی(مسداقیەت)ت وەکو بەڕێوەبەر لاواز دەکات، کارمەندانت وەکو بەڕێوەبەر متمانەت پێ ناکەن، ئەمەش لای خۆیەوە کاردەکاتەسەر ئەنجامی کارەکانت.

ڕۆبێرت شۆلر دەڵێت:" **گەر کێشەیەکت توش بوو، ئەوا کێشەکە دەستت لێ هەڵناگرێت بەڵکو هاوڕێ و ئاراستەکارت دەبێت یان بۆ سەرکەوتن یان بۆ شکست".**

تۆ پێویستت بەوەیە هەنگاوی ئەرێیی بنێی بۆئەوەی هەست بە ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە هەڵوێستەکانتدا بکەیت، بۆیە دەبێت ئەو کێشانەت دیاری بکەیت کە کار لە ئەنجامی نواندن و ڕەفتارەکانت وگیانی دەستەکاریانت دەکات، ڕەفتارکردن ڕەگەڵ ئەوانی تر ئەوەنییە زمانی ئەوانی تر بزانی و ئاشنای ئەو وشانەبیت کە دەری دەبڕیت، گرنگ ئەوەیە بزانیت چۆن ئەمە دەڵێی، بێگومان سەرکەوتنت وەکو بەڕێوەبەر تاڕادەیەکی زۆر وەستاوەتە سەر تواناکانت" چونکە ڕەفتارکردن ڕەگەڵ هەرکەسێك لە هەر دۆخێکدا پەیوەستە بە شێوازی ڕەفتارکردنتەوە.

((هەریەکێك لەئێمە کێبڕکێ دەکات و ڕەگەڵ ئەوانی تردا ڕەفتار دەکات، پرسیار ئەوەیە: چۆن و چی ڕوودەدات لەئەنجامی ئەمەدا؟))

فرجینا ساتێر

وشەکان مانای جیاوازی هەیە بۆ کەسانی جیاواز، بۆنمونە گەر لە ١٠ کەس بپرسیت کە تێگەیشتنیان لەبەرامبەر وشەی **سەرکەوتن** چییە؟ ئەوا دەبینیت هەریەکەیان بۆچونێکی دیاریکراوی جیاوازی هەیە. ڕەنگە سەرکەوتن بە لای کەسێکەوە دابینکردنی خۆشگوزەرانی بێت بۆ خێزانەکەی، بەلای پیاوێکی سەرمایەدارەوە بەدیهاتنی قازانجی باش بێت، بۆ کەسی بفرۆش زیادبوونی فرۆشەکانیەتی لە بازاڕەکان و دۆزینەوەی بازاڕی نوێیە، سەبارەت بە خوێندکاریش دەرچوون لە تاقیکردنەوەکان سەرکەوتنە، بۆ وەرزشوان بەدەستهێنانی ملوانکەی زێڕینە لە یاریە نێودەوڵەتیەکاندا...بەم شێوەیە.

بۆنمونە: ئەو شێوازەی خەڵکان ڕەفتاری پێدەکەن ئەوا دەبێتە هۆی دروستکردنی کاردانەوەی جۆراوجۆر و لەیەك جودا بەرامبەریان.

هەرتاکێك بە پشت بەست بە سیستمی بەهایی و باوەڕەکانی ڕەفتارت ڕەگەڵ دەکات، وەك لە پەڕتوکی ((پەرچوەکان))دا هاتووە:" **تۆ لەگەڵ ئەو شتانەدا کاردانەوەت دەبێت کە پەیتێدەبەیت، ئەو ڕێگەیەش بەهۆیەوە پەیدەبەیت بە شت ودۆخەکان ڕەفتارەکانت دیاری دەکات)).**

جارێکیان لەگەڵ سێ کەسدا لەبەشی فرۆشەکان قسەم دەکرد، نوکتەیەکم بۆ گێڕانەوە، دوانیان پێکەنین و سێیەمیشیان هەستی بە سەرزەنشتکردن دەکرد!

وەك دەبینی شتەکان هەمیشە بەو شێوەیە نابن کە ئێمە پێمان وایە، شتەکە پەیوەستە بە خەڵك و ڕەوتارکردن ڕەگەڵیاندا، بۆیە تۆیش پێویستت بەوەیە کشۆك بیت، لەخەڵکیش تێبگەیت، وەك ئەوەی هەن پێیان قایل بیت. پێویستە لە تێڕوانینی ئەوانی ترەوە لە دۆخەکان بڕوانیت، نەوەك لەڕوانگەی خۆتەوە و بەس" کە لەگەڵ ئاتاجی و بەرژەوەندیەکانتدا گونجاوە. تۆماس ئا.کیمین دەڵێت:" **تورەمەبە گەر نەتتوانی ئەوانی تر وەها لێبکەی کە دەتەوێت" چونکە تۆیش ناتوانی خۆت بیت و هیواناخوازیت خۆت بیت"** .

هەوڵبدە بە هاوئاستی کەسەکان بیاندوێنی، وەهایان لێبکە هەست بە ڕێزگرتن و قایل بوون بەوەی هەن بکەن، هەرکەسێکیش وەها ڕەفتاری لەگەڵدا بکە وەك ئەوەی تەنها خۆی هەبێت و تاك و ناوازەبێت. بابلیلیۆس سیرس دەڵێت:" **ناتوانی وەها لەهەمان تاکی پێڵاوبکەیت کە بۆ هەردوو پێت بگونجێن"** .

لەم بەشەدا باشترین توانایی و بەهرە و کاراترینیان لە هونەری پەیوەندی دابەستن و ڕەفتارکردن ڕەگەڵ ئەوانی تردا فێردەکرێیت. ئاشنا دەبیت بەوەی کەچۆن ڕەگەڵ ستراتیژیەتی ئەوانی تردا خۆت ڕابێنی و ڕەفتاریان ڕەگەڵ بکەیت، چۆنیش لەگەڵ کەسانی هەمەجۆر و سەرسەختدا دەجوڵێیتەوە، هەروەها فێری ئەوەش دەبیت کە چۆن

ڕەچەتەی ڕەفتاركردنی كۆتا بەكاردەهێنی" بۆ ئافراندن و بەدیهاتنی هۆگری و كەوی بوونی ئەوانی تر .

وەرە باپێكەوە دەست بكەین بە خستنەڕووی بابەتی ڕێگەمان بۆئەوەی بگەین بە باشترین ئاستی پەیوەندی كردن ڕەگەڵ ئەوانی تر.

٢٨-نهێنی هۆگربوون:

((پوختەی پەیوەندی دابەستن ڕەگەڵ ئەوانی تردا دروستکردنی جۆرێک لە هۆگرییە ڕەگەڵ ئەوانی تردا))

فرجینا ساتیر

هەرگیز لێت ڕوویداوە کە جاری یەکەمبێت و کەسێك ببینی و هەر لەیەکەم چرکەی چاوپێکەوتنتەوە بەخۆتت گوتبێت: ئەم کەسەم خۆش ناوێت؟ ئایا پێچەوانە ڕوویداوە کە تازە چاوت پێی کەوتبێت و دەسودەم وەهات هەست کردبێت تەواو پێوەی پەیوەستی؟

دەتوانی کاتێك یادی خۆت بخەیتەوە کە هەستت بە بوونی هۆگری لەنێوان خۆت و کەسێکی دیکەدا کردبێت؟ ڕەنگە ئەم کەسە هاوڕێیەکت بێت، یان کڕیارێك، تەنانەت تاکێکی خێزانەکەشت. چیت کردووە بۆ بەدیهاتنی ئەم هۆگرییەی نێوانتان؟

کە هەستت کرد تۆ پەیوەستی بە کەسێکەوە لەو ساتەوەی بینوتە، ئەم کەسە شتێکی کردووە یان گتووە کە تۆ لەبیرت بێت، ئەوەتا کاری لە هەستەکانت کردووە، ڕەنگە لەکەسێك بچێت کە دەیناسیت، یان کەسێکی ترت بیربخاتەوە. ئەم دیارکەوتەیە کاری لە ئاوەزی هەناویت کردووە و هەستەکانی ناوەوەتی جوڵاندووە، جا بەباش بووبێت یان خراپ بووە و تۆیش پێیەوە پەیوەست بوویتە، بەهۆی ئەوەی هەستت بە هۆگری ڕەگەڵ ئەو کەسەدا کردووە، جا یان ئەوەتا وشەکانت گونجاوبوونە و ئاوازی دەنگت شیاو بووە، ئاماژەکانی ڕووخسار و زمانی جەستەت باشبووە، هەمو ئەمانە جۆرە لەیەك نزیك بوونەوە و هۆگرییەکی لەنێوانتاندا ئافراندووە. تۆ زۆر بەئاسانی دەستت بە هەموو دوگمە ڕاستەکاندا ناوە، گەر هۆگری لەنێوان خۆت و کەسانی تردا ڕووینەدا ئەوا ڕەنگە بەهۆی

ئەوەوە بێت کە تۆ پێشتر بڕیارت لەسەر ئەو کەسە داوە و دەستت بە هەموو دوگمە هەڵەکاندا ناوە، لەناکاو وشەی نەگونجاوت بۆ هاتووە و تۆنی دەنگی و ئاماژەگەلی ڕووخساری نەشیاوت نواندووە.

((خەڵکی ئەوانەیان خۆش دەوێت کە لە تایبەتمەندیەکانیاندا هاوچەشن و ڕان"

مایکل برۆکس

هۆگری چییە؟ گرنگترین ڕەگەزی ڕەفتارکردنە ڕەگەڵ ئەوانی تردا. هۆگری ئەوەیە کە هەمان ئاواز و تۆنەدەنگی و ئاماژەگەلی ڕووخساری و جوڵەی جەستەیی و تەنانەت شێوازی هەناسەدانی ئەوانی تر ئەنجامبدەی. ڕێك وەکو کەسەکەی تر. بۆئەوەی هۆگری ڕەگەڵ کەسێکدا بەدیبێنی دەبێت ڕۆبچیتە نێو جیهانی تایبەتمەندیەکانی ئەو کەسەوە. دەبێت وەهای هەست لەلادا دروست بکەیت کە تۆ ڕێزی تەواوی دەگریت، وەکو نمونەیەکی ئاوازە لێی دەڕوانی، ئەمەش بۆئەوەیە کە کەشێك لە متمانە و ڕێز لە نێوانتاندا دروست بکەیت.

هیچ مەوئیدێکی سۆزداریت لەبیرە؟ لەبیرتە چۆن هەموو شتێکت ئەنجامداوە بۆئەوەی هۆگرییەك لەنێوان خۆت و کەسی بەرامبەرتدا چێ بکەیت؟ لەبیرتە تۆنی دەنگ و ئاماژەگەلی ڕووخسارت چۆن بوونە؟ ئەمەیە کرۆکی هۆگریی.

کاتێك لە مۆنتریال سەرقاڵی کۆرگێران بووم، ئافرەتێکم بینی لە دیدەنگە(هۆڵ)ی میوانخانەکە ڕەگەڵ منداڵێکدا یاری دەکات، ڕەفتاری وەها دەکرد کە زۆر پێکەنیناوی بوو، دەزانی بۆ؟ چونکە دەیویست هۆگرییەك لەنێوان خۆی و منداڵەکەدا بئافرێنێت و تاکە ڕێگەیش بۆ بەدیهاتنی ئەمە دابەزین بوو بۆ ئاستی جهانی منداڵەکە. دەزانی چی ڕوویدا؟ منداڵەکە دەستی دایە پێکەنین. بەڵێ ئەمەیە هێزی هۆگری و هەرئەمەش ئامانجی پشت نوسینی ئەم بەشە یە.

(أ) سیستمی خۆنواندن:

((لەڕێگەی هەستەکانمانەوە جهانی تایبەتیمان دەنوێنین))

د.میلتۆن ئاریکسۆن

ئێمە وەکو مرۆڤ لەڕێگەی هەر پێنج هەستەکانمانەوە ڕەگەڵ جهانی چواردوبەرماندا پەیوەندی دەبەستین و بەسیستمی خۆنواندن ئامارەی بۆ دەکەین، ئەمەش پەیهەستەکان دەگۆڕێت بۆ جفرە و ئەوجا هەڵدەستێت بە ڕێکخستن و داکردنی، ئەوجا دەیگەیەنێت بە پاڵێوەرەکانی پەیهەستەکانمان. ئەم سیستمە پێنج شێوە یان سیستم لەخۆ دەگرێت، بینین، بیستن، هەستکردن، بۆنکردن، چێژتن.

لەگەڵ ئەوەی ئەم پێنج سیستمە هەمیشە پێکەوە کاردەکەن، بەلاّم بۆهەر کەسێك یەکێك لەم سیستمانە بالاّیە و ئەوانی تر کەمتر لەسەری کاریگەرن.

ئەوکەسەی گرنگی بە سیستمی بینایی دەدات بەزۆری بە شێوە و وێنەکردن پشت بەستە، ئەوکەسەشی دەبیستێ گرنگی پشتر بە دەنگ و وشەکان دەدات، بەلاّم ئەوەی پشت بەستە بە هەستەکان ئەوا گرنگی بە هەست و سۆزەکان دەدات.

. فەرموو ئەمەش سێ جۆرە تایبەتمەندی خۆنواندن:

١-کەسی بینایی:

بەخێرایی و بەدەنگی بەرز قسەدەکات، هەناسەی کورت و خێرا هەڵدەمژێت و پتر دەکەوێتە ژێر کاریگەری دیمەنەکانەوە وەك لە دەنگ و هەستەکان.

٢-کەسی بیستۆکەیی:

خاوەنی دەنگێکی خۆشی مۆسیکییە، بەسنگ فراوانی و ئاسودەییەوە هەناسەدەدات، حەزی لە گوێگرتنە لە دەنگەکان و پتر دەنگی بەلاوە کاریگەرە وەك لە دیمەن و هەستەکان.

٣-كەسى هەستى:

هێورە و دەنگێكى كزى هەيە، بە لەسەرخۆيى لەناوچەى سكەوە هەناسەدەدات، هەستكردنەكانى بەر لە وشە و ديمەنەكانە.

(ب)چاو و ئاماژە ناوازەكانى :

((چاوانت جگە لە كاردانەوەى بيرۆكەكانت هيچى ديكە نين))

د.ئيبراهيم فەقى

تۆ هەميشە چاوانت بەكاردێنى، بەتايبەت بۆ چنگ خستنى زانيارى، ئەزمونێكت بيرى خۆت بێنەرەوە، يان بيرۆكەيەك كە بيرت دێتەوە ياخود وەلامدانەوەت بۆ پرسيارێك.

جولەكانى چاو زۆر بەسودە بۆ دياريكردنى ئەوەى چى لە هزرى هەر مرۆڤێكدا لەوساتەدا دەگوزەرێت.

ئەوكاتەى دەتوانى زانياى نا دەربڕاو كۆبكەيتەوە ياخود بۆ ئاستى ستراتيژيەتى كەسێكى تر دابەزيت، ئەوا تۆ دەتوانى بەهەمان ئاست ڕەفتارى ڕەگەلدا بكەيت و بەمەش هۆگرييەكتان لەنێواندا دروست دەبێت.

١-شێوازى بينايى:

پونيات نانى شارەزايى و ئەزمونى بينايى: كاتێك چاو بەرەو سەرەوەى لاى ڕاست ئاراستە دەكرێت، لەم كاتەدا كەسەكە وێنە گەلێك دادەكات كە پێشتر لەيادگەيدا داينەكردووە.

شارەزایی و ئەزمونە بیرۆبۆزەییەکان یاددەخاتەوە: ئەوکاتەی چاو بۆ لای سەرەوەی لای چەپ بێت کەسەکە ئەزمونێکی یاد دەکەوێتە کەپێیدا تێپەڕیوە.

٢-شێوازی بیستۆکەیی:

پونیات نانی ئەزمونی بیستۆکەیی: چاو بەئاراستەیەکی ڕێك بۆلای ڕاست دەبێت، لەم کاتەدا کەسەکە ئەزمون و شارەزایی گەلێك چێ دەکات کە پێشتر لەیادگەیدا نەبووە.

یادخستنەوەی ئەزمونە بیستۆکەییەکان: هەروەها ئاراستەی چاو بەڕێکی بۆلای چەپ دەنگ گەلێکی یاد دەکەوێتەوە کە لەیادگەیدا داکراوە.

ژمارەی بیستۆکەیی: چاو بۆ خواری لای چەپ دەبێت و لەم کاتەدا کەسەکە هەڵدەستێت بە شیکردنەوەی زانیاریەکان یاخود ڕەگەڵ خۆیدا قسەدەکات.

٣-شێوازی هەستۆکەیی:

هەستی: چاو بۆ خوارەوەی لای ڕاست دەبێت و لەم کاتەدا کەسەکە زانیاری وەردەگرێت. زانیاری بە هەموو هەستەکانی و بە چێژتن و لوتیشەوە وەردەگرێت .

(ج)زاراوەکان :

((هەوڵی پاراستنی هەموو دێڕەکانی نێوانمان دەدەم، ئەوجا ئەم دێر و ڕستانە لە کۆگای یادگەی وێژەمدا دەپارێزم" چون لەداهاتوومدا سودی زۆری دەبێت))

ئەنتۆن بۆلۆفیچ چیکۆف

زاراوەکان ئەو وشە و دێڕانەن کەلەڕێگەی سیستەمەکانی نواندنەوە بەدووبارەیی بەکاردەبرێت، ئەمانە ئەو وشانەن کە خەڵکی بێهۆشانە بەکاری دێنن، بۆیە بە گوێگرتن و ڕوانین لەوەی کەسەکە دەیڵێت دەتوانی بزانی ئەم کەسە چی جۆرە زاراوەگەلێکی

تایبەتی بەکاردەهێنێت و ئەوجا دەتوانی جۆرێك لە هۆگری تەواو ڕەگەڵ ئەم کەسەدا بئافرێنی.

ئەمەش هەندێك نمونەی زاراوەی بەکاربراوە..

بینایی	بیستۆکەیی	هەستی	چێژی	بۆنی
بڕوانە	گوێبگرە	هەست دەکەم	فوت دەدات	بۆن دەکات
دیاردەکەوێت	ببیستە	بەرکەوتن	دەچێژێت	بۆن
ڕوونە	قسەبکە	دەست لێدان	دەخوات	بۆنی نوکەڵ
بڕوانە	هاوارکردن	سارد	دەلێسێتەوە	بۆنڕێژ
وێنە	گریان	گوشار	هەرس دەکات	پاقژ
بینین	ژاوەژاو	بحەسێرەوە	تەڕە	هەڵدەمژێت
هەڵبدە ببینە	بلێ	ئازارلوییە	لیك دەردەدات	بۆگەن
سەیریکە	ئاواز	دڵەڕاوکێ	گاز دەگرێت	گوڵاو
وای دابنێ	دەنگی بەرز	بگرە	شیرین	موخوڕ
ڕەنگ	دەنگ	هەستەکان	تفت	بۆنی خۆش

ئەمەش کۆمەڵێك نمونەیە بۆ پتر ڕوونکردنەوە و باشتر تێگەیشتن:

١–بینایی:

- بەڕوونی دەبینم .
- دەتوانی بۆچونم ببینی؟
- بیرۆکەکەت بۆمن ڕوون نییە.
- بهێڵە بالەم شتە بڕوانم.
- من ئەمە بە شێوەیەکی جیاواز دەبینم.

2-بیستۆکەیی:

- ئەم قسەیە باوە.
- گوێت لێبوو ئێستا چیم گوت..؟
- گوێبگرە بیرۆکەیەکی مەزنم هەیە.
- گوێم لێ نەبوو، چیت گوت؟

٣-هەستی:

- ئەوەی ئێستا گوتت بەڕاستی جوڵاندمی.
- من مرۆڤێکی هەستیارم.
- واهەست دەکەم دۆخم زۆر باشە.
- کاتێك هەست بەباشی دەکەم دەست بە جێبەجێکردن دەکەم.

٤-چێژی:

- بیرۆکەکەت چێژێکی تایبەتی کاری پێ بەخشیم(واتە هانی دام).
- بهێڵە با ئەم ساتە بچێژم.
- تامی ئەم وشانەت ناخۆش دیارن.

٥-بۆنی:

- بۆنی ئەم دۆخە ئاسودەبەخش نییە..
- ئەمە بۆنی ماسی لێ دێت، واتە گوماناوییە.

کاتێك ئاشنای سیستمی خۆنواندنی کەسێك دەبیت تێبینی دەکەیت کە هۆگری ڕەگەڵ ئەم کەسەدا بەخێراییەکی تەواو چێ دەکەیت، بەجۆرێك دەتوانیت ڕەگەڵ زاراوە و جیهانی تایبەتی ئەو کەسەدا خۆت بگونجێنی، بێڵە باوەکو نمونەیەکت پێ ببەخشم، بۆئەوەی باشتر تێی بگەیت:

نمونە:

ئەو: گوێم لێ بگرە . تۆ:من گوێت لێدەگرم.

ئەو:دەزانی مەبەستم چییە؟ تۆ: بەڵێ، بێگومان دەزانم مەبەستت چییە.

ئەو:دەتوانی گریمانەی ئەمە بکەی؟ تۆ:بەڵێ دەتوانم گریمانەی بکەم.

ئەو:ئەوەی گوتت هەستەکانی جولاندم. تۆ: دەزانم، منیش هەمان هەستم هەیە.

ئێستا لە بیرۆکەکە تێگەیشتی؟ دەبێت تێبینی زاراوە بەکارهێنراوە تایبەتییەکانی کەسی بەرامبەرت بکەیت، هەوڵبدە ڕەگەڵیدا هاوتابیت، ئەوەی هەیە ئەوەیە کە بەچڕی گرنگی بە شتەکان بدەی، کاتێك بە دووڕنەوت قسان دەکەیت باش گوێبگرە و بدوێ، کەلە وێنەدەنگ گوێزەرەوە(تەلەفزیۆن) دەڕوانی بە جوانی و دیقەتەوە بڕوانی. هەوڵبدە لە سیستمی خۆنواندنی بەرامبەرت تێبگەیت و ئەوجا لەگەڵیدا خۆت بگونجێنی. لەسەر ئەنجامدانی ئەم مەشقە بەردەوامبە و بیکەرە ئامرازێك بۆ چێژبینینت. بەمەش دەتوانی بکەویتە سەر ڕێگەی دروستکردن و ئافراندنی هۆگری قوڵ ڕەگەڵ خەڵکاندا.

(د) مشتومڕی ڕێککەوتن، سەرکردایەتی:

((هاوڕێکان لەهەموو شتێکدا بەشدارن))

ئەفلاتۆن

١-مشتومڕ:

کرداروەی چاکسازیی و گونجاندنی خودت و ڕەفتاری دەرەوەتە لەگەڵ کەسێکی تردا. کردارەیەکی سازاندنی بەردەوامە لەپێناو ئافراندنی هۆگری لەگەڵ خەڵك و پاراستنی.

2-ڕێککەوتن:

کردارەی ئەنجامدانی ڕێککەوتن بەزمانێکی درکێنەر و نادرکێنەر ڕەگەڵ کەسی تردا ئەنجامبدە" بۆئەوەی بتوانی جۆری هۆگری کەسەکە لەسەر ئاستی هۆشیاری و ناهۆشیاری بدۆزیتەوە و ئاشنابیت.

٣-سەرکردایەتی:

کاتێك هەستکردن بە هۆگری لەسەر ئاستگەلی هۆشیاری و ناهۆشیاری دێتەبوون دەتوانی مەودای کاریگەری ئەم هۆگرییە تاقیبکەیتەوە بەوەی جۆرێك لە گۆڕان لە ڕەفتارتدا بەدی بهێنیت، تێبینی کەسەکانیش بکە گەر لاسایی تۆیان کردەوە و ڕەفتارەکانت کاردانەوەی لەسەر دورست کردبوون، بەومانای لەگەڵ تۆدا سازاون.

نمونە:

گەر دانیشتوویت و لاقەکانت لەسەر یەك داناوە، دۆخەکەت بگۆڕە و پێیەکانت بۆ زەوی درێژبکە. گەر کەسەکەی تریش هەمان کاری تۆی ئەنجامدا ئەوا هۆگری نێوانتان بالأیە، هەروەها جۆرێکی نایاب بە هۆگری لەنێوانتاندا دروست بووە و لەم کاتەدا تۆ دەتوانی ئاراستەی ئەم کەسەبکەیت بۆکوێ بتەوێت و ئەوجا هەنگاوی پێ بنێی بەرەو بەدیهاتنی ئەنجام .

نەخشەی ڕێککەوتن و گونجان

(١)گونجاندنی ڕاستەوخۆی نادرکێندراو:



١) هەموولەش: دۆخی لەشت ڕێك بەهەمان شێوەی کەسەکەی تر لێبکە.

٢) نیوەی لەش: خۆت ڕێکبخە بۆئەوەی نیوەی خوار یان سەرەوەت لە کەسەکەی تر بچێت.

٣) گۆشەی سەر/شان: سەر و شانەکانت ڕێك

بەهەمان شێوەی کەسەکەی تر بجولێنە.

٤) ئاماژەکانی ڕووخسار: تێبینی ئاماژەکانی ڕووخسارت بکە و لە برۆ و لێوەکانتدا تەواو لاسایی بکەرەوە.

٥) ئاماژەکان: هەوڵبدە ئاماژەکانی ڕەفتارت هاوشێوەی کەسەکەی تربێت" بە ڕێزەوە.

٦) هەناسەدان: بۆئەوەی هاوشێوەی سیستمی کەسەکەی تربیت ئەوا بەهەمان شێوەی ئەو هەناسەبدە، جوڵە بە سنگ و شانەکانت بکە.

٧) دەنگ/ئاواز/خێرایی قسەکردن: هەوڵبدە لەگەڵ شێوازی دەنگی/ئاوازی/کەسەکەدا خۆت بگونجێنی.

٨) هەندێك بەشی لەش: هەوڵی لاسایی کردنەوەی هەندێك جوڵەی دووبارەیی کەسی بەرامبەر بدە.

(٢)گونجاندنی نادرکێندرلو و ناڕاستەوخۆ:

هەوڵبدە ڕەفتارت گونجاوبێت لەگەڵ ڕەفتاری کەسەکەی تر. بۆنمونە گەر چاوانی دەپرتێنێت تۆیش بەهێمنی سەرێکی بۆ بجولێنە، گەر لاقەکانی خستبوە سەر یەکتر، تۆیش دەتوانی دەستەکانت بنوشتێنیتەوە.

(٣)ڕێککەوتنی زارەکی-درکێندراو:

أ-سیستمی نواندن: هەمان شێوازی زاراوەی کەسی بەرامبەر بەکاربێنە.

ب-دەستەواژەی دووبارە: تێبینی پێکهاتەی دەستەواژەکانی بکە و بیکەرە بۆتەیەك بۆ قسەکانت .

زاراوەی تایبەتمەند:

بۆنمونە:

ئایا دەبینی؟ ئایا دەزانی؟ - تاقی بکەرەوە، ئەمە زۆر گونجاوە.. هتد.

٢-بیرۆکە و پێشنیار:

بیرۆکەی سەرەکی لە قسەکردنیدا بزانە و لە تاوتوێکردنی خۆتدا لەکاتی قسە لەگەڵ کردنیدا بەکاری بێنە.

نمونەی سازاندن و سەرکردایەتی

سازاندن

ڕێچکەی ئاماژە و ڕەفتارەکانی کەسی بەرامبەرت بگرەبەر

لەڕێگەی گۆڕینی ناوەندی لەشت یاخود تۆنی دەنگتەوە تاقیبکەرەوە

کاری تێناکات

کارت تێدەکات

بۆهەنگاوی داهاتووت هەنگاوبنێ

لەمڕۆوە دەستت پێبکە و تێبینی هەموو شتێك بکە لەکاتی ڕەفتارکردنت ڕەگەڵ ئەوانی تردا. سیستمی خۆنواندیان و جۆری ئەو زاراوانەی زۆری بەکاردێنن بزانە و تێبینی جوڵەکانی چاویشیان بکە" بۆ ناسینەوەی ئەوەی کە چۆن ڕەگەڵ زانیاریەکاندا ڕەفتاردەکەن و سازانیان لەگەڵیدا چۆنە.

بەردەوامبە لەسەر تێبینی کردنی ڕەفتاریان، (لەگەڵیدا بسازێ) بکەرەوە، لێرەدا پەندێکی بەناوبانگ هەیە کە دەڵێت:**"مەل بەشێوەی خۆی دەکەوێت"** .

كاتێك لاسايي ڕەفتاری كەسێكی دیگە دەكەیتەوە ئەوا تۆ لە جیهانی تایبەتی ئەودا پێی دەگەیت و هەست بەبوونی دەكەیت بەجۆرێك وەهایە كە تۆ لەئاوێنەیەك بڕوانی و ئەو ببینی، هەوڵبدە لەكاتی چاوپێكەوتن و ڕەفتارەكانی ڕۆژانەتدا ئەم لاسایی كردنەوەیە بكەیتە كردار، ئەوجا بۆخۆت ڕادەمێنی لەو توانایی و هونەر و بەهرەییەت كە لەكاتی ڕەفتاركردن دەگەڵ ئەوانی تردا بەكاری دەخەیت.

مایكل برۆكسی نوسەری پەرتوكی:" هۆگری ڕاستەوخۆ" دەڵێت: ((**هۆگری بە پێچەوانەی مەزنترین یاسای فیزیاوە كاردەكات ئەویش ئەوەیە كە: لەبری ئەوەی دوو دژ یەكتر كێشبكەن كەچی لە هۆگریدا دووجەمسەر یەكتر كێش دەكەن**)).

تێبینییەكی گرنگ

سازاند و ڕێككەوتن مانای لاسایی نادات..

لاسایی= گاڵتەكردن بەوانی تر و بەسوك پیشاندانیان.

سازاندن=ئافراندنی هۆگری لە نێوانتاندا.

٢٩-کەسانی کارگران دەوروبەرتیان تەنیوە:

((خودا پاقژی پێ بەخشیوین بۆ ئەوەی ئەو شتانە وەربگرین کە ناتوانین بیانگۆڕین، ئازایەتیش بۆئەوەی ئەو شتانە بگۆڕین کە دەتوانین بیانگۆڕین، دانابییش بۆ ئەوەی جیاوازی لەنێوان ئەو دووشتەدا بکەین)).

فرجینا ساتیر

هەمیشە حەزم لە خستنەڕووی ئەم پرسیارەیە" لەو کۆڕانەی دەیگێرم: کەسێك دەناسیت بەلاتەوە کارگران بێت؟ وەلآمەکە هەمیشە بەڵێ دەبێت.

جارێکیان کابرایەك هەستایەسەرپێ و گوتی: ئەم پرسیارە چییە؟ من نەك تەنها یەك کەسی کارگران دەناسم بەڵکو بڕوام وەهایە هەموو خەڵك کارگرانن!!

ئایادەزانی هەموو دامەزراوە و کۆمپانیایەك خاوەنی یەك کەسی کارگرانە، ئەم کەسانە وەها خۆیان پیشان دەدەن هەمووشتێك دەزانن، هەمیشە سکالآکارن، کێشە دروستکارن، سەرزەنەشتکار و لە بۆسەدان.

لەم بەشەدا ئەم کەسایەتیانەت بۆ ڕوون دەکەمەوە، بۆئەوەی کاتێك توشیان دەبیت دووچاری شێتی نەبیت و بەئاسایی لێیان ئاشنا و ڕزگاربیت.

کەواتە باوەکو ئێستایش بیان ناسین..

٣٠-چۆن لەگەڵ نۆ تەرزەکەی کەسانی کارگراندا ڕەفتاردەکەیت؟

((ڕەفتارکردن گۆڕینەوەی ماناکانە، دان و ستەندنە لەنێوان دووکەسدا))

فرجینا ساتێر

دەستەی دوژمنگێڕ:

١-شۆڕشچی:

کەسێکی چەقەچناوەی جنێودەرە و لێزانە لە بەکارهێنانی هونەری گەمە و فێڵکردن. زۆرجار دەنگی بەرزدەکاتەوە، هاواردەکات و هەڕەشەئەنجام دەدات و دەکێشێت بە مێز و کورسیەکانی دەوروپشتی دا و زۆرجاریش لەناکاو پەلامارت دەدات لێت دەدات.

٢-تەقینەوەیی:

زۆر بەگومان و هەڕەشەکارە، ناتوانرێت بەسەریدا زاڵبیت، سەرباری ئەوەی هەستی ناسکە کەچی زۆر دەقیرێنێ و هاواردەکات، زۆر هەستیارە، گەر ئیش و نواندنەکانی توشی ڕەخنەهاتن ئەوا بە ڕەخنەی کەسێتی و تایبەتی دەیگرێت.

چۆن لەگەڵ کەسانی شۆڕشچی و تەقینەوەییدا ڕەفتار دەکەیت؟

کاتی تەواوی بدەرێ بۆئەوەی هێمن بێتەوە، هەوڵبدە بەشێوازی ئەرێیی وەڵامی کاردانەوە نەرێنیەکانی بدەیتەوە، بۆنمونە: بەناوی خۆیانەوە بانگیان بکە، بیرۆکەکانیان

بیچڕێنە بەوەی قەڵەمێك لەدەست دەکەوێتە سەر زەوییەکە. دیق بەچاوت لەناوچاوی بڕوانە و مەهێڵە تورەمەی ترست تێدا دیاربکەوێت. داوایان لێبکە دانیشن، گەر ڕەتیان کردەوە ئەوا بۆماوەی ٣٠ چرکە تۆ بەپێوە بوەستە و دواتر داوای لێبکەرەوە دانیشێت، بە ڕاستی بۆچوونەکەت بخەرە ڕوو و دەمەقاڵەی لەگەڵدا ئەنجام مەدە. گرنگی پێدانی خۆتیان بۆ دیاربخە و هاوبەشی بۆچونیان بۆ دووپات بکەرەوە. باسی چارەسەرکردنی کێشەکانیان لەگەڵدا گەلاڵە بکە بەبێ تێکدان و ئالۆزاندنی ڕەوشەکە.

٣-دانەپاڵکار:

ئەم جۆرە کەسانە هەمیشە لەدۆخی بەرگریکردندان و بڕوایان وەهایە هەموان هەڵەن و ئەنجامی خراپی شتەکان دەدەنە پاڵ هەموانی تر، ئەم کەسانە زوو تووڕەدەبن و هەوڵی تۆڵەسەندنەوە دەدەن و دەیانەوێت بەهەرجۆرێك بێت ماف و یەقی خۆیان وەربگرنەوە.

٤-گازندەچی:

بلیمەتە لەدۆزینەوەی هەڵەی هەمووشتێك(کارگێڕی، دەوڵەت، ڕێکخراو،کەش..هتد)، گرنگی بە دۆزینەوەی چارەکانیش نادات و زۆرکات ئەم وشانە بەکاردەهێنێت: هەمیشە، بەردەوام، هەرگیز، گشت، ئەوان.

٥-نەرێنی:

ئەم جۆرە مرۆڤە خاوەنی تایبەتمەندییەکی نەرێنی و زۆر خەماوییە، کارلێك لەگەڵ ئەرێ یاخود هەر بیرۆکە و گۆڕانێکی نوێدا ناکات. هەمیشە هەڵە لەشتەکان دەدۆزنەوە و دەڵێن: ئەمە سودی نییە و پێشتر تاقیمان کردۆتەوە، یاخود: واز لەم کارە بێنە، دەستی لێ هەڵبگرە، ئەمەش دەبێتەهۆی ئافراندنی ئەنجامی نەرێنی و زیاناوی.

چۆن ڕەگەڵ ئەم كەسانەدا ڕەفتاردەكەيت؟

بەباشی گوێیان بۆ بگرە، بۆچوونیان وەربگرە و پێیان قایل بە، بەلأم لەگەڵیان مەسازێ" چون گەر بسازێی ئەوا بەڵگەی ڕاستێتی قسە و ڕەفتارەكانی بۆ دووپات دەكەیتەوە و ئەمەیش لای خۆیەوە دۆخی نەرێنی ئەوكەسە خراپتر دەكات.

تورەی مەكە و سەرمەخەرەسەری و داوای لێبوردنیشی لێ مەكە. ڕەفتارە نەرێنیەكانی بچڕێنە بە ئەنجامدانی ڕەفتارگەلێك كە كردنی ئاسان نییە. بۆنمونە بپرسە: دەبێت چی بكەیت؟ چۆن ئەم كێشەیە چارە دەكەیت؟ تۆ چارەسەری ئامادەی بۆ بەردەست مەخە، بەڵكو دڵنیابە لەوەی كە ئەم كەسە بەتەواوەتی لەدۆخەكە بەئاگایە و هەمووشتێك وەردەگرێت.

كەی دڵنیابویتەوە كە ئامادەیە بۆ هەنگاونان بۆ بەدیهاتنی چارەسەر ئەوا دەتوانی تۆیش یارمەتی بدەیت و ڕێنمایی ئەنجامدانی هەنگاوە چارەسەرییەكەی بكەیت.

دەستەی دەم كوت/بێدەنگی داپڵۆسێنەر:

٦-زۆر ناسكۆڵە:

كەسێكی ناسك و میهرەبانە، حەزی لە گەمە و سوحبەتە، دەیەوێت خۆشەویستی و قایلمەندی هەمووان چنگ بخات و هەمووان پێی قایل بن، هەرچییەك دەڵێی ڕەگەڵتدا هاوقسەیە" چون دەترسێت هاوڕێیەتیت لەگەڵیدا بپچڕێت یان بەهۆیەوە تورەبێت، ئەم كەسانە هەستەكانی خۆیان دەشارنەوە و هەمیشە داوای لێبوردن لەسەر زمانیانە، تەنانەت لەو كاتانەشی كە پێویستی بە داوای لێبوردن نییە، بۆنمونە: كەش لەدەرەوە زۆر خۆشە، دەڵێت: داوای لێبوردنت لێدەكەم.

چۆن لەگەڵ کەسی زۆر ناسکدا ڕەفتاردەکەیت؟

هەوڵبدە وەهای لێبکەیت بەشێوەیەك هەستبكات کە تۆ خۆشت دەوێت بەچاوپۆشین لەهەرچییەك ڕوویداوە و ڕاستگۆبە لە پیاهەڵدانت بۆئەو، هانی بدە بۆ دیارخستنی بۆچوونی ڕاستەقینەی و کاتێك ئیشێکی باش ئەنجام دەدات هەمیشە پیرۆزبایی لێبکە و پرسیاری سنورداریشی ئاراستەبکە و ئیشەکانی وەکو ئەندامێکی دەستەی کارت پەسنبدە.

٧-بکوژی بێدەنگ:

ڕەنگە هەست بە بەهای خۆی نەکات و ڕێزی خۆی نەگرێت و خۆی بە خاوەنی بۆچوونی تایبەتی نەزانێت و دەترسێت لەکێشەوە تێوەبگلێت، بۆیە دەڵێت:" تۆ ڕاست دەکەیت. من هەڵەم"، هیچ کات لەبارەی بۆچوونی خۆیەوە قسە ناکات تەنانەت کاتێك تۆ داوای بۆچوونی تایبەتی ئەوی لێدەکەیت شتێکی وەهات پێنادات لێی بگەیت.

چۆن لەگەڵ بکوژی بێدەنگدا ڕەفتار دەکەیت؟

وەهای لێبکە هەست بەوەبکات کە هەرچییەکیش ڕوویدات تۆ لەگەڵیدا بە نەرێنی ڕەفتارناکەیت، هانی بدە بۆ قسەکردن، پرسیاری ئازاد و گەرم و گوڕی وەهای ئاراستە بکە کە کۆتاییەکەی کراوەبێت، کە قسەت بۆ دەکات بەجوانی گوێی لێبگرە و مەیپچڕێنە و گەر وەڵامی نەدایەوە دیسانەوە پرسیاری لێبکەرەوە.

ئەوجا بێدەنگبە بۆئەوەی هەل و کاتی هەبێت لەبۆ وەڵامدانەوەت، ئەوجا پێیدا هەڵبدە وقسەکانی بەجوان بخەرە ڕوو، گرنگی پێبدە.

٨-خوێندەوار:

کەسێکی ڕۆشنبیر و بەهێز و چالاك و کارامەیە، وادەزانێت هەمووشت دەزانێت و بۆچوونەکانی باشترینن و پێشنیار بۆ ئەوانی تر دەکات، لەکاتێکدا ئەمانە تەنها قسەی لابەلان. بۆیە ناتوانێت بە بۆچوونی ئەوانی تر قایل بێت و گەر قسەت لەگەڵدا کرد و بۆچوونەکانیت ڕەت کردەوە، ئەوکات ئەم شکستەی دەخاتە ئەستۆی کەسانی تر.

چۆن لەگەڵ کەسی خوێندەواردا ڕەفتار دەکەیت؟

خۆتی پێدامەکێشە گەر بە تەواوەتی خۆت بۆی ئامادی نەکردووە، بەجوانی گوێی لێبگرە، بۆچوونی ئەوانی تری بۆ ڕوون بکەرەوە، ئامادەبە بۆ ئافراندن و وەرگرتنی چارەسەری ناوەندی، بەڵام لەگەڵیدا مەش سازیً ئامانجی تۆ قۆستنەوەی ئەم کەسەیە بۆ بەرژەوەندی خۆت.

٩–هەستەدرۆینە:

وەها ڕەفتاردەکات کە تەواو ئاشنا و شارەزای دۆخ و ڕەوشەکانە لەکاتێکدا هیچی لێ نازانێت، حەزی لێیە هەمووان پێی قایل بن و پەسنی ئەنجامدراوەکانی بدەن، ئیشە باشەکان دەکاتە موڵکی خۆی وبەدرۆ ئیشی خۆی بەڕێ دەکات.

چۆن لەگەڵیدا ڕەفتاردەکەیت؟

لەسەرەتاوە تێی بگەیەنە کەنابێت بۆچوونەکانت بە قسەی تایبەتی و کەسێتی شکێن وەربگرێت، ڕاستیەکانی بۆ ڕوون بکەرەوە و بەڵگەی دۆخە ڕاستیەکانی بۆ بێنەوە. کاتی تەواوی پێبدە بۆ زاڵبوونی بەسەر ئەم گرێ دەرونیەیدا" هاوکاری بکە گەر لەم بوارەدا پێویستی پێت بوو.

ئایا تۆ خۆت لەنێو یەك یان دوو جۆر لەو کەسایەتیانەدا دەبینیتەوە، یاخود کەسێك دەناسیت ئەم تایبەتمەندیانەی بەسەردا بچەسپێت؟ گرنگ نییە پێشتر چۆنت ڕەفتار لەگەڵدا کردووە، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە ئێستا بزانی چۆن بە ئەرێیی ڕەوتاری دەگەڵ دەکەیت.

بەباشی ئەم بەشە بخوێنەرەوە، دەست بکە بە تێبینی کردنی ڕەفتاری ئەوانی تر، ئەوجا ئەم شارەزاییە نوێیانەت بەکاربێنە بۆئەوەی ببیتە خاوەنی توانایی و ژیری تەواو بۆ بڕیاردان و ڕەفتارکردن لەگەڵ ئەوانی تر.

٣١-بیست قەدەغەکراوەکەی کاتی پەیوەندی بەستن ڕەگەڵ کەسانی تردا:

((پەیوەندی دابەستن لە پەیوەندییە مرۆییەکاندا وەکو هەناسەدانی مرۆڤ وەهایە، هەردووکیان ئامانجیان بەردەوامی دانە بە ژیان))

فرجینا ساتیر

ئێستایش لیستی بیست باشترین ڕێگەت بۆ دەخەینەبەردەست، بەمەبەستی باشتربوونی بەهرە و هونەری پەیوەندی دابەستنت:



١) هەرگیز کەس مەپچڕنەو بهێڵە باوەکو بە ئازادانە قسەبکەن.

٢) هاوارمەکە، هێمن بە و لەگەڵ تۆنی دەنگیدا خۆت بگونجێنە.

٣) کاردانەوەکانت باوەکو زیادەڕۆیی و هەڵچوونی تێدا نەبێت، بەڵکو تیشک بخەرەسەر ئەنجامەکانت.

٤) گازندە مەکە، بەڵکو ڕوو لەکەسی گونجاو بکە و کێشەکەتی ڕەگەڵ باسبکە و بەدووی چارەدا بگەڕێ.

٥) جاڕی زانایيت لێ مەدە لەبارەی هەستەکانی خەڵك و داواکاریەکانیانەوە.

٦) گریمانەی ئەوە مەکە خەڵکی بزانن چۆن هەست دەکەیت و چیت دەوێت؟ بەڵکە پێویستە خۆت تێیان بگەیەنیت.

٧) گاڵتە بە هیچ کەس مەکە و ڕێز لە بۆچوونی ئەوانی تر بگرە.

٨) ڕەخنە و شکادنەوە بەکار مەهێنە(بەتایبەت لەپێش چاوی ئەوانی تر)، بەڵکو بەشێوەیەکی تێگەیشتوانە و تایبەتی قسەی ڕەگەڵ بکە.

٩) شەڕەقسەمەکە بەڵکو گوێ لەوانی تر بگرە و ئەوجا بۆچوونت ڕوونتر بکەرەوە.

١٠) هەڕەشەی ئەوەمەکە کە هیچ کەسێك لە سەر کارەکەی وەدەر دەنێی" چونکە ئەمە لەماوەیەکی درێژدا ئەنجامی خراپی لەسەرت دەبێت.

١١) نەرێنی مەبە، بەڵکو هەوڵبدە بۆ پێشنیارە نوێیەکان کراوەبیت.

١٢) قسەی زۆر لەگەڵ كارمەندانتدا مەكە، دەبێت هەڵی قسەكردن بەوانیش بدەیت.

١٣) هەرگیز لایەنگیری مەكە، دادگەربە، یارمەتی چارەكردنی كێشەی نێوان كارمەندانت بدە بە دادگەریی.

١٤) سەرزەنەشتی هیچ كەسێك مەكە، وەكو بەڕێوەبەر بەرپرسیارێتی خۆت هەڵبگرە و بەدووی چارەدا بگەڕێ.

١٥) كاتێك كەسێك قسەت بۆدەكات جێی مەهێڵە، بەڵكو بوەستە و گوێی لێ بگرە و كاتێكی تری بۆ قسەكردن لەگەڵدا بۆ دیاری بكە.

١٦) وشەی گشتاندن(وەكو: هەمیشە، گشت، هەرگیز) زۆر بەكارمەهێنە" چون ئەمە وەهات لێ دەكات بە درۆزن دیاربكەویت" لەبەرئەوەی هیچ كەسێك نییە هەمیشە هەڵەبكات، بۆیە وریابە و بە وردی و دیاری كراوی قسەبكە.

١٧) وشەكانی وەكو: پێویستە، دەبێت بەكارمەهێنە، بەڵكو لەبریدا وشەگەلی وەكو: كاتێك، هەرچۆنێك .. بەكاربێنە.

١٨) ئەم چوار دەستەواژە نەرێنییە بەكارمەهێنە:

بەڵام... دەبێتە هۆی ڕەتكردنەوەی هەموو قسەكانی پێشترت، بۆیە لەبریدا (و) بەكاربێنە.

بۆچی...چونكە بەدووی هۆكارەكاندا دەگەڕێت لەبری چارەسەر، لەبریدا وشەی(چی)بەكاربێنە.

گەر...بۆگومانكردن بەكاردێت، لەبریدا (كاتێك) بەكاربێنە.

هەوڵدەدەم.. مانای ئەوەیە كە پابەندی دۆخەكە نیت، بۆیە لەبریدا بڵێ: ئەنجامی دەدەم.

١٩) كەسانی تر بەكەم مەزانە و ڕێزیان بگرە.

٢٠) كێشە تایبەتیەكانی كارمەندانت لەبیرمەكە و سۆزیان بۆ دەربڕە، گرنگییان پێبدە.

٢١) ئەم ئامۆشیارانە بەلای تۆوە ئاشنان؟ بیان خوێنەرەوە و بەو كارانەتدا بچۆرەوە نەخشەی ئەنجامدانیت دارشتووە، لەبیرت بێت گەر لەو بیست هەڵەیەی پێشووتر بەدووربیت ئەوا نایاب دەبیت لە ڕەفتاركردن لەگەڵ ئەوانی تردا.

٣٢-دە ئامۆژگاری پێویستە بەکاریان بهێنی..لەبیریان بکەی ئەنجام لەئەستۆدەگریت:

((ڕێگەی من لە ئەستۆگرتنی نەهامەتییە قورسەکانە تا دۆزینەوەی وشەیەکی گونجاو ئەوجا زۆر بە هێمنی و لەسەرخۆیی دەری دەبڕم)).

جۆرج بێرناردشۆ

ئێستا دەزانیت دەبێت لەڕەفتارەکانتدا خۆت لەچی بەدووربگریت، ئێستایش پێویستت بەوەیە فێری ئەوانەش بیت کە دەبێت ئەنجامیان بدەیت. لەم بوارەشدا لیستێکی دە خاڵیت پێشکەش دەکەین، بۆئەوەی پێوەی پابەندبیت:

١- خەڵکان بەناوی خۆیانەوە بانگ بکە" چونکە خۆشترین و ویستراوترین دەنگ ناوی خاوەنەکەیەتی.

٢- بەباشی گوێبگرە و هانی ئەوانی تریش بدە بۆ دەربڕینی بۆچونەکانیان.

٣- نواندنی باش پەسەندبکە و بەپێی باشیەتی باشتر پێیدا هەڵبدە.

٤- هەمیشە هەست بەچی دەکەیت و چیت دەوێت دەری بڕە، منگە منگ مەکە.

٥- لێبوردەبە و لەبیربکە، واز لە ڕابردووبێنە با بەخێرایی بڕوات.

٦- پێبکەنە تەنانەت گەر هەستت بە پێکەنینیش نەکرد.

٧- بەسۆز و میهرەبانبە، لەکاتی ئیشکردندا بیر لەکێشە تایبەتیەکانت مەکەرەوە.

٨- گەر پێویستی کرد زانیاریەکانت باوەکو تەنها لای خۆت بێت.

٩- سەردانی کارمەندانت بکە لەکاتی کارکردندا، ئەمە پتر هانیان دەدات بۆ باشتر کارکردن.

١٠- جارجارە بانگێشتی داوەتیشیان بکە.

هەوڵبدە باشترینی بەڕێوەبەران بیت..

٣٣-ئایا دەزانی چۆن لەگەڵ مرۆڤی دوو ڕوودا ڕەفتار دەكەیت؟

((پێكەنینەكەی هەموو چواردووبەری بۆخۆی كێش دەكرد، بەڵام ڕەفتارەكانی تری هەمووانی لێدەكرد))

جۆرج س.سكۆت



دووزمانە دووڕووەكان لە دەووڕپشتتن و زۆریان حەز بەوەیە لەكاتی ئامادە نەبوونی كەسانی تردا قسەی پێ بڵێن. لێرەدا شێوازی ڕەفتاركردن ڕەگەڵ ئەم كەسانە دەخەینەڕوو:

١- ڕووبەڕوو ببینە و لەبۆچونی بپرسە لەبارەی كارەكەیەوە، زۆربەی جارەكان وەڵامەكەی بەڵێ و باش دەبێت.

٢- لەبارەی خۆتەوە لێی بپرسە، ئەمیش دیسانەوە بە ئەرێیی دەبێت.

٣- ئەوجا ئەوەی دەتەوێت پێی بڵێی بە جوانییەوە پێی بڵێ: بیستومە وەها و وەهات گتووە، ئەوجا پێی بڵێ: پێویستە دەست لەم ڕەفتارە ناشیرینانەت هەڵبگریت. لەم كاتەدا چاوت بخەرە نێو چاوی و ئەوجا لێی بپرسە: تۆ گوێت لێمە؟ ئەوجا پێی بڵێ: گەر لێرە بەدواوە ویستت شتێكم پێ بڵێی ئەوا ڕاستەوخۆ وەرە و پێم بڵێ.

٤- گەر جارێكی تر ئەم كەسە دووڕوویی ئەنجامدا و هەستت كرد كاری كردۆتەسەر كار و كارمەندانی كۆمپانیا و دامەزراوەكەت ئەوا جارێكی تر بانگی بكەرەوەو لێپرسینەوەی لەگەڵدا بكەو لەم كاتە بەدواوە چیتر ناوێرێت كاری وەها ئەنجام بدات، گەر دووڕەویشی كرد ئەوا لەدەرەوەی سنوری تۆوە ئەنجام دەدات.

٣٤-ئایادەزانی چۆن ورتەورت و واتەوات چارەسەر دەکەیت؟

((باشترین درۆزن ئەوەیە کە دەتوانێت درۆیەکی کەم بۆماوەیەکی زۆر وەك ڕاستی پیشان بدات))

سامۆیل بتلر

ئەوکاتەی بەڕێوەبەری میوانخانەیەك بووم، ڕاهاتووم کە ببمە ئامانجی واتە واتەکان. ئەمەت بۆیە پێ دەڵێم، بۆئەوەی نەختێك کاریگەری ئەم کێشە و دۆخە نەخوازراوەت بۆ سوك بکەمەوە ، لەبیرت نەچێت کەتۆ بەڕێوەبەریت و سەرەکترین ئامانجی ویتوواتی و هەربۆیە ئێستایش ڕێگەی زاڵبوونت بەسەریدا بۆ دەخەمە بەردەست:

١- لەگەڵ دەستەی کارتدا کۆبوونەوەیەك ڕێك بخە.

٢- لەبارەی دەنگۆ و واتەواتەکانەوە قسەیان لەگەڵدابکە و تێیان بگەیەنە کە ئەمە هەمووی قسەی هەڵبەستراوی ناڕاستە و ڕاستییەکەیش ئەوەیە.

٣- بەمەش دەتوانی کاردانەوەیەکی ئەرێیی و دووپاتی بنوێنی و ئەم واتەواتانە بوەستێنی.

٤- گەر واتە واتەکە زۆر مەترسیداربوو، ئەوا کۆبوونەوەیەکی گشتی بۆ هەموو کارمەندانت ببەستە و ڕاستیەکەیان بۆ ڕوون بکەرەوە.

هەروەها وەکو چارەسەرێکی جێگرەوە دەتوانی گوێت لەم واتەواتانە کەربکەیت" گەر مەترسیدارنەبوو.

٣٥-چۆن ململانێی نێوان كارمەندانت چارەدەكەیت؟

((ڕاستترین بگرە و پێشبخە، بەمە هەندێك قەزارت دەبن و ئەوانی تریش لێت ڕادەمێنن))

مارك توین



وەك دەزانیت لەكاردا زۆرجار كێشە ڕوودەدات و ئەمەش لای خۆیەوە كاردەكاتەسەر دەستەی كارت، گەر ئەمە نەوەستێنی ئەوا خراپ كارت دەكاتەسەر، لێرەشدا چۆنێتی ڕەفتاركردنت لەم كاتەدا بۆ دەخەمە ڕوو:

١- دەبێت لەسەرەتاوە هانی هەردوو كەس و بەرە بدەیت بۆئەوەی بە گفتوگۆ چارەیەك بدۆزنەوە.

٢- گەر ئەمە بۆخۆیان چارە نەكرا، داوایان لێبكە كەسێكی متمانە پێكراو بێننە نێو كیشەكەیانەوە بۆ دۆزینەوەی چارەسەر، بە پێشنیار و چارەخراوە ڕووەكانی قایل بن.

٣- گەر ئەمەش شكستی هێنا ئەوا بانگێشتی نوسینگەكەی خۆتیان بكە و بۆچوونی خۆتیان لەبارەی ئەم كێشەیەوە پێ بڵێ.

٤- باسی باشی ڕابردوویان بكە.

٥- كێشەكەیان بۆ ڕوونبكەرەوە لەوەی بەچی شێوەیەك كار لە ڕۆڵ نواندنەكانی دەستەی كاركردن و ئەنجامەكان دەكات.

٦- بەبێ پچڕان گوێیان لێبگرە. ئەوجا داویان لێبكە هەردوولایان ڕێز لەقسە و ڕەفتارەكانی یەكتر بگرن.

٧- داوایان لێبکە بەزووترین کات چارەسەرێکی باش بدۆزنەوە، ئەوجا بۆچوونی خۆتیان لەبارەوە بخەرە ڕوو.

٨- دەستی یارمەتییان بۆ درێژبکە و دڵنیابە لەوەی هەموان تێگەیشتوون و بە چارەسەرەکە قایلن و دڵنیابەرەوە لە قایل بوونیان. سوپاسی گوێڕایەڵ بوونیان بکە.

٩- لەنزیکەوە بەدواداچونیان بۆبکە" لەبارەی چارەبوونی کێشەکەوە.

٣٦-ڕەچەتەی كارا بۆ پەیوەندی سەركەوتوو:

((هەموومان كێبڕكێی یەكتردەكەین، ڕەگەڵ یەكتردا ڕەفتاردەكەین..گرنگ ئەوەیە چۆن ئەمە ئەنجام دەدەین و بەرئەنجامەكەشمان چی دەبێت))

فرجيناساتير

لێرەدا كاراترین و سەركەوتوترین ڕێگەت پێش دەست دەخەم بۆ بەدیهاتنی هۆگری ڕەگەڵ ئەوانی تر، لەگەڵ گەشەپێدانی پەیوەندیت دەگەڵ ئاڵۆزترین كەسانی خراپ خوو:

١-تێبینی/خۆگونجاندن/سەركردایەتی:

دەست بكە بە تێبینی كردنی ئەو زاراوانەی كەسی بەرامبەرت بەكاری دەهێنێت، جوڵەی لەشی و تۆنی دەنگی و زمان و ئامارژە تایبەتیەكانی لەقسەكردنیش یادبگرە و ئەوجا هەمان شت ئەنجام بدەرەوە و سیستمی خۆنواندنی ئەو بەكاربێنە، گەر تێبینیت كرد كەسێكی بینایی، بیستۆكەیی، هەستی...یە، دەبێت تۆیش وەكو ئەو ڕەفتار بكەیت. هەوڵبدە بۆماوەیەكی كەم ڕەگەڵیدا هاوقسە و بۆچوون بیت ئەوجا نەختە نەختە لەسەركردایەتی دایبگرە خواری و خۆت ببە بە سەركردە بۆبەدیهاتنی هۆگری تەواو لەنێوانتاندا" لەسەر ئاستی هۆشیاری.

٢-باش گرنگی پێدان و نەپچڕاندن:

هەرگیز ڕوویداوە كەسێك لەكاتی قسەبۆكردنیدا تۆ بپچڕێنێت" وەك تەواوكارێك بۆ قسەكانی تۆ؟ لەو كاتەدا هەستت بەچی كردووە؟ ڕەنگە بزانیت خواوەند یەك دەم و

دوو گوێی بۆ دروستکردوین بۆئەوەی هێندەی دەبیستین نیوەی بدوێین. بابلیلیۆس سیرس لەم چوارچێوەیەدا دەڵێت:" **کاتێك قسەدەکەم هەست بە پەشیمانی دەکەم، نەوەك کاتێك بێدەنگ بم**" ، هەروەها دەشڵێت:" **گەر بەکەسێکی کەمژەت ڕاگەیاند هیچ قسەنەکات ئەوا خەڵکی بە زانای دەبینن**" ، گوێگرتن گرنگییەکی زۆری هەیە" چونکە یارمەتیت دەدات بۆ تێگەیشتن لەکەسی بەرامبەر نەوەك تەنها ئەمە و بەس بەڵکو یارمەتیشت دەدات بۆ بەدیهاتنی هۆگریی. هەربۆیە پێویستت بە باش گوێگرتن و نەپچڕاندنی قسەی ئەوانی ترە، هەوڵبدە هانی ئەوانی تربدەی بۆ قسەکردن لەڕێگەی ئاراستەکردنی پرسیاری گشتی و کراوەوە و گرنگی بە تێبینی شتی ناپێویست مەدە، تەنها مەگەر بزانیت ئەمە زۆر پێویستە، دانتی دەڵێت:" **ئەوەی بەباشی گوێبگرێت دەتوانێت تێبینی پوخت بەرهەم بهێنێت**" .

٣-پێکەنین:



هەوڵی هێشتنەوەی زەردە خەنەی گەرمی سەر ڕووخسارت بدە" بۆئەوەی لایەنی بەرامبەر هەست بە ئاسودەیی و دڵنیایی بکات. پەندێکی چینیش هەیە دەڵێت:" **ئەوەی نەزانێت پێبکەنێت نابێت فرۆشگا دابنێت**"، بۆیە هەرچییەك ڕوویدا، زەردەخەنەت بپارێزە، دەزانم کارێکی ئاسان نییە بەڵام هەوڵێکی بۆبدە.

((وەها ڕەفتاربکە وەك ئەوەی دەتوانی، ئەوجا بەکردە دەتوانی))

ولیام جیمس

٤-گرنگی دان بە چاولەچاو خستن:

زۆر کــەس بەهەڵــە لــە چــاو خستنەناوچــاو تێگەیشتوون، هەندێك بە کارێکی نەشیاوی دەزانن کە چاو لەناوچاوی بەرمبەریان بخەن، بەوەی دەبێتەهۆی پەرێشانکردنی لایەنی بەرامبەر، لەکاتێکدا هەندێکی تـر بەکارێکی باشی دەبینن بەتایبەت گەر کەسی بەرامبـەر سەیری ناوچاوانی تۆی دەکرد، ئەمـەش ڕاستە، بـەلام گەر کەسی بەرامبـەر بەچاوانی یاری دەکـرد و هـەرجارە و لەجێگەیـەکی دەڕوانـی ئـەوا بەپێی یاسای تێڕامان دەبێت کە دەڵێن: لە چاوی سێیەمی بڕوانە، لە ناوەڕاستی تەوێڵی. بەڵێ ئەمەباشترینە بۆ دروستکردنی پەیوەندی و دواتریش هۆگری.

٥-چرتیشك خستنەسەر مەرامەکان:

گریمانەیـەك لـە بەرنامـەی زمانەوانیانـەی دەماریـدا هەیە دەڵێـت: هـەموو ڕەفتارێك مەبەستێکی ئـەرێیی لەپشتە، گـەر لـەدزێك بپرسـیت بۆچـی دزی کـردووە؟ ئـەوا ڕەنگـە وەلامەکـەی وەهابێـت: چـونکە ویسـتومە ئۆتۆمبێلێك بکڕم، گەشتێك ئـەنجام بـدەم، خانویـەکی باشتر بکڕم و بەختەوەربم.

تۆیش هاوڕای من نیت بەوەی هەرچی مرۆڤ دەیکات بۆ بەدیهاتنی بەختەوەرییە و نێتی ئـەو دەزەش کـارێکی بـاش بـووە، بـەلام ڕەفتارەکـانی و ئەوڕێگـەی بـۆ بـەدیهاتنی ئـەم بەختەوەرییە گرتویەتیەبەر هەڵەبووە و وەهای لێکردووە تەقلی بەندیخانەبێت.

لێرەدا پێویستە تیشك بخەیتەسەر نێت و مەرامی ئەوانی تر تەنانـەت گـەر لەگەڵیشـیدا نـاکۆك بیـت، یـاخود گـەر یـەکێك قسـەیەکی پـێ گـوتی نەکەویتـە داوی وشـەکانیەوە.

ئەلبێرت مۆربیان دەڵێت:" **وشەکان تەنها ٧٪ ی تێکڕای پەیوەندی کردن و مامەڵە پێك دەهێنن**".

٦-سۆزگۆڕین:

جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان سۆزگۆڕین و هاوسۆزی، سۆزگۆڕین مانای لە هەناوەوەیە، بەڵام هاوسۆزیی مانای لەدەرەوەوەیە. بۆیە کاتێك هاسۆزدەبیت ڕەچاوی سۆزی ئەوانی تر دەکەیت، بەڵام کاتێك لەدۆخی سۆزگۆڕیندا دەبیت ئەوا لە هەناوەوە کاری بۆدەکەیت و دەتوانیت بەکەسی بەرامبەر بڵێیت: من لەدۆخی تۆ تێدەگەم و ڕێزیشت دەگرم، هەروەها دەتوانی بڵێی: ڕەنگە هۆکارێکی مەزنت هەبێت کە پاڵت پێوەبنێت بۆئەوەی بەم شێوەیە ڕەفتاربکەیت.

٧-ڕوونکردنەوە:

بەزۆری خەڵکی پەنا بۆ بەکارهێنانی گشتاندن دەبەن کاتێك هەست بە تەنگەتاوی دەکەن، بۆنمونە دەیانبینیت وشەکانی وەکو: هەمیشە، هەرگیز، گشت بەکاردێنن. یاخود دەستەواژەگەلی وەکو: ئەوان هەمیشە وەهام لێدەکەن، هەموو کارمەندان بەهەمان شێوە بیردەکەنەوە...بەکاردێنن، بۆیە لەسەرتۆ پێویستە هانی کەسانی لەم جۆرە بدەی بە دیاریکراوتر بدوێن و گشتاندن بەکارنەهێنن. دەتوانی بە پرسیارکردنی: بەدیاری کراوی چی وەهات لێدەکات بەم شێوەیە هەست بکەیت؟ ئاراستەی دیاریکردنیان بکەیت و لە گشتاندنیان وەدووربخەیت، کاتێك زاراوەی بەتایبەت و بەدیاریکراوی بەکاردەهێنی ئەوکات دەتوانی زانیاری دیاری کراو و ورد بەدەست بێنی.

٨-دووبارە دارِشتنەوە:

دووبـارە دارِشــتنەوە مانــای دووبــارە وتنــەوەی دێڕەکــانی کەســی بەرامبــەرە، بــەڵام بەشێوازی تایبەتی خۆت و بەوشەکانی خـۆت، ئەمـەش یارمـەتیت دەکات بـۆ دڵنیـابوون لەوەی تۆ لەوە گەیشتووی گتویەتی، هەروەها ئەمە هەلێکیش بە لایەنی بەرامبـەر دەدات بۆئەوەی بەباشـی گـوێ بـۆ بیرۆکـەکانی خـۆی بگرێـت و دڵنیابێتـەوە لـەوەی دەیڵێـت و مەبەستیەتی، بۆنمونە: لەوەی دەیڵێیت من وەها تێدەگەم کـە تـۆ زۆر گرنگـی دەدەیت بە...ئەوجا بوەستە تاوەکو وەڵامت دەداتەوە.

٩-دابڕین!! :

کاتێك کارمەندێك کێشەیەکت بـۆ دەخاتـەڕوو دەبێـت کار بـۆ دابڕینـی بکـەیت. پرسـیاری ئـەوەی لێبکـە گـەر کێشەی تریش هەبێت لەگەڵ ئەم کێشـەیەدا بیخاتـەڕوو، دەشتوانی لەم کێشانەشی دابڕێنی بەوەی لێی بپرسیت: سەرباری ئەم کێشانە کێشەی ترهەن؟ گـەر وەڵامەکـەی بەڵێ بوو، ئەوا لە کێشەی تریش لێی بپرسە و گـەر وەڵامەکـە نـەخێربوو ئـەوکات هـەوڵی ڕووبەڕوو بوونەوەی کێشەکە و دۆزینەوەی چارەسەربدە.

١٠-داواکردنی چارەسەر:

کاتێك کارمەندێکت کێشەیەکت بۆدەخاتەڕوو پێویستە بـەدووی چارەسـەریدا بگـەڕێت، نابێت خـۆت ڕاسـتەوخۆ چارەسـەری ئامـادەی پێشـکەش بکـەیت" چـونکە ئەمـە وەهـای لێدەکات هەرکاتێك بچوکترین کێشەی توش بێت هانا بۆ چارەکانی تۆ بەرێت و پشت بـە تۆ دەبەستێ و خۆی لەبیردەکات و تۆیش توشی گرفت دەکات. لێی بپرسـە: ئایـا ئێسـتا دۆخەکە بە جیاوازتر لەپێشـوتر دەبینـی یـاخود بۆچـوونت چییە لـەبارەی چـارەکردنی کێشەکەتەوە؟

١١-درێژکردنی دەستی یارمەتی:

دەتوانی دەستی یارمەتی بۆ کارمەندانت درێژبکەیت، بۆئەوەی لەگۆشەی جیاوازەوە لەشت و دۆخەکان بڕوانێت، بۆنمونە: ڕەوچاوی ئەمەت کردووە؟ دەتەوێت ڕێگەیەکی ترت بۆ بخەمەڕوو؟

١٢-کۆتایی هێنان بە دۆخەکە و بەدواداچوون:

کاتێك کەسەکە بەدۆخ و هەڵوێستەکە قایل دەبێت پێویستە ڕێگەی پێبدەیت بۆ ئەنجامدانی ئەشتەرگەری چارەسەریی، دڵنیابە لەوەی کە تێی گەیشتووە و دواتر سوپاسی ئاراستەبکە.

نمونە:

بێژە: بهێڵە باوەکو دۆخەکەت بۆ کورتبڕ بکەم، ئەوجا بڵێ:" سوپاست دەکەم بۆئەوەی کە ئاگادارت کردمەوە"، ئینجا دەبێت ئەوەی لەسەری ڕێککەوتوون ئەنجامی بدەی، کاتێکیش بۆئەمە دیاری بکە، تێبینی مەودای کارلێکی ئەم کەسە ڕەگەڵ هەڵوێستەکانی لەداهاتوودابکە.

کاتێك بەهەموو ئەو زانیاریانە کاردەکەیت کەلەم بەشەدا وەرت گرتووە، دەبینی بەباشتر دەتوانی پەیوەندی بەوانی ترەوە بکەیت، لەم کاتەشدا تۆ هێمن تردەبیت، ئەبیتە خاوەنی هەڵبژاردنی فرەتر و بەژیرانەترەوە دەتوانی ڕووبەڕووی دۆخەکان بوەستیتەوە. د.جۆن گرندەر ی دامەزرێەری پرۆگرامسازیی زمانەوانیانەی دەمار دەڵێت:" **ئەو کەسەی خاوەنی توانای کشۆکییە دەبێتە خاوەنی پێگەی سەرکردایەتی**" .

بڕیاری دەستپێکردنی ئەمەبدە، بۆ بەدەست هێنانی سەرکەوتن...

کلیلی شەشەم

دیاری کردنی ئامانج..

ڕێگەیەك بەرەو بەختەوەری و سەرەنج ڕاکێشی



((لە نوکتەکانی ژیان ئەوەیە کە: گەر هاتوو تەنها بە باشترین قایلبی بەدەستی دێنی))

سومرست مۆم

٣٧-ئایا دەزانی تۆ بەرەو کوێوە دەڕۆیت؟

((جهان ڕێگەی فراوان دەکات بۆئەو کەسەی بزانێت بۆکوێ دەڕوات))

ڕالف و.ئیمرسۆن

ئالیس پرسی:" شیشەری پشیلە ، بەیارمەتیت دەتوانی پێم بڵێی دەتوانم بۆکوێ بڕۆم؟"، پشیلەکە وەڵامی دایەوە و گوتی:" ئەمە بەشێوەیەکی گشتی پەیوەستە بەوەی دەتەوێت بۆکوێ بڕۆی"، ئالیس گوتی:" ئەمە بۆمن زۆر گرنگە"، شیشەری پشیلە گوتی:" کەواتە گرنگ نییە بۆکوێ دەڕۆی".

لویس کارۆل لە سەرکێشیەکانی ئالیس لە نیشتمانی سەمەرەکاندا.

دیاریکردنی ئاراستەکانت یەکەمین هەنگاوە لەسەر ڕێگەت بۆ ئەوەی بگەیت بەو جێگەیەی دەتەوێت، کەواتە باوەکو پرسیارێکت لێبکەم: ئامانجت هەیە؟ ڕەنگە سەیرت بە پرسیارەکەی من بێت و بڵێی: بەڵێ ئامانجم هەیە. بەڵام لێرەدا ئەوەی من مەبەستمە ئەوەیە: ئایا بەرنامەیەکی دیاریکراوت هەیە بۆ دیاریکردنی ئامانجەکانت؟ ئامانجەکانت تۆمارکردووە و نوسیوتنەتەوە؟ کاتێکت دیاریکردووە بۆ بەدیهاتنی ئەو ئامانجانە و بەدیهاتنی؟

گەر وەڵامەکەت بەڵێ یە، ئەوا تۆ یەکێکی لەو ٣٪ی خەڵکی کە باشترینن.

گەر وەڵامەکەشت نەخێر بوو ئەوا بزانە کە تۆ لەنێو ٩٧٪ی کەسانی ئاسایی و بێ ئامانج و بێ وەرنامەی دیاریکراوی، ئەم قسانەش پشت بەستە بە توێژینەوەکانی زانکۆی هارفەرد. هەموو مرۆڤێك خەونێکی هەیە، ئامانج و ئەندێشەی تایبەت بەخۆی هەیە،

هەندێك كەس دەتوانن خەونەكانیان بگۆڕن بۆ كردە و هەندێكی تریش خەونەكانی تەنها لەمێشكیدا بۆخۆی دەیهێڵێتەوە و هیچ هەنگاوێك نانێت بۆ بەدیهاتنی و گەیشتن بە دۆخی ڕاستەقینەی خەونەكانی، ئەو كەسانەی دوێنێ ڕۆیشتوون بۆسەركار ئەمڕۆیش دەڕۆن" چون ژیان لای ئەوان ڕێگەیەكە بۆگەیشتن بە بەختەوەری. ئامانجی گەورەش كە ئەم كەسانە بەكاردەخات ئەوەیەكە:" چۆن بتوانم قەرزەكانم بدەم؟ ئەمڕۆ لەتەلەفزیۆن چی پیشان دەدرێت؟ ئێواریێ دەبێت چی بخۆین؟ " ، ئەمانە بڕوایان وەهایە كە سەركەوتن پەیوەستە بە بەختەوە و هەركەسێك سەركەوتنی مەزنی چنگ خستووە ئەوا كەسێكی بێ ئابڕووە ! ! ئەمانە بەدرێژایی ژیانیان لە لاڵانەوە و هەوڵدان بۆ ئەوەی ژەمەنانیان چنگ بخەن لەبری ئەوەی نەخشەیەكی ماوەدرێژ بۆ ژیانیان دانێن.

زاناكان توێژینەوەكیان لەسەر دوومشك ئەنجامدا و بۆماوەی دووهەفتە بەبرسێتی هێشتنیانەوە و دواتر خستنیانە نێو شوشەیەكی پێچداری خانەخانەیی و لەكۆتایی ڕێگەكەدا پارچە پەنیرێك دانرابوو.

كێبڕكێی نێوان ئەم دوومشكە بۆ گەیشتن بە پارچە پەنیرەكە دەستی پێكرد، كامێكیان ژیرتر و خێراتربێت ئەو دەتوانێت زووتر بە پەنیرەكە بگات. بێگومان خێراترین و ژیرترینیان توانی پارچە پەنیرەكە بەدەست بێنێت، ئەمەش بۆ مرۆڤ هەمان شتە.

مرۆڤەكانیش بەردەوام لە هەوڵ و تێكۆشاندان بۆ گەیشتن بە پارچە پەنیرەكە. وزە و توانا شاراوەكانیان بەكارناخەن، بەڵكو تەنها هەمان كاری ڕۆژانەی پێشووتریان ئەنجام دەدەن.

((كارمەندگەلێكم پێبدە لە كۆگادابن و ئامانجیان هەبێت منیش پیاوانێكت پێدەدەمەوە مێژوو دروستبكەن.. پیاوانی بێ ئامانجم بدەرێ منیش كارمەندی كۆگاكانت پێدەدەم))

ج.س.بینی

جارێکیان لە بەڕێوەبەرێکم پرسی: ((ئایا پێشتر مۆڵەتت وەرگرتووە؟))، گوتی:" ساڵی پار ڕۆیشتم بۆ مەکسیك، دوو هەفتەی خۆشم بەسەربرد"، لێم پرسی: ((چۆن پلانت داڕشتبوو بۆئەوەی بەم خۆشییەوە مۆڵەتەکەت بەسەر بەریت؟))، گوتی:" من و ژنەکەم شوێنێکی گونجاومان دیاریکرد و دواتریش پارەی پێویست، پەیوەندیمان بەسێ ڕێبەرکارەوە کرد بۆئەوەی نرخ و کرێ و چۆنێتیەکان بزانین، بێگومان گونجاوترینمان هەڵبژارد و ڕۆیشتین بۆ مەکسیك" . پێم گوت: ((ڕەنگە تۆ لەو کەسانەبیت کە نەخشە بۆهەموو شت دادەنێی))، پێکەنی و گوتی: ((بەڵێ، بەتایبەت لەکاتی مۆڵەت و پشوەکاندا. گرنگی بە هەموو وردەکاریەکان دەدەم بۆ دوورکەوتنەوە لە شتی لەناکاو))، ئەوجا لێم پرسی: ((کەتۆ لەکاتی پشوەکاندا گرنگی بەهەموو وردەکاریەکان دەدەیت، ئەی لە بارودۆخەکانی تری ژیانیش هەمان شت پێڕەو دەکەین؟))، ئەوجا وەڵامی دایەوە گوتی:" نەخێر" چونکە ئەمە کاتی زۆری دەوێت و منیش زۆر سەرقاڵم، ئەوجا من دەزانم چیم دەوێ و بۆکوێ دەڕۆم، هەمووشتێکم لەنێو مێشکمدا داکردووە". ئەم بەڕێوەبەرە گرنگی بە ڕێکخستنی پشوەکانی دەدات، بەڵام کاتێك شتەکە پەیوەست بێت بە هەموو ژیانیەووە ئەوا کاتی نابێت بۆ نەخشەدانان ! !

لەچاوپێکەوتنێکمدا ڕەگەڵ بەڕێوەبەرێکی گشتیدا لێم پرسی: گەر بەرنامە و نەخشەیەکت هەبێت بۆ دیاریکردنی ئامانجەکانت، ئەویش گوتی:" بەڕاستی بڕوام بەم شتانە نییە و بەکات بەفیڕۆدانی دەزانم. ئامادەی زۆر کۆڕ و کۆبوونەوە بووم لەبارەی ئامانجەوە و کتێبی زۆریشم خوێندۆتەوە لەبارەیەوە، هەوڵی جێبەجێکردنیم دا بەڵام سودێکی نەبوو". لێم پرسی:" بەبێ بوونی نەخشەڕێیەك دەتوانی دەست بەگەشت بکەیت؟" .

وەڵامی دایەوە و گوتی:" ئەوەی وەهابکات شێتە، بۆچی کاری وەهابکەم و خۆم بخەمە مەترسییەوە"، ئەوجا هەمدیس لێم پرسییەوە:" کەواتە لەم دۆخانەدا چی دەکەیت؟" .

گوتی:

یەکەم: من بۆکوێ بڕۆم دیاریدەکەم و دەشزانم بۆچی دەڕۆم، ئەوجا نەخشە ڕێگەیەك ئامادە دەکەم و هەموو زانیارییەکی پێویستیش لەبارەی مەودا و کات و پارەی پێویستەوە دەست نیشان دەکەم.

لێم پرسی:" چی ڕوودەدات گەر ئەم ڕێوشوێنانە نەگریتە بەر و خۆت ئامادە نەکەیت؟"، گوتی:" بێگومان ڕێگەکەم ون دەکەم، هەرچۆنێك بێت ئەمە هەرگیز ئەنجام نادەم و بەبێ نەخشەڕێ ناکەومەڕێ". ئەم کەسە ڕەتی گەشتکردن دەکاتەوە بەبێ خۆئامادەکردن و نەخشەیەکی دیاریکراوی ڕێگە. بەڵام گرنگی بەوە نادات کە نەخشە ڕێگە بۆ ژیانی دابنێت و بەخۆشی بژێت. بەڕێوەبەرانی لێهاتوو ئەوانەن کە نەخشە بۆ هەموو شت و ئەگەر و پێشهاتێك دادەنێن، نەخشەی بازارکاری، نەخشەی ستراتیژی، نەخشەی ڕاگەیاندنی و پارەدارکردن و فراوانکاری. ئەمانە هەمیشە کۆبونەوە ئەنجامدەدەن بەمەبەستی پێداچوونەوە بە نەخشەکانیان و دڵنیابوونەوە لەڕاستی ئەو ڕێگەیەی گرتویانە، هەروەها بەردەوامیش دەبن لە چاکسازیی کردن بۆ زامنکردنی سەرکەوتنی.

گەر هەر هەڵەیەك ڕوویدا، ئەوا ئاڵای سور بەرزدەکەنەوە و دەست دەکەن بەگەڕان و ڕاوێژکردن تاوەکو دەگەن بە خاڵی شکست و کێشەکانیان، ئەوجا دیسانەوە لە نەخشەکانیان دەڕواننەوە. گەر لە یەکێك لەم بەڕێوەبەرانە بپرسیت: دەتوانیت بەبێ دیاریکردنی بودجە و نەخشەی بابەتی کاربکات؟ دەبینی تۆ بەشێت دێتە پێش چاوی و بە تەواوەتی نەخشەی گەشتکردن دادەنێ، بەڵام گرنگی نادەن بەهیچ نەخشەیەکی ژیانیان.

٣٨-پێنج هۆکار وەها لە ٩٧٪ی خەڵکی دەکات ئامانجیان دیاری نەکەن:

((مرۆڤ بەبێ ئامانج وەکو کەشتی بێ سەوڵ وەهایە، هەردووکیان بە خۆکێشان بەبەردا کاریان تەواودەبێت))

تۆمارس کارلیل

پێنج هۆکارت بۆ پێش دەست دەخەم کە وەها لەزۆرینەی خەڵکی سەر زەوی دەکات نەخشە بۆ بەدیهاتنی ئامانجەکانیان دانەڕێژن:

١-ترس:

ترس سەرسەخترین دوژمنی مرۆڤە(ترس لە شکست، ترس لە نادیار،ترس لە ڕەتکردنەوە، ترس لەسەرکەوتنیش).

ترس بەهەموو جۆرەکانیەوە یەك ئاراستەی دەبێت ئەویش ئازارە-مرۆڤەکان ئامادەی ئەنجامدانی هەمووشتێکن بۆ دوورکەوتنەوە لە ئازار، زۆرینەی خۆیان لە توشبوون بەئازار بەدووردەگرن تەنانەت گەر ئەم ئازارە لەبەرژەوەندی خۆشیاندابێت، وەرە باوەکو پرسیارێکت لێبکەم:

بڕوات وەهایە منداڵێکی سێ ساڵان لەهیچ شتێك بترسێت؟ ڕەنگە بڵێی لەوانەیە، کەچی وەڵامەکە نەخێرە، تەنانەت گەر لەگەڵ ئەمەشدا ناکۆك بێت.

لەڕاستیدا منداڵەکە لەهیچ شتێك ناترسێت تەنها مەگەر بێئەزموێت بکات. منداڵ هەموو شتێك ئەنجام دەدات گەر یەکێك نەبێتە ڕێگری. دەست دەخاتە نێو ئاگر، لە لێژیدا باز دەدات.. هەموو شتێك ئەنجام دەدات بەڵام کاتێك کە گەورەدەبن و پێ دەگەن فێری ترسان دەکرێن.

ئەودەمەی پێ دەگەن ترسەکانیان ڕێگلایان دەبێت لە ئەنجامدانی هەرشتێك" چون دەترسن لە شکست. شکست بۆخۆی لە ڕابردوودا توشیان بووە و دەترسن دووبارە دووچاری ببنەوە، بۆیە فێربوونە بەبێ هیچ بەرنامەیەکی تایبەت بۆ دیاریکردنی ئامانجانیان بژین و بگوزەرێنن.

وەك زج. زیجلار دەڵێت :" **ترس بەڵگەیەکی دڕیینەیە بەڵام وەکو ڕاستی دیاردەبێت**"، هۆراسیش دەڵێت:" **ئەوەی بەترساوییەوە بژێت هەرگیز نابێتە مرۆڤێکی ئازاد**".

گەر فێرنەبین چۆن شکست بە ترسی هەناومان دێنین ئەوا ناتوانین لە گومان و ترس و ئەندێشەپوچەڵەکانمان خۆمان ڕزگاربکەین، وەك فرانکلین ڕۆفیلت دەڵێت:" **گومانی ئەمڕۆمان تاکە لەمپەرمانە بۆ گەیشتن بە سبەی**" .

٢-خۆ وادنان:

د.جۆیس براورز دەڵێت:" نواندنت نەشیاودەبێت گەر لەگەڵ شێوازی خۆ وێنەکردنتدا نەگونجێت". کاتێك مرۆڤ خۆی بە داڕووخاو دەبینێت، ئەمە کار لەسەر ڕووخسار و پەیوەندی و نواندنەکانی و تەنانەت شێوازی پێ ژیاویشی دەکات. کە لە دەورووپشت دەڕوانێت وەها هەست دەکات کە سەرکەوتن بۆ ئەوانی تر ئافرێندراوە و ئەم لێی بێبەشە. ئەم مرۆڤە لەم کاتەدا بەوشێوەیە دەبێت کە زج زیجلار دەڵێت:" **زۆرینەی پیاسەکار(بێزاری سەرلێ شێواو)ان بیرۆکەیەکی تێکدراویان هەیە لەبارەی ئەوەی دەیانەوێت**" .

بەڵام باشی ئەمە لەوەدایە ئەم چەشنە ڕەفتارانە وەرگیراون و دەتوانرێت بگۆڕێن. گەر مرۆڤ کاری نەکردەسەر وادانانە هەڵەکانی بەرامبەر بەخۆی ئەوا بە هەموو شتێك قایل دەبێت و پێی ڕازییە لەوەی لەداهاتوودا بەسەری دێت، هیچ دیاریکردنێکی ئامانجیشی بۆ

دیارناکەوێت و نایەوێت ئامانجەکانی بپێکێت. وەك د.لاری کیمسری دەڵێت: "**شکستی مەترسیدار ئەوەیە کە مرۆڤ لەهەوڵدان بوەستێت**"، وەك جۆن کەنەدیش دەڵێت: "**ئەوکاتەی ڕۆژێك تۆ بەخۆت دەڵێی کە دەبێتە پلە دوو. ئەوا لەژیانتدا ئەمەت لێ ڕوودەدات**".

٣-دواخستن:

ئیدوارد دۆینگ دەڵێت: "**دواخستن دزی کاتە**"، کاری ئەمڕۆ بخەیتە سبەی دەیخەیتە هەفتەی داهاتوو، هەفتەی داهاتوو بڕیاردەدەیت ئامانجەکانت دیاری بکەیت کەچی بیانووی زۆر دەهێنیتەوە و دەیخەیتە هەفتەی داهاتووتر، لەو کاتەشدا دەڵێی: کەشی ئەمڕۆ خۆشە و دەبێت لەدەرەوە بیگوزەرێنم و دواتر کار بۆ ئامانجەکانم دەکەن... لەمەبەستم تێدەگەیت؟ تۆ بڕوات وەهایە تەنها لەیەك ژیاندا دەژیت و پێویستت بە دیاریکردنی ئامانجە لەم ژیانەتدا، بەلام کەچی هیچ دەست پێشخارییەك ناوێنی بۆ دیاریکردنی ئامانجەکانت و کار بۆ بەدیهاتنی ناکەیت.

٤-بڕوا و باوەڕ:

زۆرکەس باوەڕیان بە بەهای دیاریکردنی ئامانجەکان نییە، بڕوایان وایە کات کوشتنە، ئەمانە بۆ پشتگیری قسەکانیان بیانووی زۆر دەهێننەوە و تەنانەت نمونەی زۆریش بۆ خەڵکی دەخەنەڕوو کەبەبێ دیاریکردنی ئامانج سەرکەوتووبوونە، هێشتاکەیش لەسەر لوتکەی سەرکەوتندان. لەونمونانەش: باسی کەسێکت بۆ دەکات کە تەمەنی ١٠٠ ساڵە و بەردەوام جگەرە دەکێشێت، بێگومان ئەمەش ڕاستە و

مەرج نییە ئەو ٩٧٪ ی مرۆڤایەتی کە ئامانجیان دیاری ناکەن شکست خواردووبن، بەلاّم زۆرینەی زۆریان هەمیشە توشی گرفتی زۆر و جۆراوجۆر دەبن. ولیام شکسپیر دەڵێت:" **شتێك بەناوی باش یان خراپ بوونی نییە، بەڵکو ئەوە بیرکردنەوەیە وەهای لێکردووە ئەم یان ئەو بێت**" .

شێوازی بیرکردنەوەت لە دیاریکردنی ئامانجت وەهات لێدەکات لەژیانتدا بەبێ ئامانج بژیت.

٥-زانیاری:

زانیاری هۆکارێکە وەها لەو ٩٧٪ ی دانیشتوانی سەرزەوی دەکات کە ئامانجەکانیان دانەرێژنەوە. مەبەستم ئەوەیە ئەم کەسانە حەزیان بە ئەنجامدانی شتەکانە، بەلاّم نازانن چۆنی بەدەست بێنن، ئەوجا هەنگاوی پێویست نانێن بۆ فێربوونی چۆنێتی بەدەستت هێنانی.

گوێم لە هاورێیەکم بوو چەندان جار پێی دەگوتم کە دەیەوێت ببێتە خۆنوێن(ئەکتەر)ێکی بەناوبانگ، کەچی نەم بینی هیچ هەنگاوێك بۆ بەدیهاتنی بنێت، ئەنجامەکەشی ئەوەبوو کە خەونەکەی بە خەونی مایەوە و بەدرێژایی ژیانی نەیتوانی بیکاتە راستینە.

ئەوکاتەی لێم پرسی کە بۆچی هیچ شتێك ناکەیت بۆئەوەی ببیتە خۆنوێن، لەوەمدا گوتی کە نازانم چۆن وەهابکەم. گەر نەزانی چۆن ئامانجەکانت دەست نیشان دەکەیت و چۆنی بەدی دەهێنی ئەوا تۆیش دەبیتە ئەندامی یانەی(نازانم چۆن). زج زجلار دەڵێت:" **ئەوانی تر دەتوانن بەماوەی کاتی تۆ بوەستێنن، بەلاّم ئەوە خۆتی کە دەتوانی بەشێوەیەکی بەردەوام خۆت بوەستێنی**".

لەم بەشەدا فێری هەموو ئەو هەنگاو و شتانە دەبیت کە پێویستە بۆ دیاریکردنی ئامانجەکانت و بەدیهێنانی ئەوەی شایەنیت... ملوانکەی زێڕین.

٣٩-پێنج سوودی پشت دیاریکردنی ئامانجەکان:

((ئامانج تەنها پێویست نییە بۆئەوەی هاندەرمان بێت، بەڵکو بنچینەی ڕاستەقینەیە بۆ هێشتنەوەمان لەژیان))

ڕۆبێرت شۆلر

١-هەڵسوڕاندنی خوود:

کاتێك خاوەنی بەرنامەیەکی ڕێکخراو و هاوسەنگ دەبیت بۆ دیاریکردنی ئامانجەکانت بەگشتی ئەوکات هەست بەوە دەکەیت پتر دەتوانی ژیانت هەڵبسوڕێنی جا هەرچییەکیشت لێ ڕوویدات.

ئەوە تۆی بڕیاری ئەوە دەدەیت کام ئاراستتە هەڵدەبژێری و کەی بەئامانجی خوازراوت دەگەیت، هەستکردن بە هەڵسوڕاندنی دۆخەکانت یارمەتیت دەکات بۆ زاڵبوون بەسەر لەمپەرەکانی پێشتدا و گەر سەرکێشیت ئەنجامبدەی بە توانا و خاوەن ڕێگەدەبیت. وەك والتر جاگهات دەڵێت:" **بەختەوەری گەورە لەژیاندا ئەوەیە کە ئەو شتانەی خەڵکانی تر دەڵێن ناتوانن تۆ بتوانی و ئەنجامی بدەی**" .

٢-متمانەبەخۆکردن:

کاتێك باشتر خۆت ڕادەگری و هەڵدەسوڕێنی، متمانەت بەخۆت پتر دەبێت، هەروەها پتر متمانە بە سەرکەوتنت دەکەیت و ئەرێیانەتر بیردەکەیتەوە و ئەنجامی مەزنتر چنگ دەخەیت، هەروەها وەهات لێدەکات باوەڕت وەهەبێت کە دەتوانی ئامانجەکان بە گشتی بکەیتەڕاستی و خەونەکانت بۆ ڕاستینە و کەتواری بگۆڕی.

٣-بەهای دەروون/خوود:

گەر ئامانجێكت پێكا، ئەوا پتر متمانە بەخۆت دەكەیت و هەستەكانت بەرامبەر بەخۆت باشتر دەبێت، هەروەها خاستر سیقە بە توانایی و لێهاتوییەكانت دەكەیت و كاتی زۆریش تێپەڕنابێت تاوەكو تێبینی گرنگتربوونی خودت دەكەیت.

كاتێك ئاستەنگێكی كاتیت دووچاردەبێتەوە، ئەوا كەڵك لەم ئەزمون و شارەزاییەت وەردەگریت و تواناداترتریش دەبیت بۆ ڕووبەڕوو وەستانەوەی ئەو دۆخانەی لەوانەیە لەداهاتوودا یەقەت بگرنەوە، بۆئەوەی لەم ڕێیەوە بتوانی ئامانجە بالاكانت بپێكی، هەروەها ئەمە هەستپێكردنت فراوانتردەكات و ئاوزیشت بەدانایی گۆشتن دەكات، وەك ئۆلیڤرندل هۆڵمز دەڵێت: **" ئاوەزی مرۆی گەر بە بیرۆكەیەكی نوێ فراوانتربوو هەرگیز بۆ ڕەهەندە بنچینەییەكانی ناگەڕێتەوە دواوە"** .

٤-جوان كات بەكارهێنان:

گەر كاتێك بۆ بەدی هاتنی ئەم ئامانجە دیاری بكەیت ئەوا باشتر و وردتركاردەكەیت و دەبیت بۆ بەدیهێنانی ئامانجەكانت، هەروەها تاوەكو ئارەزوەكانت گرگرتوتربن" بۆ بەدیهاتنی ئامانجەكەت ئەوا باشتر پابەندی بەدیهاتنی ئامانجەكانت دەبیت" لەسایەی كاتی دیاریكراودا. **((پێویستە ئامانجەكانت كاتی دیاریكراویان هەبێت، بەكاتی دیاریكراو دەتوانیت ئامانجەكانت بەدی بێنیت، بوونی كات و ئامانج وەكو ئەستێرە و ئاسمان وەهاتان و لەتەنیشتی یەكەوە كارا و یەكتر تەواوكارتر دەبن)).**

ئیبراهیم فەقی

٥-باشترکردنی دۆخی ژیانت:

گەر بەرنامەیەکی ڕێکخراو و هاوسەنگت هەبێت بۆ بەدیهاتنی ئامانجەکانت ئەوا بەچڕتر تیشك دەخەیتەسەر ئامانجەکانت، کە دەبێتەهۆی بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانت و هاندراوتردەبی و دەبیت بە خاوەنی وزەی باشتر و دۆخی خاستر و لەوەش گرنگتر ئەوەیە تۆ بەختەوەرتر دەبیت. فرانكلین ڕۆفلت دەڵێت:" **بەختەوەری لەچێژی ئەنجامدراوەکان و بەرهەمی کۆششی داهێنان کارانەوە سەرچاوە دەگرێت**".

٤٠- چواربەشەكەی دیاریكردنی ئامانج:

((گەر نەزانی بۆكوێ دەڕۆی ڕەنگە لەناوچەیەكی تر كۆتایی بەگەشتەكەت بێت))
دایڤدكامبڵ

ژیانی هاوسەنگ لە ٤ بەشی سەرەكی پێكدێت و گەر یەكێكیان توشی گرفتاری بێت ئەوا هەموو بەشەكانی تری دووچاردەبن، لە كتێبی ((چێژی دڵەڕاوكێ)) د.بیترھ.هانسۆن دەڵێت: **" سەركەوتن مانای خەباتكردنە بۆ بەدیهێنانی پلەی بالا لەهەر چوار بەشەكەی ئامانجدا، گەر شكست توشی هەر یەكێك لەم بەشانەبێت ئەوا بێگومان كار لەتەمەنت دەكات"** .

ئێستایش باوەكو تاوتوێی چواربەشەكەی دیاریكردنی ئامانج بكەین:

١-بەشی كەسێتی:

لەنێو ئەم بەشەدا شت گەلێكی وەكو پەیوەندی، خێزان،هاوسەرگیری، پشوەكان، هاوڕێیەتی، ئۆتۆمبێلی نوێ، گەشت و سەیران.. هتد هەن.

٢-بەشی پیشەیی:

لەنێویدا نواندن و پلەبەرزكردنەوە و بەدەستهێنانی ڕێزی هاوڕێیانت و فێربوونی بەهرەی نوێ هەن، مەبەست لێی بەدەست هێنانی كارێكی نوێ و گۆڕانی پیشەكەت و زیادتر فێربوونتە.

٣-بەشی دارایی:

لێرەدا جێگیری داراییت، نەخشەی خانەنشینی، وەبەرهێنانەکانت، کڕینی کۆمپانیای نوێ..هتد دەبینین.

بەشی تەندروستی:

لەم بەشەدا تەندروستی لەش، شێوازی ژیان و مەشقە وەرزشیەکان و سیستمی خۆراکی و توانا بۆ ڕەفتارکردن و دڵەڕاوکێ و تەندروستی هزریش دەگرێتەوە.

وەرە باوەکو نمونەیەکت بۆ بخەمەڕوو بۆئەوەی ڕوونتر تێبگەیت: ئەلڤێس بریسلی خاوەنی توانایەکی زۆری هونەری و ناوبانگ باشی و کەشخەیی و پارەداریش بوو، دەیتوانی چی لەژیاندا بویستایە چنگی بخات، بەپێی پێوەرە گشتیەکان دەبوو کەسێکی بەختەوەربایە، سەرباری ئەم هەموو تایبەتمەندییە باشیەی کە تێیدابوو، کە خاوەنی تەندروستییەکی زۆریش باش بوو، بەڵام بەشی کەسێتی و تایبەتی ژیانی بەخراپ کاری لێی کردبوو، بۆیە ژیانی تاڵ ببوو، ئەنجامەکەشی وەك دەبیینی ئەوەبوو کە ئەلڤێس لەنێوانماندا نەماوە! هەمان شتیش بەسەر مارلین مۆنرۆ و دالیدای ئەستێرەی گۆرانی ئەوروپا و زۆری تریشدا هاتوون، بەتێکچوونی بەشێك لەم بەشانە ژیان لە ترۆپکی خۆشییەوە بۆ بنکی ناخۆشی تاڵی وەردەچەرخێت.

بۆنمونە: کەسێك لەسەر کورسیەکی سێ پێ دانیشتووە ، کە پێی چوارەمی شکاوە، بۆیە هەرچەندە خۆی بە هاوسەنگ ڕابگرێت هەر دەبێت ڕۆژێك بێت و بە زەویدا بکەوێت.

((ئەو ئاراستەیەی لەگەڵ فێربونتدا دەست پێدەکات داهاتووت دیاری دەکات))

ئەفلاتون

بۆئەوەی بەختەوەربیت پێویستە دڵنیابیت لەوەی هەر چواربەشەکەی ژیانت هاوسەنگن. ڕەنگە بپرسی چۆن دەتوانم ئەم هاوسەنگییە بەدیبهێنم؟ وەڵامەکە بەم شێوەیە دەبێت:

١-تێبینی بکە و چاودێریش بە:

بۆخۆمان زۆرجار بەشێوەیەکی ئامێرکردە(ئالی) و بێ هەستکردن دەجولێینەوە و تیبینی ئەنجامدراوەکانمان ناکەین.

وەرە باوەکو پرسیارێکت ئاراستە بکەم: ئایا ڕوویداوە کلیلەکانت لەجێگەیەك دانێی و دواتر لەبیرت کردبێت لەکوێت داناوە؟ ئەمەیە پێی دەگوترێت نائامادەیی ئاوەز، وەك هاری بوراین دەڵێت. لەکاتێکدا تۆ لەهەموو کون و قوژبنێکی ماڵەکەتدا دەگەڕێیت لەناکاو بیرت دەکەوێتەوە کە کلیلەکەت لە چێشتخانەکە داناوە، کاتێك دەڕۆیتە چێشتخانەکە و دەبینی کلیلەکەت دیارنییە، ئەوکاتیش ژنەکەت لێت دەپرسێت کە بەدووی چیدا دەگەڕێی؟ تۆیش بەدەم هەڵچوونەوە دەڵێی: کلیلەکەم لێرە دانابوو، بەڵام دیارنەماوە، لەوانەیە یەکێك بردبێتی. ئەوجا ژنەکەت دەست دەکات بە گەڕان بەدووی کلیلەکەدا و دواتر دەیدۆزێتەوە. ئایا هەرگیز دۆخی وەهات لێ بەسەر نەهاتووە؟ ئەی ئەگەر هەمان شت لەکاتی کاردا لێت ڕوویدا و دۆسیە و ڕاپۆرتێکت ون بوو، چی دەکەیت؟ پزیشکانی دەروونی بەم دۆخە دەڵێن:" Seatoma"، نمونەی ئەمەش بینینی کلیلەکەیە لە ئاوەزی ناهۆشیارتدا، بەڵام خۆت لەناکاو بڕوا بەخۆت دەهێنی بەوەی نایدۆزیتەوە، ئەمەش لە ئاوەزی هەناوتدا وێنە دەکێشرێت، بۆیە ناتوانی کلیلەکە ببینی سەرباری ئەوەی لەپێشتدایە. هەموو ئەمانە ڕوویاندا تەنها لەبەرئەوەی گرنگیت بەو شوێنە نەداوە کە ئەو کلیل یان دۆسیانەت تێیدا داناوە.

ئێمەی مرۆڤ بە چوار قۆناغدا تێدەپەڕین" بۆئەوەی فێربین:

(١) کەمتوانایی ناهۆشیاری:

لەم ئاستەدا دەبینی ئاوەزی هەناویت نازانێت چۆن کارێکی دیاریکراو ئەنجامبدات. سەبارەت بە ئاوەزی هەناویت ئەم ئەزمونە بوونێکی نییە.

(٢) کەمتوانایی هۆشیاری:

لەم قۆناغەدا هەست بە بوونی هەوڵێك دەکەیت بۆ فێربوونی چۆنێتی ئەنجامدانی ، بەڵام بەهۆی نەبوونی ئەزموونی پێشترەوە، ئەوا هەوڵەکانت بۆ چۆنێتی فێربوون بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە لە برەودا دەبێت.

(٣) توانایی هۆشیاری:

لەم ئاستەدا ، فێری چۆنێتی ئەنجامدانی ئەم کارە دەبیت، دەتوانی بەئاسانی ئەنجامی بدەی، جار ناجارێکیش ئەنجامی دەدەی، بەڵام دەشزانیت بەرەو شوێنێکت ئاراستەدەکات و تاوەکو بەردەوامبیت لەدووبارە ئەنجام دانەوەی ئەوەندەی تر توانایی و لێهاتوویت پتر دەبێت.

(٤) توانایی ناهۆشیاری:

لەم ئاستەدا ئاوەزی هۆشیارت تواناداره، وەرنامەکان لە داتاگەی یادگەی ماوە درێژتدا داکراون، ئەمەش وەهات لێدەکات بێ هۆش و ئاگاداریش بتوانی هەمان کار ئەنجام بدەیتەوە. باوەکو نمونەیەك وەربگرین: بۆنمونە لێخوڕینی ئۆتۆمبێل. ئەوکاتەی دەستت داوەتە لێخوڕینی ئۆتۆمبێل نەت زانیوە چۆنی لێ بخوڕیت، بەڵام ئێستا بەبێ بیرکردنەوەش دەتوانی لێی بخوڕی و هەموو هەنگاوە پێویستەکانی ئەمە بە شێوەیەکی خۆکردە ئەنجام دەدەیت.

زۆر شت هەن لەژیاندا لەدەستمان دەردەچێت" چونکە گرنگی بە تێبینی کردنی بوونی نادەین. کاری قورس بەدرێژایی ڕۆژ وەهات لێدەکات گرنکی بە تەندروستیت نەدەیت و پەیوەندیت بە ژن و منداڵەکانتەوە لاواز دەکات، بەڵام پێویستە بزانی کە نابێت هیچ کام بەشێکی چوار بەشەکەی ئامانج لەسەر هساپی ئەو بەشەکانی تر برەوپێبدەی، ئەگینا

ئەوەی دەستت دەکەوێت ئەوەیە هیچت دەست ناکەوێت، یاخود ئەوەی بەدەستی دەهێنی کەمتردەبێت لەوەی لەدەستی دەدەیت.

((مرۆڤی بەختەوەر ئەویە کە هۆکاری شتەکان دەزانێت))

ڤێرجیل

٢-ئەم پرسیارانە ئاراستەی خۆت بکە:

وەك چۆن پرسیار لەخۆت دەکەیت لەبارەی نەخشەی بازارکردنەوە، دەبێت بەهەمان شێوە پرسیار لەبارەی کەسێتیتەوە لەخۆت بکەیت، بەم شێوەیە:

(أ) ئێستا من لەکوێم؟

گەر لەهەموو شتێکدا باش بویت جگە لە پەیوەندییەکانت، تەندروستی یان پیشەت یاخود لەڕووی دۆخی دارایتەوە، ئەوا هەوڵی تێبینی کردنی ئەم دۆخەت بدە و دواتر بەرەو قۆناغی ب هەنگاو بنێ.

(ب) چیم دەوێت؟

کاتێك وەڵامی ئەم پرسیارە دەدەیتەوە ئەوا دەستت داوەتە هەنگاونان بۆ بەدیهێنانی چارەسەری گونجاو و لەئێستادا لە ڕێگەدا دەبیت بۆ بەدیهێنانی هاوسەنگی لەنێوان هەر چوار بەشەکەی ژیانت، ڕەنگە وەڵامەکەت: دەمەوێت لەڕووی تەندروستییەوە باشتربم ، یاخود دەمەوێت پەیوەندیم ڕەگەڵ ژنەکەم یان منداڵەکان یان سەرکارەکەمدا خاستربێت و باشتریش ڕەگەڵ کارمەندانمدا هەڵسوکەوت بکەم، یاخود دەمەوێت پارەی زۆر چنگ بخەم، ئۆتۆمبێل بکڕم، یاخود هەر ئیشێکی نوێتر بدۆزمەوە، کاتێك ئەم پرسیارە لەخۆت دەکەیت ئەوا هەنگاو بەرەو قۆناغی ت دەنێیت.

(ت) کەی ئەمەم دەوێت؟

ئێستایش چڕپڕکردنەوەکانت ئاراستەی کەی یان کات کراون، ڕەنگە بڵێی: هەرئێستا یان هەفتەی داهاتوو، یاخود لەماوەی یەك مانگدا، لێرەدا گرنگ ئەوەنییە چەندە کاتی بۆ دادەنێی گرنگ ئاراستە وەرگرتنە بەرەو ڕێگەی ڕاست، ئەمەش وهات لێدەکات باشتر پێش بکەویت و بگەیتە دوورترین خاڵی دەست پێ نەگەیشتوو.

ئەم پرسیارانەش ئاراستەی خۆت بکە:

(پ) چۆن دەتوانم بگەم بەو جێگەیە؟

ئێستایش بیر لەو ئامراز و ڕێوشوێنانە بکەرەوە کە بەهۆیەوە دەتوانی بە ئامانجەکەت بگەیت، ڕەنگە بڵێی: پێویستم بە وەرگرتنی خولێکی وتاربێژییە، یاخود لەبارەی چۆنێتی بەستن و بەڕێوەبردنی کۆڕگەلی سەرکەوتوو. ڕەنگە ژنەکەت بۆ گەشتێك بەریت، یان سەرۆك کارەکەت بانگێشتی نان خواردنی ئێواریێ بکەیت بۆ باشتربوونی پەیوەندیەکانت، ڕەنگە لەیانەیەکی تەندروستیدا بەشداربیت و هەفتەی سێ جار مەشق ئەنجام بدەی، گرنگ نییە چی دەکەیت، گرنگ ئەوەیە لەسەر ڕێگەی ڕاست بیت. ئەوەی پێویستت پێی ماوە بۆ بەدیهاتنی ئامانجەکەت ئەوەیە کە پرسیاری (ج) ئاراستەی خۆت بکەیت.

(ج) ئێستا چی دەکەم بۆ بەدیهێنانی ئەوەی دەمەوێت؟

کاتێك ئەم پرسیارە ئاراستەی خۆت دەکەیت ئامادە دەبیت بۆ دەستکردن بەکار بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکەت، بۆیە هەرئێستا پەیوەندییەکی دوروبێژی ئەنجامبدە بۆ بانگێشتکردنی سەرکارەکەت یاخود شوێنگرتن بۆ گەشتەکەت کە دەتەوێت دەگەڵ ژنەکەتدا بەسەری بەریت، یاخود گەرەکتە ببیتە ئەندامی یانەیەکی تەندروستی هەرئێستا پەیوەندییان پێوەبکە، **دیاری کردنی ئامانج زۆر گرنگە بەدیهێنانی گرنگترە.**

ئەمڕۆ دەست پێبکە، تێبینی بکە و ببینە و ژیانت بنەزمووە. وەك ئەفلاتۆن دەڵێت:" **ئەو ژیانەی نەت ئەزموانەوە شایەنی ئەوەنییە تێیدا بژیت**" . ئەو پرسیارە بەهێزە لەخۆتبکە و دواتر هەنگاو لەبۆ جێبەجێکردنی بنێ و لەپشتەوەی خۆت مەڕوانە و کاتێك ئەمانە ئەنجام دەدەیت دەبینی ڕۆیشتویتەتە نێو ڕیزی سەرکەوتووترین کەسانی جهانەوە، خەلاتەکەت ژیانێکی هاوسەنگ و پڕلە خۆشی و تەواوکراو دەبێت. کۆنفۆشیۆس دەڵێت:" **بەسروشت مرۆڤەکان وەکی یەکن، بەلام بە ئەنجامدان جیاوازی گەورە دەکەوێتە نێوانیانەوە**".

٤١-سێ شێوەکەی ئامانج :

((هیچ شتێکی مەزن بەبێ کەسی مەزن بەدینایات، کەسانیش مەزن دەبن کەی ویستیان بەڕاستی مەزن بن))

شارل دی گۆل

کاتێك دەست دەکەیت بە وەرنامە داڕشتن لەبارەی جێبەجێکردنی ئامانجەکانتەوە ئەوا پێویستە جیاوازی نێوان ئامانجە کاتی و بەردەوامەکانت بکەیت. ئامانجی کاتی وەکو هەوڵدان بۆ کەمکردنی پێنج کیلۆ لە گۆشتی لەش یاخود هەوڵدان بۆ چنگ خستنی ئیشێکە و بە دەستکەوتنی کۆتایی پێدێت، بەڵام ئامانجی بەردەوام وەکو ڕێکخستنی سیستمی ژیان یان پلاندانان بۆ دهاتووی پیشەییت یاخود دامەزراندی پەیوەندییەکی هەمیشەییە ئەمە کۆتایی نایات، بۆیە وریابە و پێویستە ئامانجەکانت بەو شێوەیەبن کە بەدەستکەوتنی کۆتایی نەیات و هەمیشە پلانی ماوەدرێژ دابڕێژە.

سێ شێوە سەرەکیەکەی ئامانج:

١-ئامانجی ماوە کورت:

ئەم ئامانجە بەزۆری ماوەیەکی کەم دەخایەنێت لە ١٥ خولەکەوە دەست پێدەکات تاوەکو ساڵێك دەگرێتەوە. ئەم جۆرە ئامانجانە وەکو ئەوەیە کە: لە کۆبونەوەکاندا چی دەکەیت یاخود لەبارەی پرۆژەیەکەوە چی دەڵێی، یان ڕاپۆرتێکی گشتی چۆن بنوسی، خولێکی مەشقەوانی بتەوێت ئامادەی بیت، پشوویەك گەشتی تێدابکەی، بڕێك پارەی دیاریکراو بتەوێت بەدەستی بهێنیت...

ئەم جۆرە ئامانجە ماوە كورتانە بۆتـۆ زۆر نـاوازەن لـەبۆ ڕاهـاتن بـەرەو ديـاريكردنى ئامانجە مەزنەكانت.

2-ئامانجى ماوە ناوەندى:

ئەم جۆرە ئامانجە ماوەى يەك ساڵ بۆ پێـنج سـاڵ دەخايـەنێت. لـەم ماوەيـەدا هـەوڵ دەدەيت كە بڕوانامەيەك بەدەست بێنـى، يـان پلەيـەكى زانسـتى، يـاخود هـەنگاو بـەرەو باشتركردنى دۆخى پيشەييت بنێى، ئەو ئۆتۆمبێلەى هەتـە بيگۆڕيت..ئامـانجى تـرى لـەم شێوەيە. ئەم جۆرە ئامانجە ماوە ناوەنديانە هۆكارێكن بۆ بـەردەوامى دان بـە ئامانجـە ماوە كورتەكان و هەنگاونان بۆ بەديهاتنى ئامانجى ماوە درێژ.

٣-ئامانجى ماوەدرێژ:

ئەم ئامانجە لـە ٢٥ سـاڵى داهـاتوودا بەردەسـت دەبێـت و چـنگ دەخرێـت. ئامـانجى ڕێكخستن و نەخشەڕێژكردنى تەواوى ژيانتە، بۆنمونە: ديارى كردنـى ئـەو شـوێنەى تێيـدا دەژيت، پەيوەنديت ڕەگەڵ ژن يان خێزانەكەتدا.

ئێستايش باسى چۆنێتى بەكارهێنانى ئەم ئامانجانەت بۆ دەكـەم لەلايـەن خۆمـەوە، تاوەكو گەيشتم بە پلەى بەڕێوەبەرى گشتى:

ئامانجى ماوەكورت:

- لەسـەرەتاوە لـە ئـوتێلێكى پێـنج ئەسـتێرەيى بـە قـاپ و دەفـر شـشـتن دەسـتم پێكرد.
- دەستم دايە خوێندن لەبارەى ئوتێلكاريەوە، ئەوجا پاشـى يـەك سـاڵ لـە كيوبـك بووم بەخاوەنى بڕوانامەيەك.

ئامانجی ماوە ناوەندی:

- ئامانجم بوو کە ببم بە بەڕێوەبەری بەشێك، بووم بە بەڕێوەبەری بەشی خۆراك و خواردنەوەی ژوورەکان.
- ئامانجم چنگ خستنی دبلۆم بوو لەبارەی ئوتێلەکانەوە چنگم خست.
- بڕوانامەی دبلۆم لەبارەی ڕەفتاری مرۆڤەوە بەدەست بێنم، بەدەستم هێنا.
- بە ئینگلیزی و فەڕەنسی بە پاراوی قسەبکەم، ئەمەش فێربووم.

ئامانجی ماوە درێژ:

- ئامانجم بوو ببم بە بەڕێوەبەری گشتی ئوتێلێك.. لەساڵی ۱۹۸۷ دا بووم.
- سێ پۆست لە کارگێڕی ئوتێلێکدا بەدەست بێنم، دەستم خست.
- بەناوبانگ و ناسراوبم، بەخاوەنی خەلاتی زنیاری بم..لەساڵی ۱۹۸۷ دا بووم بە خاوەنی بڕوانامەی باشترین خوێندکاری توێژینەوەی ماڵەوەیی لە دامەزراوەی ئەمەریکی بۆ ئوتێلکاری.

بەردەوامبووم لەسەر توێژینەوە و خوێندن و لەڕووی کارگێڕیشەوە پلەم بالاتر دەبوو، تاوەکو بڕیارمدا کە کۆمپانیایەکی تایبەت بەخۆم دابنێم و سەرلەنوێ دەست پێبکەم، ئێستایش خاوەنی زانیاری و ڕێز و پلە و شارەزاییەکی زۆرباشم و دەتوانم لە ڕاستینەی خەونەکانمدا بژیم، سەرباری ئەوەی هەموو ڕۆژێك ئاستەنگە گرەوی خۆی پێبووە بۆمن ، بەلام من گوێم لێ نەداون و بەدووی چارەیدا گەڕاوم. ئامانجەکان بەدی نایەن مەگەر هەوڵی تەواوی بۆ بدەیت و ئاوای کۆڵدان نەزانیت و ڕووخان و نەتوانینیش لەبیر بکەی.

واشەنتۆن ئێرڤینگ دەڵێت:" **ئاوەزی مەزن ئامانجی هەیە، بەلام ئەوانی تر ئاواتیان هەیە)).** ئامانجت دەست نیشان بکە، نەخشەی بۆ دارێژە و مەهێڵە بە فیڕۆ بڕوات.

وینستۆن چرچڵ دەڵێت:" **هەرگیز خۆت بەدەستەوە مەدە، هەرگیز، نەکەیت خۆت بەدەستەوەبدەیت هەرگیز".**

٤٢-چۆن ئامانجەکانت دەست نیشان دەکەیت-سیازدە بنەما:

((بۆئەوەی بەختەوەری چنگ بخەین پێویستە دڵنیابینەوە لە بوونی ئامانجی مەزن))
ئێرل نیتنگال

١-بزانە چیت دەوێت:

دۆگلاس لۆرتم دەڵێت:" **کاتێك دیاری دەکەیت چیت دەوێت ئەوکات تۆ گرنگترین بڕیارتداوە لە ژیانتدا**"، لەپێشی هەر هەنگاونانێکدا دەبێت بزانیت چیت دەوێت" چونکە ئەمە گرنگترین ئەنگاوە بۆ بۆبەدیهاتنی ئامانجەکەت. هەموو مرۆڤێکی سەرکەوتوو لەسەرەتادا خەونی بینیوە، ئەوجا خەونەکانی دەخاتە بواری جێبەجێکردنەوە. کەواتە خەونی تۆ چییە؟ دەتەوێت چی بیت؟ دەتەوێت لەژیانتدا زۆرتر لەهەموو شتێك چی ئەنجامبدەی و بەدی بهێنیت؟ دەتەوێت پەیوەندی باشتر دابەستی؟ هاوسەرگیری باشتر، یان دەتەوێت کارێکی تایبەتی ئەنجامبدەی؟ گرنگ نییە چیت دەوێت، گرنگ ئەوەیە بزانیت و ڕەفتاربکەیت لەسەر ئەو بنەمایەی چیت دەوێت؟ وەك بنیس واتلی لە: کتێبەکەی((چێژی کار))دا دەڵێت:" **بۆئەوەی بگەیەیت بەشوێنێك پێویستە لەسەرەتاوە بزانیت تۆ بۆ کوێ دەڕۆی**".

٢-دەبێت ئامانجەکەت ڕاستەقینە و ڕوون و دیاری کراوبێت:

چیرۆکی ئەو پیاوەت لەبیرە کەلە پێشی ئاگردانێك دانیشت و بە ئاگردانەکەی دەگووت: گەرمیم پێ ببەخشە کۆترەدارت پێ دەبەخشم. سەرباری ئەوەی زۆر وەستا بەلاّم هیچ گەرمییەکی چنگ نەکەوت، هەرچەندە ئامانجەکەی دەستکەوتنی گەرمی بوو،

کەچی لەبیری کردبوو پێویستە لەسەرەتادا ببەخشێت ئەوجا وەربگرێت، واتا ئامانجەکەی کەتواریانە نەبوو، بۆیە گرنگ نییە ئامانجت چییە پێویستە ڕوون و دیاریکراو و کەتواریانەبێت.

٣-ئارەزووی بەهێز:

جارێکیان گەنجێك لەبارەی نهێنیەکانی سەرکەوتنەوە لە دانایەکی پرسی، ئەویش قاپێکی پڕ لەئاوی ساردی هێنا و ئەوجا داوای لە گەنجەکەکرد لە ئاوەکە بڕوانێت لەکاتێکدا گەنجەکە لەئاوەکەی دەڕوانی داناکە سەری گەنجەکەی گرت و کردی بەنێو قاپەئاوەکەدا، لەسەرەتاوە گەنجەکە هیچ بەرگری نەنواندن، بەلاّم دواتر دەستی دایە قورلەفرتکێ و کاتێك گەیشتە کەناری خنکان پاڵێکی بە داناکەوە نا و خۆی لێی ڕزگارکرد و دواتر بەسەریدا هاواری کرد و گووتی:

((ئەوەچیتە بۆچی وەهام لێدەکەی، دەتەوێت بم کوژیت؟)) .

داناکە بە پێکەنینەوە وەلاّمی دایەوە و گوتی: ((لەمەوە چی فێربوویت؟))، گەنجەکەش گوتی: ((هیچ شتێك)).

داناکە گوتی : ((بێگومانم لەوەی شتێك هەر فێربوویت، لەچەند چرکەی سەرەتادا ویستت سەرکەوتووبیت لە خۆ لێ ڕزگارکردنم، بەلاّم هاندەرت بەهێز نەبوو بۆ ئەم کارەت، بۆیە کاتێك وەخت بوو بخنکێیت پاڵنەری ڕاستەقینە و مەزنت لادروست بوو و هەموو هێز و هونەری خۆتت بەکارهێنا بەمەبەستی خۆڕزگارکردن. کوڕم لەمەوە فێربە کە نهێنی سەرکەوتن جوڵانی ئارەزووی گڕگرتووە بۆ بەدیهێنانی سەرکەوتن)) .

دەبێت بزانیت چیت دەوێت و ئامانجەکانیشت باوەکو بەهادارین و هیچ کەسێك-تەنانەت خۆیشت-نەتوانێ ببێتە ڕێگرت لە بەدیهێنانی .

٤-وادانان و ئەندێشەکردن:

کاتێك بیرۆکەی ئەوەت لەلادا دەستەبەردەبێت کە چیت دەوێت و ئارەزووی گرگروت لەلادا هەست پێکراوە ئەوا پێویستت بەوەیە بیرۆکەکانت بەرەو ئاوەزی هەناویت ئاراستە بکەیت. وادانان هەڵقەی پەیوەندی نێوان ئاوەزی هۆشیار و ئاوەزی هەناوییە. ئالبێرت ئینشتاین دەڵێت:" **ئەندێشەکردن لە زانین گرنگترە**"، جۆرج بێرنارد شۆیش دەڵێت:" **ئەندێشەکردن هەنگاوی یەکەمە بەرەو داهێنان**". بۆیە بە وشیارییەوە ئامانجەکانت ئەندێشەبکە و باوەکو هەمیشە لەپێش چاوانت بن و بیکە بەڕاستی ڕوون، تاوەکو بتوانی ئامانجەکانت بە ڕوونتر ببینی و خۆت ببینیتەوە لەوەی ئامانجەکەت بەدیهێناوە ئامانجەکانت بەرەو ئاستێکی قوڵتر لە ئاوەزی هەناوتدا ئاراستەدەبن و بەهێزتریش دەبن.

زانستی پشت سروست پێداگیری لەسەر ئەوەدەکات کە: ئاوەز وەکو موگناتیسە، کاتێك خۆت وەها دەبینیت کە ئامانجەکانت بەدی دەهێنیت ئەوا خەڵکی بۆخۆت کێش دەکەیت، دۆخ و هەلۆیستەکانیشت بەشێوەیەك دەبێت وەك ئەوەی ئامانجەکانت بەدی هاتبن و یارمەتیت دەدەن بۆ بەدیهاتنی. وریابە و بەباشی ئامانجەکانت لە ئەندێشەتدا ببینەوە بۆئەوەی بەڕاستی ببێتە بەشێك لەو کەتواریەی ژیانت.

٥-بڕیار:

باوەکو وەهای دابنێین کەتۆ دەزانیت چیت دەوێت و متمانەت بەخۆتە کە ئامانجەکەت ڕوون و دیاریکراو و کەتواریانە و بەهادارە، هەروەها ئارەزوویەکی مەزنت هەیە بۆ بەدیهاتنی، دەتەوێت وەها خۆت ببینیتەوە کە تۆ بەڕاستی بەدیت هێناوە، ئێستایش

کاتی ئەوە هاتووە کە بڕیارێکی هۆشمەندانە بدەی و جاڕی ئەوەبدەی کە تۆ هەوڵی بەدهاتنی دەدەیت. لەبارەی خۆشویستنی ئامانجەکانتەوە ئاگاداری دەوروبەرت بکەرەوە و لەبارەیەوە بۆیان بدوێ، دەبینی ئەوانیش بەپێی توانای خۆیان دەستی یارمەتیت بۆ درێژ دەکەن، لەبیرت بێت بڕیاردانت لەبارەی ئامانجەکانتەوە دیاری کردنی شێوازی چارەنوستە، ئەو ساتەی بە وشیارانەوە بڕیاری لێ دەدەی ئەوکات ڕێگەت بەرەو بەدیهاتنی ئامانجت دروست دەکەیت.

٦-دەبێت ئامانجەکەت بنوسیتەوە:

لی ئایا کوکا دەڵێت:" **نوسینەوەی ئامانجەکانت یەکەمین هەنگاوە بۆ بەدیهاتنی".**

براین تراس دەڵێ:" **شتەکە بە خامەیەك و کاغەز و تۆ دەست پێدەکات".**

کاتێك دادەنیشی بۆ نوسینەوەی ئامانجەکانت ئەوا دوو هێزی مرۆییت بەکاردەخەیت:

أ-ئەندامەکانی لەشت..تۆ خامەیەك بەدەستەوە دەگریت و دەستەکانت دەجولێنیتەوە.

ب-چڕبیرکردنەوەی هزری..تۆ بیر لە ئامانجەکانت دەکەیتەوە دەیان بینیت، لەسەر پارچە کاغەزێك دەیان نوسی و دەیان خوێنیتەوە، لەم کاتەشدا هەست بە دووبارە بوونەوەی دەنگی خۆت دەکەیت لە هەناوتەوە و هەموو هەستەکانت دەوروژێنی و هەموو هەستەکانت لە لوتکەدا دەبن، بەم هەنگاوەت شەقاوێکی تر لە بەدیهێنانی ئارمانجەکەت نێزیك کەوتویتەوە.

٧-کات بۆ ئامانجەکەت دیاریبکە:

ئامانج بەبێ کاتی دیاریکراو هیچ نییە جگە لە ئاوات، دەتوانی یاری تۆپی پێ گریمانە بکەی بەبێ بوونی کاتی دیاریکراو؟ یاریکارەکان

بەردەوام دەبن لەسەر یاریکردن و یاریەکەش هەر کۆتایی نایات! ! ئەوکاتـەی وەختێکـی دیاریکراو بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکەت دەست نیشان دەکەیت تۆ دەبیتە خاوەنی پابەنـدی و هاندانی بەهێز بۆ بەکەتواری بوونی ئامانجەکانت لەم ماوەیەدا. گەر گرنگ ئەوەبێت کـە پلان بۆ بەدیهاتنی ئامانجەکەت دابنێی ئەوا گرنگ ئەوەش دەبێـت کـە کاتێـك دیاریبکـەی کە بە شێوەیەکی کەتواریانە هەوڵی بەدیهاتنی بدەی و لەم کاتەدا تواناداربیت بـۆ کردنـی خەونەکانت بە ڕاستینە.

٨-سامانت بزانە:

سامانەکانت چین؟ چی شتێك دەبەخشیتەوە؟ سامانەکانت هەرچییەك بێت لەو چـوار بەشەی کـە ژیانـت پێکـدەهێنن: زانیاریـت، شـارەزاییت، یارمـەتی هاوڕێیـەکت، خێزانـت، دۆخی داراییت، کام لەمانە دەتوانێت یارمەتیت بدات بۆ بەدیهاتنی ئامانجەکانت؟

لیستێك بەناوی هەموو ئەو کەسـانە بنوسـەرەوە کـە توانـادارن بـۆ یارمـەتی کردنـت و ئەوانەشی دەستەڵاتت بەسەریاندا نییە، هەموو ئەو سامانانەی هەتـە و پێویسـتت پێیانـە بۆ بەدیهاتنی ئامانجەکەت بیان نوسەرەوە.

٩-لەمپەرەکانی ڕێگەت بزانە:

گەشتیارێك ڕووی لە کەناراوێك کرد و دیتـی ڕاوچـییەك بـە قـولاپ ڕاوەماسـی دەکـات، ماسی گەورە ڕاودەکات پاش پێوانی فڕێی دەداتەوە ناو ئاوەکە! بەڵام بچکۆلانەکان فڕێ ناداتـەوە! ! گەشـتیارە زۆری سـەیر لێهـات، بۆیـە هۆکارەکـەی لـە ڕاوچـییەکە پرسـی، ئەویش لەوەڵامدا گوتی: ئەو تاوەیـەی مـن هێناومـە تـەنها دەتوانێـت ماسـییەکی بیسـت سانتیمەتری تێدا ببرژێنی و لەوە گەورەتربێت بەکەڵکی من نایات. ئەم ڕاوچـییە کێشـەی خۆی بەباشی دەزانی و لەبری ئەوەی هەوڵی چارەکردنی بدات کەچی ماسـیە گـەورەکانی لەدەستی خۆی دەدا.

زۆرێك لە کۆمپانیاکان توشی مایەپووچی دێن و هاتوون" بەهۆی نەزانین بۆ چارەکردنی ئەو کێشانە یاخود پێشبینی نەکردنییەوە. بۆیە کە بیرۆکەیەکت بۆدێت بزانە چی شتێك کاریگەر و لەمپەری ڕێگەتە و کەئەمەت زانی دەستەوەستان مەوەستە و بەدووی چارەدا بگەڕێ .

بەمەش دەبیتە خاوەنی ڕێگە و ئامرازی پێویست بۆ بەرگری لەخۆکردن لەبەرامبەر هەر کێشەیەکدا کە دووچارت دەبێتەوە، تیری بیسۆڵ دەڵێت: " **پەند لەوەدا نییە کە چەند جار لەژیاندا پشتت لەزەوی دراوە، بەڵکو پەند لە جارەکانی هەستانەوەتە پاش ئەوەی پشتت لەزەوی دراوە** " .

١٠–کردار:

کەسێك دەناسیت بزانێت چی دەوێت و کەی دەیەوێت؟ تێیشت دەگەیەنێت کە چۆنی بەدەست دەهێنێت، بەڵام هیچ شتێکی لەبارەوە ناکات.

لە وانەیەکمدا لە مۆنتریاڵ ٢٠ دۆلاریەکم لەگیرفانم دەرهێنا و لە ٢٠٠ بەشداربووم پرسی کە کێ دەیەوێت بەخاوەنی ئەم پارەیەبێت؟ هەموان دەستیان هەڵبڕی، تەنها یەك کەس نەبێت کە دەستی هەڵنەبڕی بەڵام هەستایە سەرپێ و بەناو هەمواندا هات و پارەکەی لێ سەندم، هەموان سەیریان لێ دەکات! منیش گوتم: ((ئەمەیە کردار،دەبێت ئەو کارە ئەنجام بدەیت کە دەتەوێت، نەوەك تەنها هیوای بەدیهاتنی بخوازی))، هەموان دەستیان دایە پێکەنین و منیش لەو کاتە بەدواوە بڕیارمدا چیتر پارە بۆ ڕوونکردنەوە بەکارنەهێنم.

پلاندانان کارێکی باشە و دیاریکردنی ئامانجەکانیش مەزنە، بەڵام گەر پلانەکەت نەخەیتە بواری جێبەجێ کردنەوە و نەیکەیت بەکردار ئەوا هیچت دەست ناکەوێت. ئالان کۆکس دەڵێت: " **دەزانم کە خەونەکان پێویستن، بەڵام ڕێگەی جێبەجێکردن و بەدیهاتنی ئەم خەونانە ئەوە دەست نیشان دەکەن کە ئایا ئەم خەونانە بەدیدێن یاخود نا**"،

ئەرستۆیش ئێژێت:" **مرۆڤ بنچینەی كردارەكانیەتی**"، بۆیە لەم ساتەوە دەستبكە بە جێبەجێ كردنی پلانەكانت و دواتر دەبینی كە بەختەوەر و خۆشحاڵیش دەبیت.

١١-هەڵسەنگاندن:

پیاوێك ویستی بگاتە لوتكەی چیایەك بۆئەوەی هەندێك وێنەی یادگاری لەوێدا بگرێت، ئەم كارەی یەك ڕۆژی خایاند، كاتێك گەیشتە لوتكەی چیاكە تەواو ماندووو ببوو، دیتی كابرایەكی چینی لەوێیە، بۆیە لێی نێزیك كەوتەوە و دەستی دایە گازندەكردن لەوەی تاوەكو گەیشتۆتە ئەم لوتكەی چیایە زۆر ماندوو بووە، كابرای چینی پێكەنی و گوتی:" گەر جارێكی تر ویستت بەسەر ئەم چیایەدا سەربكەویت، ئەوا بڕۆرە ئەو لایەكەی تری چیاكە، لەوێدا ترامێك دەبینی كە بە یەك دۆلار تاوەكو سەر ئەم چیایە دەتهێنیّ"، وەك دەبینی ئەم كابرایە بەهۆی ئەوەی بەهەڵە بەدیهێنانی نەخشەكەی خەملاندبوو بۆیە ڕێگەی هەڵەشی گرتبوو، كاتی زۆر كوشتبوو، وزەشی كەمی كردبوو.

مەبەست لێرەدا زۆر ئاسان و ڕوونە، كاتێك ویستت نەخشەیەكت بكەیتە كردار لەچەند لایەكەوە هەڵسەنگاندنی بۆبكە و چی پێویستی بە گۆڕان بوو بیگۆڕە، ئەمە باشترە لەوەی لەدوا دوایدا توشی پەژیوانی و داڕووخان ببیتەوە.

١٢-كشۆكی(مرونەت):

یەكێك لە كلیلە سەرەكییەكانی سەركەوتن كشۆكییە. كشۆكی توانایی تۆیە بۆ ئەنجامدانی چاكسازیی و گۆڕانكاری لە نەخشەكەتدا، هەروەها جوڵانە بەدەسوبرد و خێرایی و هەوڵدانە بۆ ئەنجامدانی كاری نوێتر بۆئەوەی بەئامانجەكەت بگەیت.

١٢-پێداگیری-سوربوون:

کالۆنی کۆلید دەڵێت: "**هیچ شتێك لەم جهانەدا ناتوانێت جێگەی پێداگیری بگرێتەوە، تەنانەت بەهرەش ناتوانێت**". هیچ شتێك لەم جهانەدا لە پیاوانی ناسەرکەوتوو باوتر و دیارترنییە کە خاوەنی بەهرە و زیری و زانیارین، کەچی شکست خواردووشن جهان، پڕیەتی لە تاوانبارانی خوێندوار، ئەوە تەنها پێداگیری و هەتەریی(عەزیمەت)ە کە هێزی ڕەها بەمرۆڤ دەبەخشن.

من بڕوام وەهایە کە **ڕێگەی سەرکەوتن هەمیشە لەژێر دروستکردندایە**. واڵت دیزنی پابەند بووە، بۆیە ئێستا تۆ سەرزەوینی خەونەکانی دەبینی" دیزنی لاند، هەروەها تۆماس ئەدیسۆن یش پابەند بووە، بۆیە خەونەکانی کرد بە ڕاستی، تۆیش دەتوانی خەونەکانت بەدی بهێنی، پابەند و سوربە لەسەر بڕیارەکانت و مەهێڵە هیچ شتێك بێتەلەمپەری بەدیهاتنی ئامانجەکانت" ئەو ئامانجانەی تۆ دەتوانی بەدییان بهێنیت.

٤٣-چۆن ئامانجەكانت بەدى دەهێنيت؟

((ئێمە دەژين نەوەك بەوشێوەيەی هيوای بۆ دەخوازين، بەڵكو بەوجۆرە دەژين كە دەتوانين بژين))

مياندر

١-ئامانجەكانت بنوسەرەوە:

ئەو ئامانجانەت لەسەر لاپەڕەيەك بنوسەرەوە كە دەتەوێت بەدييان بهێنيت، پێويستە هەرئامانجێكت تايبەت بێت بە بەشێك لە چواربەشەكەی ئامانجی ژيان:

كەسێتی،پيشەيی،تەندروستی،دارايی، ئەم لاپەڕەيە باوەكو هەميشە لە گيرفانتدابێت، هەركاتێك بەيانيان بەئاگا هاتيەوە بيخوێنەرەوە، كاتێك بۆكار دەڕۆی، بەرلەوەی بنوی بيخوێنەرەوە، كەی ويستت بيخوێنەرەوە.

٢-وای بێنەپێشەچاوی خۆت بەديت هێناوە:

ڕۆژانە سێ جار ئامانجەكانت يادی خۆت بخەرەوە. بەيانيان، دوای نيوەڕوان، شەوان، پێشنيارت بۆ دەكەم بەم شێوەيە ئەنجامی بدەی:

١) جێگەيەكی هێمن و ئاسودەبەخش و گونجاو بۆ حەسانەوە دياريبكە.

٢) بەهێمنی هەناسەبدە، چوار جار هەناسەوەربگرە و ئەوجا بە چوارجاريش دەری بكەرە دەرەوە.

٣) چاوانت دابخە و وەهای بێنە پێشەچاوی خۆت کە ئامانجەکانت بەدی هێناوە، هەوڵبدە بە ڕوونی ئەمە ببینی. لەبیرت بێت ئەو ئامانجەی ئاوەزی هەناوی وەری دەگرێت و وەرنامەڕێژی بۆ دەکات، کاردەکات بۆ سازاندنت ڕەگەڵ جهانی دەرێ و تایبەتیتدا.

٤) چاوانت بکەرەوە! وێنەیەك لەپێش چاوت دروستبکە وەك ئەوەی خەونەکەت کردبێتە کردەی کەتواری و هەست بە جێبەجێ بوونی بکەیت. تاوەکو جوانتر ئەم وێنەکردنەت ببینی باشتر و خێراتر دەتوانی ئامانجەکانت بەدی بهێنیت.

٣-دووپاتی:

هەموو ڕۆژێك دووپاتی ئەرێیی بۆ ئاوەزی هەناویت بهەنێرە و هێزی دووپاتی بقۆزەرەوە بۆ هاندانی ئەم وەرنامەیەت و ئاراستەکردنی بەرەو ئاستێکی قوڵتر لەئاوەزی هەناویت، لەبیرت بێت کە دووپاتییەکانت پێویستە بەشێوەی ئەرێیی داهاتوویی بێت.

بۆنمونە:

((دەتوانم کام ئامانجم بوێت بەدی بهێنم. من بڕوام بە تواناکانمە بۆ بەدیهێنانی سەرکەوتنم)).

٤-ڕەفتاربکە وەکو ئەوەی کە:

ڕەفتاربکە وەکو ئەوەی ئامانجەکانت بەدی هێناوە، قسەبکە و هەناسەبدە و بجوڵێرەوە بەشێوەیەك وەکو ئەوەی شکستت نەکردەیی بێت((وەك ئەوەی سەرکەوتنت مسۆگربێت)).

وەها ڕەفتاربکە وەك ئەوەی ئامانجەکانت هەرئێستا بەدی هاتوون. تۆ بەڕاستی دەبینی، ئەمەش پەیوەستە بەکاتەوە بەرلەوەی بەدی بێنی. کاتێك لەتەمەنی شەش ساڵیدا بووم، خەونم بەوەوە دەبینی کەببم بە بەڕێوەبەری گشتی میوانخانەیەکی گەورە،

پاشی ئەمە هەمیشە وەكو بەڕێوەبەری میوانخانەكان لەگەڵ هاوڕێكانمدا ڕەفتارم دەكرد و گوتەم دەردەبڕی و بە ڕێگەدا دەڕۆیشتم، زۆر پێم پێكەنین، بەڵام من توانیم بۆیان بسەلمێنم و لەساڵی ١٩٨٧ دا بووم بە بەڕێوەبەری گشتی یەكێك لە گەورەترین ئوتێلە پێنج ئەستێرەییەكانی مۆنتریال-كەنەدا.

وەكو ئەوەی بەڕێوەبەری گشتی بم وەها ڕەفتارم دەكرد بۆیە بووم بە بەڕێوەبەری گشتی ئوتێلێكی گەورە. توانیم سود لە دەستەواژەی ((وەكو ئەوەی)) بەكاربێنم، تۆیش دەتوانی كەڵكی لێ ببینی و دواتر دەبینی كە چۆن بە ئەنجامەكان سەرت سوڕدەمێنێت.

٥-بیرۆكەی یەك ئینچ:

هەوڵبدە هەموو ڕۆژێك شتێك ئەنجامبدەی بۆئەوەی یەك ئینچ لە ئامانجەكەت نێزیكت بكاتەوە.

٦-شێوازی من بەرپرسیارم بەكاربهێنە:

بیرۆكەی ئەوەی كە بەشێكی لەكێشەكان دەست لێ هەڵبگرە! هەوڵی دۆزینەوەی بیانو مەدە و گەر كێشەیەك ڕوویدا مەیخەرە ئەستۆی هیچ كەسێكی تر، بەڵكو خۆت بەرپرسیارێتی كێشەكانی خۆت هەڵبگرە و بەدووی چارەی گونجاودا بگەڕێ و سودیش لە ئەزمونە هەڵەكانت وەربگرە بۆئەوەی پێچەوانە ڕاستەكەی ببینی.

گەر سەرزەنەشتی ئەوانی تربكەی ئەوا تۆ هەرگیز ناتوانی توانا شاراوەكانت بەكاربێنی، بەڵام كاتێك بەرپرسیارێتی تەواوی كێشەكانت لەئەستۆی خۆت دەگریت ئەوكات دەتوانی چارەسەریش بدۆزیتەوە و دەبیتە داهێنەر و سەركەوتووتر لەچاو هەركاتێكی تردا.

ئێستا بەتەواوەتی بویتە بەخاوەنی بیرۆکەی گونجاو لەبارەی چۆنێتی دەست نیشانکردنی ئامانجەکانت و بەدیهێنانیەوە، بۆیە لەمڕۆوە دەساپێبکە و هەنگاوی گونجاوی بۆ بنێ و ببەرە بەشێك لەو کەمینەیەی سەرزەوی کە خاوەنی ئامانجی دیاریکراون و کار بۆ بەدیهاتنی دەکەن، مەبەرە بەشێك لەو زۆرینەیەی کە گازندە دەکەن و هەمیشە دەنالێن و هیچیش بۆ ڕزگاربوون ناکەن. هۆراس دەڵێت: **" مرۆڤ نازانێت چی دەتوانێت، تاوەکو هەوڵی بۆ نەدات".** دەست پێبکە و هەوڵبدە و چێژ لە سەرکەوتنی تەواو وەربگرە.

((خەون بینین بەوەی خەونی پێوە دەبینی جوانی ئاوەزی مرۆڤە، ئەنجامدانی ئەوەی دەتەوێت ئەنجامی بدەی هێزی خوازویستنی مرۆڤە، متمانە بەخۆت بکە لەهەڵبژاردنی تواناکانتدا ئەمەش زیرەکی و بوێری مرۆڤە بۆ بەدەست هێنانی سەرکەوتن))

بێرنارد ئادمۆندس

٤٤-سودەکانی دیاریکردنی ئامانجەکان لەبواری کاردا: .

((هیچ شتێك نییە لەژیاندا لێی بترسین بەڵکو شت گەلێك هەن لێیان تێناگەین))

مەدام کۆری

لەبواری کاردا پیاو هەمیشە هەوڵی زۆر دەدات بۆ ڕاگرتنی دڵی کڕیاران ئەگینا وەها نەبێت مرۆڤ کاری دەوەستێت.

ئەی چی دەربارەی کڕیارانی دامەزراوەکەت؟

چی دەربارەی:

١- سەرۆکت .

٢- کارمەندانت.

بەڵێ ئەوانیش کڕیارن، گەر قایلمەندییان بەدەست نەهێنی ئەوان کارت دەکەنەسەر و نواندنت بەلاڕێدا دەبەن و ڕەنگە کاریش بکەنەسەر داهاتووی خۆت و دامەزراوە یان کۆمپانیاکەشت و بەفەتارەتێکتدا بەرن.

-هەلی ئەوەم بۆ ڕەخسا کەلەگەڵ هەزاران کەسدا کاربکەم، سەدان کۆمپانیا و دامەزراشم تەی کردووە، ئەمەش یارمەتی باشی دام بۆ فێربوونی شێوازی کارکردنیان، بۆم دیارکەوت کەزۆرکەس نازانن چۆن سەرۆك و کارمەندانیان قایل بکەن، ڕەنگە هەموو شتێك ئەنجام بدات بۆ قایلکردنی دڵی سەرۆکەکەی، بەلام ناتوانێت و بەو شێوەنابێت کە سەرۆکی دەیەوێت، ئەمەش بۆخۆی بەنەرێنی کار لە ئیش و پێگەکەت دەکات. بۆئەمەش دەبێت لەبارەی ئامانجی گەورەی کۆمپانیاکەوە لە سەرۆکەکەت بپرسیت و هەروەها بۆ قایلکردنی کارمەندانت ئامانجی کۆمپانیەکەیان بۆ ڕوون بکەرەوە. ڕەنگە ئێستا لەخۆت

بپرسیت: ئێستا من چۆن دەتوانم ئەمە ئەنجام بدەم؟ سودی پشت ئەمە چییە؟ بۆئەمەش وەڵامەکە بەم شێوەیە دەبێت:

(أ) هەرئێستا پەیوەندی بە سەرۆك کارەکەتەوە بکە و دوای لێبکە کە بەتایبەت بۆ نانی نیوەڕۆ ببینی، بۆئەوەی کەس نەتوانێت قسەکانت بپچڕێنێت.

(ب) پرسیاری لێبکە لەبارەی ئامانجی ماوە کورت و ماوەدرێژی کۆمپانیاکە و هەوڵبدە بیانوسیتەوە.

(ج) تۆیش ئامانجەکانی خۆتی بۆ بخەرە ڕوو، داوای ئامۆشیاری لێبکە.

لێرەدا سودەکانی پشت ئەمەت بۆ دەخەمەڕوو:

١- ئەمە وەها لەتۆ و سەرۆکەکەت دەکات ببنە یەك دەستە و کاربۆ بەدیهاتنی ئامانجەکانتان بکەن.

٢- پەیوەندی تۆ و سەرۆك کارەکەت باشتر دەبێت.

٣- ئەمە هانی ئەویش دەدات بۆ هاندانی لەبۆ ئەوەی یارمەتی تۆیش بدات بۆ بەدیهاتنی ئامانجەکانت و ئەمەش دەبێتە بەشێك لە نەخشە ڕێگەی سەرکەوتنتان.

٤- ئەمە وهات لێدەکات بە هەڵەکانی خۆتدا بچیتەوە و کاربۆ بەدیهاتنی ئامانجەکانت بکەیت.

وەك دەبینی سودە مەزنەکان و ئەوەشی پێویستت پێیەتی لەم کاتەدا بریتییە لە پاراستنی وشەکانی سەرۆکەکەت و هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی بەشێوەیەکی ڕێکخراوانە.

ئێستایش باوەکو بەرەو ئەندامانی دەستەکەت هەنگاوبنێین، ئەوانەی کە پێویستیان بە یارمەتی و پشتگیری تۆ هەیە:

چۆن دەتوانی دیاریکردنی ئامانجیان ڕەگەڵ بەکاربهێنی؟

١. کۆبوونەوەیەك لەگەڵ کارمەندانتدا ڕێکبخە.

٢. لەم کۆبونەوەیەدا کردارەی دانان و دیاریکردنی ئامانجیان بۆ ڕوون بکەرەوە و داوا لەهەر کەسێك بکە بیرۆکەی تایبەتی خۆی بخاتەڕوو.

٣. پاشی دوو هەفتە کۆبوونەوەیەکی بەدواداچوونی ڕێکبخە.

٤. لەم کاتەدا باسی ئامانجەکانی کۆمپانیاکەیان بۆ بکە:

٥. هەلێکیان پێبدە بۆ پێشکەشکردنی ئامانجەکانیان.

٦. هەموو ئامانجێك پوخت بکەرەوە.

٧. هەندێك ئامانج بۆ دەستەی کارکەرانت دیارییبکە.

٨. کاتێك بۆ بەدهاتنی دیاری بکە.

٩. ئامانجەکانت بە تەواوەتی تۆماربکە و لەبەرگیراوەی بەهەموو کارمەندانت ببەخشە.

١٠. بەدواداچوون و هەڵسەنگاندنی کشۆکیش لەبیر نەکەیت.

سودەکانی دیاریکردنی ئامانجەکان بۆ دەستەی کارکەرانت بریتی دەبێت لە:

١- پەیوەندی باشتر.

٢- هاندانی خاستر.

٣- متمانە بەخۆکردن بە چاکتر لە دۆخی پێشتر.

٤- دەرئەنجامی باشتر.

بە شێوەیەکی تایبەتی چاوپێکەوتن لەگەڵ هەموو کارمەندانتدا بکە و یارمەتییان بدە بۆ بەدیهاتنی ئامانجەکانیان و بەدرێژایی ڕێگەیان هان و کرمەیان بدە.

گەر یارمەتییان بدەیت بۆ بەدیهاتنی ئامانجە تایبەتیەکانیان ئەوانیش کۆمەکیت دەکەن بۆ بەدیهاتنی ئامانجە تایبەتیەکانت. ئێستا دەتوانی بۆخۆت ئامانجە مەزنەکانت ببینی. بۆیە هەرئێستا تۆیش ئامانجەکانت دیارییبکە و هەوڵی کردنە کرداریان بدە لەکاتێکی دیاریکراودا و دڵنیاشبە لەوەی هیچ زیان ناکەیت.

((ڕێگەی هەزارمیل بەیەك هەنگاو دەست پێدەکات))

تاوتسۆ

لەم بەشەدا چی پێویست بوو لەبارەی ئامانجەوە، بەتازە و کۆنەوە بۆم بەردەست خستیت، ئەوەی ئێستا لەسەر تۆیە ئەوەیە کە ئامانجەکانت بخەیتە بواری جێبەجێ کردنەوە. هەرچی گومان و خۆبەکەم زانی هەیە لەپشتەوەت فڕێی بدە. جۆن های ۆد دەڵێت:" **مرۆڤ دەتوانێت ئەسپ بباتەسەر کانیاو بەلاّم ناتوانێت بەزۆر ئاوی دەرخواردبدات**"، بەنەرمە نەرم دەست پێبکە و وردە وردە خوازویست(ئیرادە) و توانابیت فراوانتربکە، هەروەها های ۆد دەشلێت:" **ئەنجامی باش لە دەسپێکی باشەوە سەرچاوە دەگرێت**" ، بیرۆکەی ئەمرۆت دەبێت بە نوێنەری کاراکتەری سبەیت. ئەرستۆ دەڵێت:" **ئەوەی تایبەت بێت بە بالآییەوە ناسینی بەس نابێت، بەڵکو پێویستە زانیاری فراوان بەدەست بخەیت و هەوڵی بەکارهێنانی بدەی**" ، بۆیە ئەو گرەوەئاستەنگانەی کەلەپێشتن بۆ بڕینی پێویستت بەوەیە هەرئێستا دەست پێبکەیت، هەر ئێستا. چی درۆیەکی گەورەیە کاتێك مرۆڤێك دەڵێت: سبەی دەست پێدەکەم وئەنجام دەدەم! خۆمنیش دەزانم سبەی ڕۆژێکی نوێیە، بۆیە هەرئێستا تەلەوزوێنەکەت بکوژێنە و کاغەز و پێنوسێك بێنە و دەست بەم گەشتەت بکە، لەبیرت بێت کە تەنها یەك ژیانت هەیە بۆئەوەی پێی بژیت، بۆیە چێژی لێوەربگرە و خەم بۆ نادیار مەخۆ و بزانە چی مرۆڤێك کردبێتی بۆتۆیش کردەییە.

٤٥- هەوڵدانی كەسێتی بۆ دیاریكردنی ئامانجەكان:

لەژێر هەربەشێكی چواربەشەكەی ژیاندا ئەو شتانە بنوسەرەوە كە دەتەوێت بەدیبهێنیت .

ئێستا، بەپێی گرنگییان دیسانەوە ئامانجەكان دابڕێژەرەوە.

لیستی خەونەكان كەسێتی :

....

....

....

پیشەیی

....

....

....

تەندروستی

....

....

....

دارایی

....

....

....

لیستی لەپێشییەكان كەسێتی :

....

....

....

پیشەیی

....

....

....

تەندروستی

....

....

....

دارایی

....

....

....

جێبەجێکردن.. جێبەجێکردن.. جێبەجێکردن

Action

بۆهەر بەشێکی ژیانت ئامانجێك هەڵبژێرە و بزانە بۆچی دەتەوێت بەدی بێنی و چۆن و کەی بەدی دەهێنیت؟

ئامانجەکەم	بۆچی	چۆن بەدیدێنم؟	کەی ؟
کەسێتی	....	....	....
پیشەیی			
تەندروستی		....	....
دارایی		....	....

بەدیهاتنی ئەم ئامانجانە چۆن ژیانی پێش خستم ؟

١- ....

٢- ....

٣- ....

٤- ....

هەرئێستا بڕیاری دیاریکردنی ئامانجەکانی ژیانت بدە.

کلیلی حەوتەم

بەکارهێنانی کات..

بەهای ڕاستەقینەی ژیان

((کات ئەو تاکە شتەیە مرۆڤ هەمیشە هەوڵی کوشتنی دەدات، بەڵام ئەنجامەکە هەمیشە ئەوە دەبێت کە کات مرۆڤ دەکوژێت))

هێربرت سپنسر

٤٦-بۆچی خەڵکی کاتی خۆیان بەفیڕۆ دەدەن؟

((گەر خولەکێکت بەفیڕۆدا ئەوا یەك کاتژمێرت بەفیڕۆداوە، گەر کاتژمێرێکت بەفیڕۆدا ئەوا ڕۆژێکت لەکیس داوە، گەر ڕۆژێك لەدەست چوو ئەوا هەموو ژیانت لەدەست دەرچوو))

برایان تراس

کات پارەیە، کات زێڕە، کات ژیانە. کاتێك کاتت بەفیڕۆ دەدەی ژیانت بەفیڕۆ دەدەی، کات تاکە شتە تاوەکو لەژیاندایین خاوەنین.

بنیامین فرانکلین جارێکیان گوتی:" **کاتێك لەدەست چوو هەرگیز ناگەڕێتەوە**"، گەر کات بەم شێوەیە گرنگ و پێویستە، گەر کات تاکە شتە کە مرۆڤەکان بێ جیاوازی لە ژیاندا خاوەنین، کەواتە بۆچی مرۆڤ لە بەفیڕۆدانی کاتی بەردەوامە؟ ئایا بەهۆی ئەوەیە کە گرنگی نادات بە کات و ئەو شێوازەی کاتەکەی تێیدا بەسەر دەبات؟ یاخود بەهای کات نازانێت؟ وەڵامەکە ئاسانە: مرۆڤەکان گرنگی بە کات و چۆنێتی بەسەربردنی دەدەن، بەڵام نازانن چۆنی بقۆزنەوە، هیچ ئامانجێکی دیاریکراویان نییە هانیان بدات و بیان وروژێنێت، لێرەدا مەبەستم لە هیچ ئامانجێك نییە بەڵکو مەبەستم ئامانجێکە هانی کەسەکان بدات بەیانیان زوو بەئاگایان بێنێتەوە و هانیان بدات بۆئەوەی تا درەنگانێك سەرقاڵبن و نەنون، ئامانجێك جۆرێتی ژیانیان بەرەو باشتر بگۆڕێت، تاکی ئاسایی لە هەڵقەی ڤالادا دەخولێتەوە، بەیانیان زوو بەئاگا دێتەوە و شەڕی ڕێگاوبان دەکات بۆ ئەوەی بەخێرایی بگاتە سەر ئیشەکەی، ئەوجا بگەڕێتەوە بۆ ماڵێ و خۆراك بخوات، سەیری تەلەوزیۆن بکات، ئەوجا بنوێت، سبەی دواتر بەئاگا بێتەوە و دەستبکاتەوە بە ڕۆیشتن بۆ سەرکارەکەی، بەمەش لە خولانەوە لەنێو بازنەی ڤالادا بەردەوام دەبێت، ئەم

کەسە بەردەوام گلەیی دەکات لەوەی کە ژیان دادوەرانە نییە، ئەمە کات بە کەم دەزانن و گازەندەی ئەوەیش دەکەن کە کاتی تەواویان نییە بۆ ئەنجامدانی کاروبارەکانیان.

کاتێك دەستم کرد بە نوسینەوەی ئەم کتێبە لێکۆڵینەوەییەم، بەشێك لە نەخشەی نوسینەوەکەم لەسەر بنەمای چاوپێکەوتنی ٢٣٥ بەڕێوەبەر دامەزرابوو، لەئەنجامی ئەوەشدا :

هەستام بە ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیایەکی گەورەی بەڵێندەرایەتی لە مۆنتریال و لێم پرسی کە: هەرگیز مۆڵەتی ئاسایی وەردەگریت؟ گوتی:" چی؟ مۆڵەت! گاڵتە دەکەیت؟ وا بۆ ٤ ساڵ دەچێت هیچ مۆڵەتێکم وەرنەگرتووە!"، لێم پرسی بۆچی؟ گوتی :" چی پرسیارێکی گەمژانەیە، من بەوپەڕی توانامەوە کاردەکەم و خۆم ماندوو دەکەم و گەر وەها نەکەم کۆمپانیاکەم شکستی تووش دەبێت"، منیش پێم گوت:" بۆچوونەکەت جوانە، بەڵام گەر وەها بەردەوام بیت ئەوا خۆت تەواو دەبیت لەبری کۆمپانیاکەت!".

بەڕێوەبەرێکی تر گوتی:" قسەکردن لەبارەی بەکارخستنی کاتەوە ئیشێکی ئاسانە، بەڵام گەر تۆ لەجێگەی من بیت دەبینی کە ٢٤ کاتژمێر بەس نییە بۆ ئەنجامدانی هەموو ئەوانەی مەبەستمە، من پێویستم بە کاتی زیادترە!".

بەڕێوەبەرێکی تر داهێنانانە گوتی:" ئایا دەزانی سەرباری ئەو هەموو یارمەتییەی تەکنەلۆژیا پێشکەشمان دەکات لە، کۆمپیوتەر و مۆبایل و هیتر کەچی من هێشتاکە پێویستم بە کاتی زیادترە بۆ ئەنجامدانی کارەکانم".

سەد خۆزگە تۆیش بڕۆی گوێ لەبۆچوونی هیتر بگریت، ئێستایش باوەکو گوێ لە بۆچوونی شارەزایانی کات بگرین. لە پەڕتووکی : ((چۆن بەسەر کات و ژیانتدا زاڵدەبیت؟)) دا ئیلیان ئالکن شارەزا لە بەکارخستنی کات و خاوەنی پڕ فرۆشترین کتێبەکان دەڵێت:" **هیچ شتێك بەناوی کەمی کاتەوە بوونی نییە، هەمووومان وەکو یەك کاتمان هەیە، کاتی تەواومان هەیە بۆ ئەنجامدانی ئەوەی دەمانەوێت و مەراممانە**".

مارتن فۆرتینۆی شارەزای بواری کات بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ خەریکی لێکۆڵینەوەبوو لەبارەی ئەوەی کە مرۆڤی ئاسایی چۆن کاتەکانی بەسەر دەبات، لەئەنجامدا گەیشت بەوەی کە: مرۆڤی ئاسایی حەوت ساڵ لە سەرئاو وگەرماودا بەسەردەبات، شەش ساڵ بە خۆراک، پێنج ساڵ لە ریزەکاندا چاوەڕوان دەبێت، سێ ساڵ لە چاوپێکەوتن و کۆبوونەوە، ساڵێك بەدووی شتەکاندا دەگەڕێت، ٨ مانگ وتاری نەشیاو دەست پێدەکات و لەبەرخۆیەوە دەیڕێسێت، شەش مانگ لەپێش ڕوناکیە سورەکەی هاتوچۆدا چاوەڕوان دەبێت، ١٢٠ کاتژمێر ددانەکانی دەشوات، ڕۆژانە ٤ خولەك لەگەڵ ژنەکەیدا قسەدەکات، ٣٠ چرکە ڕۆژانە لەگەڵ منداڵەکانیدا قسەدەکات. کاتێك ئەوەم بینی کە ٧ ساڵ لەگەرماودا بەسەر دەبەین و ٣٠ چرکەیش قسە لەگەڵ منداڵەکانماندا دەکەین و بەراوردم کرد گوتم: ئەوەی گرنگە کاتی زیادتر نییە، بەڵکو چۆنێتی دابەشکردنی کاتە بۆ بەکارهێنان. ئامانجی پشت ئەم بەشە ئاشناکردنتە بە چۆنێتی بەکارهێنانی کاتەکانت بەباشترین شێوە، بەجۆرێك قۆستنەوەی کات بە باشترین شێوە دەبێتە ڕێچکەی سەرەکی ژیانت.

٤٧-دوو كۆسپی دەروونی پێش بەكارخستنی كات:

((جـۆرێتی ژیانــت بــە پلــەی دانایيــت بــۆ بەكارخســتن و قۆســتنەوەی كاتــەوە دیاردەكەوێت)))

د.ئیبراهیم فەقی

هەموو شتێك لەژیاندا كاتی خـۆی هەیـە، جارێـك دڵشــادی و جــارێكیش خــەمبار، ئەمەش هۆكـاری قـوڵ و كۆسـپی دەروونی لەپشتە. بەكارخستنی كـات پەیوەستە بـە دوو كۆسـپی دەرونـی سـەرەكی كـە رێگـە لـەمرۆڤی ئاسـایی دەگـرن لـە قۆسـتنەوەی كاتەكەی بەكارایی و ئەم دوو كۆسپەیش بریتین لە:

١-بەها و باوەڕەكان:

ولیـام جـایمس ی بـاوكی دەرون ناســی نـوێ دەڵێـت:" **بـاوەڕ یارمــەتیم دەدات بـۆ ئافراندنی ڕاستییەكان"** ، تۆیش باوەڕت لە دوو سەرچاوەی سەرەكییەوە یادگرتووە:

یەكـەم: بـاوك و دایكـت: ئاراسـتەكاری و ڕێنماییـەكانیان لـەبارەی كـات و چـۆنێتی بەكارخستنی كاتیانەوە كاریگەری گەورەی لەسەر تۆ دەبێت. گەر دایك و باوكت بەباشـی كاتی خۆیان بەكارخستووە ئەوا زۆرجار تـۆیش وەكـو ئـەوان دەبیـت، بـەڵام گـەر بـاوك و دایكت لە هەڵقەی ڤـالادا خولانـەوە و زۆرێـك لـە كاتـەكانی ژیانیـان لـە گازنـدە و ناقـایلی دەربڕین بەكارخست و زۆر سەیری تەلەوزیۆنیان كرد ئەوا بـەها و گرنگـی پێـدانی تـۆیش بۆ كات زۆر لەوان دەچێت.

دووەم: کارتێکـارە دەرەکییـەکان: ئەنـدامانی خێزانەکـەت، هاوڕێکانـت، خـزم و دراوسێ و مامۆستاکانی خوێندنگەت، هەروەها ئەو شتانەی دەیخوێنیتـەوە و دەزگاکـانی ڕاگەیاندنیش ڕۆڵێکی مەزنیان هەیە لە داکوتان و جێپێگرتنـی بۆچـوونت لـەبارەی بـەها و گرنگی کاتەوە.

ئێمە لەگەڵ باوەڕەکاندا گەورە دەبین، باوەڕ بەوە دەهێنین کە بەکارخستنی کات یـان گرنگە یاخود بێ کەڵکە، ئەم باوەڕانەشمان دەگوازینەوە بـۆ منداڵـەکانمان. هنـری فـۆرد دەڵێت:" **گەر باوەڕت وەهایە کە دەتوانی، یـاخود نـاتوانی ..ئـەوە تـۆ لەسـەر ڕێگـەی ڕاستی و هەڵـەت نـەکردووە"** ، قەیسـەریش دەڵێـت:" **مرۆڤـەکان ئامـادەی بـاوەڕکردن بەوەی دەیانەوێت باوەڕی پێ بێنن"** ، بۆیـە پێویسـتە بۆچـونە نەرێنیـەکانت لـەبارەی بەکارخستنی کاتەوە بگۆڕیت ئەگینا لەسەر ئەنجامدانەوەی هـەمان کـار و وەرگرتنـەوەی هەمان ئەنجام بەردەوام دەبیت.

٢-خۆ بە نەرێنی بینین:

لەوکاتەوەی هاتویتەتە ئەم جهانەوە تۆ سەرقاڵی خـۆ پونیاتنانیـت، جارێك نـەرێنی و جارێـك ئـەرێیی دەبیـت لەسـایەی بـاوك و دایـك و دراوسـێ و دەزگاکـانی ڕاگەیانـدن و هەرکەسێك پێی دەگەیت. ئەم پێکهێنان و خۆبەرنامە ڕێژکردنە کـار لـە خـۆ وێنـەکردنت دەکات لەوەی چۆن خۆت دەبینیت.

باوەکو نمونەیەکت بۆبخەمە بەردەست: ئـەو نێـردەی کارکردنـەی کـە هەقدەسـتەکەی ٢٠٠٠ دۆلارە لەمانگێکـدا و تـاوەکو ١٨ مـانگ بـەو پـەڕی توانایـەوە کاردەکـات و ١٨٠٠ دۆلاری دەسـت دەکـەوێت، دەزانـی ئـەو ١٢ ڕۆژەکـەی تـر چـی دەکـات؟ بـەو پـەڕی هێواشییەوە کاردەکات؟ چونکە تەنها ٢٠٠ دۆلاری دەست دەکەوێت، ئەم کابرایە تـاوەکو خۆی بەو شێوەیە وێنە بکات کە شایەنی ئەوەیە تەنها لـە مانگێکدا ٢٠٠٠ دۆلاری دەسـت بکەوێت ئەوا هەر بەم شێوەیە کاردەکات، بۆیە خۆ وێنەکردنت کاریگەری گەورەی دەبێت

لەسەر هەستکردنت بەرامبەر کات و بەکارخستنی کات، بودا دەڵێت:" **ئەوەی تۆئێستا تێیدایت تەنها ئەنجامی ئەوەیە کە تۆ لەبیرکردنەوەتدا تێیدا بویتە**"، ئایا تۆ مرۆڤێکی بەسکار یاخود کارایت؟ بەر لەوەڵامدانەوەی ئەمە لەپێشدا لەم بۆچوونەی ڕۆبێرت شافر بڕوانە لەبارەی کەسایەتی بەسکار و کاراوە، کە لە کتێبەکەیدا بەناونیشانی : ((ستراتیژیەتیەکانی تێپەڕاندن))، دەڵێت:

بەسکار	**کارا**
• **سەرقاڵ**	• **سەرکەوتوو**
• **کاربەسەر خۆیدا دەدات**	• **کاربەسەر ئەوانی تردا دەدات**
• **شتەکان بەڕێگەی ڕاست ئەنجام دەدات**	• **شتی ڕاست ئەنجام دەدات**
• **کارەکان بەرەو باشتر دەبات**	• **ئەنجامی کاری دەست دەکەوێت**
• **زیادتر ئەنجام دەدات بۆ بەدیهێنانی زیادتر، شتە ناپێویستەکانی تر کەمتر دەکات.**	• **بەباشی دەزانێت چ هەڵدەبژێرێت و ئەنجام دەدات، بەرەو باشتر هەنگاو دەنات.**

مرۆڤی سەرکەوتوو هەمیشە گرنگی بە نەخشەڕێی ساغ و زامنی سەرکەوتنیان دەدەن، بۆئەوەی ئەنجامی خوزراویان چنگ بکەوێت و بەهۆیەوە قایلمەندی زۆرینەش چنگ بخەن، نەوەک تەنها خۆ وەها پیشان بدەن کە سەرقاڵن.

((بیر لەخۆت بکەرەوە، هەموو ڕۆژێك دوایین ڕۆژی ژیانتە..ئەو کاتژمێرەی بۆ پێشەوە لێی ناڕوانی، وەکو موجافات بۆ پێشوازیت دێت))

هۆراس

گەر بزانی تەنها شەش مانگی تر دەژیت، چی دەکەیت؟ کاتەکانت چۆن بەسەر دەبەیت؟ بۆکوێ دەڕۆیت؟ پێشتر بیرت لەمە کردۆتەوە؟

لەقسەکانی منەوە بۆت دیارکەوت کە:" تاوەکو مرۆڤ پتر گرنگی بە کات بدات، ئەوەندەش سەرکەوتوتر دەبێت و بەهای کات لەلای مەزن و گەورەتر دەبێت" ، گەر بەجوانی بیربکەیتەوە دەبینی کەسانی سەرکەوتوو بەچرکە کاتەکانیان دەژمێرن لەکاتێکدا کەسانی ناسەرکەوتوو بە کاتژمێر و ڕۆژانە کاتیان دەژمێرن. کەسانی سەرکەوتوو هەر ئێستا دەست پێدەکەن و بەخێرایی دەجولێنەوە، لەکاتێکدا دەبینین کەسانی ناسەرکەوتوو تەمبەڵی دەکەن و تەنها لەکاتی ویستراودا دەجولێنەوە.

هاوڕێیەکم لەبارەی کتێبێکەوە قسەی بۆ کردم، کە دەیویست بینوسێتەوە، منیش لێم پرسی:" کەی دەست بە نوسینەوەی کتێبەکەت دەکەیت؟"، گوتی:" لێرەوە تاوەکو دووساڵی تر"، گوتم:" پێت وادەبێت کە ئەم کتێبە مەزنە و یارمەتی خەڵك دەدات؟"، گوتی:" بێگومان"، گوتم:" کەواتە بۆچی دەبێت دووساڵی تر چاوەڕوانبیت بۆ نوسینەوەی کتێبەکە؟"، گوتی:" ئێستا کاتم نییە!". ئەم کەسە بیرۆکەیەکی مەزنی هەیە، بەڵام ئەم بیرۆکەیە کەوتبوە نێو بەندیخانەی کاتەوە. ئەی چی لەبارەی تۆوە؟ ئایا بیرۆکەکانت دوادەخەیت و دەیخەیتە لیستی چاوەڕوانکردنەکانەوە" چونکە کاتت نییە؟

٤٨-پێنج تەرزەکەی بەڕێوەبەرانی کات:

((پێویستە هەموو ڕۆژێك وەهابژین وەك ئەوەی دوایین ڕۆژی ژیانمانبێت))

بابلیلیۆس سیریس

١-بەڕێوەبەری زۆر ڕێکخراو:



ئەم بەڕێوەبەرە زۆری حەز بەوەیە کەسانی تر لەبارەوە بڵێن: زۆر سەرقاڵ و ڕێکخراوە. هەمیشە خەریکی ئامادەکردنی لیستی نوێیە. گەر ئەوەی پلانی بۆی داناوە بەدی نەهێنا ئەوا نەخشە و لیستی نوێ دادەڕێژێتەوە و بەهۆی زۆری لێوردبونەوەیە بۆ ئەم کارەی کاتی زۆر بەفیڕۆ دەدات. ئەم کەسە ئەوەندە گرنگی بەوە دەدات بە ڕێکخراو دیاربکەوێت ئەوەندە گرنگی بەوەنادات کە کارەکانی بەڕێکخراوەیی ئەنجام بدات.

٢-بەڕێوەبەری زۆر سەرقاڵ:

ئەم بەڕێوەبەرە هەمیشە سەرقاڵ دیارە و هاتووچۆیەتی، بەردەوام خەریکی ئەنجامدانی شتێکە، ئەم بەڕێوەبەرە گازەندەی ئەوە دەکات کە کاتی تەواوی نییە بۆ ئەنجامدانی هەموو ئیشەکانی ڕۆژانەی. کەسێکی کار گرانە و سەرپەرەشتی کەسانی دەوروبەری دەکات، کاتی نییە بۆ حەسانەوە، هەروەها هەست بە تاوانیش دەکات گەر کاتێکی کەمی بۆ حەسانەوە وەرگرت، خۆ ئەگەر بەڕاستی ڕوویدا و کاتێکی بۆ حەسانەوە تەرخان کرد ئەوا بە باسکردنی کارەوە بەسەری دەبات، بەخێراییش تورە دەبێت و لەم کاتەدا کەس ناوێرێت توخنی بکەوێتەوەو هەمیشە لێی دەبیستی کە بەڕاستی کاردەکات

کەچی کاتی تەواوی نییە بۆ ئەنجامدانی تەواوی کارەکانی" چونکە شەو و ڕۆژێك تەنها ٢٤ کاتژمێرە و بەشی ئەم ناکات!

٣-شێتی کات:

ئەم جۆرە بەڕێوەبەرە زۆر گرنگی بە کات دەدات و کارکردن ڕەگەڵیدا ئاسان نییە، ژورەکەی هەمیشە پڕە لە ئامراز و کەرەستەی تایبەت بە ڕێکخستنی کات، وەکو کۆمپیوتەر، فاکس، سیستمی تایبەتی دۆسیەکان و هیتری لەم جۆرە، گەر سەیری خشتەی ڕۆژانەی بکەی دەبینی بەم شێوەیەیە: ٦ خولەك بۆ قاوەڵتی، ٩ خولەك بۆ کۆبونەوە، ٣٠ چرکە پەیوەندی کردن بە هاوسەرەکەیەوە، گەر ئەوەی نەخشەی بۆی دانابوو بەدی نەهێنا ئەوا سەرزەنشتی ئەوانی تر دەکات و هەمیشە گازەندەی ئەوە دەکات کاتی لەدەستداوە، بەگشتی کەسێکی گاڵتەجارە و حەزی بە پێداچوونەوەی هەموو دۆسیەکانە و هەرچییەکی بەدڵ نەبوو دەیسڕێتەوە، بۆیە وریابە گەر لەلای ئەم کەسە کاردەکەیت و پێنج خولەك دوابکەی ئەوا کارت تەواوبووە، ئەم کەسە شێتی کاتە.

٤- جەنجاڵ:

ئەم بەڕێوەبەرە ناڕێکخراوە، دەبینی لەهەموو کونجێکی نوسینگەکەیدا لاپەڕەی لەسەر زەوی بلاّوکردۆتەوە، لێرە لەوێ ، خۆشی ئەم کەسانە لەوەدایە گەر پرسیاری شتێکی لێبکەی لەبارەی دۆسیەکانەوە دەبینی بەئاسانیش دەتوانێت بیدۆزێتەوە. خۆئەگەر لەبارەی کەسانی ڕێکخراوەوە لێیان بپرسیت ئەوا بە گاڵتەجارییەوە دەڵێت: بوونی نوسینگەی ڕێکخراو مانای بوونی ئاوەزێکی نەخۆشە، زۆرجاریش شتی لێ ون دەبێ و ئەوانی تر تۆمەتباردەکات کە دزیویانە.

٥-ڕێکخراو:

ئەم بەڕێوەبەرە زۆر ڕێکخراوانە کاردەکات، دەزانێت چۆن ڕەگەڵ هەموو کێشەکاندا دەجولێتەوە، دەزانێت چۆن گرنگی پێدانەکانی دەست نیشان دەکات. کارکردن لەگەڵ ئەم کەسە زۆر ئاسودە بەخشە، بەباشی بەهای کات دەزانێت، بەڕاستی ئامانجی پشت ئەم بەشە دیارخستنی تایبەتمەندی ئەم جۆرە بەڕێوەبەرانەیە.

٤٩-شەش سودەکەی پشت بەکاربردنی کات:

((ئەوەی هەتە تەنها بیست و چوار کاتژمێرە، ژمارەی کاتژمێرەکانی ئەمڕۆ نەزیادە و نەش کەمتر، گەر ڕۆیشتن و تەواوبوون ئەوا بۆ هەتاهەتایە تەواوبوون))

د.ئیبراهیم فەقی

١-دەتوانی بەلای کەمەوە ڕۆژانە دوو کاتژمێری بەسوود چنگ بخەیت:



کاتێک ستراتیژیەتەکانی بەکارخستنی کات دەقۆزیتەوە ئەوا بەلای کەمەوە لەشەووڕۆژێکدا دوو کاتژمێرت دەبێت کەبەسودن بۆت، ئەمەش هانت دەدات و ڕێنوێنیت دەکات بۆ ئەنجامدانی کاری پێویست و گرنگ، ئەوجا دەبێتەهۆی پترکردنی داهاتت و باشترکردنی ئەنجامی بنچینەیی ئامانجی کارەکەت.

٢-لەڕۆژی کارتدا باشتر دەتوانی هەڵی بسوڕێنی:

کاتێك دەزانی چۆن هەموو بەربەرەستەکان تێپەڕێنی، دەشتوانی بەباشی بەسەر کاتەکەتدا زاڵبیت و بەکاری بخەی، بەجۆرێك دەتوانی ئەو ئەنجامە چنگ بخەیت کە مەبەستتە.

٣-دەتوانی بەئاسانی زاڵبیت بەسەر دڵەڕاوکێ و گوشاری کاردا:

بەکارخستنی کات و سترتیژیەکانی ڕێکخار یارمەتیت دەکات بۆئەنجامدانی کار لەکات گەلێکدا کە تۆ لەدۆخی دەروونی و هێزی خوازراودابیت. چیت بوێت دەتوانی

بەئاسان ئەنجامی بدەی، ئەوجا بەتەواوەتی زاڵدەبیت بەسەر كاتەكەتدا، لەم كاتەشدا دەتوانی بەئاسانی زاڵبیت بەسەر ئەو دۆخانەی دڵەڕاوكێ هێن و گوشاربەخشن.

٤-توانات زیاد دەبێت بۆ ئەنجامدان و تەواوكردنی كارەكان سەر شانت:

كاتێك دەزانی كاتت بەباشی ڕێكبخەی و بەكاربێنی كاتێكی زۆرت دەبێت بۆ ئەنجامدانی ئەوەی دەتەوێت. بەم كاتە زۆرە بۆ دەستەبەرەت دەتوانی ئاستی زانینت بەرز بكەیتەوە و بەهرەی نوێتر فێرببیت و گوێ لە كاسێت بگریت یاخود كتێبی هاندەر بخوێنیتەوە.

٥-وزەی تەواوت بۆ دەستەبەر دەبێت:

كاتێك ئەنجامدراوەكان زۆر و بەسود دەبن ئاستی هاندانت فرەتردەبن، بەخاوەنی وزەیەكی زۆرتریش دەبن، ئەمە سەرباری ئەوەی كەتۆ كاتی تەواوت دەبێت بۆ گرنگی دان بە دۆخی دەروونیت و ئاستی وزەشت بەرزتر دەكەیت.

٦-كاتی زیادترت دەبێت بۆ ئەوەی ڕەگەڵ خێزان و هاوڕێكانتدا بەسەری بەریت:

كاتێك دەتوانی بەكارایی كاتت بگێڕی، كاتی زۆرترت دەبێت بۆ بەسەربردنی لەگەڵ خێزانەكەتدا، كوڕ و كچەكانت، ئەركە كۆمەڵایەتیەكانت جێبەجێ بكەی و هاوڕێكانت بەسەر بكەیتەوە.

٥٠-پازدە دزەکەی کات(کە زۆرترین وێرانکاری دەنێنەوە)

((کات گرنگترین شتە کە مرۆڤ دەتوانێت خەرجی بکات))

تیوفراستس

١-پچڕێنەری دووربێژە(تەلەفۆن)یی:

کاتێک پەیوەندی و قسەی دووربێژەیی دەتپچڕێنێ ئەوا ئەمە هزرت دەتوچێنێ. بۆنمونە: گەر سەرقاڵی ئەنجامدانی کارێکی گرنگی کە دەبێت ئەنجام بدرێت، لەناکاو زرنگەی دووربێژەکەت هات و بیرۆکەکەت دەپچڕێنێت، جاباوەکو قسەکارەکە هەرکێ و چییەکیش بێت، گرنگیش نییە چی دەوێت گرنگ ئەوەیە بیرۆکەکانی تۆی پچڕاندووە و هزرتی توچاندووە. تۆ و بەڕێوەبەرانی هاوشێوەی تۆ ڕۆژانە بەناوەندی ٢٨ جار بە دووربێژە پەیوەندیتان پێوە دەکرێت، بۆیە هەرکاتێک پەیوەندییان پێوەکردی تۆ لە بیرکردنەوەکانت دەپچڕێی، هەروەها کاتێک بیرۆکەیەکت دەپچڕێت پێویستت بە سێ ئەوەندەی وزەی پێشووە بۆ هێنانەوەی.

٢-پچڕانەکانی تر:

هەندێک کەس بۆخۆشی لەناکاو دێنەسەردانت یاخود بۆ سکاڵادێن، ڕەنگە بریکار و فرۆشیارەکانت بێن. گەر تۆیش بەڕێوەبەربیت ئەوا ڕۆژی ٥ کەس بەبێ بوونی مەوئیدی پێشوەخت دێنە سەردانت. ئەو کەسانەی لە نێو کارنامەی ڕۆژانەتدا نین کە دێنە سەردانیت دەپچڕێنن و بیرۆکەکانت دەپچڕێنن.

3-پچڕانەکانی خۆت هۆکار:

خراپترین پچڕان پچڕاندن خۆ پچڕاندنە.. بۆنمونە: کە سەرقاڵی ئەنجامدانی شتێکی لەناکاو بە یادگەتدا دێت کە دەبێت پەیوەندییەکی دووربێژی ئەنجام بدەی، لە هەموو شتێك دەوەستی و ئەم پەیوەندییە ئەنجام دەدەی یاخود بەشتێکی تردا دەچیتەوە، ئەم کارە ڕوودەدات کاتێك هەڵدەستیت بە ئەنجامدانی ئیشێك یاخود حەزت لە ئەنجامدانیەتی و زۆرجاریش بەدواخستنی کارەکەت کۆتایی دێت.

٤-کۆبوونەوە و چاوپێکەوتن:

توێژینەوە و لێکۆڵینەوەکان دیاریان خستووە کە بەڕێوەبەران بەتێکڕای ٢٨٪ی کاتەکانیان بە کۆبوونەوە و قسەکردن ڕەگەڵ کارپەوانکاریان(سکرتێرەکەی)، کارمەند و بەڕێوەبەرانی بەش و لیژنەی جێبەجێ کاریاندا بەسەر دەبەن. کۆبونەوەکان لە لیستی دزە تایبەتیەکانی کاتن سەبارەت بە بەڕێوەبەر.

٥-دواخستن/تەوەزەلی:

ئیدوارد دینگ دەڵێت:" **دواخست ندزی کاتە**"، دواخستن مانای ئەوەیە ئیشی ئەمڕۆ بخەیتە سبەی، کەبەمەش هەرگیز ناتوانی ئەنجامی بدەی" چونکە هەمدیس دوای دەخەیت. بەڕێوەبەری ئاسایی زۆرجار بەفاکتەری چەندین هۆکار و بیانوو کارەکانی دوا دەخات، کەچی ڕاستیەکەی ئەوەیە ئەم بەڕێوەبەرە حەزی بە ئەنجامدانی ئەم کارە نییە، بۆیە تاوەکو دەتوانێت لێی بەدوور دەکەوێت و هەڵدێت.

٦-پۆستە و کاری لاپەڕەیی:

مایکل فۆرتینۆ دەڵێت:" **بەڕێوەبەران لەژیانیاندا ٨ مانگ بە کردنەوەی پۆستەکەیانەوە بەسەر دەبەن**"، گەر لەو بەڕێوەبەرانەی حەزت لە خوێندنەوەی

پۆستەی تایبەت بەخۆت و خوێندنەوەی هەموو ئەو گوتارانەیە کە بۆت هەنێردراون، ئەوا تۆ کاتێکی زۆری بەنرخت بەفیڕۆ دەدەی، هەروەها ئەنجامدانی کاری لاپەڕەیی لەشێوەی نوسینەوەی یادگاریش کاری دەست پەتالآن و بەفیڕۆ دەران و بکوژانی کاتە.

٧-ڕاپۆرتەکان:

ڕاپۆرتەکان بەگشتی، جا ڕاپۆرتی کارگێڕی بێت یاخود ڕۆژانە یان هەژماری، یاخود ڕاپۆرتێك بێت لەبارەی پرۆژە تایبەتیەکەتەوە یان ڕاپۆرتی بانکیت بێت هەموویان دزی کاتە بەنرخەکانتن" چونکە پێویستیان بەکات بەفیڕۆدانی زۆرە، بەلآم ئەمە مانای ئەوەنییە لە خوێندنەوەو نوسینەوەی ڕاپۆرتەکان خۆت قەدەغە بکەیت، بەڵکو گرنگ ئەوەیە بزانی چۆنی دەنوسی و دەخوێنیتەوە و چەندە کاتی بەنرختی بۆ دەفەوتێنی.

٨-تێکەلآوکردنی پێشییەکان(ئەولەویات)

ڕەنگە بە ئەنجامدانی کارێکتەوە سەرقاڵ بیت، ئەوجا لەناکاو شتێکی تر ئەنجام دەدەیت و دواتر دەگەڕێیتەوە بۆسەر کارە بنچینەییەکەت. تێکەولآکردنی کارە پێشییەکان مانای ئەوەیە تۆ دەتەوێت کارگەلێکی زۆر لەیەك کاتدا ئەنجامبدەی! لەمبارەیە بابلیلیۆس سیرس دەڵێت:" **هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی دووشت لەیەك کاتدا مانای نەکردنی هەردووکیانە**".

٩-ماندووبونی زیاد:

ئەمە مانای ئەوەیە بە ئەنجامدانی کارێکەوە خەریك بیت دواتر دەستی لێ هەڵبگری، کەچی دواتر بگەڕێیتەوە بۆ تەواوکردنی. ئەمەش مانای وەهایە تۆ کاتێکی زۆرت بۆ ئەنجامدانی یەك کار کوشتووە.

١٠-نەخشەی ناژیرانە:

زۆرجار لیستێك دەنوسیتەوە کە ناوی هەموو ئەوشتانەی تێدایە کە دەتەوێت ئەنجامی بدەی، ئەوەندە زۆر و قورسن کە بەچەند ڕۆژێکیش ناتوانی ئەنجامیان بدەی، بەم کارەت تۆ خۆت توشی دڵەڕاوکێ دەکەیت و کاتەکەیشت بە ئەنجام نەدانی هیچەوە دەکوژی.

١١-نارێکخستن:

کاتێك نوسینگەکەت ڕێك ناخەیت و هەرشتێك توڕدەدەیتە جێگەیەك ئەوا بۆ دۆزینەوەی دۆسیە و شتە گرنگ و پێویستەکانت کاتی زۆرت دەوێت و بەفیڕۆدەدەیت.

١٢-سیستمی نەگونجاو بۆ هەڵگرتنی دۆسیەکان:

کاتێك خاوەنی سیستمێکی گونجاو نەبیت بۆ هەڵگرتنی دۆسیەکانت ئەوا کاتی زۆر بەفیڕۆ دەدەی لەگەڕان بەدووی ئەو دۆسیانەی پێویستت پێیان دەبێت و ناتوانیت بیاندۆزیتەوە. ئەمەش بێگومان توڕەیی و هەڵچونت پێ دەبەخشێت و توشی نەخۆشی هەمەجۆر و کێشەی زۆر و کات بەفیڕۆدانیشت دەکات.

١٣-پەیوەندی کۆمەڵایەتی:

بانگێشتکردن بۆ قاوەڵتی، نانی نیوەڕۆ یان ئێواری، ئاهەنگی پێشوازی یاخود تەنانەت خواردنەوەی شەروەتێکیش کاتت لێ بەفیڕۆ دەدات. بەڕێوەبەر کاتێکی زۆری بە کۆبونەوەوە بەفیڕۆ دەدات و بەهۆیەوە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی ئەنجام نادات، ئەوەی لێرەدا ئەنجامی دەدات ئەوەیە کە نازانێت چۆن چی دەکات و بۆ کام بانگێشت دەبێت بڕوات و کامیش دەبێت پشت گوێ بخات.

١٤-نەتوانین بۆ گوتنی (نەخێر)

لەناکاو هاورێیەکت دێتە نوسینگەکەت و داوات لێدەکات ڕەگەڵیدا بڕۆی بۆ نان خواردن، بەڕێوەبەرێکی تر دێتەسەردانت بۆ خواردنەوەی کوپێك قاوە، سەرکارەکەت بانگت دەکات تۆیش بەبێ دواخستن دەڕۆی و کارەکانی خۆت دوادەخەیت، گەر نەتوانی بڵێی نەخێر کاتی زۆر بەفیڕۆ دەدەی و بەم هۆیەوە کارگەلێك ئەنجام دەدەی حەزی پێ ناکەی، بەهۆیەوە کاتی زۆر بەفیڕۆ دەدەی.

١٥-ئامرازی نەگونجاو:

ڕەنگە کەرەستە و ئامرازەکانی نێو نوسینگەکەت کۆن و خەوشداربن، ئەمەش پێویستی بەوەیە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە کارمەندای چاککردنەوەوە بکەی. خراپی ئامێر و ئامرازی بەکارهاتو دەبێتە هۆی هەڵچونت، ئەمەش دزێکی مەزنی کاتت دەبێت.

هەروەها تۆیش دەتوانی دزگەلێکی دیکەی کات بخەیتە نێو لیستەکەی پێشووترەوە و بەهەموو شێوەیەك هەڵی خۆلادان بدەی لە ئەنجامدانی.

٥١-بیست ڕێگەی زۆر کارا بۆ پاراستنی کات:

((ئێستا تەنها ئەم خولەکەت هەیە...ئەو خولەکانەی هەیتە بیانپارێزە، ئەوجا دەبینی گرنگی بە کاتژمێر و ڕۆژەکانیش دەدەیت، هێز و زاڵێتیت بۆ دەستەبەر دەکات))

برایان تراسی

ئێستایش لیستێکت پێشدەست دەخەم کە بەرهەمی ٢٢ساڵ کارکردن و توێژینەوە و لێکۆڵینەوەمە، بۆ پاراستنی کاتە بەنرخەکەت، ئەمەش بۆئەوەیە فێرت بکەم کە چۆن ستراتیژیەتی پێویست دادەڕێژی بەمەبەستی خۆقایمکردن لەهەمبەر دزانی کاتدا.

١-پچڕێنەری دووربێژە(تەلەفۆنی)

(أ) ئەوەی پەیوەندی پێوەکردووی دەتوانی پێی بڵێ کە ئێستا ئیشم هەیە و دەبێت بڕۆمە دەرەوە، یاخود بۆ کۆبوونەوەی گرنگ دەڕۆم و داوای لێبکە کاتێکی تر تەلەفۆنت بۆ بکاتەوە.

(ب) داوا لە کار ڕەوانکار(سکرێترەکە)ت بکە، وەڵامی پەیوەندییە دووربێژیەکانت بداتەوە و لەبری تۆدا نامە و پەیامەکان وەربگرێت. لەم کاتەدا دەتوانی بڕیاری ئەوەبدەی کەی دەتەوێت وەڵامی پەیوەندی دووربێژی و نامەبۆهاتوەکان بدەیتەوە. کاتێك بێ ئیش و چالاکیت پەیوەندی دووربێژیت ئەنجامبدە، بۆنمونە پاشی نان خواردن، یان پاش کاتی کارکردنت، هیچ کاتیش وەڵامی پەیوەندیەکان مەدەرەوە مەگەر لەدۆخێکی زۆر پێویستدا نەبێت.

٢-پچڕانەکانی تر:

(أ) کاتێك کەسێك قسەت پێ دەبڕێت تۆ بەپێوە قسەی لەگەڵدا بکە بۆئەوەی دانەنیشێت و بەزووترین کات قسەکانی تەواوبکات.

(ب) پێشنیارێکی بۆ بکە کە تۆ دەتەوێت دواتر لەدەرەوە بیبینی یاخود نانێکی لەگەڵدا بخۆی یان شتێکی پیشان بدەی.

(ت) لەبری ئەوەی کەسی بیرۆکە پچڕێنەرت بێتە سەردانت تۆ بڕۆ سەردانی، بەم شێوەیە دەتوانی کەی بتەوێت کۆتایی بەقسەکان بێنی و بیرۆکەکانت بە نەپچڕاوی بهێڵیتەوە، کاتەکانت بە نرخدارییەوە بەکاربێنی.

(پ) گەر ویستت لە بێزارکاری دووربیت ئەوا دەرکی نوسینگەکەت دابخە و داوا لە کارراپیکارەکەت بکە هەرکەسێك دێت بیگێڕێتەوە و داوای لێبکات دوای نیوەڕۆ بگەڕێتەوە، یان لەسەر دەرکی داخراوی نوسینگەکەت بنوسە :" تکایە بێزارمان مەکە".. بەم ڕێگەیە ئەوانی تریش ڕادێن و ڕێز لەکاتەکەت دەگرن و کاتی خۆشیان بەباشی بەکاردێنن.

(ج) هەروەها کورسی کەم لە نوسینگەکەت دانێ بۆئەوەی کەسانی کەم بێنە نوسینگەکەت و هانیان مەدە بۆ دانیشتن و مانەوە لە نێو نوسینگەکەت.

٣-پچڕانەکانی خۆت هۆکار:

هەوڵبدە کارەکان یەکجاری ئەنجامبدەی، هەرگیز کارەکانت دوامەخە و بەچڕی تیشك بخەرەسەر ئەو کارەی ئەنجامی دەدەی، گەر هەستت بە ماندوویی کرد یان زانیت بیرت شێواوە ئەوا چڕبیرکردنەوەت ئاراستەی ئەنجامەکان بکە، کەبە سود بۆت دەگەڕێتەوە.

٤-کۆبوونەوە و چاوپێکەوتن:

لەسەرەتاوە لەخۆت بپرسە: چی ڕوودەدات گەر بۆئەو کۆبونەوەیە نەڕۆم؟ ئەوجا ئەمانە ئەنجام بدە:

أ- گەر وەڵامەکەت ئەوەیە کە:" هیچ ڕوونادات"و ئەوا مەڕۆ بۆ کۆبونەوەکە.

ب- گەر وەڵامەکەت:" هیچ ڕوونادات بەڵام دەبێت بزانم چی ڕوودەدات" ئەو دەتوانی کەسێکی تر لەبری خۆت بنێری.

ت- گەر وەڵامەکەت بەڵێ شتێك ڕوودەدات ە، ئەوا ئەم کۆبونەوەیە بخەرە نێو لیستی ئەنجامدراوەکانی ڕۆژانەتەوە.

٥-دواخستن/تەوەزەلی:

گەر شتێك هەبێت لە لیستی ئەو شتانەی کە دەبێت ئەنجامی بدەی و پتر لە سێ جارە دواتخستووە، ئیتر دەست لەم خووەت هەڵبگرە و وازی لێبێنە، هەرئێستا لاپەڕە و کاغەزێك بەدەستەوە بگرە و ئەم پرسیارە لەخۆت بکە:" چی ڕوودەدات گەر هیچ نەکەم؟ و تاچەند ئەم بۆ من گرنگە؟"، دواتر ئەمانە ئەنجامبدە:

أ- گەر وەڵامەکەت ئەوەبوو کە گرنگە ئەوا ئەنجامی بدە.

ب- گەر وەڵامەکەت ئەوەبوو کە گرنگە بەڵام کەسێکی تریش دەتوانێت ئەنجامی بدات ئەوا بەیەکێکی دیکەی بسپێرە.

ت- گەر وەڵامەکەت: هیچ ڕوونادات و گرنگ نییە بوو ئەوا وازی لێبێنە.

٦-پۆستە و کاری لاپەڕەیی:

أ-هەستە بە مەشقپێکردنی کارڕەونکارت بۆ وەرگرتنی نامە و پۆستەکانت و ئەنجامدانی کاری لاپەڕەیی و لەیەك جیاکردنەوە و ڕێکخستنیان و خستنەڕووی گرنگەکان بۆتۆ.

ب–پۆستەکانت بخەرەنێو دۆسیەهەڵگرێکی تایبەتییەوە و کاتێك ئاستی ئەنجامدانی چالاکیەکانت نزم دەبێتەوە ئەوجا سەیریان بکە.

ج–وەلآمدانەوەی پۆستە و نامەکانت بخەرە ئەستۆی کەسێکی تر.

د–ئەنجامدانی دووکار لەیەك کاتدا. بۆنمونە: مەوئیدت ڕەگەڵ پزیشکدا هەیە و دەزانی پێویستت بە چاوەڕوانی دەبێت، بۆیە ئەو دۆسیە و لاپەڕانەی پێویستن لەگەڵ خۆت بیان بە و لێیان بڕوانە و پێیاندا بچۆرەوە، بەمەش دووکار لەیەك کاتدا ئەنجام دەدەی و کاتت بە چاوەڕوانی سرەی دکتۆرەوە ناکوژێت.

٧–ڕاپۆرتەکان:

ئەم پرسیارە لەخۆت بکە: چی ڕوودەدات گەر ئەم ڕاپۆرتە نەنوسم؟ کەسێکی تر دەتوانێت لەجێگەم بینوسێت؟ گەر وەلآمەکەت: هیچ ڕوونادات بوو، کەواتە مەینوسە، بەلآم گەر پێویست بوو ئەوا با کەسێکی تر بینوسێتەوە و دواتر خۆت چاوێکی پێدا بخشێنەرەوە، دەشتوانی لەو کاتانەدا بینوسیت کە چالاکیت کز و لاوازە.

٨–تێکەلآوکردنی پێشییەکان(ئەولەویات)

لیستی هەموو ئەو شتانە بنوسەرەوە کە دەتەوێت ئەمڕۆ ئەنجامیان بدەی، ئەوجا بەپێی گرنگییان لیستەکە دابڕێژەرەوە. بە گرنگترین دەست پێبکە، بەو شتانەی کە دەبێت ڕاستەوخۆ ئەنجام بدرێت، ئەوجا ئەوانەی کە دەتوانی دواتر ئەنجامیان بدەی، ئەوجا لەکۆتاشدا ئەوەی کەمتر دەتەوێت بینوسەرەوە. لە لیستەکەتدا کاتێك بۆ چاوپێکەوتنیش دیاریبکە، کامیان لەپێشتر و گرنگتربوو ئەنجامی بدە، ئەوجا بۆئەوانی تری کەمتر گرنگ هەنگاو بنێ.

٩-ماندووبونی زیاد:

هەر ئەمڕۆ دەست پێبکە و شتەکان یەکجار ئەنجام بدە، گەر ئەمڕۆ کۆمەڵێك لیست و دۆسیەت لەپێش دەستە و گرنگن هەر ئەمڕۆ تەواویان بکە یاخود بەکەسێکی تری بسپێرە و کاری ئەمڕۆت مەخەرە سبەی" چون گەر ئێستا کاتی ئەنجامدانیت نەبێت ئەوا لەداهاتوشدا بۆت نالوێت و کاتت نابێت: بۆیە کەدەستت پێکرد زوو لێی بەرەوە.

١٠-نەخشەی ناژیرانە:

بەژیرانەوە لە نەخشەی کارکردنت بڕوانە، لەخۆت بپرسە: ئایا دەتوانم نەخشەکانم بەپێی ئەو کاتەی بۆم دیاریکردون ئەنجام بدەم و جێبەجێ بکەم؟ گەر وەلامەکەت نەخێرە ئەوا نەخشەکات بگۆڕە و چاکسازییان تێدابکە.

١١-ڕێکخستن کاریە:

أ- هەموو ڕەفەی نوسینگەکەت پەتاڵ بکەرەوە.

ب- لیستی ناوی ئەو شتانە بنوسەرەوە کە بەڕاست دەتەوێن و پێویستت پێیانە، ئەوانی تر لەکۆڵ خۆت بکەرەوە.

ت- ئەم جۆرە دۆسیانە لەخۆت دووربخەرەوە: دۆسیەی گشتی، دۆسیەی هەمەجۆر" چون ناچارت دەکەن بەردەوام لاپەڕەی تریان بۆ زیادبکەی و پێیانەوە سەرقاڵ بیت.

پ- ئەوەی کە دەزانی زۆر گرنگ و پێویستە بۆ ئەنجامدانی کارەکانت تەنها ئەوانە لە نوسینگەکەت بهێڵەرەوە.

ج- دۆسیەیەك بکەرەوە باوەکو لەخۆگرتەی ئەو کارانەبێت کە ڕۆژانە دەتەوێت ئەنجامی بدەی، هەوڵبدە چی تێدا نوسراوە هەمووی ئەنجام بدەی.

ح- بەجوانی و ڕێکخراوەیی و خاوێنییەوە کارانت ئەنجام بدە.

خ- پێویستە لە نوسینگەکەتدا تەنها یەك شتت لەپێش چاوبێت..ئەو کارەی دەتەوێت ئەنجامی بدەی.

١٢-سیستمی گونجاودابنێ بۆ هەڵگرتنی دۆسیەکانت:

لەبیرت بێت پێویستت بە سیستمێکی گونجاوە بۆ هەڵگرتنی دۆسیەکانت بە کۆدی ڕەنگاوڕەنگ. بە کارڕەوانکارت بڵێ: لیستی ناوی هەموو دۆسیەکانت بۆ ڕێك بخات و بەم ڕێگەیەش دەتوانی چیت بوێت بە زووترین کات بیدۆزیتەوە" گەر پێویستت بەوە بوو خۆت بۆی بگەڕێی. دۆسیە ناپێویستەکان لەخۆت دووربخەرەوە" چونکە بەبێ هیچ گرنگییەك شوێنەکەت قەرەباڵغ دەکەن. لەبیرت بێت کە ٨٠٪ی ئەو شتانەی دەیخەیتە نێو دۆسیەکانتەوە دووبارە لێیان ناڕوانیتەوە، بۆیە بەرلەوەی هەر شتێك هەڵبگریت لەخۆت بپرسە: چی ڕوودەدات گەر ئەم لاپەڕەیە هەڵنەگرم؟ گەر وەڵامەکەت: هیچ بوو، ئەوا توری بدە و فڕێی بدە، گەر وەڵامەکەشت گرنگ و پێویستە بوو ئەوا بیخەرە نێو دۆسیەکانتەوە و هەموو ٩٠ ڕۆژ جارێك پێیاندا بچۆرەوە و کامیان کۆن و بێ کەڵك بوو لە نوسینگەکەت لایان بەرە، نابێت بەهیچ شێوەیەك قەبارەی هیچ دۆسیەیەك لە یەك ئینج زیادتربکات.

١٣-پەیوەندی کۆمەڵایەتی-کۆبوونەوە:

لەخۆت بپرسە: چی ڕوودەدات گەر نەڕۆم بۆ ئەم بانگیشتکردنە یان نانی ئێواری خواردنە؟ گەر وەڵامەکەت هیچ ڕوونادات بوو ئەوا هەرئێستا پەیوەندی بکە و مەوئیدەکەت ڕەتبکەرەوە و گەر ئاسانتریش بوو ئەوا کەسێکی تر بهەنێرە با نوێنەرایەتی تۆ بکات، یاخود خۆت برۆ و نەختێك لەوێ بمێنەرەوە و دواتر بەخێرایی ئەو جێگەیە بەجێ بهێڵە.

١٤-فێری گوتنی (نەخێر) بە:

مەهێڵە وشەی نەخێر وەهات لێبکات هەست بە تاوان بکەی، باشتر وەهایە بیڵێی لەبری ئەوەی کاتە بەنرخەکەت لەدەست بدەی و خشتەی کارەکانت قەرەباڵغ بکەی بە کاری ناپێویستەوە، کە ئەمەش باری سەرشان و دەروونت سوکتر دەکات و گوشارەکانی سەریشت کەمتر دەکات. بۆیە بەرلەوەی بڵێی : بەڵێ، لەخۆت بپرسە: چی ڕوودەدات گەر بێژم: نەخێر، گەر وەڵامەکەت: هیچ ڕوونادات بوو، کەواتە بە بزەوە بڵێ نەخێر.

١٥-ئامرازی نەگونجاو:

تازەترین و باشترین و گونجاوترین ئامێر بەکاربێنە. ئامێری لەبەرگرتنەوەی دۆسیە و قەواڵەکانت بگۆڕە و دانەیەکی باشتربێنە، ئەمەش کاتێکی زۆرت بۆ دەگەڕێنێتەوە و توڕەیش نابیت. کڕینی ئامێر وەکو وەبەرهێنان و ئەنجام ببینە نەوەک خەرجی، هەروەها لە ئامێری ناپێویست و ناگرنگ بەدووربە" چونکە دەبنەهۆی خاوکردنەوەت لەئیش و کارت و کوشتنی کاتەکانت.

١٦-کاتی نان خواردن:

گەر هەموان نیوەڕوان دەڕۆن بۆ نان خواردن ئەوا تۆ بە نیو کاتژمێر پێشی هەموان بڕۆ یاخود نیو کاتژمێر پاشی هەموان، بەم کارەت هەم باشتر خزمەت دەکرێی هەم خۆراکەکەت زوو بۆ دەهێنن و خێراتر لێی دەبیتەوە و کاتی باشت بۆ دەگەڕێتەوە. هەروەها لەکاتی خۆراکدا دەتوانی کەسێك بانگێشت بکەی کە ئیشت پێیەتی بۆئەوەی دوو چۆلەکە بە یەك بەرد بپێکی.

١٧-دووربێژ(تەلەفزن)ەکەت دابخە:

خەڵکی نزیکەی دوو کاتژمێر و نیو یان زیادتری ڕۆژانە لەپێش تەلەوزوێن بەسەر دەبەن، بەپشت بەست بە توێژینەوەکان. خۆت مەدەرە دەست ئەو خووە خراپە و دەست لە زۆر سەیرکردنی تەلەووێنە هەڵبگرە، باشتر وەهایە ئەم کاتە ڕەگەڵ خێزان و وەچەکانتدا بەسەر بەریت، دەتوانی حەزت لەچی بەرنامەیەك بوو سەیری بکەیت و دواتر ئامێرەکە بکوژێنیتەوە.

١٨-کاتی نوستن:

زۆرێك لە پزیشکان دەڵێن: خەڵکان لەکات گەلێکدا دەنون کە لەڕووی جەستەوە پێویستیان نییە، یاخود لەکاتی ماندوویی و شەکەتیدا دەیانەوێت بنون. ئەمانە تەنها بەپێی خوو و نەریتەکان دەنون. بۆیە زوو نوستن و زوو هەستان باشترین ئامۆشیاری بەنرخە بۆتان، لەلایەن پزیشکانەوە ئامادەکراوە و چەسپێنراویشە بۆتان.

١٩-کاتی فڕین:

یەك کاتژمێر لەنێو فڕۆکە بەبێ هیچ پچڕانێك هاوتایە ڕەگەڵ ٤ کاتژمێری نوسینگەکەت بە پچڕانەوە. بۆیە داوای ئەوە بکە کە شوێنەکەت لە تەنیشتی پەنجەرەوەبێت و دووریش بێ لە سەرئاو و چێشتخانەکەوە. بەم جۆرەش هیچ کەسێك ناتوانێت بت،پچڕێنێ. دەتوانی ئەم کاتە بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرت و کاری لاپەڕەییت بقۆزیتەوە. من بۆخۆم لەکاتی گەشتی فڕۆکەییمدا زۆرێك لە لێکۆڵینەوەکانم تەواودەکەم. لەنێو فڕۆکە گەر ویستت شتێکی بەنرخ بنوسیت لە سەیرکردنی تەلەوێنە و خوێندنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بەدووربە.

٢٠-هەموو ساڵێك با مانگێك زیاوەت هەبێت:

گەر بتوانی هەموو ڕۆژێك یەك کاتژمێر زووتر بەخەوەر بێیتەوە ئەوا هەفتەی پێنج کاتژمێرت بۆ دەگەڕێتەوە، گەر لێکدانی ٥٠ هەفتەی بکەی ئەوا دەکاتە ٢٥٠ کاتژمێر و دابەشی ٨ کاتژمێر ئیشی ڕۆژانەی بکە دەکاتە ٣١ ڕۆژ یاخود مانگێك لە ساڵێکدا.

$$\text{ڕۆژ}31 = \frac{1 \times 5 \times 50}{8}$$

ئەوکاتەی دەزانی ئەم کاتە بە دانایی بەڕێبکەی ئەوکات دەتوانی بەڕێژەی ٣٪ داهاتت زیادبکەی، دەچیتە ڕیزی کەسانی سەرکەوتوو، ئەوکەسانەی بەباشی کاتەکانیان ڕێکخستووە. بزانە گەر یەك کاتژمێر بۆ نەخشەسازی و پلانکاری خەرج بکەی ئەوا هاوتایە بە ٤ کاتژمێر کارکردن. واتە داهاتەکەت یەکسان دەبێتەوە بە ٤٠٠٪ .

٥٢-چۆن دەتوانی خووی کارا بۆ بەکارخستنی کات گەشەپێبدەی:

((زۆرکەس دەڵێن: کاتم نییە بۆ نەخشەدانان یان ڕێکخستن. بەڕاستی سەیرن گەر کاتیان نەبێت!!))

د.ئیبراهیم فەقی



١- ئەمڕۆ دەست پێبکە و بەڕێوەبەرێکی کارابە بۆ کات.

٢- بەڵێنێك بەخۆتبدە" بۆئەمە و ئەوجا بەڵێنی ئەوەش بەچواردووبەرت بدە کە دەبیتە بەڕێوەبەرێکی کارا.

٣- بڕوات بەوە هەبێت کە بەڕێوەبەرێکی کارای کات دەبیت.

٤- چاوانت دابخە، بحەسێرەوە و هەوڵبدە وەها خۆت ببینی کە بەڕێوەبەرێکی کاراییت و ڕێزی کات دەگریت.

٥- لیستێك ئامادەبکە هەموو ئەوانەی تێدابێت کە ئەمڕۆ دەتەوێت ئەنجامی بدەی، ئەوجا بەپێی پێشییەکان(ئەولەویات)ت ڕیزبەندییان بۆ بکە، لەگرنگەوە بۆ کەم گرنگ، هەوڵبدە ئەم لیستەت شەوان ئامادەبکەی بۆ ئەوەی کاتی ئیشکردنت لێ نەگرێت، کاتێك چالاکیت خۆت بە نوسینەوەی لیستەوە سەرقاڵ مەکە.

٦- هەوڵبدە هەمیشە زوو بڕۆی بنوویت و هەموو ڕۆژێکیش بەلای کەمەوە ١٥ خولەك زووتر بەئاگا بێیتەوە" چونکە ئاوەزی هەناوی لەکاتی بەیانیاندا زۆر بەئاگا و هۆشیار و داهێنان کاریشە.

٧- هەوڵبدە لەپێشی هەموو کارمەندانتەوە بڕۆیت بۆسەر کار، بەمەش کەسی تر ناتوانێت بت پچڕێنێ.

٨- هەوڵبدە هەميشە ئامادەبيت، كاتێك دەتەوێت ئيشێك ئەنجام بدەى، هەموو ئەوانەى پێويستت پێيانە پێش دەستيان بخە: كۆمپيوتەر، ڕاستە، دۆسيە، خامە، هەموو شتێكى تر، بەم كارەشت هزرت ناتوچێ" لە گەڕان بەدووى شتەكاندا.

٩- هەرچى كارى لاپەڕەييت هەيە بەيەكجارى ئەنجامدا و دواتر لەخۆتيان دووربخەرەوە.

١٠- پرۆژەى گەورە دەتوانى دابەشى چەند بەشێك بكەيت/بەشى بچووك. ئەوجا دەتوانى بەش بە بەش ئەنجاميان بدەى.

١١- هێزى دەيى: گەر توشى كارێكى قورس و بێزاركار بوويت و هەستت كرد ناتەوێت ئەنجامى بدەى، ئەوا بۆماوەى ١٠ خولەك پياسەبكە و دواتر وەرەوە بۆسەر ئەنجامدانەوەى هەمان كار، كاتێك دەست بەكارەكە دەكەيتەوە هەست بە تەواوبوونى دەكەيت. ئەوجا تيشك بخەرەسەر ئەنجام و هەستكردنەكانت كاتێك لە پرۆژەكە دەبيتەوە.

١٢- هێزى وەرنامەڕێژكردنى دەروون: هەوڵبدە هەموو ڕۆژێك ئەوە بۆخۆت دووپات بكەيتەوە كە تۆ بەڕێوەبەرێكى كارا و چالاك و ڕێزگرى كاتيت، كاتێك ئەم نامەيە دووبارە دەكەيتەوە ئاوەزى هەناوى بە دۆخى ڕاستەقينەتى وەردەگرێت و كار بۆ بەديهاتنى دەكات. خۆ بەرنامە ڕێژكردن بكەرە بەشێكى كارى ڕۆژانەت. ئەمەش چەند نمونەيەكە دەتوانى ڕۆژانە ئەنجامى بدەى:

- من بەڕێوەبەرێكى باشم/ من بە باشى كاتەكانم دەگوزەرێنم.
- من بەباشى سيستمەكەم بەكاردێنم و دەيپارێزم. .
- دەتوانم بەباشى كاتەكانم بقۆزمەوە.
- هەموو ڕۆژێك لە هەموو لايەكەوە باشتر و باشتر ئەنجام دەدەم بۆ باشتربوون.

١٣–هێزی ٢١ : ئەم خووە بۆماوەی ٢١ ڕۆژ لەسەریەك ئەنجامبدە، ئەوجا بۆ هەمیشە خووی پێوە دەگریت. دەتوانی ئەم کردارەیە خێراتر بکەی و ببیتە بەڕێوەبەرێکی کارای کات، لەڕێگەی:

أ– گفتوگۆ: دەتوانی لەگەڵ ئەو کەسەدا قسەبکەی کە دەزانی ئەو بەباشی کاتەکانی ڕێکخستووە و بەکاردەهێنێت.

ب– کڵاوی بەڕێوەبردنی کات لەسەر بکە: وای دابنێ تۆ مەشق پێکاری و بۆماوەی یەك مانگ مەشق بە کارمەندانت دەکەیت لەبارەی چۆنێتی بەکارهێنانی کاتەوە. بۆیە لەمڕۆوە دەتوانی بەخێراتر و باشتر فێربیت و بەڕاستی بەوەبیت کە دەتەوێت ببیت.

ت– ستراتیژیەتی (چی دەبێت گەر) بەکاربێنە: ولیام جایمس دەڵێت: **" گەر باشترت دەوێت وەها ئەنجامبدە کە باشتربویتە"**، گەر وەها ڕەفتار دەکەی وەك ئەوەی شارەزابیت لە بەکارخستنی کات ئەوا ئەم هێزە ڕۆدەچێتە نێو ئاوەزی هەناویتەوە و دواتریش بەوە دەبیت کە دەتەوێت. ئەم بەشەم بۆ داناوی بۆ فێربوون و یادگرتنی ئەوەی بەڕاستی پێویستتە، لەگەڵ ئاشنابوون بە بەکارخستنی کات و چۆنێتی بەکارهێنانی لە ژیانی ڕۆژانەدا. کاتێك بەهرەکانت دەکەیت بە کردار ئەوا خۆوابینینت و خۆ ڕێزگرتنت بەشێوەیەکی کارا زیاودەبێت. هەروەها بەهات بۆ باشتر دەگۆڕێت، هەروەها باوەڕیشت وەهادەبێت وەك ئەوەی کات تاکە شتی بەنرخی هەبوومان بێت و تاوەکو ماوین گەر بەکاری نەخەین لەدەستی دەدەین. زاڵبە بەسەر کاتی خۆتدا و ئاژەوەری کەشتی ژیانتبە، ئەوجا دەچیتە ریزی ٣٪ی کەسە ژیرەکانی جهانەوە" ڕیزی ئەو کەسانەی گەیشتوون بە سەرکەوتن و ویستراوەکان.

هەوڵی زیادکردنی بەرهەمەکانت و باشترکردنی ئاستی ژیانت بدە، لەبیرت بێت گۆتەی فەیلەسوفی ئەڵمانی پێشی ١٠٠ ساڵ گتویەتی: **" زانست بەس نییە پێویستمان بە جێبەجێ کردنیەتی، ئارەزوو بەس نییە پێویستمان بە ئەنجامدانێتی"**.

هەرئێستا بڕیاربدە کە

بە بەڕێوەبەرێکی کارا و کات بەکارهێنەرێکی سەرکەوتووبیت..

کلیل هەشتەم

سەرکردایەتی کردن..

ڕێگەیەك بەرەو لوتکەی ئەنجامدان



((کاتێك هەڵدەستیت بەکاری بەڕێوەبردن و دەتەوێت ناوازە و نایاب بیت، دەبێت وەکو ئەستێرەی باکوربیت، کاتێك ئەو لەجێگەی خۆی دەمێنێتەوە ئەستێرەکانی تر بەدووریدا دەخولێنەوە))

کۆنفۆشیۆس

٥٣- شێوازی تۆ چۆنە؟

((هەموو مرۆڤێك لە هەناویدا هەموو شتانە دەستەبەرن کە ئامازەن بۆ شکۆمەند نواندن و ڕێزگرتن لە بەرامبەر، بەڵام گرنگی پێ نادەن))

منشوس

هەر گۆرانبێژێك شێوازی تایبەتی خۆی هەیە بۆ گۆرانی وتن: ئەو شێوازەی دەنگی تێدا بەکاردەهێنێت(چینی دەنگی) ئامازەکانی ڕووخساری، جوڵەکانی جەستەی و هەموو ئەوشتانەی تر کە وەهای لێ دەکات لە گۆرانی بێژانی تری جودابکاتەوە، هەروەها هەر وێنەکێشێك خاوەنی تایبەت مەندی خۆیەتی بۆ وێنەکردن و هەموو سەماکارێکیش بەجودا لەوانی تر دەرەقسێت، خۆنوێن(ئەکتەر)یش. لەڕاستیدا هەریەکە لەئێمە خاوەنی تایبەتمەندی و شێوازی تایبەتی خۆیەتی لەژیاندا کە کار لە هەڵبژاردنەکانی دەکات. ئەم نمونەیە کار لە خوازویستیش دەکات. هەر بەڕێوەبەرێك خاوەنی شێوازی تایبەتی خۆیەتی، کەواتە شێوازی تایبەتی تۆ چییە؟ ئایا تۆ سەرۆك کارێکی کارایت، یان سەرکردە یان تەنها بەڕێوەبەری و هیچی تر؟ جیاوازی لەنێوان ئەمانەدا دەبینی؟ بێگومان جیاوازی زۆر هەیە.

سەرۆك کار ئەو کەسەیە تەنها فەرمانەکان دەردەکات و خەڵکانی دەورووپشتی ئاراستە دەکات. بڕوای وایە هەمیشە لەسەر ڕاستە و هەمیشە ڕەخنەی ئەوانی تر دەکات، ئەمەش وەها لەوانی تر دەکات بەردەوام توشی شەرمەزاری بن لە ڕووبەڕوو بوونەوەی،

هەمیشە ئەوانی تر لۆمە دەکات بەبێ ڕوودانی هیچ هەڵەیەك. سەرۆك هێز و سزا وەکو هۆکارێك بۆ هاندان بەکاردەهێنێت لەپێناو تەواوکردنی کارەکاندا، ئەم دووپاتی ئەوەش دەکاتەوە کە ئەوانەی لەدەوروپشتین هەمیشە بەئاگان لەم سەرۆکەیان و ئەمیش هەمیشە دەڵێت: من سەرۆکم، یان شوێن قسەکانی من دەکەویت، یاخود برۆ سەر جادە.

بەڵام ئەنجامدەر کەسێکە متمانە بەوانی دەوروپشتی ناکات. زۆربەی کاتی بە ئەنجامدانی کارەکانی خۆی بەسەر دەبات. ئەم هەمیشە دەناڵێنێت بەوەی بەڕاستی کاردەکات و کاتژمێرێکی زۆریش لە ئیشکردن بەسەر دەبات و یارمەتی لەوانی ترەوە بۆ نایات و تەنانەت کارمەندانیشی یارمەتی ناکەن. ئەم کەسە ناتوانێت بڕوا بەوە بکات کەسانی تریش وەکو ئەم بەتوانان بۆ ئەنجامدانی کارەکانی ئەم، بۆیە متمانە بەوانی تریش ناکات و هەمیشە لە گوماندایە. بێگومان ئەم بەڕێوەبەرە بڕوای بە پێ سپاردن نییە، پێی باشە خۆی هەموو کارێك ئەنجامبدات. ئەم کەسە هەمیشە سەرقاڵەو زۆر ژیر و خاوەن زانیاری و ئەمکداریشە بەڵام گوماناوییە و متمانەی بەکەس نییە و ئەمەش وەهای لێ دەکات هەست بە خەمۆکی و نائارامی بکات و خۆی هەموو خەوشیەکان لەئەستۆ دەگرێت و کاری خۆی بەکەس ناسپێرێت.

بەڕێوەبەر بەپێی کردارەی بەڕێوەبردن کارەکانی ڕایی دەکات، لە نەخشەدانانەوە بۆ



بڕیاردان و ئەوجا بۆ چاودێری و بەدواداچوون هەنگاو دەنێت. ئەم کەسە شوێن کەوتەی سیستمی دانراوی کۆمپانیاکەیە بۆ هەڵسوراندن و برەودان بەکارەکەی. ڕامیارێتی کۆمپانیاکە پەرتوکی پیرۆزیەتی. ئەم دەتوانێت ٧٥٪ی کاتەکانی بۆ ڕوونکردنەوەی کارە کارگێڕیەکانی تەرخان بکات و کار بە ئەنجامە ئاراستە بووەکانی دەکات. لەکۆتاشدا سەرکردە ئەو کەسەیە کە توانای ئەنجامدانی هەموو کارێکی هەیە بە چاکسازییەوە، ئەوجا دەیخاتە

بواری جێبەجێ کردن و بە ئەنجامی خوازراو دەگات، ئەم کەسە مەشقپێکراوێکی زۆرباشە، هاندراو و هاندەریشە، خۆی توانای دروستکردنی دەستەی کاری یارمەتی دەری هەیە، لێهاتووە لە پەیوەندی دروستکردندا، بەتوانایە لە چارەکردنی کێشەکان، حەزی بە سەرکێشییە، بڕیار دەرێکی لێهاتووە، چاوەڕوانی ڕوودانی شتەکان ناکات بەڵکو خۆی ئەنجامیان دەدات و پێش ڕووداوەکان دەکەوێت، گرنگی بە ئەندامانی دەستەی کاری دەدات وەك چۆن گرنگی بە ئەنجامەکانیشی دەدات، کارکردن ڕەگەڵ ئەم کەسە زۆر بەچێژ و ویستراوە.

گۆڤاری فۆرچن جیاوازی نێوان بەڕێوەبەر و سەرکردەی بەم شێوەیە دیاری کردووە:

بەڕێوەبەر کاری کارگێڕی ئەنجام دەدات.

سەرکردە نوێکاری ئەنجام دەدات.

بەڕێوەبەر یارمەتی بەردەوامبوون لەکار دەدات.

سەرکردە گەشە بەکاردەدات و پێشی دەخات.

بەڕێوەبەرپشت بە زاڵێتی دەبەستێت.

سەرکردە پشت بە متمانە دەبەستێت.

بەڕێوەبەر کارەکان بەڕێگەی ڕاستی خۆی ئاراستە دەکات.

سەرکردە کاری دروست ئەنجام دەدات.

سەرکردە خاوەنی تایبەتمەندی داهێنان کارییە، شتەکان بەجوانی دەبینێ، دووپاتکار و چڕبیرکردنەوەئیشە، متمانەی زۆری بەخۆی و دەستەکەیەتی. کاری بەڕێوەبردن بەباشی ئەنجام دەدات و خاوەنی ڕەوشتێکی زۆر سوپاس گوزاریانەیە.

لەهەندێك کۆڕدا(هەڵقەی فێرکاری) ئەم پرسیارە ئاراستە دەکرێت:

بڕوات وەهایە بتوانم ببم بە سەركردە؟ یاخود: سەركردەكان لەدایك دەبن و دروست ناكرێن، یاخود: زۆرگرانە فێری هونەری سەركردایەتی بیت، یاخود: ئەم تواناییەم نییە...هتد. ئەوانەی بەم شێوەیە بیردەكەنەوە ئەوا خاوەنی بیرۆكەیەكی چەسپاوی وەهان كە سەركردایەتی خەونێكی نەكردەییە! بەلام بە كۆتایی هاتنی كورەكە بۆچوونیان دەگۆڕێت و ئامادەی ئەنجامدانی نەكردەترین كاریشن بۆئەوەی ببن بە سەركردەو ئەم كەسانە ئەوەی پێویستیانە تەنها بوونی بۆچوونێكی دروست و تێگەیشتنە لەمانای سەركردایەتی. فرانسیس بیكۆن دەڵێت: **"هیچ شتێك نییە ئەوەندەی كەمی زانیاری مرۆڤ توشی گومان بكات".**

((مرۆڤ بەختەوەرنابێت تاوەكو بڕوای بەوەنەبێت بەختەوەرە))

بابلیلیۆس سیرس

لە بەرنامەی زمانەوانیانەی دەماردا گریمانەیەك هەیە دەڵێت: **" گەر مرۆڤێك توانی هەرشتێك ئەنجامبدات.. كەواتە هەر مرۆڤێكی تریش دەتوانێت ئەمە ئەنجام بدات"**، بۆیە تۆیش دەتوانی فێری هەمووشتێك بیت، فێری مەلە و سەما و وێنەكێشان و چێشت لێنان و كاراتیە و هەرشتێكی تریش بیت" گەر مرۆڤێك بەر لەتۆ فێری ببێت. بەلام ئەم بیرۆكەیە كۆمەڵێك ڕێسا هەڵی دەسوڕێنێ، لەپێشیانەوە بوونی ئارەزووە بۆ فێربوون و دەستكەوتنی ئەوەی دەتەوێت. ئەوجا دەبێت بزانیت چۆن ئەمە ئەنجام دەدەی و جێبەجێی دەكەیت بەهەمان ڕێگە و شێواز و جوڵە، هەروەها پابەندبوون بە كەسی یەكەمیشەوە، لەم كاتەشدا تۆ دەبیتە خاوەنی هەمان ئەنجام، ئەمەش پێی دەگوترێت: تاوتوێكـــــاری لــــــــە پرۆگرمسازی(بەرنامەسازی)زمانەوانیانەی دەمـــار، دەتــوانی بەهــەمان شــێوازی كەسێكی ســەركەوتوو قسەبكەیت و بجوڵێیتەوە و ئەنجامبدەی، دەبینی وەكو ئەو سەركەوتوو دەبیت. برایان تراس خاوەنی

کتـێبی ((١٠ کلیـل بـۆ هێـزی کەسـێتی)) دەڵێـت:" **گـەر لـەو کەسـانە بکۆڵیتـەوە کەسەرکەوتوو بوونە و هەمان شێوازی ئەوان ڕەفتاربکەی ئەوا تۆیش دەتوانی وەکو ئەوان سەرکەوتووبیت، بەڵام گەر چویتەوە سەر کەسانی شکست خواردوو تۆیش وەکو ئەوانت لێ دێت**" .

ئێستایش پێت دەڵێم: تۆ دەتوانی ببیت بە سەرکردەیەکی مەزن، ئەمەیە ئامانجی پشت ئەم بەشە.

•

هەندێك بڕوایان وەهایە خوێندنەوەی کتێب و ئامادەبوونی لە کۆڕەکان و توێژینەوەی هەندێك دۆخ وەهایان لێدەکات بەسەرکردەبن! هەر وا بەم ئاسانییە هیچ دەستکەوتێك بوونی نییە. بۆ بەدبەختی ئەمە بەتەواوەتی لەهەموو کەتوارییەکەوە دوورە" چونکە خوێندنەوە و توێژینەوە و ئامادەبوون لەکۆڕەکان تەنها ئامرازی یارمەتی دەر و ڕێنوێنی کاری تۆن بۆ بوون بەسەرکردە نەوەك خۆیان بتگۆڕن بۆ سەرکردە، ئەمانە زانین و زانیاری بەهێزت لەبارەی سەرکردایەتی کردنەوە فێردەکەن و پێ دەبەخشن. فرانسیس بیکۆن دەڵێت:" **زانین لای خۆیەوە هێزە**".

زانینیش بەتەنها بەس نییە، تۆ پێویستت بە ئەنجامدانی کار و کردەشە لەپاڵ زانینەکەتدا. سەرکردایەتی پێویستی پابەندییە بە ئاستی ناوازەییەوە، شێوازێکی تایبەتی ژیانە، کردارەیەکی بەردەوام چاکسازی تێداکراوەو فەلسەفەیەکە پێویستی بە تێگەیشتنی قوڵ و بەکارهێنانی ڕۆژانەیە.

تەنها لە وشەکە بڕوانە ((سەرکردایەتی)) و هەست بە هێزەکەی بکە دەبینی ئەم وشەیە ئاژەوەری لێخوڕی کەشتیەکە دەئافرێنێ و دەنوێنێ.

ئەم بەشە هەموو ئەو زانیاریانەت بۆ پێش دەست دەخات کەبۆ بوون

بەسەرکردە پێویستت پێیەتی. تەنها ئەوە دەمێنێتەوە تۆیش لای خۆتەوە ڕۆڵی ڕاستەقینەت ببینی و ئەو زانیاریانەی پێت دەدرێت بەکاریان بێنی. تۆ بە ئەنجامدان و کردار فێردەبیت پتر لەوەی لە خوێندنەوەوە فێردەبیت، وەک ئەرەستۆ دەڵێت: **" ئەو شتانەی پێویستە فێریان بین، فێریان نابین تاوەکو ئەنجامیان نەدەین".**

٥٤- ٢٠ تایبەتمەندی بۆ سەرکردایەتی:

((لەسەرەتای ڕۆژەکانی بەهێزیدا دەیبینی پڕ بزەیە و سڵاو لەهەموان دەکات))

ئەفلاتون



پێناسەی من بۆ سەرکردایەتی بە تێپەڕبوونی ساڵان لەبوونیدا دەبێت گۆڕان. تاوەکو توێژینەوەکانم فراوانتر و کارەکانم زیادتر و پۆستەکانم جۆراوجۆرتر بوون باشتر ئاشنای مانای سەرکردایەتی کردن بووم، بۆیە ناتوانین تەنها بەیەك وشە و دێڕ پێناسەی سەرکردایەتیت بۆ بکەم. سەرکردایەتی تەنها کردارەیەك نییە و بەس، بەڵکو شێوازی ژیانی بەڕێوەبەرە سەرکەوتووەکانە. سەرکردایەتی خاوەنی تایبەتمەندی بەهێز و مەزنە، وەکو ئەو تۆوە وەهایە کەلە باخچەکەتدا دەیچێنی و پێویستی بە چاودێرییە، هەموو ڕۆژێك ئاوی بدەی و لە گژوگیای زیانای و بێ کەڵك ڕزگاری بکەی" بۆئەوەی لەکۆتادا بەری خۆی بدات و تۆیش شانازی پێوەبکەیت. سەرکردایەتی پێویستی بە سیستم و پابەندی و پێداگیری و سوربوونە، بۆئەوەی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گەشەبکات و هێزی پترت پێ ببەخشێت. ئێستایش باوەکو بیست تایبەتمەندی سەرکردایەتی کارات بۆ بخەمە بەردەست:

١-نەخشەدانانی ورد و دروست:

ئەفلاتۆن دەڵێت: ((**سەرەتا گرنگترین بەشی کارە**))، توێژینەوەکان بەوە گەیشتوون کە سەرکردەکان ٨٠٪ی کاتەکانیان بە نەخشەدانان بەسەر دەبەن و ٢٠٪ ی بۆ جێبەجێ کردنی . ڕەنگە ئەمە نەختێك زیادە ڕۆیی بێت، بەڵام بیرۆکەکە ئەوەیە کە سەرکردەکان

زۆر گرنگی بە نەخشەدانانی تەندروست دەدەن" بۆ زامنکردنی سەرکەوتنی نەخشەکانیان و لێکۆڵینەوەی وردی ئەنجامەکانیش دەکەن.

سەرکردەکان هیچ شتێك بۆ ئەگەر و بەخت و لەناکاو ناهێڵنەوە، لێکۆڵینەوەی وردی هەموو دۆخەکان دەکەن بەر لەدەستکردن بە ئەنجامدان. تۆماس ئەدیسۆن دەڵێت:" **هەرگیز ڕوونادات شتێکی بەهادار لەناکاو ئەنجامت دابێت**"، هەروەها سەرکردەکان نەخشەدانەری ورد و لێهاتوون.

٢-ڕێکخستن:

لە پەندێکدا دەگوترێت:" **ڕێکخستن یەکەمین فەرمانەکانی ئاسمانە**". برایان تراسی ئێژێ:" **ڕێکخستن یەکەمین فەرمانی زەوییە**"، سەرکردە باش بەهای کات دەزانێت نەوەك تەنها بۆ ڕێکخستنی کات و پارە و کۆششەکان، بەڵکو بۆ چنگ خستنی ئەنجامی باشتر. دەبینی نوسینگەی سەرکردە ڕێکخراوە، ئەو شتانەی پێویستیەتی هەمیشە لە نزیکی خۆیەوە و ریزی پێشەوە دایان دەنێت و هەموو ڕۆژێکیش لیستی ئەنجامدراوە پێویستەکان دادەڕێژێتەوە و بەپێی لەپێشیان ئەنجامیان دەدات و کاری نوێ ئەنجام نادات تاوەکو ئەوکارەی بەدەستەوە گرتویەتی تەواوی نەکات، هەروەها خاوەنی سیستمێکی تایبەتی هەڵگرتنی دۆسیەکانە بە وردی و تازەترین شێوە. سەرکردە لە چێوەیەکی ڕێکخراو و گونجاودا کاردەکات.

٣-دیاریکردنی ئامانجەکان:

بڕوام وەهایە هیچ سەرکەوتنێك مسۆرگرنابێت تاوەکو پێشوەخت ئامانجەکانت دیاری نەکەیت. سەرکردە هێز و گرنگی دیاریکردنی ئامانجەکانی باش دەزانێت. سەرکردە کاتی

گونجاو دەڕەخسێنێ بۆ بەدیهاتنی ئامانجەکانی جا تایبەتی بن یان ئیشی، سەرکردە کات بۆ خێزانەکەیشی دیاری دەکات، کات بۆ هیوایەتە تایبەتیەکانی و خوێندنەوە و حەسانەوە و گەشەپێدانی کەسێتی و کارکردن بۆ گەشەپێدانی دەستەی کاریشی دەڕەخسێنێ و دیاری دەکات. سەرکردە هاوسەنگی دەنوێنێت لەنێوان ئامانجە جۆراوجۆرەکانی بۆ بەدیهێنانی باشترین ژیان و مانەوەی خۆیشی وەکو سەرکردە مسۆگردەکات.

٤-بڕیاردروستکردن:

سەرکردە ڕاهاتووە لەسەر چۆنێتی بڕیاردانی بێ کەشە و دڵەڕاوکێ. سەرکرە چێژ لە بڕیاردروستکردن وەردەگرێت و چاوەڕوانی ڕوودانی شتەکان ناکات، بەڵکو بڕیاری ڕوودانی دەدات.

٥-سەرکێشی:

سەرکردە حەزی بە سەرکێشییەو چون باش دەزانێت سەرکەوتن پێویستی بە سەرکێشییە. سیمۆن دی بوڤوار دەڵێت: **" مرۆڤ لەئاژەڵ بالاتر دەبێت نەك بەوەی ژیان دروست دەکات بەڵکو بەوەی سەرکێشی ئەنجام دەدات".**

٦-توانایی پەیوەندی:

سەرکردە زۆر بەزوو توانای بەستنی پەیوەندی هەیە، گوێگرێکی زۆرباشە، دەزانێت کەی قسەدەکات و چۆن بیرۆکەکانی دەوروژێنێ و نامە و پەیامی خۆی دەگەیەنێ. دەزانێت چۆن ڕووبەڕووی ناکۆکیەکان دەوەستێتەوە و ڕەخنەکان وەلأم دەداتەوە و

خاوەنی توانایيەکی گەورەی هۆگرییە و تەنانەت سەرسەختترین مرۆڤەکانیش دەکاتە هۆگری خۆی.

٧-بەکارخستنی گۆڕانکاری:

سەرکردە پێشوازی لەگۆڕانەکان دەکات، لەڕاستیدا گۆڕانکاری بەشێکی تایبەتی ڕەفتارەکانی ڕۆژانەی دەبێت، حەزی بە ڕۆتین نییە و نایەوێت دووجار یەك کار ئەنجام بدات، لەوەش گەیشتووە کە گۆڕان تاکە سەرچاوەی ڕاستی ژیانە. هەروەها پێشبینی ئەو گۆڕانانە دەکات کەبەسەر بازاڕدا دێت و بەپێی ئەم شیمانانەش ڕەفتار دەکات.

کۆنفۆشیۆس دەڵێت: **"گەر مرۆڤ بیری لەدوور نەکردەوە، ئەوا ئۆف و ناڵە لەنزیکەوە هەست پێدەکات".**

٨-هەڵسوڕاندنی دڵەڕاوکێ و گوشاری کار:

سەرکردە هەمیشە خاوەنی ئەو بۆچوونەیە کە بەردەوام کاربۆخۆی دەکات تەنانەت گەر لای کەسێکی تریش کاربکات. حەزی لەکارەکەیەتی و چێژ لەئەنجامدانی وەردەگرێ و لەمەترسی دڵەڕاوکێ تێ دەگات، بۆیە دەزانێت چۆن هەڵی دەسوڕێنێ و بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاری دەهێنێ. زۆرێك لەو سەرکردانەشی من چاوم پێیان کەوتووە گوتویانە کە بۆ خۆ ڕزگارکردن لە گوشاری دەروونی ڕۆژانە بۆ چەند خولەکێك پیاسەدەکەن یان لە یانەیەکی وەرزشی تەندروستیدا بەشداردەبن بۆ خۆڕزگارکردن لەم گوشارە کەڵەکەبوانەی سەریان. سەرکردە بەهەموو شێوەیەك ئامادەی خۆ ماندووکردنە" بۆ زاڵبوون بەسەر دڵەڕاوکێ و گوشاری کاردا.

٩-پێ سپاردن:

سەرکردە بڕوای بەوانی تر و گرنگی کاتیشە. متمانەی بە دەستەی کارەکەیەتی و دەزانێت کەی و چۆن و بەکێیشی دەسپێرێت لەبۆ بەدیهاتنی ئامانجەکەی. هەروەها باش دەزانێت کە پێویستی بە ئەنجامدانی ئەم کارانەیە بۆ ئەوەی دەستی ڤالابێت لەبۆ ئەنجامدانی کاری تر و بەردەوامبوون لە پێشکەوتن.

١٠-بینین و داهێنان:

سەرکردە خاوەنی هەستێکی ناوازەی کارکردنە، ئەو توانای بینینی شت گەلێکی هەیە کەسانی تر بەئاسانی نایبینن و لێی ناگەن. هەروەها خاوەنی بیرۆکەی داهێنانکارانە و رۆشن هزرانەشە. سەرباری ئەوەی جاروبار رەخنە ئاراستەی ئەندێشەکانی دەکرێت، بەڵام بەتێپەڕبوونی کات خەڵك دەتوانن لەوە تێبگەن کە بۆچی سەرکردە بەم شێوەیە لەشتەکان دەڕوانێت.

١١-مەشق و فێرکردن و دروستکردنی دەستە:

سەرکردە خۆی ڕاهێنەر و مەشق پێکارە و چێژ لە ڕاهێنان کردن بە دەستەی کارەکەی وەردەگرێت و بەهای کاری بەگیانی دەستەییەوە وەردەگرێت و گرنگی زۆریش بە دەستەکەی دەدات، ئەندامانی هاندەدات بۆ کارکردن و فێری ئەوەشیان دەکات چۆن بەئامانجی خۆیان بگەن و برەو بەئامانجەکانی دامەزراوەی کار تێدا کردوشیان بکەن.

منسیۆس دەڵێت:" **هیچ پەسنداتیك بۆ سەرکردە مەزنتر نییە لەوەی کە سەرکردە یارمەتی پیاوانی خۆی دەدات بۆ مەشق وەرگرتن لەسەر هێز و کارایی و کاریگەری)).**

١٢-هاندان:

سەرکردە بۆخۆی کەسێکی هاندراوە(پاڵنەر و هۆکاری هەیە کە وەهای لێدەکات لە دەرەوە و ناوەوەیەوە بجوڵێتەوە بۆ بەدیهاتنی ئامانجەکانی). سەرکردە لە گرنگی هاندان و مەودای هێزەکەی تێدەگات. بۆیە ئەوپەڕی هەوڵی کەسانی نێو دەستەکەی دەدات و پەسن و ستیشیان دەکات جا بەتەنها بێت یان لەپێش چاوی هەموو ئەندامانی دەستەی کارەکەی و ئەوانەی باشترین کار ئەنجامبدات باشترین ڕێزی لێدەنێت.

کینیس بلانکار لە کتێبەکەیدا((بەڕێوەبەری یەك خولەك)) دەڵێت:" **خەڵکی سەیریان دێت لەوەی کاری ڕاست ئەنجام دەدەن".**

١٣-بەهرەکان:

سەرکردە کەسێکی زانستدار و ژیر و خاوەن ئەزمون و پێشینەی مەزنە. دەزانێت لەبارەی چییەوە قسەدەکات، هەمیشە بەدووی ئەو هۆکارانەدا دەگەڕێت کە گەشە بە تواناکانی دەدات و ئاستی نواندن و ئەنجامدانەکانیشی باشتر دەکات، وەکو: خوێندنەوە و گوێگرتن لە کاسێت و ئامادەبوون لەکۆڕی هاندان و خولی فێرکاری تایبەت بەپیشە و بەهرەکان و توانای کەسێتی، زۆری حەز بە بەهرەی نوێ و باشترکردنی جۆرێتی ژیانی و چەشنی کارەکەشیەتی، هەمیشە لە خەباتدایە بۆ هەڵشاخانە سەر چیاکان بەرەو سەرکەوتنی مەزن و گەیشتن بە تەواوی ئامانج و مەبەستی خوزراو.

١٤-متمانە:

سەرکردە خاوەنی متمانەی تەواوە بەخۆی لە ڕووبەڕوو بوونەوەی قەیرانەکاندا، دەزانێت چۆن بەسەر هەر کێشەیەکدا زاڵدەبێت کە دووچاری دەبێت، لێیەوە فێری شتی نوێیش دەبێت.

متمانە بەخۆکردن دەبێتەهۆی ڕێزگرتنی لەلایەن دەستەکەیەوەو هەرکەسێك لەگەڵیدا کاربکات هەست بە ئارامی و متمانەش دەکات.

١٥-جوڵە و کردار:

سەرکردە کەسێکی زۆر بزۆك و بەجوڵەیە و دەزانێت دەستە مانای گوتە و کردارە، هەمیشە لەجوڵەدایە بۆ ئەنجامدانی کارەکان و کاتێك نەخشە دادەنێت و کات بۆ ئامانجەکانی دیاری دەکات، ئەوا بەخێراییش دەجوڵێت بۆ ئەنجامدانی کاری پێویست.

کۆنفۆشیۆس دەڵێت:" **کەسی سەرکردە لە قسەکردندا ئاساییە، بەڵام لەکرداردا سنور بەزێن و نائاساییە**".

١٦-پابەندی:

سەرکردە زۆر پابەندی ئەو نەخشانەیە کە دایدەڕێژێتەوە، دەزانێت سەرکەوتن پێویستی بەکاتە و ئاشنای هێزی پابەندیشیە و هەرگیز بەئاسانی خۆی بەدەستەوە نادات. ئەمەکدار و پابەندە بەکاری دامەزراوەکەیەوە و ئەو گروپەشی کە سەرکردایەتی دەکات بۆ گەیشتن بە باشترین ئامرازی پێ ژیان و بەدیهێنانی ئامانجەکەی.

١٧-وزە:

سەرکردە وزەیەکی مەزنی هەیە، گرنگی بە خوە خۆراکیەکانی دەدات، ڕێز لە جەستەی دەگرێت، هەموو ڕۆژێك بڕێکی گونجاو ئاو دەخواتەوە، بەڕێکی مەشقی وەرزشی ئەنجام دەدات، خاوەنی وزەیەکی باشی جەستەیی و ئاوەزییە کە ئەمەش یارمەتی دەدات بۆ ئەنجامدانی ئەو کارانەی دەیەوێت ئەنجامیان بدات.

١٨-سۆزەکان:

بەچاوپۆشین لەوەی لەبارەی سەرکردایەتییەوە بیستوتە و فێری بویتە، دەبینی هەمیشە سەرکردە کەسێکی سۆزداری هەستیارە، حەزی بەوەیە کە ئەنجامی دەدات لەچوارچێوەی سۆز و خۆشەویستیدابێ و ڕۆژ بە دوای ڕۆژ ئەنجامدراوەکانی پتر خۆش دەوێت.

١٩-کشۆکی و توانای گۆڕاندن:

سەرکردە خاوەنی گیانێکی کشۆك و قایلبوونە بە گۆڕانکاری، پلانەکەی دەخاتە بواری جێبەجێکردنەوە و پێیەوە پابەند دەبێت و پێداگیری لەسەر جێبەجێ کردنی دەکات، بەڵام گەر بۆی دیارکەوت نەخشەکانی ئەنجامی خوزراوی نادەنێ ئەوا بەخێرایی بەدووی نەخشەی جێگرەوەدا دەگەڕێ بۆ گەیشتن بە ئامانجی خوازراو، بۆئەمەش ئەوپەڕی هەوڵی گونجاندنی نەخشەکانی دەدات لەگەڵ کار و دۆخەکاندا بەمەبەستی بەدیهاتنی ئامانجەکانی.

٢٠-سپاردە:

سەرکردە کەسێکی توندە/بەهێزە لەکاتی پێویستدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا دادوەر و داخوازە، زۆر بەئەمەکە بۆ دامەزراوە و دەستەی کار و کڕیار و سەردانکارانی. هەروەها سەرکێشی بەخودی کارەکەیەوە ناکات، ناپاکی لە سپاردە ناکات و ڕاستگۆیە و پەندی زۆری لادەستەبەرە و لەلایەن ئەندامانی دەستەکەیەوە زۆر باس دەکرێت.

بەڵێ، ئەوانەی پێشووتر گرنگتر تایبەتمەندییەکانی سەرکردەبوون، تۆیش دەتوانی ئەوەی بۆ زیاد بکەی کە سەرکردە بە ژیرانە و سوروبونەوە کاردەکات و بەرلە هاوڕێکانی دەڕواتە سەر کار و پاشی هەموانیش دەگەڕێتەوە. هۆراس دەڵێت: **"ژیان هیچ بەئێمەی مرۆڤ نابەخشێت بەبێ ئەنجامدانی کاری سەخت"**، هەروەها بابلیلیۆس سیرس دەڵێت: **"کارەکان پێویستی بە کاتێکی زۆرە بۆئەوەی بە نایابییەوە بگاتە لوتکەی پێگەیشتن"**.

٥٥-چوار شێوازەكەی سەركردایەتی كردن:

((دوایین هەڵبژاردەی سەركردە ئەوەیە لەپشتیەوە كەس گەلێك بەجێ بهێڵێت خاوەنی باوەڕ و حەز و ئارەزووی بەردەوامی دانبن بەكارەكانی))

والتەر لیبمان

بیست ساڵ لەمەوبەر، كاتێك خەریكی وانە خوێندن بووم لەبارەی كارگێڕی ئوتێلەكانەوە، فێری شێواز گەلێكی جۆراوجۆری سەركردایەتی بووم، فێری ئەوەش بووم كەئەم سەركردانە دابەشی دووجۆری سەرەكی دەبن: ستەمكارانە و دیمۆكراتی.

١-ستەمكارانە/ئۆتۆكراتی:

ئەم سەركردەیە هەمیشە بە كارمەندانی دەڵێت وەهابكەن و ئەنجام بدەن، ئەوانیش بەبێ هیچ ئەملا و ئەولایەك جێبەجێی دەكەن. ئەمیش تاكە سەرچاوەی بڕیارەكانە و گرنگی بەكارەكانیش دەدات و تیشك دەخاتەسەر ئەنجامەكان، بۆیە دەیبینی لەكار و ئاستی بەرهەمیدا ناوازەیە، بەڵام لەڕووی پەیوەندییە مرۆییەكانەوە لاوازە.

٢-دیمۆكراتی:

لەگەڵ كارمەندانیدا پرۆژەكان تاوتوێ دەكات و بە گرنگییەوە لە پێشنیارەكانیان دەڕوانێت، ئەوجا دوابڕیار لەبارەیەوە دەدات. سەركردەی دیمۆكراتی گرنگی بە ڕوونكردنەوەی كێشەكان دەدات بۆ دەستەی كارەكەی و یارمەتییان دەكات بۆ دۆزینەوەی چارەكان و تێبینی ئەوەش دەكرێت گرنگی دەدات بە پەیوەندییە مرۆییەكان و كاركردن بە گیانی دەستەییانە.

هەمیشە هەستم بەوەدەکرد ئەم تەرزانە ناتەواو و کەموکورتن، بۆیە بەردەوامبووم لەسەر لێکۆڵینەوە و توێژینەوە تاوەکو لە کۆتادا بۆم دیارکەوت کە چوار جۆری سەرەکی سەرکردایەتی هەیە و ناتوانن لەیەکتر جودا ببنەوە. ئەمەش نمونەیەکە:

کاتێك دەستم دایە ئەنجامدانی وەرزشی تێنسی سەرمێز (بنگ بونگ)، ئامانجم بوون بە پاڵەوانی یارییەکە بوو. من زۆر بەختەوەربووم بە دۆزینەوەی مەشقوانێکی ناوازە... مەشقەوانەکە لەسەرەتای مەشقەکانەوە چەندین چیرۆکی بۆ گێڕامەوە لەبارەی بنگ بونگەوە و باسی زمانی یاریەکەی بۆکردم، ئەوجا هەنگاو بە هەنگاو فێری چۆنێتی یاریکردنمی کرد. ڕۆژانە سێ کاتژمێر لەهەفتەیەکدا حەوت ڕۆژ و بۆماوەی شەش مانگ مەشقم دەکرد، ئەوجا وەها لەگەڵمدا دەستی پێکرد وەك ئەوەی لە یاری کۆتایی و پاڵەوانێتیەکەدا بم، ئەوجا بەردەوامبوو لەسەر مەشق پێکردنم تاوەکو تاڕادەیەکی زۆرباش فێری یارییەکە بووم، دواتر یاریکردن ڕەگەڵ یاریکارە جیاوازەکانی یانەکاندا بۆی ڕێکخستم، کاتێك دڵنیابوو لەوەی کاتی ئەوەهاتووە هانی دام بۆ بەشداری کردنم لەیاری نێودەوڵەتی، توانیم ببم بە پاڵەوانی تێنسی کۆماری میسر، ئەوجا سەرلەنوێ لەگەڵمدا دەستی پێکردەوە، دیسانەوە ئاراستەی کردم و هەڵەکانی بۆ ڕاستکردمەوەو هەروەها فێری فێڵ و هونەرەکانی یاریەکەی کردم، ئەوجا بوومە بەشداری پاڵەوانێتی جیهان کەلە میونخ ی ئەڵمانیا ئەنجام درا.

ئایا ئەو مەشق پێکارە سەرکردە بوو؟ کارەکەی سودی هەبوو؟ بێگومان، بەڵێ. توانی هەر چوار تەرزەکانی سەرکردایەتی بەکاربێنێت، بەپێی کات و هەلۆیستەکان:

١- **ئاراستەکردن:** لەسەرەتاوە بە قسەکردن لەبارەی یاریەکە و ناسینی لەگەڵمدا دەستی پێکرد.

٢- **مەشقکردن:** ئەوجا دەستی دایە مەشقپێکردنم، لەسەر ئەنجامدانی یارییەکە.

٣- **هاندان و یارمەتی و پشتگیری:** هەمیشە لەپاڵم بووە و هانی داوم و پشتگیری کردووم.

٤- **پێ سپاردن:** وای لێكردم بەشداری پاڵەوانێتیەكان بكەم و بۆخۆم كاری خۆم ئەنجام بدەم.

زۆرێك لە بەڕێوەبەران دەكەونە هەڵەی ئەوەوە كە خەڵكی دادەمەزرێنن و پێیان دەڵێن: ئەمە بكەن و ئەوە بكەن، ئەوجا بڕوایان وەهایە بەبێ مەشقپێكردن و هاندان كارمەندە تازەكان كارەكانیان ئەنجام بدەن. ئەنجامی ئەمەش شێواندنی بیری كارمەندە تازەكان و تێكدانی كارەكە و زۆربوونی ڕێژەی دەست لەكاركێشانەوە دەبێت. تۆ پێویستت بەوەیە ڕاستەوخۆ چاوت بە كارمەندە تازەكانت بكەوێت، فێریان بكەی و ڕایان بێنی لەسەر هەموو شتێك، تاوەكو تەواو دەزانی ئەوان لەهەموو شت تێدەگەن، ئەمە هەنگاوی یەكەم دەبێت، ئەوجا ڕاهێنانیان بەشێوەیەك كە بەبێ یارمەتی ئەوانی تریش بتوانن كارەكانیان ئەنجام بدەن، سێیەم: دەبێت لەبواری كاركردندا هەلی تەواویان پێبدەی بۆ متمانە بەخۆكردن، ئەوجا هەنگاوبنێ بۆ قۆناغی دوایین كە ئەویش پێ سپاردنە.

ئێستا پاش ئەوەی پێ سپاردنت ئەنجامدا، ئەوجا جارێكی تر ئاراستەیان بكەرەوە فێری بەهرە و كاری نوێیان بكە و چوار شێواز و تەرزەكانی سەركردایەتییان پێ ئاشنابكە، بۆئەوەی بەردەوام سەرقاڵبن بە ئەنجامدانی كار و فێربوونی شتی نوێ و هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ئەنجامی ئامانجی خوازراو.



٥٦-چۆن دەسەڵات بەدەست دەهێنی و بەکاریشی دێنی:

((تەنها یەک خاڵی وەستاوم بدەرێ بۆئەوەی لەسەری بوەستم، ئەوجا منیش هەسارەی زەوی دەجولێنمەوە))

ئارخەمیدس

کاتێك تواناردەبیت بۆئەوەی بەسەرکردەبیت، پێویستە لەبیری نەکەیت تۆ خاوەنی نازناوێکیت دەبێت رێزی بگریت، تۆ یاریچی دەستەکەتی، بەڵام دەبێت جاربەجار بریاری گۆرینی یاریکارەکانیش بدەی" چون ئەمە لەبەرژەوەندی هەمواندا دەبێت. ولیام شکسپیر جارێکیان گوتی:" **جیاوازی نێوان سێوی چاك و خراپ زۆر کەمن**"، دەبێت بزانیت چۆن یاری دەستەڵاتداریتی خۆت دەکەیت، بۆئەمەش فەرموو بەم رێگەیە ئاشنابە:

١- وەها لە هەموان بکە وای ببینن کە تۆ زاڵی بەسەر ئەو دۆخانەی پێویستی بە سەرکردایەتی و کەسێتی مەزنە.

٢- هەروەها پیشانی ئەوانی تریشی بدە کە تۆیش خاوەنی بەهرە و زانیاری پێویستی بۆ ئەنجامدانی کاری باشتر لەوان.

٣- بیرۆکەی نوێ بهێنە ئاراوە، رێگەی سەرکێشانە هەڵبژێرە، لە بۆچونی ئەوانی تریش بپرسە و وەهایان پیشانبدە کە تۆ خاوەنی توانایەکی باشیت بۆ پێشخستنی ئەنجامەکان.

لەم کاتەدا زۆر وشیاربە لەوەی نەکەویتە داوی ناوبانگی و نازناوەکەتەوە و تەنها پشت بە نازناوەکەت ببەستیت بۆ بەدستهێنانی رێز.

ئێستا دەتوانی ببیت بە سەركردەیەكی كارا و ئەوەی پێویستت تەنهاٌ بە بڕیاردانە بۆ جێبەجێكردن. سەركردایەتی بكەرە رێگەی تایبەتی خۆت لەژیانتدا و دەبینی كەتۆ دەست بە گۆڕانكاری دەكەیت و لێرەوەش زاڵدەبیت بەسەر تەواوی ژیانتدا و لەهەر چواربەشەكەی ژیانتدا سەركەوتن و پێشكەوتنی بەردەوام بەدەست دەخەیت.

سەركردایەتی كارگێڕی نییە و بەس بەڵكو تەرزێكی فەلسەفی و شێوازێكی ژیانە.

((پێویستە لەسەر ئەوانەی دەیانەوێت ببن بە دەستەلأتدار دەست بەدۆزینەوەی سەركردەی خۆیان بكەن، ئەوانەشی بەسەر كێبڕكێ كارانیاندا زاڵدەبن پێویستە بەهێز و مەزنبن، ئەوانەشی دەیانەوێت بەهێزبن دەتوانن هێزی ئەوانی تریش بەكاربێنن، بۆئەوەی هێزی ئەوانی تر بۆخۆت بەكاربێنی پێویستە خۆشەویستییان بەدەست بخەی، بۆئەوەی خۆشەویستی ئەوانی تر چنگ بخەیت دەبێت خۆت هەڵبسوڕێنی، بۆئەوەی خۆت هەڵبسوڕێنی پێویستە كشكۆك بیت)). كتێبی سەركردایەتی ستراتیژی–چینی.

هەرئێستا بڕیاربدە كە بە بەڕێوەبەرێكی كارابیت..

کلیلی نۆیەم

دروستکردنی دەستە..

هێزێکی ڕەها بۆ دامەزراوەی سەرکەوتوو



((ئەو بنەمایەی ئاوەزی ئاراستەکراوی لەسەر دادەمەزرێت ئەوەیە کە دوو یان زیاتری کەسان لە شوێن کەوتنی یەك ئامانجدا کۆششی زیادتر دەکەن و لەگەڵ گرتنەبەر یەك ئاراستەی هزری ئەرێییدا هێزێك پێکدێنن کەناپووخێت))

ناپلیۆن هیل

٥٧-دەستەی کار..شوێن دەست دیار:

(یەك شتی زۆر گرنگ لە ژیان فێربووم ئەویش ئەوەیە کە دەتوانم هەموو شتێك ئەنجام بدەم بەڵام ناتوانم بەتەنها ئەنجامی بدەم، هیچ کەسیش ناتوانێت ئەمە ئەنجام بدات))

د.ڕۆبێرت شۆلر

پیاوێکی پیر دە منداڵەکەی لەدەوروپشتی خۆی کۆکردەوە، ئەوجا هەریەکەیان چیلکە



دارێکی پێدان و داوای لێکردن یەك بە دوای یەك بیشکێنن. منداڵەکان زۆریان سەیر لێهات و لەنێوخۆیاندا کردیان بە چرپەچرپ و پرسیارکردن لەبارەی ئەم ڕەفتارەی باوکیانەوە، بەڵام باوکیان داوای لێکردن چی پێ گتون ئەنجامی بدەن، ئەوانیش ئەنجامیان دا، کارەکە بۆ هەندێکیان ئاسان و بۆ هێندێکیش گران و ناڕەحەت بوو، هەرچۆنێك بێت توانییان دارەکە بشکێنن. ئەوجا باوکیان کە ئەمەی بینی بزەیەکی کرد و دواتر هەریەکە و چیلکە دارێکی تری پێدان و داوای لێکردن هەمووی پێکەوە ببەستنەوە، ئەوانیش وەهایان ئەنجامدا. ئەوجا داوای لێکردن دانە دانە هەوڵی شکاندنی ئەم کۆڵە چیلکە دارە بدەن، بەڵام هەموویان تاقیان کردەوە و نەیان توانی. ئەوجا باوکیان داوای لێکردن بەجوانی گوێی بۆ ڕادێرن و پاش نەختێك بێدەنگی ئەوجا پێی گوتن:" کوڕەکانم دیتتان کاتێك هەریەکە و چیلکەیەکم پێدان توانیتان بیشکێنن ، بەڵام کاتێك هەموو چیلکەدارەکانم پێکەوە بۆ کۆکردنەوە نەتان توانی بیشکێنن و تەنانەت زیانێکیشی پێبگەیەنن. ئەمە بەسەر ئێوەشدا جێبەجێ دەبێت، گەر جیاببنەوە و ناکۆکبن بەئاسانی بەسەرتاندا زاڵدەبن و لەناوتان دەبەن، بەڵام گەر وەکو یەك دەستە پێکەوە کۆوەبوون ئەوا هیچ کەس ناتوانێت زەفەرەتان پێ

بەرێت، بەڵێ ئەمە ئامانجی ئەم کارەی من بوو: هێز لە کێتیدایە، یەک دەستەبوون ئەهێشتنی هەلە بۆ دوژمن".

بیرۆکەی دەستەی کارمان لەهەموو شوێنێکدا پێویستە، گەر لەئاژەڵیش بڕوانی دەبینی شێر و پڵنگ و گورگیش بە دەستەوە پەلامار دەدەن و ڕاودەکەن، ئەم بیرۆکەی دەستەی کارە دەگەڕێتەوە بۆ دێرزەوان، باوداپیرانی سەرەتاییمان ڕاهاتبوون لەسەر ئەنجامدانی کاری هەرەوەزی لەپێناو مانەوەدا. کاتێك دەڕۆیشتن بۆ ڕاو، چاو تیژەکان بۆ پاسەوانی و چاودێری دادەنران، ئەوەشی لە ڕاکردندا خێرابوو هەڵدەستا بە ئەنجامدانی کاری ڕاوکردن. لە جەنگی جیهانی دووەمیشدا ئەو هێزەی بەگیانی دەستەییەوە کاری دەکرد سەرکەوتنی مەزنی تۆماردەکرد. سەرکەوتنی بەردەوامی ژاپۆنیەکان تواناداریيانە بۆئەنجامدانی کاری هەرەوەزی و دەستەیی، گرنگ نییە بەلایانەوە کێ خەلات دەکرێ. گرنگ ئەوەیە کارەکەیان ئەنجامی هەبێ و پێکەوە سەرکەوتووبن، هەرئەمەشە وەهای لەژاپۆن کردووە ببێت بە یەکێك لە دەوڵەمەندترین دەوڵەتانی جهان.

بەڵێ، دەستەی کار شێوازێکی کارکردنی کارا و بەردارە" چون هەلی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی بۆ هەموو تاکێکی دەستەکە دەڕەخسێنێت، ئەمەش وەهایان لێدەکات پتر پابەندبن و بەسوربونیشەوە کارەکانیان خاستر ئەنجام بدەن و چاوەڕوانی بەدیهاتنی ئەنجامی مەزن بن، کارکردن بەگیانی دەستەییەوە یارمەتی خەڵکی دەدات بۆ بەدیهاتن و بەردەست خستنی باشترین چێژ و متمانە بەخۆکردن و خۆ بە بەهاردارزانینیش دێنێتە بوون. ئەمەش لای خۆیەوە دەبێتە هۆی باشترکردنی پەیوەندییەکان و و پترکردنی ئەنجامەکان و بەدیهاتنی بەرئەنجامی ناوازە. دەستی کار بە هەموو ئاسانییەکەوە هێزی بنچینەیی هەموو دامەزراوەیەکە.

((دۆزینەوە و داهێنان و دەستکەوتی مەزن پێویستی بە هاریکاری دەستگەلی زۆرە))

ئەلێکساندەر گراهام بیل

گەر دەستەی کار ئەوەندە گرنگی هەبێت، کەواتە بۆچی زۆرینەی دامەزراوەکان بەکاری ناهێنن و کەڵکی لێ نابینن؟ تاوەکو وەڵامی پرسیارەکانم بدۆزمەوە لە سەدان بەڕێوەبەر و کارمەندانم پرسیوە، بەتایبەت ئەوانەی کە بیرۆکەی دەستەی کار بەکارناهێنن، زۆر قسەم لەگەڵدا کردوون، زۆربەشیان بەم شێوەیە وەڵامیان داینەوە:

- ئێمە بڕوا بەوە ناکەین ئەم بیرۆکە کارابێت و کەڵکی بۆئێمە هەبێت.
- بڕواناکەین ئەم بیرۆکەیە لەگەڵ جۆری ئیشەکەی ئێمەدا بگونجێت.
- ئەمە تێچوونی زۆردەبێت و کاتیش زۆر بەفیڕۆ دەدرێت.
- ئەرك و ماندووبونی زۆرە.
- ئەوەندە سەور و تەهەمولّمان نییە بۆ ئەوەی لەگەڵ کارمەنداندا دانیشین.
- ئەمە پێویستی بەوەیە خۆت مەشقپێکار و مامۆستا و بەدواداچونکاریش بیت، کێ ئەوەندە کات و سەوری هەیە ئەم کارانە بکات؟ بەڕاستی ئەمە سۆپەرمان و مرۆڤی سەیرەکار(خارق) دەوێت.



سەیر ئەوەیە بەڕێوەبەران هەمیشە کۆبوونەوە لەگەڵ کارمەندانیاندا ئەنجام دەدەن و ئاراستەیان دەکەن و پشتیان پێ دەبەستن بۆ بەدیهاتنی ئەو ئامانجەی دەیانەوێت، کەچی ڕقیشیان لە بیرۆکەی دەستەی کارە، لێرەدا تاکە جیاوزییەکی ئەم بەڕێوەبەرانە و دەستەکاران ئەوەیە کە ئەم بەڕێوەبەرانە هەمیشە داوا لە کارمەندانیان دەکەن وەهابکەن و وەها نەکەن و گەر هەڵەیەکیش ڕوویدات دەیخەنە ئەستۆی ئەوانی تر و خۆیانی لێ بەدووردەخەن. دەست دەکەن بە هەڕەشەوگوڕەشە و هەمیشە گوشار دەخەنە سەر کارمەندانیان و دەیانەوێت بەم ڕێگەیە ئەنجامی خوازراو چنگ بخەن. هۆراس جارێکیان گوتی: **" ئەو هێزەی دانایی جێب دەگرێتەوە بەهۆی زۆر کێشیەوە دادەکەوێت"**، ئەم بەڕێوەبەرانە هیچیان دەست

ناکــەوێت و بــە ترســنۆکانەتر لــە کارمەنــدانیان چــاوەڕوانی هــەڵێکن بــۆ دەســت لەکارکێشانەوە.

لێکۆڵینەوەکان دەڵێن کە زۆرێک لە بەڕێوەبەران لە دەستەی کار دەترسێن لەبەر ئەوەی لەم کاتەدا هەست بە کەمبوونەوەی دەسەڵات و ئاسایشی دەکەن، یاخود ڕەنگە کێشەی تایبەتیان هەبێت کەپەیوەست بێت بە خودەوە، لەڕاستیدا ڕەگەڵ دەستەی کاردا پێچەوانەی ئەو بۆچوونە ڕاستە، ئەوان دەتوانن ئاسایشدارتر و دەستەڵاتدارتریش بن.

گەورەترین بنەمای بەڕێوەبردن بریتیە لە: **" گەر باوەڕت بەوانی تر هەبوو دەتوانی پەرچوو بئافرێنی، بۆئەوەی باشترینی ئەوانی تریش بەدەست بخەیت، تۆ بەباشتر لەوان بیربکەرەوە و متمانەشیان پێبکە"**، لەبەرئەوەی دەستەی کار هێزێکی ناوازە دەبەخشێت بۆیە ئامانجی پشت ئەم بەشی کتێبەیە.

٥٨-پێنج بنەما بۆ دروستکردنی دەستە-گروپی کار:

((گەر هەمووان بە سەرکەوتن پێکەوە بەرەو پێشەوە دەڕۆن، ئەوا سەرکەوتنیش خۆی گرنگی بەخۆی دەدات(خۆی دەهێنێتە بوون)))

هنری فۆرد

پێویستە دەستەی کار لەسەربنەمایەکی بەهێز بونیات بنرێت. متمانە و ڕێز دوو کۆڵەکەی سەرەکی و بەهێزی پارێزەری دەستەکەن بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی کەشە ناهەموارەکان. ئەم دوو کۆڵەکەیە بەسودن بۆ بونیات نانی دەستە و لەڕێگەیەوە دەستەکە دەتوانێت بەسەر چیای سەرکەوتندا سەربکەوێت و بگاتە بەرزایی و لوتکەی نوێی دوورتر و بەپیت تر. پێنج بنەمای سەرەکی هەیە کە دەستەی کاری لەسەر بونیات دەنرێت، ئەوانیش:



١-متمانە:

جۆن. ئا. هۆمز ئاماژە بەوەدەکات کە:" **هیچ شتێك لەوە باشتر نییە بۆ دڵ کە خۆت نزم بکەیتەوە و ئەوانی تریش بۆ بەرزتر ئاراستەبکە**"، دەبێت یارمەتی ئەندامانی دەستەکەت بدەی بۆئەوەی هەست بە متمانەکردن بەخۆیان و تواناکانیان بکەن لەبۆ بەدیهاتنی سەرکەوتن و لە بەرامبەر ئەمەشدا متمانەیان بەرامبەر بە تۆ زیادتر دەبێت، هەروەها متمانەیان بە دامەزراوەکە و ئەندامەکانیشی دەبێت. هەروەها دەستە پێویستی بە کەشێکە متمانەی تێدا زاڵبێت،

هەروەها ئەندامەکانیشی پێویستە بڕوایان بەوەبێت کە کارکردن بە دەستەیی یارمەتییان دەدات بۆ ئاسان گەیشتن بەئامانجی دەستەکە و تایبەتی خۆیشیان، بە تایبەت دەتوانن بە ئامانجە کەم بەدیهاتووەکانیشیان بگەن.

٢-گرنگی پێدان:

هەر مرۆڤێك ملوانکەیەکی شاراوەی هەیە کە لەسەر سنگیەتی و لەسەری نوسراوە:" وەهام لێبکە هەست بەگرنگی بکەم"، هەر ئەندامێکی دەستەکەت دەیەوێت هەست بە گرنگی پێدانی بکەی، لە ڕاستیدا ئەندامانی دەستەکە پێویستە بەباشی هاریکاری یەکتربکەن و گرنگی بەیەکدی بدەن، هەروەك چۆن گرنگیش بە دامەزراوەکەیان بدەن. گرنگی پێدان یەکێکە لەو بنەمایانەی کە دەستەکەی لەسەر دادەمەزرێت نەوەك لەبواری کاردا بەڵکو لەلایەنی ژیانی کەسێتیشەوە.

هەروەها پێویستە هەر ئەندامێکی دەستەکە چاوڕێی ئەوە نەکات کەس کارەکەی ئەم بکات، بەڵکو دەبێت ئیشی خۆی بەباشی و بەبێ دواکەوتن ئەنجامبدات، دەبێت تۆی بەڕێوەبەریش ئەوەیان بۆدیاربخەی کە بە ڕاستی گرنگییان پێ دەدەی. پەندێکی لاتینی هەیە دەڵێت:" **ئەوەی بۆکەسێکی ئەنجام دەدەی لەڕاستیدا بۆخۆتی دەکەیت**"، کاتێك گرنگی بەکەسێك دەدەی ئەوکات هەست بەگرنگی خۆت دەکەیت، هەروەها ئەویش لەبەرامبەردا گرنگیت پێ دەدات، لێرەوە بەختەوەری ڕەها بەرجەستە دەبێت.

٣-پابەندی:

من باوەڕم وەهایە کە کاری ڕاستەقینە و قورس هۆکارە بۆ سەرکەوتن، سەرکەوتنیش بە لوتکەت دەگەیەنێت، بەڵام پێویستیشمان بە پابەندی و پێداگیرییە بۆ مانەوە لە

لوتکـە" بەبـەردەوامی، پێویسـتە ئەنـدامانی دەسـتەکە پابەنـدی کـار و ئامانجـەکانی دامەزراوەکەبن، هەروەها پێویستە لەسەریان پابەندی ئامانجـە گشـتی و تایبەتیـەکانیش بن.

٤-هاریکاری:

گەر کۆمەڵێك کەسـی ئاسـایی پێکـەوە هاریکـاربوون ئـەوا دەتـوانن کـاری نائاسـایی ئـەنجام بـدەن و ئـەنجامی ناچـاوەڕوانکراو بەردەسـت بخـەن، بـە هاریکـاری کەسـانی ئاسایی دەتوانن بگەن بە ئاستی نـاوازە و سـەرکەوتنی بـێ سنوور. لێـرەوەش پێویسـتە لەسـەر ئەنـدامانی دەسـتەکە پێکەوە هاریکاربن لەسەر بنەمای بەرژەوەندی گشتی نەوەك بەرژەوەندی تایبەتی. پەندێکی چینی هەیە دەڵێـت: **"گـەر بـە بۆچـوونی هـەزار کـەس قایلبیـت دەبیتـە خـاوەنی هێـزی هەزارکـەس، بـەڵام گـەر لەگـەڵ بۆچـوونی دەهـەزاردا ناجۆربیت یەك دانەشیان تیانابێت کەڵکی بۆت هەبێت".**

٥-بەشداریتی لە بڕواپاستی(مسداقیەت)دا:

پێویستە هانی هەموو ئەندامانی دەسـتەکەت بـدەیت بۆئـەوەی بەڕاسـتی بڕوایـان بەیـەکتر هـەبێت. دەبێـت بـەوەیان ڕابێنـی کـەناتوانن بەتـەنها کارەکانیـان ئەنجامبدەن بەبێ یارمەتی هاوکاری دەستەکەیان، ڕێك وەکـو دەسـتەیەکی یاریچـی تـۆپی پـێ. دەبینـی یاریکارەکان بەخێرایی ڕادەکەن و حۆلات ئەنجام دەدەن و پاسات دەکـەن بـۆ بردنـەوە، کاتێك بردیانەوە هـەموویان لـەو بردنەوەیـەدا بەشـدار دەبـن و ئـەوان دەڵـێن: بردمانـەوە نەوەك بردمەوە.

٥٩-حەوت بنەما بۆ دروستکردنی دەستەیەکی سەرکەوتوو:

((کە کۆبووینەوە کەسمان لەوی تر باشترنیە))

کینیس بالانشارد

گەر بڕیارتدا بۆ جێگەیەك بڕۆی ئەوا پێویستە بزانی بۆچی بۆ ئەو جێگەیە دەڕۆی، دواتر بزانی بەچی بۆی دەڕۆی؟ پێویستت بە نەخشەڕێگەیەکە کە بت گەیەنێت بەو جێگە یان شوێنە و بەئاسانی بێ کێشە بتوانی لەوێدا خۆت ببینیتەوە. ئەمەش دیسانەوە هاوتایە لەگەڵ کردارەی دروستکردنی دەستەدا. لەسەرەتاوە دەبێت بڕیاربدەی کە دەستە دروست دەکەیت و متمانەت بەوە هەبێت کەئەمە بەڕاستی خواستی تۆیە ئەوجا دەبێت نەخشە ڕێگەیەك دابڕێژی بەرەو سەرکەوتن. بۆئەمەش پێویستت بە ڕێبەرییەکە، سیستمێك، نەخشەیەك ڕێگەت بۆ ڕوون بکاتەوە و پیشانبدات، بۆئەوەی بتوانی دەستەیەکی بەهێز و پتەو و سەرکەوتوو پونیات بنێی، لێرەشدا دەبێت بزانی کە ئەم ڕێگەیە ئاسان نییە. سینکا لەم بارەیەوە دەڵێت: **"ڕێگەیەکی چەفت و چێڵە ئەو ڕێگەیەی دەتگەیەنێتە بەرزاییەکانی سەرکەوتن"**. بۆیە ڕێگەبدە منیش ئەو نەخشە ڕێگەیەت پیشان بدەم کە یارمەتیت دەکات بۆ پونیات نانی دەستەی کاری سەرکەوتوو، ئەمەش ئەم حەوت بنەمایە دەگرێتەوە و لەخۆ دەگرێت:

١-دروستکردنی دەستە:

بەڵێ بڕیاردان لەسەر دروستکردنی دەستە گرنگە، لەوەش گرنگتر بەشداریپێکردنی کەسانی گونجاو و ژمارەی کەسەکان و بنچینەی دیاریکردنیانە، بۆیە پێویستە سەرکردە بەباشی گرنگی بدات بە پێکهێنانی دەستە، نابێت هەرلەخۆیەوە کەس گەلێك بخاتە نێو

دەستەکەیەوە تەنها لەبەرئەوەی بەدڵی خۆین، بەڵکو پێویستە لەسەر بنەمای شیاوی بێت، هەروەها پێویستە داوا لە ئەندامە دیاریکراوەکان بکات یارمەتی بدەن بۆ هەڵبژاردنی کەسانی گونجاوی تر. جارێکیان بەڕێوەبەرێك پێی گوتم: " توانای سەرکەوتنی من بەندە بە هەڵبژاردنی کارمەندگەلێکی گونجاو بۆ کارکردن ڕەگەڵمدا"، کاتێك لێم پرسی چۆن ئەم کارە ئەنجام دەدەیت، گووتی:" من ئەو کەسانە هەڵدەبژێرم کە ڕەفتاریان جوانە و حەزیان لەپێشکەوتن و گەشە و بەتایبەت ئەو کەسانەش ئارەزووی کاکردنی دەستەیی دەکەن" .

٢-مەشق:

پاش دیاریکردنی ئەندامەکانی دەستەکە،سەرکردە هەڵدەستێت بە مەشقپێکردنی دەستەکە یاخود کەسێکی تر بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە ڕادەسپێرێت. لەسەرەتادا هەڵدەستێت بە ئاراستەکردنی کارمەندان بۆ ئەوەی کارمەندان بزانن دەبێت چی بکەن و لەچی بەدووربن، هەروەها بەڕێوەبەرەکە هەڵدەستێت بە ناسینی کارمەندە تازەکان بە ئەندامانی تری کارکەری، ئەوجا بەکار و ئیشی ئەوانی تریشی ئاشنا دەکات. ئینجا هەموو ئامرازە پێویستەکانی کارکردن بە ئەندامە تازەکە دەبەخشێت، هەروەها پێویستە بەڕێوەبەرەکە بەتەواوەتی بەئاگابێت لەوەی ئەم کارمەندە بە توانایە بۆ ئەنجامدانی ئەو کارەی پێی دەسپێرێت. زۆرێك لە دامەزراوەکان ڕێگە بە کارمەندە تازەکان نادەن ئاشنای کڕیار و سەردانکاران بن مەگەر سێ مانگ بەسەر بوون بە کارمەندییاندا تێپەڕ بووبێت. مەشقی باش خاستر هانی کارمەندەکە دەدات بۆ جوان ئەنجامدانی کارەکەی، بەمەش ئەنجامی خوازراو بەردەست دەخات. لێرەدا پەندێکی بەناوبانگ دەهێنمەوە کە دەڵێت:" **ماسیەك بدەرە کەسێك ئەو ڕۆژە تێرت کردووە، فێری ماسی گرتنی بکە هەموو تەمەنی تێرت کردووە**".

٣-پەیوەندی:

ئەوكاتەی باشترین كارمەند بۆ كاركردن هەڵەبژێردرێت و بەباشی مەشقیان پێ دەكرێت و ئامادەی ئەنجامدانی كارەكانیان دەبن، لەم كاتەدا پێویستە لەسەر سەركردە كردارەی پەیوەندی ئەنجام بدات. هەندێك لە بەڕێوەبەران بڕوایان وەهایە كە پێویستە لەسەر كارمەند خۆی كاری خۆی بەپشت بەستن بەخۆی ئەنجام بدات، ئەوجا زۆریان سەیر لێدێت كاتێك كارمەندەكە دەست لەكاردەكێشتەوە! ئەوان نازانن ئەم كارمەندە بۆیە دەستی لەكاركێشاوەتەوە چونكە هیچ هاندەرێكی نەبووە بۆ كاركردن و هیچ كەسێك نەبووە ئاراستەی ڕێگەی ڕاستی بكات، بەكورتی لەبەرئەوەی پەیوەندی بەوانی ترەوە پچڕاوە بۆیە دەستی لەكاركێشاوەتەوە. هەربۆیە پێویستە دەركی پەیوەندی ڕەگەڵ كارمەندانتدا بكەیتەوەو بەتایبەت كارمەندە تازەكان. هەوڵبدە بەردەوام ڕەگەڵیان كۆببیتەوە و كەی پێویستیان پێت هەبوو لەلایان ئامادەبیت. گرنگ نییە چی دەكەیت، گرنگ ئەوەیە بەباشی ئاراستەیان بكەی و پەیوەندییان ڕەگەڵ دروستبكەی، بۆئەمەش پێویستە ئەم خاڵانە ڕەچاو بكەیت:

- وای تێبگەیەنە سەركەوتنی ئەو سەركەوتنی هەموو كارمەندانی تری دامەزراوەكەیشە.
- وەها ڕەتار لەگەڵ هەموو كارمەندێكتدا بكە وەكو ئەوەی باشترین بێت.
- گرنگی پێدانی خۆتیان بۆ دیاربخە، بەمرۆڤ لێیان بڕوانە نەوەك كارمەند.
- بەزۆری ناوی خۆیان بەكاربێنە، بزەیان بۆ بكە و پێیاندا هەڵبدە و پەسنیان بدە.

٤–بینین–بۆچوون:

پێویستە لەسەر سەرکردە یارمەتی کارمەندانی بدات بۆ ئەوەی ئەوانیش بۆچوون و ڕوانگەی خۆیان دابمەزرێنن و گەشەپێبدەن، هەروەها پێویستە هانی بیرۆکەکانیان بدەی و پەسنیان بکەیت بۆئەوەی بیرۆکەی نوێتر بهێننە ئاراوە.

٥–دیاریکردنی ئامانج:

سەرکردە هەڵدەستێت بە بەشدارپێکردنی ئەندامانی دەستەکەی بۆ دیاریکردنی ئامانجەکانی دەستەکە و نوسینەوەی ڕاپۆرتی ستراتیژی و نەخشەی کار، لەپێناو بەدیهاتنی ئامانجە مەزنەکاندا. کە دەستەکەشت بەشدار دەبن لە دارشتنەوە و دیاریکردنی ئامانجەکانی دەستەکە ئەوا ئەم کارە پتر هانی دەستەکە دەدات بۆ بەدیهاتنی ئامانجەکان. تۆم بیترز دەڵێت:" **بەهۆی ئەزمون و شارەزاییمەوە هەموو کەس لەهەموو شتدا بەشدار پێدەکەم**" .

٦–ڕێزگرتن:

پێویستە لەسەر سەرکردە و هەموو ئەندامانی دەستەکە ئاهەنگ بگێڕن و خۆشی دەربڕن" لەکاتی سەرکەوتنی هەر کارمەندێکیاندا.

کاتێك بەڕێوەبەری گشتی ئوتێلێك بووم لە مۆنتریال و بڕوانامەی (Certified Food And Beverage Executive) (CFBE)م لە کۆمەڵەی (The Amercan Hotel and Motel Association) وەرگرت، وتارێکی پیرۆزباییم لە سەرۆکی کۆمپانیاکەوە پێ گەیشت، بۆیە منیش وێنەیەکی ئەم وتارەم نارد بۆ خاوەنی کۆمپانیای کارتیاکردووم، ئەمەش وەهای لێکردم زۆر هەست بە مەزنی و گرنگی خۆم بکەمەوە، لەناکاو کاتژمێر ٤:٣٠ی پاش نیوەڕۆ بانگهێشت کرام بۆ کارێکی لەناکاوی زۆر گرنگ، توشی سەرسوڕمان هاتم لەوەی دەبێت قەومابێت؟! کاتێك ڕۆیشتم

بۆ شوێنی دیاریکراو ببینیم هەموو هاوڕێکانم کۆبونەتـەوە و بەبۆنـەی بەدەسـتهێنانی ئـەم بڕوانامەیەی منەوە ئاهەنگ دەگێڕن و دیارییەکیشیان بۆ ئامادە کردووم کـەناو و نازنـاوی تازەی منی لەسەر هەڵکۆڵرابوو، بێگومان ئەمە ئەوەندەیتر هانی دام بۆ باشتر کـارکردن و خۆ بەباش زانین و چێژبینین لەکارکردنەکەم.

٧-هەستکردن بە یەك ئامانج:

لەکۆتادا پاش ئەوەی سەرکردە دەستەکەی دامەزراند و ئەنـدامانی دیـاریکرد و فێـری کـردن چـۆن بـبن بـە ئەنـدامی یـەك تـیم و پێکـەوە کاربکـەن، ئامـانجی پشـت ئـەم کۆکردنەوەیەیان پێ ڕابگەیەنێت، لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەی بەم هۆیەوە بەسەر خۆیـان و دامەزراوەکـە و ژیانیشـیاندا دێـت. هەسـتکردن بـەتاك ئامـانجی لـەگرنگترین بنـەماکانی سەرکەوتنە، نەوەك تەنها لەبواری کاردا بەڵکو لەبواری ژیانی تایبەتیشماندا.

دروستکردنی دەستە کارێکی زۆرباشـە، بـەڵام گـەر ئامـانجێکی دیـاریکراو لەپشـتەوە نەبێت ئەوا بە خێرایی ئەم دەستەیە هەڵدەوەشێتەوە و بوونی نامێنێت، بۆیە هەستکردن بەیەك ئامانجی هۆکار بنچینەی سەرکەوتنی دەستەیە. بەرلەوەی دەست بە دروستکردنی دەستەی کارکردنت بکەی، یـاخود گـەر هەیشـتە و دەتـەوێت کـاراتریی بکـەیت، ئـەوا بـۆ چەند خولەکێك بوەسـتە و دواتـر بگـەڕێوە بـۆ خوێندنـەوەی بەشـی پێشـەوە و دەبینـی وەڵامی زۆربەی ئەو پرسیارانەی تێدایە کە بە مێشکتدا دێن.

ئەو حـەوت بنەمایـەی بۆمـان خسـتیتە ڕوو وەکـو نەخشـەڕێگەیەکی بـەنرخ وەهـان و ئاسانکاری و خێرایی پتریشمان پێ دەبەخشن بۆ دروستکردنی دەسـتەیەکی کـاری کـارا. بابلیلیۆس سیرس دەڵێت:" **زۆرن ئەوانەی ئامۆژگاری وەردەگرن، کـەمن ئەوانـەی سـود لەم ئامۆشیارییە وەردەگرن**" ، بۆیە وریابە و بەباشی سـود لـەم ئامۆژگاریانـە وەربگـرە، دەبینی چۆن ڕێگەت بەرەو سەرکەوتن بۆ خۆش دەکـەن. بێگومانبـە لـەوەی ئـەو حـەوت بنەمایەی پێشووتر بەری ڕەنجی دەیان ساڵ لێکۆڵینەوەو کارکردنە، باشـترین ڕێگـەن بـۆ بەدیهێنانی دەسەتەیەکی کاری سەرکەوتوو.

٦٠-کێ پێویستە بهێنیتە نێو دەستەکەتەوە(هەڵبژاردنی کەسانی گونجاو):

((کاتێك دەستەیەك دروست دەکەم هەمیشە بەدووی ئەو کەسانەدا دەگەڕێم کە حەزیان لەبردنەوەیە، گەر ئەمانەم نەدۆزییەوە ئەوا بەدووی کەسگەلێکدا دەگەڕێم کە ڕقیان لە شکست بێتەوە))

ه.ڕوس بروت



کێ هەڵدەبژێری بۆئەوەی لەنێو دەستەی کارەکەتدابێت؟ کەس گەلێك هەڵدەبژێری بۆئەوەی ڕێك وەکو تۆبن؟ یاخود کەس گەلێك هەڵدەبژێری هەست بەئاسودەیی دەکەیت بەکارکردن لەگەڵیاندا و ڕێك هاوبیریار و نزیك بۆچوونتن؟ یاخود کەس گەلێك هەڵدەبژێر پێچەوانە بۆچوون و ڕاتن و ژیانت قورستر دەکەن؟

گونجاو ئەوەیە کەس گەلێك هەڵبژێری لەگەڵ خۆتدا گونجاوبن. بەلأم بۆ بێبەختی ئەم کەسانە ناتوانن زۆر یارمەتیت بدەن بۆ بەدیهاتنی ئامانجەکەت" چون تۆ پێویستت بەکەسانی جۆر و بۆچوون جیاوازە" بۆئەوەی لەڕوانگەی جیاوازەوە ئامانجەکان ڕوون بکرێنەوە، کەس گەلێك بۆچوونیان لەیەکتر بچێت، بەلأم جیاوازییان زۆرتربێت. ئەمە هەمووی بەشێك دەبێت لەیارییەکە" چون یارمەتیت دەکات بۆ دیتنی دۆخەکان لەڕوانگەی جۆراوجۆرەوە و ڕەنگە بۆچوونی وەهات بۆ بخەنەبەردەست کە زۆر بەسوودبن.

هەندێك نمونەی كەسايەتی كە دەستەكەت پێويستيەتی:

١-جێبەجێ كار: ئەم كەسە گرنگی بە كردار و ئەنجام دەدات، بەخێرايی بڕياردەدات، خاوەنی كەسێتيەكی بەهێزە و حەزی بە سەركێشييە و مرۆيەكی كارا و چالاك و دەستپاكيشە.

2-كۆمپيوتەر ئاسا: ئەم جۆرە كەسە حەزی بە كۆكردنەوەی زانياری زۆرە، حەزی بە لەسەرخۆكاركردن و بڕيارنەدانی بەپەلەيە. زۆر ئارامگر و بڤەكارە، حەزی بە توێژينەوەی دۆخە جوداكانە" بۆ دڵنيابوونەوە لەوەی كە بڕياری دراو ڕاستييە. ئەم جۆرە كەسانە ڕاستيت پيشان دەدەن لەسەر بنەمای كەتواری و ڕاستينەيی.

٣-كارگێڕی: ئەم كەسە گرنگی بە كاروباری كارگێڕی دەدات و حەزی لە بەدواداچوونكردنە، حەزی لە ڕاپۆت و كاری لاپەڕەييە، پابەندی نەخشەڕێگەكانە، حەزی لە زاڵێتيشە بەسەر دۆخەكانداو ئەم كەسە توانای گێڕانەوەی دۆخی ناهەمواری هەيە بۆ دۆخی ئاسايی خۆی.

٤-سەرەنج ڕاكێش: ئەم كەسێتييە زۆر بەسۆز و ميهرەبانە و دەزانێت چۆن هەميشە هانی هەموو ئەندامانی دەستەكەی دەدات بۆئەوەی بەردەوام باشتر و باشتر دياربكەون ئەنجام بدەن. كێ لەگەڵيدا كاربكات زۆر هەست بە خۆشەويستی و چێژبينين دەكات لای ئەندامانی ديكەی دەستەكە خوازراوە.

٥-خەونبين: ئەم كەسە توانای بينينی دووری هەيە، داهێنان كارە، بيرۆكەكانی زۆرجار بەنرخن، زۆر گرنگی بە وردە شيكاری نادات، بەگشتی تيشك دەخاتەسەر داهاتوو.

چەند لەو کەسانەی پێشتر لەنێو دەستەکەی خۆتدا دەبینیت؟ وەك دەبینی جیاوازی بەسودو پێویستە. بەڕاستی سازاندنی ئەم جۆرە کەسایەتیانە پێکەوە کارێکی نائاسانە بەڵام بەچێژیشە، لەهەمووی گرنگتر دەستکەوتنی دەستەیەکی بێ خەوش و مەزن و بەهێزە.

٦١-چۆن وەها لە دەستەكەت دەكەيت بەرهەم هێن بن؟

((گەر كەسێك شيمانەى شتێكى كرد و خەونى پێوەبينى" مرۆڤ گەلێكى تريش دەتوانن بۆى بكەن بەڕاستى))

جۆلس فرن

ڕاوچييەك هەبوو ناوى جۆن بوو، كەسێكى بالآبەرز و چوارشانە و كەڵەگەت بوو، تا ڕادەيەكى زۆرباشيش ژيربوو، هەموو ڕۆژێك دەچووە ڕاو و بەر لە خۆرئاوابوون نەدەگەڕايەوە، ڕۆژێكيان هاوڕێيەكى بينى كە جۆن خەمبار ديارە بۆيە هۆكارەكەى لێپرسى، ئەويش گوتى: " من هەموو تەمەنم لە خۆرهەڵاتنەوە بۆ خۆرئاوابوون خەريكى ڕاوكردن بووم، كەچى هيچم بە بەهيچ نەبووە"، هاوڕێكەيشى پێكەنى و گوتى:" پێويستت بەكەسانى ترە كەلەگەڵتدا كاربكەن و يارمەتيت بدەن".

جۆن سوپاسى هاوڕێكەى كرد و دەستى دايە گەڕان بەدووى كەسگەلێكدا بۆ يارمەتيدانى، تواني دەكەسى زۆر بەهێز بدۆزێتەوە بۆئەوەى لەگەڵيدا كاربكەن. لەبەرئەوەى جۆن لەوان ژيرتر و خاوەن ئەزمونتربوو بۆيە دەستى دايە ڕاهێنانيان لەسەر چۆنێتى و شێوازەكانى ڕاو، لەسەر ئەم كارەى بەردەوام بوو تاوەكو ئامادەى كردن.

بەيانييەك جۆن كۆى كردنەوەو ئەمەى پێ گوتن: " هاوڕێيانم، من فێرى چۆنێتى ڕاوكردنم كردن، كەواتە ئێستا ئێوەيش ئامادەى كاركردن. بۆيە ئەمڕۆ ئێوە بەبێ من دەڕۆن بۆ ڕاو، تاوەكو دەتوانن هەوڵى خۆتان بدەن، هيوام سەركەتنتانە"، پياوەكان زۆر بەم قسانە دڵخۆش بوون" چونكە جۆن متمانەى پێيانە و ئێستا ئەمانيش بەبێ جۆن دەتوانن ڕاوبكەن. پياوەكان ڕۆيشتن و ماسيەكى زۆريان هێنايەوە، ئەمەش جۆنى زۆ دڵشادكرد" چون دەستەيەكى هەيە و بەباشى كارى بۆ دەكەن.

بەڵام پاش شەش مانگ هەستی کرد بەرهەمی کاری دەستەکەی کەمی کردووە، خاوەنی هەمان هەست و حەزی پێشووترنین، لەبەرئەوەی نەیزانی چی بکات، بۆیە جۆن ڕۆیشتەوە بۆلای هاوڕێکەی جارانی داوای یارمەتی و ڕاوێژی لێکرد، هاوڕێکەیشی بەجۆنی گوت:" کارێکی باشە بتوانی دەستەیەك دروست بکەیت، بەڵام گەر نەتوانی بەردەوامییان پێبدەی ئەوا تۆ ئازاری خۆت داوە، بۆیە پێویستت بەوەیە هەمیشە پیاوانت بخەیتە بەر گرەوەکێشەی نوێوە".

جۆن دەستەکەی کۆکردەوە و پێی ڕاگەیاندن: " ئەمڕۆ دەڕۆین بۆ ڕاو بەڵام لەجێگەیەکی تر، ئامانجمان ڕاوکردنی ٣٠٠ ماسی گەورەیە" ، بێگومان دەستەکە ڕۆیشتن بۆ تاقیکردنەوەی ئەم سەرکێشییە نوێیە و پڕ جۆش و خرۆش بوون و توانییان لەگەڵ خۆیاندا ٣٠٠ ماسی گەورە بهێننەوە، بەم بۆنەیەوە ئاهەنگێکی گەورەیان سازدا. لەوڕۆژەوە، بەم شێوەیە جۆن فێری ئەوەبوو کە بۆ بەرەودان بەکارەکان پێویستی بە تاقیکردنەوەی سەرکێشی نوێ و ئەنجامدانی کارگەلێکە پێشتر ئەنجامی نەدابێت.

بیرۆکەی پشت ئەم چیرۆکە ئەوەیە کە دەتوانی بەئاسانی دەستەیەکی مەزن دروستبکەی، بەڵام گەر نەزانی چۆن دەیکەت بە دەستەیەکی بەرهەم هێن ئەوا هیچ چنگ ناخەیت و لەبەرامبەردا خشتەی موچەپێدانەکەشت زۆر دەبێت. تۆ پێویستت بەوەیە هەمیشە دەستەکەت سەرقاڵ بکەیت بەجۆرێك چێژ لە کارەکانیان ببینن، هەروەها فێری ئەوەشیان بکەی چۆن دەبنە کەسێکی بەرهەم هێن. لێرەدا پێنج بیرۆکەت دەخەمە بەردەست بۆئەوەی دەستەی کارەکەت بەرهەم هێنبن:

١-کارکردن بکەرە شتێکی بەچێژ:

زۆر گرنگ و پێویستە هەستکردن بەچێژوەرگرتن لە کارکردن لای ئەندامانی دەستەکەت دروست بکەیت" بۆئەوەی بتوانی بەم کارەت لەناوچەی مەرگ یان ناوچە چوارگۆشەییەکان ڕزگاری بکەیت. پرۆژەیەکی تایبەتیان پێ

بسپێرە و داویان لێبکە بە کەمتر لەکاتی هەمیشە ئەنجامدراو ئەنجامی بدەن، لەگەڵ دەستەبەری باشترین ئەنجامدان و خاسترین بەرهەم.

٢-گرەوە ئاستەنگ(تەحەدی)یان بخەرە پێش چاو:

گرەوەئاستەنگ هەرچییەك بێت دەبێت، بۆنمونە گەر ویستت بڕی فرۆشت بە ١٠٪ زیادتر بکەیت ئەوا کۆبونەوەیەك ئەنجام بدە، لەپێش چاوی ئەندامانی دەستەکەت ئامانجەکان ڕوونبکەرەوە و وەهایان لێبکە بیر لەڕێگە گەلێك بکەنەوە کە تواناداربێت بۆ بەیدهاتنی ئامانجی تۆ و چۆنێتی جێبەجێ کردنی پێشنیارەکانیش بخەرە بەر باس. ئەوجا کاتێك بۆ بەدهێنانی دیاری بکە و داوایان لێبکە دەستبەکاربن و لەبارەی سەرکێشییەوە بۆیان بدوێ و ڕایان بێنە لەسەر سەرکێشی قبوڵکردن بەمەرجی بوونی نەخشەی سەرکەوتنی پێشوەخت، لەگەڵ هاندانیان بۆ ئەنجامدانی کاری نوێ و فراوانترکردنی بوارەکانیان لەچاو باری ئاسایی پێشوتریاندا.

٣-بیرۆکەی هەفتە:

لەکۆبونەوەی داهاتوودا دەتوانیت بە بیرۆکەی هەفتە دەست پێبکەیت. بۆنمونە: کۆبونەوەیەك لەڕۆژی دووشەممەدا ببەستە، داوا لەهەموو ئەندامانی دەستەکەت بکە دوو بیرۆکەی نوێت بۆ بێنن بەمەبەستی کەمکردنەوەی ڕێژەی سکاڵای کڕیاران و زاڵبوون بەسەر دۆخەکەدا، ڕەگەڵ باشترکردنی دۆخی کڕیار و سەردانکاران و پترکردنی بەرهەم، یان هەرشتێکی تر یارمەتیت بکات بۆ باشترکردنی کارایی دەستەکە و ئەنجامدانی کاری کێبڕکێکاری دامەزراوەکەت. یەك هەفتەیان پێ ببەخشە بۆئەوەی بیرۆکە نوێیەکەت بۆ بێنن، هەروەها دەتوانی یەك بەدوای یەك تاقی شێوازی بیرکردنەوەی هەموو ئەندامان بکەیتەوە. ئەوجا هەستە بە دابەشکردنی بەرپرسیارێتی بۆ ئەوەی ئەم بیرۆکە نوێیان بخەیتە بواری جێبەجێکردنەوە. بیرۆکەی هەفتە چەندین سودی هەیە:

- یارمەتی ئەندامانی دەستەکەی دەدات بۆئەوەی داهێنەرتربن.
- یارمـەتیت دەکـات بـۆ بەردەسـت خسـتنی بیرۆکـەی نـوێ لـەبۆ بـەدیهێنانی ئامانجەکانت لەکەمترین کاتدا.
- هەموان لەناوچەی ئاسودەبوون و پوکانەوە و تەمبەڵی ڕزگاردەکات. دۆن بیۆت دەڵێت: **" کەسی مـەزن ئـەو کەسـەیە ئـاوەز و مێشـکی ئـەوانی تـر بـەکاردەهێنێت" بۆ ئەنجامدانی کارەکانی خۆی".**

٤-کێشەی هەفتە:

ئەوجا دەتـوانی کۆبونەوەیـەکی تـر ببەسـتیت و نـاوی بنێـی کێشـەی هەفتـە، بـەوەی پرسیاری ئەو کێشانەیان لێبکە کە ڕووبەڕووی دەبنەوە، یاخود کێشەکیان بـۆ بخـەرەڕوو کە پێویستی بە هاوکاری هەموویانە بۆ گەیشتن بە چارەسەری گونجـاو، ئـەجا هـەڵێکیان بـدەرێ بـۆ ئـەوەی لـە کۆبونـەوەی داهـاتوودا کێشـەکانت بـۆ بخەنـەڕوو، یـاخود بـەرەو چارەکردنی هەنگاوبنێت-بەپێی پلانـی دیـاریکراوی گونجـاو-، بیرۆکـەی کێشـەی هەفتـە یارمەتیت دەدات بۆ:

- وەهـا لـە دەسـتەکەت بکـەیت یارمـەتیت بـدەن بـۆ بدۆزینـەوەی کێشـەکان و چارەکردنیشی.
- باشتر ئاگاداری ئەو کێشانە دەبیتەوە کە ڕۆژانە دوچاری دەستەکەت دەبێتەوە.
- وەها لە کارمەندانت دەکەیت بیربکەنەوە و لەهەناوەوە هەست بەبەرپرسیارێتی و پابەندی بەرامبەر دامەزراوە و دەستەکەیان بکەن.

٥-سەردانییەکانی هەفتە:

دەتوانی دەستەکەت هـەموو هەفتەیـەك بەریتـە گەشـت، ئـەم گەشـتەش بـۆ کۆمپانیـا کێبڕکێ کارەکان یاخود بۆ بازاڕ و شوێنە هاندەر و چاوکارەوەکان دەبێت، بەتایبەت ئـەو

شوێن و ناوەندانەی كە بەسەركەوتن بەناوبانگن، ئەمەش بۆفێربوونی ئەوەیە كە ئەمانیش وەكو ئەوان بتوانن سەركەوتن چنگ بخەن، بەم شێوەیەش ئەندامەكانی دەستەی كارەكەت چاوكراوەتر و بەسودتر دەبن. هەروەها دەتوانی ئەندام گەلێك لە دەستەكەت بهەنێریتە سەردانی كەسانی كێبڕكێ كارت و دواتر پاش گەڕانەوە ڕاپۆرتێكت پێشكەش بكەن لەبارەی چەشنی كۆبونەوە و چۆنێتی پێشوازی و ئەنجامدانی كارەكان و ئەمانیش هەموو ئەو زانیاریانەی بەدەستیان هێناوە بە هەموو ئەندامانی دیكەی دەستەكەتی بگەیەنن، ئەمەش یارمەتی خۆت و دەستەكەت دەدات بۆ ئاشنابوون بەهەموو گۆڕانكاریەكانی بازاڕ و تۆیش دەتوانی باشتر بخەیتەبازاڕەوە و لەپێشتر پێشكەش بكەیت.

پێنج بیرۆكەكەی پێشووتر هانت دەدەن بۆئەوەی وەها لە ئەندامانی دەستەكەت بكەیت ژیرتر و بڤكارتر و داهێنەر و هاندراوتر كاربكەن. هەروەها پێویستە هانی ئەندامانی دەستەكەت بدەی بۆ كۆبونەوە لەدەرەوەی ڕەوتی كاركردندا، بەمەبەستی خواردنەوەی قاوە یان نانی ئێواری، بەتایبەت بە هەفتانە و مانگانە و پاش تەواوكردنی كاتی كاركردن. هەروەها بۆ ڕۆیشتن بۆ ئەو جێگەیە دەتوانی سود لە ڕای ئەندامانی دەستەكەت وەربگریت.

من بۆخۆم كاتێك بەڕێوەبەر بووم ڕاهاتبووم لەسەر ئەنجامدانی كۆبوونەوەیەكی نان خواردنی مانگانە بەم شێوەیە: یەكێك لە ئەندامانی دەستەكە هەڵدەستێت بە میوانداری كردنی هەموانی تر لە ماڵی خۆی بێت یان هەر جێگەیەكی دیكە، هەركەسێك بێت پێویستە دوو قاپ خواردن لەگەڵ خۆیدا بهێنێت، قاپێك شیرینی و قاپێكیش هەر خواردنێكی تر، هەموومان پێكەوە كۆدەبووینەوە و كاتێكی زۆر خۆشمان بەسەر دەبرد. بۆیە دڵنیابە لەوەی ئەم ڕێگەیە بۆتۆ زۆر یارمەتی دەرە" بۆ نزیككردنەوەی ئەندامانی دەستەكەت لەیەكتر و ئافراندنی ڕێز و خۆشەویستی لەنێوانیاندا.

٦٢-چۆن لەگەڵ ئەوانەدا ڕەفتاردەکەیت حەزیان لە گۆشەگیرییە؟

((هەموو مرۆڤێکی مەزن یارمەتی لەهەموو کەسێکەوە وەردەگرێت" چونکە ئامانجیان پوخت داهێنانێکی باشترە لە هەبووەکان و باشتریشە لە بەردەست بووەکانی هەر مرۆڤێکی تر))

پاسکین

کەسی گۆشەگیر حەزی بەکار تەنهاییە و گەر بە دەستەیی کاربکات هەست بە ناڕەحەتی دەکات. گرنگ نییە کە تۆ خۆت ئەم کەسەت هێنابێتە نێو دەستەی کارەکەتەوە یان پێشتریش هەر هەبووە، گرنگ ئەوەیە بزانی چۆن ڕەفتاری ڕەگەڵدا دەکەیت، بۆئەمەش کۆمەڵێك بیرۆکەی پێویست و گرنگت پێش دەست دەخەم:

١-چاوپێکەوتنی ئەنجام بدە:

بەتەنهایی چاوپێکەوتنی لەگەڵدا ئەنجامبدە و هەوڵی دۆزینەوەی کێشەکەی بدە.

٢-ڕەفتار و مەرامی لەیەکتر جودابکەرەوە:

ڕەنگە ڕەفتاری هەڵە یان نەخوازراوبێت، لەکاتێکدا نێت و مەرامی پاکە. گریمانەیەك هەیە دەڵێت: **" لەپشتی هەر ڕەفتارێکەوە مەرامێکی ساغ هەیە"**، بۆیە هەوڵی دۆزینەوەی مەرامەکانی بدە و بەجوانی تیشکی بخەرەسەر.

٣-دیاریکردنی ئامانج:

ئامانجێکی بۆ پێش دەست بخە و هانی بەدیهێنانی بدە" بۆئەوەی لەم ڕێگەیەوە ڕەفتارەکانی بگۆڕێت، بۆئەمەش کاتێکی ئەنجامدانی بۆ دیاریبکە.

٤-لەکاتی کردارەی گۆڕاندا دەستی یارمەتی بۆ درێژبکە:

فێری بکە، ڕای بێنە و یارمەتی بدە" بۆباشترکردنی بەهرە و تواناییەکانی، گەر لەجۆری شەرمۆکان بوو، ڕای بێنە بۆ بەدەست هێنانی متمانەی ئەوانی تر.

٥-هەڵسەنگاندن:

کاتێك ئەوکاتەی دیاریتان کردووە بەکۆتا هاتووە جارێکی تر چاوپێکەوتنی ڕەگەڵ ئەنجامبدە و هەڵسەنگاندنێکی تەواوی ئەوەی ئەنجامی داوە بۆ بەردەست بخە.

٦-دوورخستنەوە:

گەر سەرنەکەوتیت لە گۆڕاندنی، پاش ئەوەی بەڕاستی هەوڵی خۆتت لەگەڵ دابوو، زانیت هیچ سودێکی نییە و ناگۆڕێت، باشتر وەهایە بۆ هێشتنەوەی دەستەکەت بەساغی و بێ کێشەیی ئەندامێکی بکەیت بە قوربانی و دەری بکەیت، واتە ئەم کەسە دووربخەیتەوە.

٦٣-چۆن لەگەڵ کێشەکانی نێو ئەندامانی دەستەکەتدا ڕەفتار دەکەیت؟

((کاتێك کێشە و ناستەنگت توش دەبێت، لەبیرت بێت خاوەنی ئاوەزێکی مەزنیت))

هۆراس

هەرچەندە هەوڵبدەی و تێبکۆشیت بۆ پێکهێنانی دەستەیەکی باش، ئەوا هەر توشی جۆرێك لە ململانێ و کێشەی ناوخۆیی دەبیتەوە.



لەم کاتەدا پێویستە قسەلەڕوو و هاریکاربیت، بەڵام هەوڵ مەدە خۆت لەم کێشانەوە تێوەبگلێنی و خۆیشت لەئاستیدا گێل مەکە و بەداناییەوە دادوەری نێوان کارمەندە ناکۆکەکانت بکە و لایەنگیری هیچ کامێکیان مەکە، تەنها کۆتری ئاشتیبە و هیچی تر.

ولیەم شکسپیر دەڵێت:" **ئافرێنەرانی ئاشتی لەسەر زەوی پیرۆزن**" ، بەڵام وریابە و دەبێت لەکاتی پێویستدا بڕیار توندبیت. بۆ ڕەفتارکردن ڕەگەڵ ئەم جۆرە ناکۆکی و ململانێیانەدا پێویستە بەژیریی تەواوەوە ڕەفتاری بکەیت بۆ دۆزینەوە چارەسەری پێویست و دوورخستنەوەی دەستەکەت لە کێشەی گەورە.

١- هانی کارمەندانت بدە بۆ دۆزینەوەی چارەسەری کێشەکانیان-خۆیان کێشەکانی خۆیان چارەبکەن-، بۆئێمەش دەبێت بوێری تەواویان هەبێت بۆ دانیشتن و گفتوگۆکردن بە دەنگێکی نزم و گونجاو بۆ دۆزینەوەی چارە.

٢- گەر ئەمە سودی نەبوو پێویستە هانا بۆ کەسی سێیەم بەرن، کەسێك هەردوولایان متمانەیان پێی هەبێت.

٣- گەر ئەمەیش سودی نەبوو هانیان بدە کەسێکی تر بکەن بەناوبژیوان و گوێی لێبگرن و پێڕەوی فەرمایشتەکانی بکەن.

گەر ئەو هەنگاوانە دادی نەدای پێویستە ئەم هەنگاوانەی لای خوارێ جێبەجێ بکەیت:

خۆت بچۆرە نێو کێشەکەوە و بانگی هەردووکیان بکە بۆ نوسینگەکەت، ئەوجا:

أ- باسی ئامانجی کارکردنی دەستەییان بۆبکە.

ب- داوایان لێبکە بەچڕی تیشك بخەنەسەر ئەنجامەکان، نەوەك سەر ڕەفتار یان ئەوەی لەڕابردوودا گوتراوە.

ت- داوا لەهەر لایەکیان بکە باسی تایبەتمەندییە باشەکانی کەسەکەی تر بکات.

پ- پرسیاری باشترین ڕێگەچارەیان لێبکە بۆ کۆتایی هێنان بە دۆخەکە.

ج- پرسیاری ئەوەشیان لێبکە تۆ دەتوانیت چییان بۆ بکەیت؟

ح- داوایان لێبکە نەخشەیەك دانێن بۆ دوورکەوتنەوە لە دووبارە بوونەوەی ئەم کێشەیە.

خ- ئەوەی گتویانە پوختی بکەرەوە و ستایشی هەردوولا بکە بەوەی ئەندامی یەك دەستەی کارن، ئەوجا هەڕەشەی ئەوەشیان لێبکە گەر کۆتایی بەم کێشەیە نەهێنن ئەوا...

د- بەدواداچوونیان بۆ بکە: لەم کاتەدا نابێت بەزوویی بڕیاربدەیت، لایەنگیری هیچ لایەکیش مەکە، هەروەها خۆیشت هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەری کێشەکەیان بۆ مەدە، پێویستە خۆیان چارەی کێشەکانیان بکەن. بەم جۆرە دەتوانی یارمەتییان بدەی بۆ ئاشنابوون بە چۆنێتی ڕەفتارکردن لەم دۆخانە لەداهاتوودا. بە بەدواداچوونکردن و هەوڵدان بۆ چارەکردنی کێشەکان زۆرباش یارمەتی دەستەی کارمەندانت دەدەیت بۆ باشتر کارکردن و خۆبەدورگرتن لە بارگاویکارە ئازاربەخشەکان.

((باڵندە بۆ ئەوەی بفڕێت پێویستی بە دوو باڵە))

جیسی جاکسۆن

جارێکیان لەدوو تاتبڕ پرسیارکرا چی دەکەن" یەکەم گوتی:" من تات دەبڕم و دەیکەم بەبەرد"، دووەمیش گووتی:" من لەنێو دەستەیەکدا کاردەکەم، کە بەهەموومانەوە ئەم باڵەخانەیە دروست دەکەیت" دووکەس لەیەك جێگەدا یەك كار دەكەن ، بەڵام دووشێوازی دەربڕینی جیاوازیان هەیە. وەك دەبینی دەستەی کار بەسود و بەکەڵکە، بۆیە گەر دەستەی کارت نییە، هەرئێستا بەڕاستی بیر لەدروستکردنی بکەرەوە، بەڵام گەر هەیشتە ئەوا کاربۆ کاراکردنی بکە، یارمەتی دەستەی کارکەرانت بدە بۆ باشتربوون.

هەوڵبدە خۆت بەدووربگریت لە توانجی نەرێنی لەبارەی دەستەی کارکەرانتەوە. بۆ بێبەختی مرۆڤی قسەتاڵ و دەمشڕ زۆرن لەدەوروپشتت و بەهەموو توانایانەوە کاربۆ کەمکردنەوەی توانایی و بەنەرێنی کردنت دەکەن، کۆنفۆشیۆس لەم بارەیەدا ئاماژەدەکات ودەڵێت:" **ئەوانەی ڕێگەی جیاواز دەگرن ناتوانن ئامۆژگاری یەکتربکەن**"، کەسانی نەرێنی خاوەنی ڕێگەی تایبەتی خۆیانن، بۆیە گوێیان بۆ شل مەکە. دەستەی کارەکەت بکەرە بەشێك لە ژیانت. لەم بوارەدا قسەکەی هیۆودت لەبیربێت کەدەڵێت:" **دووسەر باشترە لەیەك سەر**"((**دوو ئاوەز لە یەك ئاوەز باشترە**))، شکسپیریش دەڵێت:" **یەك بۆگشت و گشت بۆ یەك**". هەوڵبدە ببیت بەە یاریکارێك لەنێو دەستەکەتدا" چونکە هیچ کەسێك ناتوانێت بەتەنها هەمووشت بکات و لەیەك کاتدا لەدووجێگەبێت. دەستەی کارت بکەرە شێوازی تایبەتیت لەژیاندا، ئەوجا دەبینی دەکەویتەسەر ڕێگە و بەرەو سەرکەوتن هەنگاودەنێی.

کلیل دەیەم

پێ سپاردن..

ڕێگەیەک بەرەو ئازادی

((هەرکەسێك دووشت بەدەستی بگرێت ئەوا یەکێك لەدەستی دەخزێ و دەردێت))

سەرچاوە نەزانراو

٦٤-شت بەکەس دەسپێری؟

((لەیەکدا ساتدا هەناسەوەربگری و هەناسەش بدەی کارێکی ئاسان نییە))

ڤیوتیۆس



چی ؟ بسپێرم؟ تۆ شێت بویتە؟ دەتەوێت لەکارەکەی دەست بکێشمەوە لەکارەکەی خۆم خۆم بۆ کەسێکی تر ؟ دەتەوێت دەستەلاَتداریێتیم نەهێلَی یان توشی سەرزەنشتکردنی سەرکردەکانم بیمەوە؟ وابزانم داوام لێدەکەی دەست لەکاربکێشمەوە؟

ئەم دەستەواژانە بەلای تۆوە ئاشنان؟ بۆچوونی تۆ لەبارەی پێسپاردنەوە چۆنە؟ ئیش بەکەس دەسپێری؟ هەندێك لە بەڕێوەبەران، بەتایبەت تازەکانیان، لە وشەی پێسپاردن هەلَدێن، وەك ئەوەی توشی هەستیاری بووبن لەبەرامبەریدا. بەلاَم ئایا دەزانی ئەمانیش بۆچونێکی باشیان بەرامبەر ئەم کردارەیە هەیە، گەر تێبینی بکەی دەبینی کارمەندێك بەرلەوەی ببێتە بەڕێوەبەر زۆر چالاك و لێهاتوو بووە، کام کار قورس بووە ئەم چێژی لە ئەنجامدانی بینیوە، هەمیشە ڕێزی بۆدەهاتەوە و هەموان سوپاسیان دەکرد لەبەرامبەر ئەنجامدانی کارەکاندا. ئێستایش وا بوەتە بەڕێوەبەر و دەیەوێت هەرکارێك پێویست بێت ئەنجامی بدات بۆ دەستکەوتنی ڕێز و سوپاسنامە و دیاری و خەلاَتکردن. گەر زالَبێت بەسەر کارەکەیدا مانای وەهایە خۆی هەموو کارەکان ئەنجام دەدات. ئایا پاش ئەم هەمووە ئێمە دەتوانین داوای لێبکەین کار بەکەسانی تر بسپێرێت و بەبریکاریان دابنێت؟ ئەم کەسە لەم کاتەدا ڕاستەوخۆ وەها هەست دەکات تۆ داوای ئەوەی لێدەکەیت دەست لەکارەکەی بەربدات یاخود وەها هەست دەکات کە تۆ بەباشی نازانیت و لەم کاتەدا هەلَوێستێکی بەرگریکارانەی دەبێت لەبەرامبەر بیرۆکەی بریکاردانان

يان پێ سپاردن. لێرەوە پێویستی بە تێگەیشتن لەم کردارەیە دیاردەکەوێت، ئە
پێویستی بەگۆڕینی بۆچوونەکانێتی لەبەرامبەر ئەم کردارەیە.

دەبێت تێی بگەیەنیت کەئەم ناتوانێت لەهەموو
ساتێکدا لەگشت جێگەیەك بوونی هەبێت و کارەکان
ئەنجامبدات. دەبێت بەوەش ئاشنابێت کە چۆن بار
قورسی سەرشانی خۆی بە پێسپاردنی کەسانی تر
سوکتر دەکاتەوە. ئەم پێویستی بەوەیە لەمە
تێبگات بۆئەوەی بەردەوامبێت لەسەرکەوتن بەسەر

پلەکانەی کارگێڕیدا، یان ئەوەیە بڕوای بەپێسپاردن دەبێت یاخود هەرگیز پێ
ناکەوێت. لەهەندێك دامەزراوە و کۆمپانیادا هیچ بەڕێوەبەرێك پلەبەرزناکەنەوە مەگ
کەسێکی لەجێگەی خۆی دانابێت و کارەکانی خۆی پێ سپاردبێت، تەنانەت هەند
دامەزراوەی تر ئەو بەڕێوەبەرەی کار بە بریکاردانان یاخود پێسپاردن ناکات دەر
دەکەن! گومانی تێدانییە کە بەڕێوەبەر زۆر بەتوانایە و بەباشترین شێوە ئەتوان
کارەکان ئەنجامبدات، بەلآم ئەمە بۆ هەموو سات و کات و دۆخێك وەهانابێت
زۆرجاریش دەرەقەتی ئەنجامی هەموو کارانە نابێت کە لەسەری کۆدەبنەوە، تاوە
چەناکەی کێشە و ئیشی بۆ کۆدەبێتەوە، لە ڕاپۆرت و کۆبونەوە و وەلآمدانەوەی نامە
نوسراوەکان و...هتد. گەر بەڕێوەبەر بریکار یان پێسپێردراوێکی نەبێت ئەوا خۆی ب
قەتیس بوویی دەبینێتەوە لەنێو دۆخ گەلێکی زۆر و نەخوازراوی توانا شکێندا. پا
ماوەیەکی کەم ئەم بەڕێوەبەرە دەست دەکات بەگازندەکردن و لەپێشکەوتن دەوەستێ
و ئەنجامی باشتری نابێت، هەربۆیە بزانە کە پێسپاردن یان بریکاردانان لە کورت مەودا
ماوەی دووریشدا سودی زۆری بۆت هەیە.

٦٥-ئەو شەش هۆکارەی وەها لە بەڕێوەبەران دەکەن ڕقیان لە پێ سپاردن(بریکاردانان) بێتەوە:

((ئەنجامدانی دووشت لەیەك ساتدا مانای نەکردنی هیچ کامیانە))

بابلیلیۆس سیرس

باشە بۆچی بەڕێوەبەران ڕقیان لە پێسپاردنە؟ ئەم هۆکارانە لە کەسێکەوە بۆئەوی تر دەگۆڕێت، هەندێك لەم هۆکارانە قوڵن و پەیوەست بە بەها و باوەڕەکانی خودی کەسەکەوە، ئەمەش یەکێکە لەو هۆکارانەی چارەکردنی قورس و نائاسانە، بەڵام مانای وەهانییە کە چارە ناکرێت. تاوەکو مرۆیەك بتوانێت بۆچونی بەرامبەر پێسپاردن بگۆڕێت کاتی زۆری دەوێت و ماندووبوون و سەور یان ئارامگری زۆریشی گەرەکە.

بۆنمونە گەر کەسێك لە ژینگەیەکدا گۆشکرابێت کە متمانەکردن تێیدا قەدەغە بووبێت و هەمیشە ئەم دەستەواژانە بەرگوێی دەکەوتن: باوەڕ بە کەس مەکە، کەسەکانی دەوروپشتت خراپن، مرۆڤەکان هەمیشە دەیانەوێت بت خەنە چاڵەوە، متمانە بەسەگەکەت بکە و متمانە بە مرۆڤ مەکە!! ئەم جۆرە کەسانە کە گەورەبوون و بوون بە خاوەن بڕیار ئەوکاتیش هەر ناتوانێت متمانە بەکەس بکات.

ئەم جۆرە کەسە ڕەنگە کارمەندێکی زۆرباش بێت، پێویست نەبووە یەکێکی تر بەبریکاری خۆی دابنێ و شتەکانی پێ بسپێرێت، بۆیە هیچ کەسێك باوەڕی وەها نەبووە کەبۆ ئەندامێتی نەگونجێت" چون هیچ کات بۆچونەکانی خۆی بۆ هاوڕێکانی نەدرکاندووە و لە گوماندابووە. ئەم کارمەندە توشی گرفتی زۆر دەبێت کە بووبە ئەندامی دەستەی کارکەران و بەتایبەتیش ڕاهاتن لەسەر پێسپاردن بەلایەوە زۆر گرانە، ڕەنگە هەمیشە لەدۆخی بەرگریدابێت و زیانی زۆر لەخۆی ودامەزراوەکەیشی بدات" گەر بووبە بەڕێوەبەر.

بەڵام کە ڕوویدا و ناچارکرا پێسپاردن بەکاربێنێت ئەوا خۆی بەم دەستەواژانە چەکدا دەکات:" من بەڕێوەبەرم، ئەمە کاری خۆمە"، گەر هاوکارەکانی یارمەتی نەدەن یا گۆڕینی بۆچوونە مەنگەکانی ئەوا بەردەوام دەبێت لەسەر زیان گەیاندن بە دامەزراوەکەی خۆیشی" بەهۆی پێڕەوکردنی شێوازی ئۆتۆکراتی لە سەرزەنەشتکردنی ئەوانی تر گومانبرن لەهەموو شت و کەسێك. ناهەستکردن بە ئارامی وەهای لێدەکات بەخراپ لە کارمەندانی بڕوانێت و لەسەر هەڵەی بچووك سزای گەورەیان بدات و تەنانەت لەئیشەکەیش دەریان دەکات و هەمیشە سکاڵادەکات و ناقایلە، هەمیشە دەڵێت:" لە ڕۆژگارەدا ناتوانی متمانە بەهیچ کەسێك بکەیت"، لەم کاتەدا پێویستە کارگێڕی دامەزراوەکە داوای خۆچاککردنی لێبکات و ڕێنونێنی بکات بۆ گەیشتن بە دۆخی ئارامی متمانەکردن بەوانی تر، ئەگینا لەسەر دروستکردنی کێشە بەردەوام دەبێت.

چەندین هۆکاری تر هەن کە ڕەفتارکردن لەگەڵیاندا ئاسانترە و بە سوکتر چارەدەبن بەسەریاندا زاڵدەبن بەپێچەوانەی هۆکارەکەی پێشووترەوە. لێرەشدا شەش هۆکارت بۆ بەردەست دەخەم کە وەها لەبەڕێوەبەران دەکات لە پێسپاردن هەڵبێن:

١-لەدەستدانی زاڵێتی:

بەڕێوەبەرەکە وەها ڕاهاتوو خۆی هەمووشتێك ئەنجامبدات و بەسەر هەموو لق بارەکانیدا زاڵبێت و ئەنجامەکان خۆی دیاریبکات، بۆیە دەترسێت ئەم دەستەلات لەدەستبدات گەر کەسێکی تر لەجێگەی خۆی وەکو بریکار دابنێت یان کارەکانی خۆ پێ بسپێرێت.

٢-کات بەفیڕۆدان:

ئەو بەڕێوەبەرەی خۆی کارەکانی ئەنجام دەدات بێ متمانەکردن بە کارمەندانی، بۆ کار سپاردن بەوانی تر بەکات بەفیڕۆ دان دەزانێت" چون پێویستی بە فێرکردن

ڕاهێنانەو هەروەها ناچاری قایل بوونە بەهەڵە سەرەتاییەکانی، بۆیە پێی باشترە خۆی کارەکانی ئەنجامبدات و ئەم کات و ڕەنجەی بەفیڕۆ نەدات، بەلام گەر ناچارکرا بریکارێك بۆخۆی دانێت ئەوا گازەندەی ئەوانی تر دەکات بەوەی کاتی دەکوژن.

٣-لەدەستدانی توانای هەڵسوڕاندن و بەرژەوەندی:

کاتێك بەڕێوەبەرەکە لەئەنجامدانی هەندێك کار دەست هەڵدەگرێت وەها هەست دەکات ئیتر توانای هەڵسوڕاندنی کارمەندەکانی نەماوە و ناتوانێت بەرژەوەندییەکان بپارێزێت و بەمەش ڕەنگە کارەکەی لەدەست بچێت.

٤-لەدەستچوونی دیاری و بەخشش:

بەڕێوەبەر وەها هەست هەست دەکات بە دانانی بریکار یان پێسپێردکارێك ئەوا هەرچی دیاری و خەلاتە کەپێشتر پێی دراوە لێرە بەدواوە پێی نادرێت، هەروەها چێژیش لە ئیشەکەی لەدەست دەدات، بۆیە بە پێسپاردن قایل نابێت.

٥-ترسان لە سەرزەنەشت کردن:

بەڕێوەبەرەکە دەترسێت کەسێك بکاتە بریکاری و شتەکانی پێ بسپێرێت کەچی نەتوانێت بەباشی ئەنجامی بدات، بۆیە سەرزەنەشت دەکرێت، بەم هۆیەوە ڕەنگە باجی ئەم هەلانەبدات و لەئیشەکەی دەربکرێت.

٦-تاوانبارنەکردنی کارمەندان:

بەڕێوەبەرەکە نایەوێت لۆمەی ئەوانی تربکات بۆیە خۆی کارەکانی خۆی ئەنجام دەدات.

ئایا خۆت لەهیچ کام لەو دۆخانەی پێشووتر دەبینیتەوە؟ لەگەڵ هیچ کامێک لە بەڕێوەبەرەکانی پێشووتر باسکراودا کاردەکەیت؟ یاخود خۆت وەهایت؟ گەر بە بەڵێ وەڵامت دایەوە، ئەوا هەرئێستا دەست بەگۆڕان بکە" چون سودی دانانی بریکار زۆر زۆر دەبێت و قازانج و کاتیشت پتر باشتر دەبێت و ماندووبونیشت کەمتر دەبێت.

٦٦-دە سوودی پێ سپاردن-بریکاردانان(تفویچ):

((بهێڵە باوەکو هەر مرۆڤێك ئەو هونەرە ئەنجامبدات کە دەیزانێت))

ئەرستۆفانس

ئیستا بهێڵە باوەکو سودەکانی بریکاردانان یاخود پیسپاردنت بۆ بخەمەروو، لەگەڵ روونکردنەوەی چۆنێتی باشترکردنی دۆخی کات و داراییت و هەموو لایەنەکانی تری ژیانت. لێرەشدا دەسودی زێرینی پێسپاردنت بۆ دەخەمە بەردەست:

١-هەڵسوڕاندنی کات:

کاتێك هەندێك کارت دەخەیتە ئەستۆی ئەوانی تر، بەم کارەت کاتێکی باشت بۆ دەگەڕێتەوە لەبۆ ئەنجامدانی کاری زۆر گرنگ.

٢-زیادبوونی بەرهەم:

گەر ویستت کاتت زیادبێ و کاری ناگرنگ ئەنجام نەدەی و بەهرەت نوێتر بێ و کاری باشتر بۆ زیادکردنی ئەنجامت ئەنجامبدەی ئەوا پێسپاردن بەکاربێنە.

3–دروستکردنی دەستەیەك كۆڵەكەكانی متمانەبێت:

کاتێك هەندێك لەکارەکانت بە ئەندامانی دەستەکەت دەسپێری ئەوا تۆ متمانەیان پێ دەبەخشین و ئەوانیش هەستی پێدەکەن و بەهۆیەوە تواناییان بۆ زیادبونی ئەنجامدانەکان باشتر دیاردەکەوێت.

4–گەشەپێدانی بەهرەکانی دەستەکەت:

کە کار بە ئەندامانی دەستەکەت دەسپێریت ئەوکات یارمەتییان دەدەیت بۆ فێربوونی بەهرە و کاری نوێتر و زیاوبوونی زانیاریەکانیان. پێسپاردن یارمەتییان دەدات بۆ گەشەپێدان بە خودیان و دەرپەڕین لەناوچەی حەسانەوە و تەوەزەلی و بەدەست هێنانی ئامانجی کاربۆکراو.

٥–زیادبوونی قایلمەندی کارمەندانت، کەمبونەوەی ڕێژەی دەستلەکارکێشانەوە:

کاتێك ئەندامانی دەستەکەت فێری بەهرە و زانیاری نوێ دەبن لەڕێگەی پێسپاردنەوە ئەوا ئەمە هانیان دەدات بۆ دۆزینەوەی کاری ڕاستەقینەی خۆیان، دروستکردنی ژیانیان، هەروەها پتر لەیەکتریان نێزیك دەکاتەوە" بۆئەوەی یەکێتییەکی مەزن و پتەو پێکبێنن. ئەمەش لای خۆیەوە وەهایان لێدەکات هەست بە قایلمەندی و خۆشویستنی کاربکەن و بۆماوەیەکی زۆریش لەنێو دەستەی کارکردندا بمێننەوە و دەست لەکارکردن نەکێشنەوە.

٦–زیادبوونی هاندان:

کاتێك ئەندامانی دەستەکە هەست بە متمانەداری تۆ بەخۆیان دەکەن– واهەست دەکەن تۆ متمانەت پێیانە– و هەلی فراوانی فێربوونی بەهرەی نوێ لەپێشیانە، هەروەها کایەی بەرەو پێشەوە چونیان بۆ ڕەخساوە، ئەمە لای خۆیەوە هانیان دەدات بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هاندانیان و زیاوکردنی بەرهەمیان.

7-بەدیهێنانی زاڵێتی زیادتر:

بەکارهێنانی پێسپاردن بەگونجاوی و سود وەرگرتنی بەردەوام لە بەدواداچوون یارمەتی زۆربوونی دەستەڵاتت دەدەن لەسەر شێوازی بەرهەم و ئەنجامەکان. تۆ بە پێسپاردن هەلێك بەخۆت دەدەیت کەلە دوورەوە لە دۆخەکان بنواڕی و ئەوجا بڕیارەکانیشت باشتر و گشتگیرتر و تەنانەت دیاریکراوتریش دەبێت و بەئاسانیش دەتوانی بەسەر دۆخەکەدا زاڵبیت.

٨-هەڵسەنگاندنی باشترین کەسی دەستەی کارەکەت:

کاتێك هەندێك کار بە دەستەی کارکەرانت دەسپێریت ئەوکات هەلی ئەوەت بۆ ڕێك دەکەوێت لێیان بڕوانی کاتێك کاری نوێ ئەنجام دەدەن، بەمەش دەتوانی لەئاستی تواناییان بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی دۆخە نوێیەکان تێبگەیت، بەم کارەش دەتوانی خاڵە بەهێز و لاوازەکانی ئەنجامدانیان دیاریبکەی.

٩-کەمکردنەوەی دڵەڕاوکێ :

پێسپاردن ناچارت ناکات لە هەموو جێگەیەك بوونت هەبێت و خۆت هەموکارێك ئەنجام بدەی" چونکە تۆ ئەنجامدانی هەندێك لەم کارانەت بە ئەندامانی دەستەکەت سپاردووە، ئەمەش بێگومان هەلی ئەوەت بۆ دەڕەخسێنێت ئەوکارە ئەنجام بدەی کە پێت گونجاوە و حەزت لێیەتی و چێژی لێ دەبینی، ئەمەش لای خۆیەوە هەستکردنت بە دڵەڕاوکێ کەمتر دەکاتەوە.

١٠-پێشکەوتن:

کاتێك پێسپاردن ئەنجام دەدەیت دەتوانی خۆت کاری گرنگتر ئەنجامبدەی، ئەمەیش لای خۆیەوە دەرکەکانت بەکراوەیی بۆ دخاتەسەرپشت بۆ پێشکەوتن و سەرکەوتن بەسەر پلەکانەی گەیشتن بەناوەندی خوازراوی پێشیاوت. تۆ ئێستا دەتوانی خۆت بڕیار لەسەر مەزنی و قازانجە گەورەکانی پێسپاردن بدەی.

٦٧-ئەوكارانە چین دەتوانی بەوانی تری بسپێری؟

((ئەوانەی حەزیان لەگۆرانی وتنە هەمیشە گۆرانی خۆیان دەدۆزنەوە))

پەندێکی سوێدی

جۆری ئەو کارانە چین کە دەتوانم بەوانی تری بسپێرم؟ کامیان لەپێشترە بۆ پێسپاردن؟ چۆن دەتوانم متمانە بەوانی تربکەم کە ئەو کارەی پێیان دەسپێرم وەکو ئەوەی دەمەوێت و مەبەستمە بۆم ئەنجام دەدەن؟ ئایا پێت وانییە خەڵکانی تر واهەستبکەن من دەیانقۆزمەوە بۆ بەرژەوەندی خۆم؟

لەزۆربەی کۆڕەکانمدا ئەم چەشنە پرسیارانەم رووبەروو دەبێتەوە. بەڕێوەبەران دەیانەوێت کرداری پێسپاردن قازانج بکەن، بەڵام نازان لەکوێوە و چۆن دەست پێبکەن! هەمیشە بەدووی بیانودان بۆ ئەنجام نەدانی پێسپاردن.

هەمیشە بەپێی ئامادەکانی پرۆگرام سازیی زمانەوانیانەی دەمار لەبارەی هێزی خودییەوە وەڵامی پرسیارەکان دەدەمەوە، لەچوارچێوەی ئەنجامدا، لێیان دەپرسم:" گەر پێسپاردن ئەنجام بدەی چی ئەنجامێکت چنگ دەکەوێت؟ ئایا پلانێکت بۆ ئەمە هەیە؟ سامانەکانت چین؟ چۆن دەتوانی ئەم سامانانەت بەباشترین شێوە بەکاربێنی؟ " ئەم جۆرە پرسیارانە یارمەتییان دەدات بۆ چرپیرکردنەوە لە ئەنجامەکانی پشت بەکارهێنانی پێسپاردن نەوەک تیشك خستنەسەر هەوڵدان بۆ خۆدزینەوە لەبەکارهێنانی پێسپاردن.

کاتێك پلەی بەڕێوەبەری گشتی ئوتێلێکی پێنج ئەستێرەیی مۆنتریاڵم بەدەست هێناو دەستم دایە دروستکردنی کەناڵەکانی پەیوەندی، بەستنی کۆبوونەوە، تەواوکردنی ڕاپۆرتی پێویست بۆ بەڕێوەبردنی ئوتێلەکە، دەبوو نەخشەدانێم، سیستەم چاکبکەم، کۆبوونەوە ئەنجام بدەن و بەدووی ئەنجامەکاندابم، لیستی کۆبونەوەکانم بەم شێوەیە بوو:

١- **ڕۆژانە**: لە کاتژمێر ٩ تاوەکو ٥:١٥ خولەك بۆ تاوتوێکردنی ئەنجامی کارەکانی ڕۆژی پێشووتر و دانانی پلانی کاری ئەمڕۆ.

٢- **هەموو دووشەمانێك**: لە ٣ بۆ ٤ ی پاش نیوەڕۆ، کۆبونەوەی لیژنەی جێبەجێکاری بۆ تاوتوێکردنی بڕیارە گرنگەکان و نەخشەبۆ دانانی.

٣- **هەموو سێ شەممەیەك**: لە ٣ بۆ ٤ ی پاش نیوەڕۆ کۆبونەوە لەگەڵ بەشی ژوورەکان، بۆ تاوتوێکردنی ئەوەی کاریگەری دەبێت لەسەر ئەم بەشە.

٤- **هەموو چوار شەمانێك**: لە ٣ بۆ ٤ ی پاش نیوەڕۆ کۆبونەوە لەگەڵ بەشی خۆراك و تاوتوێکردنی کار و کۆسپەکان.

٥- **هەموو پێنج شەمانێك**: لە ٣ بۆ ٤ ی پاش نیوەڕۆ کۆبونەوە لەگەڵ سەرۆکی بەشەکان بۆ تاوتوێکردنی هەموو کێشەکان و چۆنێتی باشترکردنی ئاستی خزمەت و بەرزکردنەوەی ئاستی بەکارخستنی ژوورەکان.

٦- **هەموو هەینییەك**: لە ١٠ بۆ ١١ ی بەیانی کۆبوونەوە لەگەڵ بەشی دارایی،بۆ متمانەدان (تەسدیقکردن)ی ئەنجامی هەژمارکاریەکان .

٧- **هەموو هەینییەك**: لە کاتژمێر ٣ بۆ ٤:٣٠ خولەك کۆبوونەوە لەگەڵ بەشی بازاڕاری و فرۆش.

ئەمانە و سەرباری کۆبوونەوە تایبەتی و جێبەجێکاریەکان کە ڕاهاتبووم بەردەوام لەگەڵ سەرۆکەکەمدا ئەنجامم دەدان، بۆ ماوەی سێ مانگ بەردەوام بووم لە بەستنی ئەم

کۆبونەوانە، لەم ماوەیەدا هەستام بە مەشق پێکردنی چەند کەسێك کە بەگونجاوم زانین بۆ یارمەتیدانم، بۆیە پاشی سێ مانگ شێوازی کۆبونەوەکانم بەم شێوەیەی لێهات:

١- کۆبونەوە ڕۆژانەییەکان بووبە ڕۆژێك نا ڕۆژێك.

٢- کۆبونەوەی جێبەجێکاری بەشێوەی کۆبوونەوە لەکاتی نانخواردن ئەنجام دەدرا.

٣- کاری کۆبوونەوە ەنجامدان بەبەشی ژورەکانم سپارد بە سەرۆك بەشەکە.

٤- کۆبونەوەی بەشی خۆراکم بە سەرۆکی بەشەکە سپارد.

٥- کۆبوونەوەی سەرۆك بەشەکانم بەکەسانی تر سپارد، بۆیە ناچار نەدەبووم خۆم ئەنجامیان بدەم.

٦- سەرۆکایەتی کۆبونەوەی بەشی فرۆش و بازاڕکاری بەکەسی گونجاو درا.

لەنێو ئەم کۆبونەوانەدا کەی زانیبام ئامادەبونم پێویستە ئامادە دەبووم و دواتر بەکەسێکی ترم دەسپارد، بەم کارەم توانیم نزیکەی دەکاتژمێر لە هەفتەیەکدا بۆم بگەڕێتەوە و لەجێگەیدا کاری گرنگتر ئەنجام بدەم، زۆرجار تەنها وەکو بینەر دەچوومە کۆبونەوەکانەوە. هەروەها سەرجەم کارە لاپەڕەییەکانم بەکەسێکی گونجاو سپارد تەنها ئەو کارانە نەبێت کەدەبوو هەرخۆم ئەنجامیان بدەم، بەڵێ من بۆخۆم بەم شێوەیە کارەکانم بەکەسانی تر دەسپارد، تۆیش دەتوانی هەمان کاری من ئەنجامبدەی، بۆئەمەش پێویستە:

- لیستی هەموو کاری ڕۆژانەت ئامادە بکەیت.
- کارە ڕۆتینیەکانی وەکو یاگاری نوسین و کاری لاپەڕەییت بەکەسانی تر بسپێرە.
- ئەوکارانەی کاتی زۆرت لێدەبەن بەکەسانی تری بسپێرە، بەتایبەت کۆبونەوەکان.
- وەڵامدانەوەی داوەتنامەکان بەکەسانی تر بسپێرە.

تەنها پێویستت بەوەیە خۆت ئەو شتانە ئەنجام بدەی کە دەزانی هەر دەبێت خۆت ئەنجامیان بدەیت. بەکورتی: ئەو کارانەی دەتوانی بەکەسانی تری بسپێری وەکو بڕیارێکە و خۆت دروستی دەکەیت، بەلآم بەر لەوەی پێسپاردن ئەنجام بدەی پێویستت بەوەیە بزانی بۆچی ئەنجامی دەدەی و چۆن ئەوکاتەش دەقۆزیتەوە کەلە پێسپاردنەوە بۆت دەگەڕێتەوە؟ ئەوجا دەبێت لەسەرخۆ دەستبکەیت بەکرداری پێسپاردن. ئەوجا هەر لە دەسپێکەوە دەست بە بەدواداچوونکردن بکە، ئەوجا نەختە نەختە خۆتیان لێ بەدووربخە و متمانە بەکەسی پێسپراو ببەخشە، بۆئەوەی ئەویش متمانە بەخۆی پەیدابکات و کاری پێویست ئەنجامبدات. لەم بوارەدا گوتەیەکی ڕۆنالد ریگنم لەبیرە کە گوتی:" **کەسانی گونجاو دابمەزرێنە، ڕایان بێنە، پێیان بسپێرە، ئیتر دەست مەخەرە کاریانەوە**".

٦٨-پێسپاردن چۆن ئەنجام دەدەیت؟

((دەتوانی کارێک بەکەسێک بسپێریت، بەڵام ناتوانیت بەرپرسیارێتی ئەو کارەی سپاردووتە لەئەستۆ نەگریت))

فرانك.ف.هوپ

ئێستایش باوەکو دەست بەوەبکەین کە چۆن پێسپاردن ئەنجام دەدەیت؟ بەڵام بەر لە ئەنجامدانی ئەمە پێویستمان بە تێگەیشتنی ڕاستییەکی گرنگە، ئەویش ئەوەیە کە: پێسپاردن تیابووی سەرکێشییە، هەربۆیە پێویستە هەر لەسەرەتاوە خۆت ڕابێنی لەسەر ئەوەی تاوەکو چی ڕادەیەک تەحەمولی شکست و لەئەستۆگرتنی هەڵەکان دەکەیت؟ ئەوجا سەر لەنوێ خۆت ڕابێنە و ئەمەش یازدە کلیلە بۆ چۆنێتی ئەنجامدانی پێسپاردن:

١) لیستی هەموو کارمەندانت بنوسەرەوە، ئەوانەی حەزیان لەکار پێسپاردنە، خاڵی لاواز و بەهێزیشیان بنوسەرەوە:

بۆنمونە

ناو	خاڵی بەهێز	خاڵی لاواز
چێنەر	پەیوەندیکارێکی چاکە	ڕقی لەکاری لاپەڕەییە
چەتۆ	خێرایە	زۆرجار شتەکان
چۆمان	وردەکارە	فێرنابێت
چیاڤان	حەزی بە گرموە	خۆدوورگرە، هێمنە
	ئاستەنگە	ڕقی لە قسەکردنە بە
		دوور بێژ

٢) لیستی ئەو کارانە بنوسەرەوە کەدەتەوێت بەوانی تری بسپێریت.

٣) کاتێکی دیاریکراو بۆ ئەنجامدانی کارەکە دیاریبکە.

٤) هەوڵبدە هەرکەسێك بەپێی بەهرە و لێهاتوویی کاری پێ بسپێریت.

٥) چاوپێکەوتن لەگەڵ هەمو کارمەندە پێشوەکانت ئەنجامبدە و پرسیاری چۆنێتی چارەکردنی ئەم دۆخەیان لێبکە،لە کاردانەوەیدا دەتوانی تێبینی ئەوەبکەیت کەحەزی لە دووبارە کارکردنە، هەروەها خاڵە حەزپێکراوەکانی کارکردنی دەزانی.

٦) دۆخەکەی بۆ روون بکەرەوە، پێشبینیەکانی خۆتی تێبگەیەنە و دڵنیابە لەوەی لە دۆخەکەت گەیشتووە.

٧) لە کردارەی دیاریکردنی ئامانجدا بەشداری پێبکە.

٨) رێگەی پێبدە کاتی جێبەجێ کردنی کارەکەی دەست نیشان بکات ((وریابە لەو کەسانەی بروایان وەهایە دەتوانن بەئاسانی و خێرایی کارەکە ئەنجامبدەن)).

٩) نەخشەکە بنوسەرەوە و لەبەرگیراوەیەکی بدەرێ و لای خۆیشت لەبەرگیراوەیەکی بهێڵەرەوە بۆ بەدواداچوون.

١٠) سیستمێك بۆ چۆنێتی پەیوەندی کردن و پێشکەشکردنی راپۆرتەکان دیاریبکە، هەفتانە سێ جار دەبێت لەگەڵیدا دانیشیتەوە، ئەوجا نەختە نەختە ئەم کۆبونەوانەش کەم بکەرەوە.

١١) بەدواداچوون، ئەم وشەیە تیابووی کلیلی سەرکەوتنە، لەبیرت نەچێت نابێت کار بەوانی تر بسپێری و تەواو دەستیان لێ هەڵبگریت، دەبێت بەجوانی بەدواداچونیان بۆ بکەی، بۆئەوەی دۆخەکان لەدەستی خۆت دەرنەچن.

گرنگ

١- زیادە ڕەوی مەكە لە پێسپاردن.. ئەگینا دەستەلأتت لەدەست دەدەیت.

٢- پشتیوانی بڕیاری كەسانی كار پێسپێردراوت بكە، بە بڕیار و هەڵەكانیشیان قایل بە،لەبیرت نەچێت كە خۆتیش هەڵەت كردووە. كۆنفۆشیۆس دەڵێت:" **بهێڵە كەسەكەی تر كاری خۆی بكات بەبێ دەست تێوەردانی تر**" .

٣- نەخشەی جێگرەوەت هەبێت بۆ نەخشەكەی تر و لەكاتی شكست هێنانیدا بەكاری بێنە.

٤- هەر ئەركێكت بەكێ سپارد ڕۆڵەكەی لێ مەستێنەرەوە ئەگینا ئەو كەسە هەست بە خۆ بەكەم زانین دەكات و متمانەی بەخۆی و دەستەكەیشی نامێنێت.

ئێستا تۆ بە تەواوەتی لەسودەكانی پێسپاردن گەیشتووی و دەزانی چۆن كات و پارە و كەم ئەركی و وزەی زۆرت بۆ دەگێڕێتەوە و یارمەتی خۆت و دامەزراوەكەشت دەدات بۆ پتر گەشەكردن و گەیشتن بە لوتكەی نوێ. هەر ئەمڕۆ دەست پێبكە و بهێڵە كە پێسپاردن ببێتە بەشێك لەشێوازی سەركردایەتی كردنت، گەر ڕوویدا و بەخێرایی نەگەیشتیت بە ئەنجامی خوزراو ئەوا خۆت بێ ئومێد مەكە و بەكەم سەیری خۆت مەكە، ئارام و سەورت هەبێت و لەبیرت بێت ئەوكاتەی كارێكت ئەنجامدا تۆیش هەڵەت كردووە و دواتر هەستاویتەوە. هەرگیز دەست لە پێسپاردن هەڵمەگرە، بەڵكو برەوی پێبدە. تۆماس ئەدیسۆن جارێكیان دەڵێت:" **زۆربەی كەسانی شكست خواردوو ئەوانەن نەیان زانیوە چەندە لەسەركەوتنەوە نێزیكن كاتێك خۆیان بەدەستەوە داوە**" . پێسپاردنی هەندێك كار بە دەستەی كاركەرانت یارمەتییان دەكات بۆ هەستكردن بەگرنگی خۆیان و بەكارخستنی تەواوی وزە و تواناكانیان بۆ گەشەپێدانی خود و دامەزراوەكە و بەدەست هێنانی سەركەوتن. لە كتێبی چینی بۆ سەركردایەتیدا هاتووە:" **مەیمونێك بخەرە قەفەسەوە دەبینی وەكو بەرازی لێدێت! ئەوەك لەبەرئەوەی نازیریێت یان خێرا بەڵكو لەبەرئەوەی شوێن و ڕووبەری گونجاوی دەست ناكەوێت بۆ دیارخستنی تواناكانی**".

کلیلی یازدەهەم

کۆبونەوەکان..

دەبم.. یان نابم



((کۆبوونەکان دەگونجێت ببنە نەهامەتییەك و پارەی زۆر لە دامەزراوەکەت بەفیڕۆ بدەن، یاخود دەبنە ناز و فەڕیی و ئامڕازێك بۆ بەدیهاتنی سەرکەوتنی خوازراو))

د.ئیبراهیم فەقی

٦٩-ئایا ئەم کۆبونەوەیە زۆر گرنگە؟

((گەر کارەکە بە بێگومانی دەستی پێکرد، ئەوا بەگومان کۆتایی دێت، بەڵام گەر قایل بوو کە بە گومان دەست پێبکات ئەوا بێگومان بە بێگومانی کۆتایی دێت))

فرانسیس بیکۆن



هەرگیز ڕوویداوە لە کۆبوونەوەیەکدا پتر لەیەک کاتژمێر خۆت ڕاگرتبێت و دواتر گوتبێتت: " باشە من لێرەدا چی دەکەم؟"، یاخود لە کۆبونەوەیەکدا ئامادە ببووی و وەهات هەست کردبێت کۆتایی نایات و لەخۆت پرسی بێت: " باشە بۆچی ئەم کۆبونەوەیەم ڕێك خست؟". لەبیرتە هەرگیز کۆبونەوەیەکت ڕێکخستبێت بەبێ ئامانجێکی دیاریکراو و لەوێدا گوێت لە سکاڵا و گازەندی سەرۆکت بێت لە کارمەندانی ژێردەستت، بەوەی ناقایلە بە ڕەفتار و شێوازی کارکردنیان. گەر وەڵامەکەت بۆیەکێك لەو پرسیارانەی پێشوو بەڵێ یە ئەوا بزانە کە کات و پارەی زۆرت بەفیڕۆ داوە.

ڕەنگ نەزانیت تەنها لە ئەمەریکای باکوردا ڕۆژانە نزیکەی ٢٠ ملیۆن کۆبونەوە ئەنجام دەدرێت. لە لێکۆڵینەوەیەکی دامەزراوەی سری ئێم (3M) کە لە ساڵی ١٩٨٨ دا ئەنجامی داوە دیارکەوتووە کە بەڕێوەبەرانی جێبەجێ کاریی نزیکەی ٢٣ کاتژمێر لە هەفتەیەکدا بەبەستنی کۆبونەوەوە بەسەردەبەن، تەنها ٥٢٪ ی ئەم هەموو کۆبونەوانەیش کارا و بەسودن، لەکاتێکدا ٢٢٪ ی ئەم کۆبونەوانە دەترێت بە پەیوەندییەکی دووربێژی یاخود بەنامەیەك ئەنجامبدرێت و پێویستی بە کۆبونەوە نییە.

لە گۆڤاری سەركەوتن(Success)توێژینەوەیەك بڵاوكراوەتەوە كە تێیدا هاتووە: لە توێژینەوەیەكی نوێدا كە لەسەر ٢٠٠٠ بەڕێوەبەری جێبەجێكاریدا ئەنجام دراوە. دیاركەوتووە كە زۆربەی ئەم بەڕێوەبەرانە زۆرینەی كاتەكانیان بە كۆبونەوەوە بەسەر دەبەن بەرێژەی ٧٩٪، ئەم كاتە لەخۆگرتەی كاتەكانی خۆئامادەكردن بۆ كۆبونەوە ناگرێتەوە، هەروەها جێبەجێكاران وەهای دەبینن كە سێیەكی ئەم كۆبونەوانە بێبەرهەمە و كات و پارەی زۆری تێدا بەفیڕۆ دەدرێت كەدەگاتە ٣٧ ملیار دۆلار لەهەموو كیشوەرەكەدا.

توێژینەویەكی دیكە هەیە دەڵێت: پیاوی كاری ئاسایی نزیكەی ١٢ كاتژمێر هەفتانە بە كۆبونەوەوە بەسەردەبات، هەروەها ٢٢ كاتژمێریش بە كارگێڕی ناوەندیی، بەڵام بەكارگێڕی باڵاوە نزیكەی ٤ ڕۆژ بەسەردەبات، هەروەها توێژینەوەكە دەڵێت: نزیكەی ٥٣٪ی ئەم كۆبونەوانە بێبەرهەمن و تەنها ٤٧٪ ی ئەم كۆبونەوانە بەكەڵكن، ئەم بەڕێوەبەرانە دەیانەوێت پێمان بڵێن: هەر كاتژمێرێك كەلە كۆبونەوەدا بەسەری دەبەین نزیكەی ٣٠ خولەكی بەفیڕۆ دەدڕوات.

بۆجاری داهاتوو كە بڕیاردەدەی بە بەستنی كۆبونەوە پێویستە ڕوو لەم پرسیارانە بكەیت:

- ئایا بەڕاستی ئەم كۆبونەوەیە گرنگە؟
- ئامانج لەبەستنی ئەم كۆبونەوەیە چییە؟
- ئایادەتوانم كۆبونەوەكە ئەنجام نەدەم و لەبریدا پەیوەندییەكی تەلەفۆنی یاخود بەنامەیەك كێشەكە چارەبكەم؟
- ئایا لەڕێگەی كۆبونەوەی تاكەكەسییەوە دەتوانم ئامانجەكانم بپێكم؟

گەر بینیت کۆبونەوەکە ١٠٠٪ گرنگ و پێویستە ئەنجامی بدەی ئەوا دەبێت ئەم پرسیارانە ئاستەی خۆت بکەیت:

- کێ دەبێت بانگێشتی کۆبونەوەکە بکەم؟
- ئایا بەڕاستی پێویستم بەم هەموو کۆبونەوانەیە؟
- ئایا دەبێت لەم کۆبونەوەیەدا ئامادەبم؟

گەر وەڵامەکەت نەخێر بوو پێویستت بە پێسپاردنە، بەڵام گەر وەڵامەکەت بەڵێیە ئەوا ئەم پرسیارانە ئاراستەی خۆت بکە:

- ئایا دەبێت لەم کۆبونەوانەدا ئامادەبم و تاوەکو کۆتایی دێت نەڕۆم؟
- ئەم کۆبونەوانە چەندە کاتی دەوێت؟

لەکۆتادا لەخۆت بپرسە: ئەو کۆبونەوەیە چەندە کات و پارەی دەوێت و بەرهەمی چییە؟ دەتوانی چەند خولەکێك بەخۆت بدەیت بۆ شیکردنەوەی تێچوونی ڕاستەقینەی کۆبونەوەکە، بیشزانە کە شیکردنەوەی وەڵامەکان و تێچوونی کۆبونەوەکان بڕێکی باشی پارە بۆ دامەزراوەکەت دەگێڕێتەوە. خۆت لە بەستنی کۆبونەوە دوورمەگرە، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەبێت کۆبونەوە ئەنجامبدەی، بەڵام بەرهەم داربێت و ئامادەبوانیش لەکاتی کۆبونەوەکەدا بۆلای خۆت کێش بکەیت و مەهێڵە کۆبونەوەکە لەدژی خۆت بشکێتەوە.

٧٠-حەوت هۆکاری پشت بەستنی کۆبونەوەکان:

((گرنگ نییە خەڵکی چی لەبارەی بەستنی کۆبوەنەوەکانەوە دەڵێن یاخود بڕوایان چۆنە، گرنگ ئەوەیە کۆبونەوە هەر هەیە و هەمیشەییە))

کلید و.برلسۆن

کۆبوونەوە بووەتە شتێکی گرنگ و پێویست بۆ سەرکەوتنی دامەزراوەکان، هەروەها چەندین کاتیش هەیە کەدەتوانرێت کۆبونەوە نەبەسترێت و لەبریدا نامەیەك بهەنێردرێت یاخود بەتەلەفۆن کێشەکە چارەسەر بکەیت یان کەسێك بهەنێری یاخود بانگی کەسێك بکرێت، بەلام زۆرجار نامە هۆکارە بۆ زیان گەیاندن بەخۆت و دامەزراوەکەت، وەرە باوەکو پێکەوە بەجوانی بیربکەینەوە: ئایا بڕوات وەهایە کە نامە کارابێت؟ بەڵێ بێگومان بەسود دەبێت گەر بۆخۆشی بێت و بتەوێت زانیاری زێدەبار بەکەسێك بگەیەنیت بەتایبەت لەڕێگەی خۆراکپێدانی پەرچەکراوە(فیدباك)وە، بەلام بهێڵە باوەکو پرسیارێکت لێبکەم: بۆ نوسینی ئەو نامە پرسیارییە چەندە کاتت دەوێت؟ ئەی کارڕەوانکارت چەندە کات بەفیڕۆ دەدات بۆ نوسین و بلاوکردنەوەی ئەم نامانە؟ هەروەها لەو خولەکەوەی نامەکەت هەنارد چیتر تۆ ناتوانی هەڵی بسوڕێنی و چی هەڵەیەکت تێیدا کردبێت تازە لەدەست دەرچووە و گەر هەڵەتێگەیشتن ڕوویدات ئەوا توشی خەمۆکی و کات بەفیڕۆدان و ونێتی و تەنانەت بیرۆکراتیەتیشت دەکات، ئەمەش لای خۆیەوە هۆکارە بۆ نەهێشتنی هاندان لای کارمەندانت. لەڕاستیدا توێژینەوەکان بەوە ڕاگەیشتوون کە نامە هیچ

سودێکی نییە و بێکەڵکە بۆ پەیوەندی کارگێڕی. لەڕاستیدا مەبەست لێرەدا ئەوە نییە کە هەموو جۆرە نامەیەك بێ کەڵکە بەڵکو لە ڕوانگەی کارگێڕی و بەڕێوەبردنەوە سودێکی ئەوتۆی نابێت و زۆرجار هەڵە تێگەیشتن ڕوودەدات.

کۆبونەوەکانیش بۆ زۆر مەبەست دەبەستێرێت: هەندێك بەڕێوەبەر نازانن لەکۆتایی ڕۆژی کار(دەوام)دا چیبکەن! هەندێکی تریش بۆخۆ بەسەرقاڵ پیشان دان کۆبونەوە ئەنجام دەدەن، یاخود بۆخۆ بە گەورەپیشاندان، یاخود هەر بۆخۆشییە و کردویانە بەخوو کە دەبێت هەفتەی جارێك یان دووجار کۆبونەوە ئەنجام بدرێت، لێرەشدا گرنگترین هۆکارەکانی پشت بەستنی کۆبنەوەکانت بۆ دەخەمەڕوو:

١-نەخشەڕێژی:

نەخشەڕێژی (پلاندانان) یەکێك لە هۆکارە گرنگەکانی پشت بەستنی کۆبونەوەکانە، نەخشەڕێژییە هەمووجۆرەکان دەگرێتەوە، جا بازاڕکاری بێت یاخود فرۆشتن، یان فراوانکردن یان سەرلەنوێ دەستپێکردن و ..هتد، گرنگ ئەوەیە ئامانجی بەڕێوەبەرەکە لە بەستنی ئەم کۆبونەوەیە خۆراکپێدانی پەرچکراوەی ئەرێیی دەبێت لەگەڵ خستنەڕووی بیرۆکەی نوێ بۆ دارشتنەوەی نەخشەی باشتر.

٢-بڕیاردروستکردن:

بەڕێوەبەرەکە ئەندامانی بانگێشتی کۆبنەوەیەك دەکات و تێدا تاوتوێی بابەت یان دۆخێك بکەن و بڕیارێکی بەکۆمەڵی لەبارەوە بدەن، ئەم بڕیارە جیاوازە لە بڕیاری تاکەکەسی ویەکلانەی بەڕێوەبەر" چون ئەم بڕیارە کاراترە.

٣-گەیاندنی زانیاریەکان:

ڕەنگە بەڕێوەبەرەکە کۆبونەوە بە کارمەندانی بکات بۆ گەیاندنی تازەترین زانیاریەکان بەئەوان، هەروەها تازەترین ئاراستەکانی بازاڕی کار و چۆنێتی جولانەوە ڕەگەڵ کۆمپانیا کێبڕکێ کارەکاندا.

٤-چارەکردنی کێشەکان:

هەندێك کۆبونەوە دەبەستێرێت بۆ چارەکردنی کێشەی نێوان کارمەندان و چارەکردنی سکالای کڕیاران و ئەو گازندانەی کاریگەری لەسەر ئاراستەکانی کارکردن هەیە. ئامانجی بڕێوەبەر لەپشت بەستنی ئەم کۆبونەوەیەوە گەیشتنە بە باشترین ئەنجام و چارەسەر.

٥-هاندان و پاداش:

ڕەنگە کۆبونەوەکە بۆ پێ هەڵدان و ڕێزلێنان بێت لە کارمەندێکی کارا لەپێش چاوی هەموانی تر، ئەمەش بۆ هاندانی ئەوانی ترە.

٦-مەشقپێکردن:

یەکێکی تر لەهۆکارەکانی پشت بەستنی کۆبونەوەکان مەشقپێکردن و بەرزکردنەوەی ئاستی توانایی و باشترکردنی شارەزاییانەو ئەمەش لەشێوەی خستنەڕووی زانیاری و ڕێنمایی دەبێت، لەگەڵ فێرکردنیان بە شێوازە نوێیەکانی فرۆش یان خزمەتی کڕیاران یاخود هەرجۆرێکی تر لەو مەشقانەی کە بەسود دەبێت بۆ دامەزراوەکە.

٧-دروستکردنی دەستەی کار:

کۆبونەوەکان بەسود دەبێت بۆ دروستکردنی دەستەی کارز دەستەی کار هاوبەرپرسیارن، بڕیاردەرن، ئامانج دیاریکار و هەنگاونەرن بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە خوازراوانە.

وەك دەبینی کە کۆبونەوەکان تەنها ئەوە نییە کارا و بەسودبن، بەڵکو یەکێك دەبێت لەهۆکارەکانی سەرکەوتنی ڕاستەقینە، ئەوەی لێرەدا پێویستە تەنها فێربوونی چۆنێتی بەستن و قازانجکردنی کۆبونەوەکانە" لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانتدا.

٧١-حەوت جۆر خەڵك لە نێو کۆبونەوەکاندا:

((لیژنە چییە جگە لە کۆمەڵێك خەڵك خولەك ڕەچاودەکەن کەچی کاتژمێر بەفیڕۆ دەدەن))

میلستۆن بریل

١-زاڵ :

ئەم جۆرە کەسانە بۆماوەیەکی زۆر لە دامەزراوەکەدا کاری کردووە، بۆیە واهەست دەکات کە خاوەنی شارەزاییەکی باشە و لەهەموان بەزانیاریترە، بۆیە هەوڵدەدات زاڵبێت بەسەر شێوازی کۆبونەوەکاندا.

٢-خوێندەوار:

ئەم جۆرە بڕوای وەهایە وەڵامی هەموو پرسیارەکانی لەلادا بەردەستەو بۆیە شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی زۆر بۆ ئەوانی دەڵێت و دەخاتەڕوو هەربۆیە بەهۆیەوە ئەوانی تر هەست بەبێزاری دەکەن لەکاتێکدا بخۆیشی کەسێکی بێمەلآم و چاکیشە.

٣-پچڕێنەر:

دەبینی ئەم کەسە لەناکاو قسەدەکات، حەز دەکات هەموان بزانن کە ئەمیش شت دەزانێت و وەڵامی هەموو پرسیارەکانی لەلادا بەردەستە و تەنانەت زۆرجاریش لەبابەتە دەردەچێت و باسی شت گەلێك دەکات نەلەدوور و نەش لەنێزیك پەیوەندی بە بابەتەکەوە نییە.

4-حەزکار بەقسەی لاوەکی:

ئەم جۆرە کەسانە حەزیان بەوەیە لەگەڵ کەسی تەنیشتیدا قسەبکات، جا گرنگ نییە بەلایەوە کێی تر قسە بۆ هەموان بکات، ئەم کەسە دەیەوێت سەرەنجی ئەوانی تر بۆلای خۆی کیچش بکات و لە کۆبونەوەکە بەدووربێت.

٥-نەرێنی:

ئەم کەسە هەمیشە هەستە نەرێنیەکانی دەربارەی کۆبونەوەکە دەخاتە ڕوو، یاخود بەرامبەر ئەوانی تر، مرۆڤێکی نەرێنی سۆزدارە، ئەوانی تر وەها تێدەگەیەنێت کە ئەم کۆبونەوەیە سودێکی نییە و باشتر وەهایە هەرنەبەستێرێت و داوا لەوانی تریش دەکات وەکو ئەو بیربکەنەوە بۆئەوەی هەست بە پەشیمانی نەکەن.

٦-شەرمۆك:

ئەم جۆرو کەسە متمانە و ڕێزلەخۆگرتنی لەدەستداوە، ئامادەی ئەنجامدانی هەمووشتێکە تەنها لە ئەوەنەبێت لەم کۆبونەوەیەدا قسەبکات، لەڕاستیدا ئەم کەسە ئامادەبوونی لەم کۆبونەوەیەدا وەکو کارتۆنێك وەهایە و لەسەر کورسیەك دانرابێت، بەڵام سەرباری ئەمە بەتەنها گەر خۆی کاربکات کەسێکی کارا و زۆرجاریش بەکارکردنی لەگەڵ دەستەکەیدا کارایی خۆی دەنوێنێت.

٧-شێواو-پەشۆکاو:

کاتێك گوێ لەم جۆرە کەسانە دەگریت هەرچی دەکەیت لێیان ناگەیت و یەك دێری بەسودیان لێ وەرناگریت. گەر پرسیارێکت لێکردن دەبینی وەڵامی پرسیارێکی تر دەدەنەوە، یاخود دوو وەڵامت دەداتێ و لێت دەپرسێت:" مەبەستت چییە؟ یاخود کامیان باشترە؟".

کاتێك بزانی چۆن ڕەگەڵ ئەم جۆرە کەسانەی نێو کۆبونەوەکاندا ڕەفتاردەکەیت ئەوا ئاشنای خاڵە بەهێزەکان دەبیت بۆ چۆنێتی باش بەکارهێنانیان، تۆ دەتوانی لەجهانی تایبەتی ئەواندا بیاندوێنی و پێیان بگەی، بەگومانبە لەوەی هەرکەسە تەنها یەك شێوە لەو کەسێتیانەی تێدابێت! بەڵکو پتر لەیەك چەشنە کەسێتیان هەیە. هەوڵبدە کۆبونەوەکانت بەچێژبکە و هەر لەسەرەتاوە لەشێوازی ڕەفتاری هەموان دڵنیابە و تێبینی بکە. بزانە تاوەکو باشتر هەوڵی تێگەیاندنیان بدەی ئەوەندەش ئەم کۆبونەوانەت بەسود و کاریگەرتر و بەئەنجامتر دەبن.

٧٢-دەهۆکاری پشت شکست هێنانی کۆبونەوەکان :

((خودی کۆبونەوەکان شتێکی ناکارا و بێبەرهەم نین، بەڵکو ئەوە خەڵکن وەهای لێدەکەن))

د.ئیبراهیم فەقی

بۆچارە ڕەشی زۆرێك لە کۆبونەوەکان چارەنوسی شکست دەبێت، ئەمە سەرباری ئەوەی کە زۆرێك لە دامەزراوە و بەڕێوەبەرانی جێبەجێکاری بڕێکی زۆری پارە لەبۆ سەرخستنی ئەم کۆبونەوانە خەرج دەکەن، باوەکو ئێستایش لێت بپرسم: بۆچی زۆرێك لە بەڕێوەبەران سەرباری ئامادەکاری وردیش کەچی کۆبونەوەکەیان شکست دەهێنێت؟ وەرە باوەکو پێکەوە سەیرێکی ئەو هۆکارانەبکەین کە لەپشت شکست هێنانی کۆبونەوەکانن:

١-نەکردنی ئامادەکاری پێویست:

نەبوونی ئامادەکاری پێویست و گونجاو هۆکارێکی گرنگی پشت شکست هێنانی کۆبونەوەکانە. بەڕێوەبەر بەبێ ئامادەکاری پێش وەخت داوای کۆبونەوە دەکات و چی بەمێشکیدا هات هەمووی دەڵێت. نەبوونی ئامادەکاری بەزیان و بێ سودە، کێشە و ناکۆکی لەنێوان ئەندامە ئامادەبووەکانی کۆبونەوەکەدا دروست دەکات و بەهۆیەوە شکست بە کۆبنەوەکە دەهێنێت.

2-نەبوونی ئامانج:

ئەنجامدانی کۆبونەوە بەبێ ئامانج وەکو لێخوڕینی ئۆتۆمبێلە بەبێ ئاراستەی دیاریکراو، هەردووکیان بەهیچ کۆتاییان دێت. بانگێشت کردن بۆ کۆبونەوە بەبێ ئامانجی دیاریکراو مانای شکست و زیانە گەیاندنە بەهەمووان. زۆرجار بەستنی کۆبونەوە بووەتە خوو، هەربۆیە بنچینەی شکستیش دەبێت.

٣-دانەڕشتنەوەی خشتەی کار:

ڕەنگە بەبێ داڕشتنەوەی خشتەی کاری ئاراستەکردن لە کۆبوونەوەکە بەڕێوەبەرێك کۆبونەوەیەك ئەنجام بدات، خەڵکان بۆ کۆبونەوەکە دەچن بەبێ ئەوەی بزانن بۆچی بۆی دەچن. نەبوونی خشتەی کار هۆکاری پشت فراوانبوونی ئەندێشە و بڵاوبوونەوەی واتەوات و دەرکی قسەی قۆڕ بۆ هەموان دەکاتەوە. ئەمەش ناچاری بەڕێوەبەردەکات لەهەندێك دەرك بدات کە هیچ پەیوەندییەکی بە کۆبونەوەکە نییە و کاتی خۆی و هەموانی تریش بەفیڕۆ بدات و کۆبنەوەکەش شکست دەهێنێت.

٤-زیادە ژمارەی ئامادەبووان:

بەڕێوەبەری بانگی کارمەندێکی زۆر دەکات بۆ کۆبونەوەکە و وەهای باوەڕە تاوەکو زۆرتربن ئەم باشتر کاریان دەکاتەسەر و ئامانجەکانیان بۆ ڕوونتردەکاتەوە. بەڵام توێژینەوەکان سەلماندوویانە تاوەکو ژمارەی بەشداربووانی کۆبونەوەکان زۆربێت هەلی قسەکردن و ویتەویت و پەشیمان کردنەوە زیادتردەبێت، هەروەها کاتی کۆبونەوەکەش زیاد دەبێت، تەنانەت گەر خۆراکپێدانی پەرچکراوە(فیدباك) ئەنجام بدرێت بەهۆی زۆری ئامادەبوانەوە نرخی ئەم فیدباکە کەم دەبێتەوە و بەبەهایش نابێت.

٥-ئامادەبوون لە زۆر کۆبوونەوەدا:

ئایا ئەنجامدانی کۆبونەوەی زۆر هۆکاری باشتربوونی ئەنجامەکانە؟ بەپێی شارەزایانی کۆمەڵناسی و بەتایبەت ڕۆبێرت ب.نلسۆن و پیتەر ئیکۆنۆمی نوسەری کتێبی" کۆبونەوە کارێکی باشتر" وەلامی ئەو پرسیارەی پێشوتر نەخێر دەبێت. زۆری کۆبونەوەکان هۆکارە بۆ وروژاندنی داڕووخان لای ئەندامانی دەستەی کارت. زۆر و دووبارەبوونی کۆبونەوەکان وەهات لێدەکات لە ئەنجامدانی کارەکانت جیاوازتربیت، وەلامدانەوە بۆ هەموو بانگێشتەکان کارێکە بۆ کەمبوونی بەرهەم و هۆکاریشە بۆ بێزاربوون و کەمبوونەوەی بەهای کۆمەلایەتی.

٦-ناکۆکی تایبەتی:

لەکاتی بەستنی کۆبونەوەکەدا بەڕێوەبەر هەلدەستێت بە ڕێگەدان بە هەندێك لەکارمەندانی بۆئەوەی لەکاتی کۆبونەوەکەدا بەرامبەر یەکتر بوەستنەوە، بەو بڕوایەی ئەمە دەبێتەهۆی ئەنجامێکی باشتر، بەلام لەڕاستیدا ئەمە ڕێگەیەکە بۆ دروستبوونی بەرەکاری و بەهۆیەوە کۆبونەوەکە شکست دەهێنێت.

٧-ڕەخنە:



گەر بەڕێوەبەر کۆبونەوەکەی بۆ ئەوەبەستبێت کە ڕەخنە لە ڕەفتار و بۆچوونی ئەوانی تر بگرێت ئەوا ئەندامانی کۆبونەوەکە هەست بەترس و داڕوخاوی دەکەن، ئەمەش بێگومان هۆکارە بۆ شکست هێنان بەم کۆبونەوەیە.

٨–بەشداریێتی نەکردن:

لەزۆر کۆبونەوەدا دەبینی تەنها بەڕێوەبەر قسەدەکات و ڕێگە بەوانی تر نادات فزەبکەن، ئەوجا دەپرسێت گەر یەکێك تێبینییەك یاخود قسەیەکی هەبێت! لەزۆربەی کاتەکانیش وەلامێك بۆ تێبینیەکانی ئامادەبوان نابێت، ڕەنگە یەك یاخود دووکەس قسەبکەن، یان هەر هیچ نەگوترێت. ئەم جۆرە کۆبوانەوانە بیرۆکراتین و هۆکاری پشت بێزارکردنی ئەوانی ترە و ئامادەبوان ناچاردەکەیت هەست بە کەمێتی خۆیان بکەن و ئەمەیش هۆکارە بۆ شکست هێنانی کۆبونەوەکان.

٩–دیارینەکردنی کاری داهاتوو:

کاتێك کۆبونەوەکە زۆربەباشی بەڕێوە دەچێت و هەموان دەتوانن بەشداربن و کێشەیش دروست نابێت، بەڕێوەبەر لەکۆتادا داوا لە ئامادەبوانی ناکات لەداهاتوودا دەبێت چیبکەن. بەڵکو تەنها سوپاسی ئامادەبوان دەکات و بەهیچ شێوەیەك ئاراستەی کارمەندانی ناکات. هەربۆیە کۆبونەوەکە بەشکست کۆتایی دێت.

١٠–نەکردنی بەدواداچوون:

بەڕێوەبەر بانگێشتی کارمەندانی دەکات بۆ کۆبونەوە و ئاراستەکانی دیاری دەکات و دواتر کۆبونەوە کۆتایی دێت، بەلام گرنگی بە بەدواداچونکردن بۆ ڕێنماییەکانی ناکات و چی شتێکی لە کۆبونەوەکەدا بە ئەندامانی سپارد دواتر لەبیری دەکات. **بزانە کە بەبێ بەدواداچوون کۆبونەوەکان سەرکەوتوو نابن.**

بێگومان دەشتوانی هۆکاری تر بۆ شکست هێنانی کۆبونەوەکان بدۆزیتەوە، بەلام بڕوام وەهایە–بەپشت بەست بە لێکۆڵینەوەکانم– لیستەکەی پێشووتر هۆکارە سەرەکیەکانی لەخۆ گرتووە. هەوڵبدە جارێکی تر لە کۆبونەوەکاندا نەکەویتە ئەو هەڵە باوانەوەی کە دەبنە هۆی شکست هێنانی کۆبونەوەکە، لەم چوارچێوەیەدا قسەیەکی

جیم ڕۆن ی نوسـەری کتـێبی:" لـەژیانێکی نـاوازەدا"ت بـۆ دەهێنمـەوە کـە دەڵێـت:" **هۆکاری پشت شکست بڕیاری هەڵەیە و هەموو ڕۆژێك دووبارە دەبێتـەوە**"، بۆیـە وریابـە لەدووبارە بەسـتنی کۆبونـەوەی ناکـارا، هەوڵبـدە لـە هەڵـەکانی پێشـووترتەوە فێربیـت، لەهەڵەی ئەوانی تریشەوە فێربە و بـەرەو سـەرکەوتن ڕێگـەت بـدۆزەرەوە. پەنـدێك هەیـە تێیدا هاتووە:" **لەهەڵەی ئەوانی ترەوە فێربە" چونکە کاتت ئەوەندە زۆر نییـە بکەویتـە هەمان هەڵەوە**" .

٧٣-پازدە بڤە لەکاتی ئامادەبوون لە کۆبونەوەکاندا:

((ئەوەی مرۆڤ دروستی کردبێت دەتوانێت بیگۆڕێت))

فریدریك مۆرفرسۆن

بەرلەوەی بڕۆی بۆ هەر کۆبوونەوەیەك ئەم لیستە بخوێنەرەوە:



١) کەدەزانیت ئامادەنیت مەڕۆ بۆ کۆبونەوەکە و باشتر وەهایە دوای بخەی بۆ کاتێکی تر.

٢) هەرگیز دوامەکەوە لە کۆبونەوەکە، جابیانو و هۆکارەکانیش هەرچییەك بن.

٣) بانگێشتی کەسی زۆر مەکە بۆ کۆبونەوەکە، تاوەکو ژمارەکە زۆربێت کۆبونەوەکە بێبایەختر دەبێت.

٤) خۆت ئەو زانیاریانە دابەش مەکە کەئیشی کارڕەوانکارتە، بۆئەوەی کاتی زۆرت لەدەست نەچێت.

٥) قسە بەکەس مەبڕە.

٦) هیچ قسەیەك بە دوژمنکارانەی تایبەتیانە وەرمەگرە.

٧) شەڕە قسەمەکە.

٨) مەبە تاکە کەسێك قسەبکات، ڕێگە بەوانی تریش بدە.

٩) لە ڕێکنەکەوتن مەترسە، گەر تایبەتی نەبوو.

١٠) هەڕەشە لەکەس مەکە.

١١) ڕێگە بە زمانی زبر و پیس مەدە و بەکاریشی مەهێنە.

١٢) نەرێنیانە قسەمەکە.

١٣) رشێگە بە قسەکردنی لاوەکیانە مەدە.

١٤) کاتی زۆرتر لە کاتی کۆبونەوەکەت بەکارمەهێنە.

١٥) لەبیری نەکەیت راسپاردە و سوپاس گوزاری پاش تەواوبوونی هەموان ئاراستەی ئامادەبووان بکەی.

٧٤-بیست بنەما بۆ سەرخستنی کۆبونەوەکان:

((تۆ لەبەرئەوەی سەرکردەی دەستەکەتی، بۆیە تۆ بەرپرسی لە ئافراندنی ئەو ژینگەیەی کە تاوتوێکاریەکان دەکەن بە پێشنیار و بڕیاری باشتر))

کلیدوبراستۆن

ئێمە ئێستا لەو هۆکارانە تێگەیشتن کە خەڵکی لەپێناویدا کۆدەبنەوە و ئەو فاکتەرانەشمان زانی کە دەبنەهۆی شکست هێنانی ئەو کۆبونەوانە، هەروەها ئەو هەڵانەشمان خستەڕوو کەلەکاتی بەستنی کۆبونەوەدا پێویستە لێی بەدووربین، ئێستایش کاتی ئەوە هاتووە گرنگترین بنەماکانی سەرخستنی کۆبونەوەکانت بۆ بخەمەڕوو، ئەوانیش:

١-ئامادەبە:

هەوڵی داڕشتنەوەی خشتەی کارێك بدە کە هەموو ئەو بابەتانەی تێدابێت کە دەتەوێت باسی لێوە بکەیت، هەروەها کات و ڕۆژ و شوێنی لێ قسەکردنیش بنوسەرەوە، جا تایبەت بێت بە کاری کۆبونەوەکە یاخود نا.

٢-پێشتر خشتەی کارەکان بەدابڕێژراوی دابەش بکە:

بەلای کەمەوە پێویستە هەر کەسێك سێ ڕۆژ بەر لە کۆبونەوەکە خشتەی کارەکانی کۆبونەوەکەی پێبدرێت، بەمەش هەلی بەشداری کردن و هەوڵدان بۆ خۆئامادەکردن بەوانی تریش دەدەی، لەگەڵ ڕێکخستنی کاتی کار و مەوئیدەکانی دیکەیان.

3-تەنها کەسە گرنگ و سەرەکیەکان بانگێشت بکە:

توێژینەوەکان سەلماندوویانە سەرکەوتووترین و باشترین کۆبونەوەکان ئەو کۆبونەوانەن کە ئامادەبوانی لەنێوان شەش بۆ هەشت کەسن، بۆیە وریابە و دەبێت کەسانی مەبەست و گرنگ داوەت بکەیت.

٤-هەمووان ئامادەبکە:

بەر لە بەستنی کۆبونەوەکە دڵنیابەرەوە لەوەی هەموو ئەندامەکانت ئاشنای کۆبونەوەکەن و دەبێت بزانن چی ڕوودەدات و دەوترێت و ئەوانیش دەبێت چی بکەن. گەر یەکێکیان ڕاپۆرتێکی هەیە یاخود ڤیدیۆیەکی هەیە بۆ پێشکەش کردن پێویستە بەباشی ئامادەی بێت، بەم شێوەیە زامنی بەباش تەواوبوونی کۆبونەوەکە دەکرێت و خۆت لە شتی لەناکاو بەدوور دەگریت و توشی هەڵچوونیش نابیتەوە.

٥-پێشتر دەست بەسەر کێشەکاندا بگرە:

بەر لە بەستنی کۆبونەوەکان لە نەبوون یان خامۆشبوونی کێشەی نێوان ئەندامانی کۆبوونەوە دڵنیابەرەوە، بەم کارەش خۆت لەکاردانەی نەرێنی لەکاتی کۆبونەوەکەدا بەدوور دەگریت.

٦-بەرلە کاتی دیاریکراو ئامادەبە:

ئامادەبوونت بە کاتێکی باش بەر لەدەستکردن بە کۆبونەوەکە هەلی ئەوەت پێدەدات کە بەباشی بە بابەتەکاندا بچیتەوە، بە شوێن و کەرەستەکانیشتدا بچۆرەوە. هەروەها ئامادەبوونی پێش وەختت لە ڕووداوی لەناکاوی نەخوازراو بەدووت دەخاتەوە و متمانە وڕێزیشت لای ئامادەبوانت پتر دەبێت.

٧-گرنگی بە ڕێکخستن بدە:

داوا لەیەکێك لە ئامادەبووان بکە، بۆ نمونە کار ڕەوانکارەکەت کە ئاگای لەکات بێت و کەسێکی تریش بیرۆکەکان بنوسێتەوە بە خاڵی کورت، بەم شێوەیە لەکاتێکی دیاریکراودا ڕێگە بەوانی تر دەدەی بەشداری کۆبونەوەکە بن و گیانی یەك دەستەیی لەنێو کارمەندانتدا برەو پێ دەدەی.

٨-ئامانجتیان بۆ ڕوونبکەرەوە:

کاتێك کۆبونەوەکە ڕێك دەخرێت ئامانجی پشت بەستنی ئەم کۆبونەوەیە بۆ ئامادەبوان ڕوونبکەرەوە. ڕاستە دەستەکەت ئاشنای خشتەی کارەکان و ئامانجی پشت بەستنی ئەم کۆبونەوەیەتن، بەڵام گرنگە جارێکی تر ئامانجەکەتیان بۆ ڕوونبکەیتەوە و بەبیریان بهێنیتەوە، بۆنمونە دەڵێیت:" ئێمە ئەمڕۆ کۆدەبینە بۆ دۆزینەوەی باشترین چارەسەر بۆ نەهێشتنی گازەندی کڕیاران"، یاخود:" دەمانەوێت ١٠٪ ڕێژەی فرۆشمان بەرزبکەینەوە"، گرنگ نییە ئەمڕۆ چیت ئامانجە گرنگ ئەوەیە بەر لە دەستکردن بە کۆبنەوە ئامانجەکانت بۆ هەموان ڕوونبێت و ڕوونبکرێتەوە.

٩-بنچینەیەکی بەهێز دابڕێژە:

هەوڵبدە کۆمەڵێك ڕێسا بخەیتە پێش دەستی هەموو ئامادەبووان، وەکو:

أ- ڕێز لە بۆچوونی ئەوانی تر بگرە.

ب- ڕێز لە هەستی ئەوانی تر بگرە.

ت- هەلی قسەکردن بەوانی تریش بدە.

دانانی ئەم جۆرە بنەما و ڕێسایانە هەموان متمانەپێکراوتر دەکات و باشتر لەیەکدی تێدەگەن و لەقسەی لابەلا ناترسێن.

10-کاتی کۆبوونەوە دیاریبکە:

گرنگ ئەوەیە کاتی دەست پێکردن و کۆتایی هاتنی کۆبونەوە دیاریبکەی، کاتی حەسانەوەیش دەست نیشان بکە. لەبیرت بێت کاتێك تۆ ڕێز لەکاتی دیاریکراوی خشتەی کارەکەت دەگریت ڕێزت لای هەمووان باشتر دەبێت و گەر کاتی زۆرترت پێویست بوو لە ئامادەبووان بپرسە گەر قایل نەبوون پێت ناخۆش نەبێت و قسەکانت بۆ جاری داهاتوو هەڵبگرە.

١١-لەکاتی کۆبونەوەکەدا کاتێك بۆ حەسانەوە دیاریبکە:

ناتوانی هەمووان ناچاربکەی بۆماوەیەکی زۆر گوێ بۆیەك کەس بگرن بەبێ حەسانەوە، بۆیە بوونی کاتی پشوو یان حەسانەوە و خواردنەوەی شەروەتێك یان پەرداخێك ئاو یاخود ڕۆیشتن بۆسەر ئاو و جگەرەکێشان هەلێکی باش دەدات بۆ نوێ بوونەوەی توانای وەرگرتنی زانیاری لای ئامادەبووان و باشتر پەیوەستبوون بە کۆبونەوەکەوە.

١٢-ژینگەیەکی ئارام بئافرێنە:

ڕێگە بەهەمووان بدە کە بەبێ ترس لە سزا بە ڕێزەوە بۆچونەکانیان دەربڕن.

١٣-ڕاوێژ بەئەوانی تر بکە:

هەوڵبدە هەمووان بەکاراییەوە بەشدار پێبکەی، بۆچوون و ڕایان وەربگرە و پرسیاری کراوەیان ئاراستە بکە و هانی قسەکردنیان بدە.

14-گوێ بۆ گرنگیدانەکان بگرە:

باشترین ڕێگە بۆ دروستکردنی هۆگری گوێگرتنە لەوانی تر، وەهایان پیشان بدە وەك ئەوەی تۆ بەباشی گوێیان لێ دەگری و گرنگییان پێ دەدەی، هانیان بدە بۆ قسەکردن و پرسیاریان لێبکە و هانیان بدە بۆئەوەی هەست بە گرنگی دانی تۆ بەخۆیان بکەن.

١٥-هێمن و لەسەرخۆبە:

گرنگی بەوە مەدە لە کۆبونەوەکەدا چی ڕوویدا و لەلایەن چەند کەسێکەوە چی گوترا، گرنگ ئەوەیە بەسەر سۆزەکاندا زاڵبیت و ئەوانی تر لەتۆ گەیشتبن، بۆیە کارێکی ئاساییە لەپێناو بەرژەوەندی دامەزراوەکەدا لەگەڵ تۆدا ناکۆکبن یاخود هاوبۆچون نەبن.

١٦-لەخشتەی کارەکان دەرمەچۆ:

گەر ڕوویدا لەناکاو باسی بابەتێکت کرد لەدەرەوەی بابەتە سەرەکیەکە ئەوا بەخێرایی بگەڕێوە بۆسەر ڕێڕەوی تایبەتی خۆت، هەروەها گەر کەسێکی تر لە بابەتە دەرچوو بە قسەی جوان و خۆش ئاراستەی بابەتە سەرەکیەکەی بکەرەوە. هەوڵبدە لەخشتەی کارەکە دەرنەچیت و مەچۆرە سەرباسکردنی خاڵێکی نویتر تاوەکو خاڵەکەی پێشووتر بەباشی نەگەیەنیت و ئامانجەکەتی پێ نەپێکیت.

١٧-دان بەهەڵەکەتدا بنێ و دواتر لەسەرکارکردنت بەردەوامبە:

تۆ مرۆڤیت و هەڵەکردنیش شتێکی هەبووە، گەر هەڵەت کرد دانی پێدا بنێ و خۆت تێك مەدە و دواتر بگەڕێرەوە بۆ قسەکردنی دروست و بزانە تەواوی و بێ خەوشی تەنها لای خوایە و بۆ خوایە.

18-گیانی پابەندی لەناخی هەمواندا بچێنە:

کۆبونەوەکە گرنگ نابێت گەر هەموو ئامادەبووان هاوبۆچونت بن، بەلاّم گرنگ ئەوەیە تێگەیشتنێك لەنێوانتاندا هەبێت بۆئەوەی پشتیوانی ئەوانیش بەردەست بخەیت، یاخود تەنانەت یارمەتیان بدەی بۆ ڕوونکردنەوەی هەندێك شت.. بیرۆکەکە ئەوەیە یارمەتی و پشتیوانی ئەوانی بەدەست بێنی گەر پێویست بوو بۆ پێشکەوتن.

١٩-خشتەی كاری داهاتوت دابڕێژە:

بەر لە تەواوبوونی كۆبونەوەكە دڵنیابەرەوە لە پوختكردنـەوەی گـرنگترین مەبەسـت و بڕیارە سەرەكییەكان و ئەو بۆچونانەی پێی گەیشتوی، ئـەوجا نەخشـەی كـاری داهـاتوو دابڕێژەوە و بەرپرسیارێتیەكان دیاریبكە و داوا لە خۆبەخشەكانیش بكە ئەنجامی بدەن و بەجێبـەجێ كردنـی هەنـدێ ئامـانجی دیـاریكراو دەتوانیـت كۆبونەوەكـە تەواوبكـەیت بەتایبەت كاتێك زانیت نەخشـەكەت چـوەتە بـواری جێبـەجێ كردنـەوە و ئامـانجی پشـت كۆبونەوەكە بەدیهاتووە.

٢٠-پێویستە بەدواداچوون بكەیت:

گـەر شـتێكی گـرنگ هـەبێت لـە بەڕێوەبردنـدا هاوتـای نەخشەداڕشـتن بێـت ئـەوا بەدواداچوونە. دڵنیابە لەوەی كە تۆ بەپێی نەخشە و پلانەكە بەدواداچوون بـۆ كارەكـەت دەكـەیت بـۆ زامنكردنـی سـەركەوتنی خـۆت و سـەركەوتنی كۆبونەوەكەشت. پاشـی ٢٤ كاتژمێر گرنگی بە دابەشـكردنی ڕوونكردنـەوە و ئەنجامدراوەكانبـدە، هـەروەها دەتـوانی لەهەموو جێگەیەكی دانێی و هەلی خوێندنەوەی بۆ هەمووان برەخسێنی .

كاتێـك بیسـت بنەماكـە پێـڕەو دەكـەیت خۆیشـت سـەیرت لەئـەنجامی كۆبونـەوەكانت دێـت! دەبینـی بـەهێز و ژیـر و كاراتریـت وەك لـەجارانت، كـات و پـارەی زۆریشـت لـە بەفیڕۆدان بۆ دەگەڕێتەوە، هەروەها ئەوانەی لە دەوروپشتی تۆن ڕێزی زیادترت لێدەگرن و بەچاوی سەركردەوە لێت دەڕوانن.

٧٥-خشتەی کار.. چییە؟

((خشتەی کار وەکو نەخشە وایە، دەتگەیەنێت بە ئامانجی خوازراو بە کورتترین و ئارامترین ڕێگەش))

د.ئیبراهیم فەقی



خشتەی کار یەکێکە لەگرنگترین ئەو ئامرازانەی بەڕێوەبەر دەتوانێت بۆ باش بەڕێوەچوونی کۆبونەوەکانی سودی لێ وەربگرێت. خشتەی کار کات و پارەی زۆرت بۆ دەگێڕێتەوە، کارمەندانت هۆشیارتر دەکات بەرامبەر کۆبونەوە و کارەکان، کە ئەمەیش هانت دەدات بۆئەوەی بەچڕی تیشک بخەیتەسەر بابەتەکانی کۆبونەوەکە، بزانە ڕۆیشتن بۆ هەر کۆبونەوەیەك بەبێ خشتەی کاری ڕێکخراوی باش ئامادەکراو باشترین و خێراترین ڕێگەیە بۆ شکست" چون بەبێ بوونی خشتەی کار بەئاسانی لە بابەت گەلێك دەدەیت هیچ پەیوەندییەکیان بە بابەتی بنچینەییەوە نییە و بەهۆیەوە کاتێکی زۆر بەفیڕۆ دەدەیت و ئەوانی تریش پەرێشان و بێزاریش دەکەیت. بۆ نەگبەتی زۆرێك لە بەڕێوەبەران بەبێ دارشتنەوەی خشتەی کار کۆبونەوەکانیان ڕێك دەخەن و سەیریشیان لەسەر نەکەوتنی کۆبونەوەکانیان دێت! لێرەدا پێویستە بەر لە بەستنی هەر کۆبونەوەیەك دڵنیابیتەوە کە کۆبونەوە پێویست و گرنگە، ئەوجا ئامانجی کۆبونەوەکەت بنوسیتەوە و ئەو بابەتانەیشی دەتەوێت تاوتوێی بکەیت لەکاتی کۆبونەوەکەدا و ئەو ئەنجامەیش دیاریبکەی کە دەتەوێت پێی بگەیت. پاشی ئەمە پێویستت بە تۆمارکردنی ناوی هەموو ئەو کەسانەیە کە پێویست دەکات بێنە کۆبونەوەکەوە و کاتی کۆبوونەوە و شوێنەکەیشی دیاریبکە. داوا لە کارڕەوانارت بکە لەم خشتەی کارەت چەند دانەیەك بۆ لەبەربگرێتەوە و بیبەنێرێت بۆ کەسانی داوەت یان بانگێشت کراو و باشتر وەهایە ئەمەیش بە سێ ڕۆژ بەر لەدەستپێکردنی کۆبونەوەکە بێت. تۆ بەم کارەت یارمەتییان دەدەیت بۆ باشتر خۆ ئامادەکردن.

لێرەدا نمونەی چۆنێتی دروستکردنی خستەی کارت بۆ بەردەست دەخەم:

نمونەی خشتەی کار

خشتەی کاری کۆبوونەوەی فرۆشەکان

ڕۆژ و بەروار: پێنج شەممە ١٤ ی مارسی ٢٠١٤ .

شوێن: هۆڵی کۆبونەوەکان.

کاتی دیاریکراو: ٧٥ خولەك .

لە : ٣ ی پاش نیوەڕۆ تاوەکو ٤:١٥ خولەکی پاش نیوەڕۆ.

ئامانجی کۆبونەوەکە: زیادکرنی بڕی فرۆشەکان بەڕێژەی ١٠٪ .

بابەتی تاوتوێکردن (بابەتی کۆبوونەوەکە)

١-	پێداچوونەوە بە ڕوونکاریەکانی کۆبونەوەکەی پێشووتر	١٠ خولەك .
٢-	خەڵاتکردنی بەڕێز جۆن بەهۆی کارەباشەکانیەوە	٥ خولەك.
٣-	بەڕێز ڕۆلین دەست بە پێش گوفتاری کۆبونەوەکە دەکات	٥ خولەك.
٤-	بەڕێز دوسن ڕاپۆرتێك پێشکەش دەکات	١٠ خولەك .
٥-	تاوتوێی بۆچوونەکان	١٥ خولەك .
٦-	بڕیارەکان	١٠ خولەك.
٧-	نەخشەی کار	١٠ خولەك.
٨-	کۆتایی کۆبونەوەکە	١٠ خولەك .
	تێکڕای کات	٧٥ خولەك .

سوپاس

پێویستە ئەم خشتەی کارە وەکو داوەتنامەی فەرمی بۆ هەموو ئامادەبوان بهێنێریت.

دڵنیابە لە باشی بەکارهێنانی ڕێگە و مەزنی دەستکەوتنی سەرکەوتنی کۆبونەوەکانت.

٧٦-شەش کلیل بۆ بەستنی کۆبونەوەی کارا و بەهێز:

((کۆبونەوەی مەزن و بەرهەم بەخش تەنها نابەسترێن، بەڵکو بەباشی ڕێکخراوە و گرنگی پێدراوە))

نهێنیەکانی سەرکەوتنی بەڕێوەبەر

پاش چەندین ساڵ لە ئەزمون کە دەکاتە بیست و پێنج ساڵ، لە ڕێگەی توێژینەوەی پتر لە هەزارکتێب و پارچەڤیدیۆ و کۆبونەوەکردن بە سەدان بەڕێوەبەر و قسەکردنی جۆراو جۆر لەگەڵیاندا، گەیشتینە شەش کلیلە چارەسەری وەها کە کۆبونەوەکانت بەسود و بەچێژ و بەرهەمدار دەکەن.

١-بەدواداچوونکردن بۆ پێشنیارەکانی کۆبونەوەی ڕابردوو:

پێویستە بە بەدواداچوونکردنێکی گشتگیرانەی کۆبونەوەکانی ڕابردوو دەست بە کۆبونەوەکە بکەیت: ئەو شتانەی لە کۆبونەوەکەی پێشووتردا سەرکەوتن یان شکستیشی هێناوە، ئەمانە بخەرە نێو نەخشەی کاری داهاتووتەوە.

٢-ڕێز و خەڵات:

هانی کارمەندانت بدە، ئەوەیان یادبخەرەوە کە ئەمان تایبەتمەندن لەکارەکانیان، هەروەها پێویستە بە ڕوونی خەڵاتی کەسانی بەهێز و کارجوان بکەی و هەمووانیش هان بدە بۆ ئەوەی پیرۆزبایی لە هاوڕێکەیان بکەن و هانی ئەمانیش بدە بۆ جوان یان خاسکاری" بۆئەوەی لەداهاتوودا ئەمانیش خەڵات بکرێن.

٣-ميوانێكى جوانبێژ داوەتى كۆبونەوەكە بكە:

ڕەنگە ئەم ميوانە كەسێكى قسەكارى ڕەوانبێژى بەناوبانگ بێت، ياخود سەرۆكى كۆمپانياكە، ياخود كارمەندێكى زۆر لێهاتووت بێت" بۆئەوەى كارمەندەكانت فێرى چۆنێتى قايلكردنى ميوان و كڕياران بن و گلەيى و كێشەكانيان نەهێڵێت. بێگومان بيرۆكەى گوتاربێژى بەناوبانگ و سەركەوتنى هانى كارمەندانت دەدات بەباشترين شێوە خۆيان ئامادەى كۆبنەوەكە بكەن.

٤-ڤيديۆيەك پيشانى ئامادەبوان بدە:

ڤيديۆيەك لەبارەى گەشەپێدانى كەسێتى ياخود لەبارەى هاندانەوە ئامادە و پێشكەش بكە" بۆئەوەى چێژ بە كۆبونەوەكە ببەخشيت و سود لەم كاتە وەربگريت و بەرهەمدارى بكەيت، هەروەها دەتوانى ڤيديۆى هاندان و خزمەتى كڕياران ياخود هەرشتێكى ترى لەم جۆرە پێشكەشى ئامادەبووان بكەى. دەبێت سوود لەم چەشنە ڕێنماييە وەربگريت و بيكەيت بە بنەمايەك بۆ سەركەوتنى كۆبونەوەكانت.

٥-خوو بەقسەكردنەوە مەگرە:

خۆ مەرج نييە لەسەرتۆ كە هەر قسەبكەيت و دەمت دانەخەيت، دەبێت ئەم بەرپرسيارێتييە دابەشى بكەى" بۆئەوەى هەلى سەركردايەتى كردنى كۆبونەوەكە بەوانى تريش ببەخشيت، بەم ڕێگەيەش بارمەتييان دەدەى بۆ ديارخستنى توانايى و بەهرە كارگێڕيەكانيان و زيادكردنى متمانە بەخۆكردن.

٦-ناوى هەموانت لەبيربێت:

كاتێك لەگەڵ ئەوانى تردا قسەدەكەيت بەناوى خۆيانەوە بانگيان بكە، بێگومانبە لەوەى ئەمە كاريگەرى گەورەى لەسەر دەرونيان دەبێت و گرنگى پێدانى تۆ لەپێش چاو دەگرن و وادەست دەكەن تۆ بەڕاستى گرنگييان پێ دەدەى.

٧٧-کەی کۆبونەوە دەبەستیت؟

((سێ شت هەن لەژیاندا بتوانی پێشبینییان بکەی: باج، مردن، کۆبوونەوەی زۆر)).
مایك مۆر

کات و شوێنی هەڵبژێردراوی کۆبونەوەکەت کاریگەری گەورەیان دەبێت لەسەر ئەنجامی کۆبونەوەکەت، جا بەسەرکەوتن بێت یاخود شکست. ئێستایش باوەکو بزانین کەی پێویستت بە بەستنی کۆبونەوەیە:

١-کۆبونەوەی قاوەڵتی:

لەکاتی قاوەڵتی بەیانیدا دەتوانی کارمەندانت کۆبکەیتەوە. گەر بەڕێوەبەرەکە کارابێت ئەم جۆرە کۆبونەوانە بەرهەمدار و گرنگە و تاکۆتایی ڕۆژەکە کاریگەری لەسەر ئامادەبوانی کۆبوونەوە دەبێت و تەنانەت هەندێك جاریش تاوەکو یەك هەفتە کاریگەری لەسەری دەمێنێت.

٢-کۆبونەوەی کارەکانی ڕۆژانە:

بەڕێوەبەر دەتوانێت بەیانیان کاتژمێر ٩ کۆبونەوە بەکارمەندانی بکات بەمەبەستی زامنکردنی بەباشی و گونجاوی بەڕێوەچونی کارەکان، ئەم کۆبونەوەیە بەزۆری تێناپەڕێت لە پازدە خولەك و پێویستی بە بەڕێوەبەرێکی بەهێز و هاندەری کارمەندانە. زۆرێك لە کۆمپانیاکان ئەم کۆبونەوانە بە پێویست دەزانن. کۆبنەوەی کردارەکانی ڕۆژانە، هەموو ڕۆژێك زۆرێك لە کارمەندانی کۆمپانیا و دامەزراوە جۆراوجۆرەکان لە

ناوەندی خۆیان لەکاتی دیاریکراودا کۆ دەکرێنەوە. لایەنی خراپی ئەم کۆبونەوەیە ئەوەیە کە بە ناپێویست و ڕۆتین بکرێت، بۆیە لەم کاتەدا زۆرێك لەکارمەندان ئامادەی کۆبونەوەکە نابن.

٣-کۆبونەوەی بەیانیان:

ڕەنگە بەڕێوەبەر بریاری بەستنی کۆبنەوەیەك بدات لە کاتژمێر ٩ بۆ ١٠ ی سەرلەبەیانی یاخود لە ١٠ بۆ ١١ ی سەرلەبەیانی، ئەم جۆرە کۆبونەوانە بەزۆری بۆ بڕیاردانی بەکۆمەڵە،هەرچەندە هەندێك لەکاتی کارمەندان دەکوژێت، بەلاّم بەسودە بۆ زیادکردنی فرۆش و باشترکردنی ڕاژە.

٤-کۆبونەوەی نانی نیوەڕۆ:

لەکاتی نانی نیوەڕۆدا بەڕێوەبەر دەتوانێت کۆبونەوەیەك ڕێك بخات، ئەم کۆبونەوەیە بەزۆری لەیەك کاتژمێر زیاترە و دەگاتە دوو کاتژمێر، ئەم جۆرە کۆبونەوانە سەرکەوتووە" چونکە کارمەندەکان خۆیان بۆ نان خواردن ڕوو لەجێگەیەکی دیاریکراو دەکەن، هەروەها پاشی نان خواردن ئاستی وزەیان نزم دەبێتەوە کە پێویستی بە هاندان و دووبارە وروژاندنە بۆ باش کارکردن و چنگ خستنی ئەنجامی خوازراو.

٥-کۆبونەوەی پاش نیوەڕۆ:

ئەم کۆبونەوانە بەزۆری کاتژمێر ٣ ی پاش نیوەڕۆ بۆ ٤ ئەنجام دەدرێت. زۆرێك لە کۆمپانیاکان ڕۆژێکی تایبەتیان بۆ ئەم جۆرە کۆبونەوەیە دیاریکردووە و ڕەنگە دووشەممان یاخود هەموو دووڕۆژ جارێك بێت و هەڵی پێشتر زانینی کاتی کۆبونەوە بە کارمەندان دەدرێت، ئەم جۆرە کۆبونەوانە بەکەڵکە بۆ باشترکردنی دۆخی ڕاژەی

کارمەنـــدان، چـــارەکردنی گازەنـــدە و ســـکاڵاکان، باشـــترکردنی بەرهـــەم و زیـــادبوونی فرۆشەکان..هتد.

٦-کۆبونەوەی درەنگان:

بەڕێوەبەر داوا لەکارمەندانی دەکات کاتـژمێر ٥ ی سـەر لـەئێواریٚ بێن بـۆ کۆبونـەوە، ئـەم کۆبونەوەیـە لـە ١ کاتـژمێر زیـادتر ناخایـەنێت، لـەم کاتـەدا خەڵکـەکان کـەمترین هاندانیان ماوەتەوە و ڕۆژێکی زۆر سەختیان بەڕێکردووە، حەزیان لە گەڕانەوەیـە بۆمـاڵ، بۆیە ئەم جۆرە کۆبونەوانە کەمترین شەڕەقسە و جیاوازی بۆچوونی تێدا دیاردەکـەوێت و زووترین بڕیاری تێدا دەدرێت و هەمووان بەئاسانی بەبڕیارەکان قایل دەبن" چونکە گرنگ ئەوەیە کە زوو لەم کۆبونەوەیە ببنەوە و بڕۆنە ماڵەوە.

٧-کۆبونەوەی بەپەلە:

کاتێـک گرەوەئاسـتەنگێك توشـی بەڕێوەبـەر و کاروبـاری کۆمپانیـا و دامەزراوەکـە دەبێتەوە بەڕێوەبەر داوای کۆبونەوەی بەپەلەدەکات، لەم کاتەدا پێویسـتە زۆر بـە وردی و ژیرانەوە کار و قسەکانی بخاتەڕوو. لەبەرئـەوەی ئـەم کۆبونەوانـە بەپلـەن بۆیـە باشـتر وەهایە بەڕێوەبەر ئاگاداری هەموو کارمەندانی خوازراوی بکات کە بـۆ کۆبونـەوە بانگیـان دەکات و کاتی ئەم کۆبونەوانە پێشتر دیارینـەکراون و کـەی ویسـترا دەتوانرێـت ئـەنجام بدرێت. بۆ چارە ڕەشی زۆرێك لـە بەڕێوەبـەرەکان هـەواڵ و پـێش هاتـە نوێیـەکان تـەنها بۆخۆیان هەڵدەگرن و بـە کارمەنـدانی ڕاناگەیـەنن، زۆرێکـی تریشـیان بـەبێ ئامادەکاری دەڕوانە کۆبونەوەکەوە، ئەمەش هەموان توشی شۆك دەکات و لەبری قازانج زیان بەخۆی و دامەزراوەکەیشـی دەگەیـەنێت و قـازانجی ئـەم جـۆرە کۆبونەوانـە بـەزۆری کـەمترە لـە زیانەکانی.

٨-ئاهەنگی هاندان:

بەڕێوەبەر ئەم جۆرە کۆبونەوانە ئەنجام دەدات بۆئەوەی کارمەندێکی لێهاتوو یان پێشکەوتوو خەڵات بکات، ئەم جۆرە کۆبونەوانە کورتن و مەبەست لێی هاندانی ئەوانی تریشە بۆ باشتر کارکردن، لەم کۆبونەوانەدا دەتوانرێت شەروەت یان قاوەیەك پێشکەش بکرێت و ئاهەنگی کورت و خۆش بەبۆنەی ئەم خەڵاتکردنەوە بگێڕدرێت.

٩-کۆبوونەوەی بابردنی هزری:

بەڕێوەبەر ئەم جۆرە کۆبونەوانە دەبەستێت بۆ تاوتوێکردنی بیرۆکەیەك یاخود دانی بڕیارێك، ئەم کۆبونەوەیە لە هەرجێگە و کاتێك بێت دەتوانرێت ببەسترێت. گرنگ نییە لەکوێیە ڕەنگە لە نوسینگەی بەڕێوەبەرەکەش ببەسترێت. ئەم کۆبونەوانە کورت مەودان و بەزۆری پتر لە پازدە خولەك ناخایەنن. ئەم کۆبونەوانە ڕێگەیەکی ناوازەیە بۆ پونیاتنانی دەستەی کار بە بەئامانجی چاندنی متمانە بەخۆکردن.

١٠-کۆبونەوەی مانگانە:

بەزۆری ئەم جۆرە کۆبونەوانە هەموو سەری مانگێك ئەنجام دەدرێت بۆ تاوتوێکردنی قازانج و چۆنێتی کارەکان وبەراوردکردنی بەدۆخی دارایی ڕاستەقینە. بەشێوەیەکی گشتی بەڕێوەبەرەکە داوا لە چاودێری دارایی دەکات ڕوونکردنەوەیەك لەبارەی هەژمارەکانەوە بخاتەڕوو بە بەراوردکارییەوە. زۆرێك لە دامەزراوەکان لەبەرگیراوەی ئەم جۆرە کۆبونەوانە پێش وەخت پێشکەشی ئامادەبوان دەکەن، دواتر داوا لە بەڕێوەبەر دەکرێت قسەی خۆی بکات، ئینجا پێشنیارەکان دەخرێنەڕوو و نەخشەی کاری مانگی داهاتوو دادەنرێت. ئەم جۆرە کۆبونەوانە یان زۆر هاندەرە یاخود ڕوخێنەرە! پشت بەستە بە قازانج و زیانەکان و ڕەفتارەکانی بەڕێوەبەر. زۆرێك لە بەڕێوەبەران ئەم هەلە دەقۆزنەوە بۆ پتر هاندانی کارمەندانیان، لەکاتێکدا هەندێك بەڕێوەبەری تر قسەی

ناخۆش و بێزارکار بە کارمەندانی دەڵێتەوە و دواتر هەڕەشەی دەکردنیان دەکات. لێرەوە پێویستە زۆر وریای ئەم جۆرە کۆبونەوە مانگانەیە بیت و کاریکەیت بۆ نەهێشتنی خەوشییەکان بەڕێگەی تەندروست و هەڵگرتنی بەرپرسیارێتیەکان و داڕشتنەوەی نەخشەیەکی باشتر و بەهێز بۆ زیادکردنی قازانج و داهات و سەرزەنەشت نەکردنی ئەوانی تر.

١١-کۆبونەوەی وەرزانە و نیوەی ساڵانە و ساڵانە:

ئەم کۆبونەوانە تارادەیەکی زۆر لە کۆبونەوە مانگانەییەکان دەچێت، تەنها جیاوازیەکەی ئەوەیە ژمارەی ئامادەبوان زۆرن، هەندێك لە بەڕێوەبەرانی جێبەکاریش ئامادەی دەبن بۆ خستنەڕووی هەندێك گۆڕانکاری کرۆکی.

١٢-کۆبونەوەی گەورەی ساڵانە:

ئەم جۆرە کۆبونەوانە هەمیشە ساڵانە دەبەسترێت و شێوەیەکی کلاسیکی تایبەتی هەیە. لەم کۆبونەوەیەدا سەرۆك کۆمپانیا و جێبەجێکار و کارگێڕییە ناوەندیەکان و چاودێرەکان و خودی کارمەندانیش تێدا بەشدار دەبن.

بەزۆری ئەم جۆرە کۆبونەوانە لە شوێنی نایاب و خۆشدا ئەنجام دەدرێت و کەسانی بەناوبانگ و زۆر زیر بانگێشت دەکرێن و زۆرجاریش برگەی بۆخۆشیشی تێدایە. لەم جۆرە کۆبونەوانەدا خەرجییە گەورەکانی وەکو ئامادەکاری و تێچونەکانی گەشت و خۆراك و خواردنەوەکانیش تاوتوێ دەکرێت، بۆیە پێویستی بە ئامادکردنێکی زۆر باشی پێشوەختەیە. گەر کۆبونەوەیەکی وەها گەورە ئەنجام دەدەیت ئەوا بەلای کەمەوە شەش مانگ بەرلە ئەنجامدانی دەست بەخۆ ئامادەکردن بکە و بەلای کەمەوە سێ جێگەی گونجاو هەڵبژێرە و داوا لە کارمەندانت بکە بەکۆڕا باشترینیان هەڵبژێرن و لیستی گرنگترین وردەکاریەکان بنوسەرەوە، لەبیرت بێت ئەو ئوتێل یان هۆڵەی هەڵی دەبژێریت

پێویستە کارمەندانی پێشینەی میوانداریکردنی ئەم جۆرە کۆبونەوانەیان هەبێت و هەمووشتێکی تایبەت بەم کۆبونەوەیان لەلادا بەردەست بێت. بۆئەمەش برۆ بۆ ئوتێلەکە خۆت چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێوەبەری ئوتێل یان هۆڵە دیاریکراوەکە و بەڕێوەبەرانی بەشی خۆراك و ژوور و مێزەکان بکە و هەڵیان بسەنگێنە.

هەروەها باشتر وەهایە کەسێکی بەتوانای ڕێکخاری کۆبونەوەکان دیاریبکەی بۆ یارمەتی دانت لە ڕێکخستنی کارەکان و بەدووربوون لەهەر دۆخێکی لەناکاو ڕوودراوی نەخوازراو. توێژینەوەی بڕی خەرجیەکان بکە لەگەڵ ١٠٪ ی زیاوەیش بۆ کاتی لەناکاو. زیادتر لەیەك جۆر قسەکار بدۆزەرەوە بۆئەوەی خۆیشت نەختێك بحەسێیتەوە. ئەوجا پێویستە بزانی بۆچی ئەم کۆبونەوەیە ڕێك دەخەیت و ئەم هەلە بەباشی بقۆزیتەوە.

٧٨-کۆبونەوەکانت لەکوێ دەبەستیت؟

((دووبارەکردنەوەی بڕیاری هەڵە بەڕۆژانە دەبێتەهۆی شکست هێنانت))

جیم ڕۆن

ئیستایش باوەکو تیشك بخەینەسەر ئەو شوێنانەی دەگونجێت بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوە:

١-کۆبونەوە لە شوێنکار:

(أ)نوسینگەی بەڕێوەبەر: ڕەنگە بەڕێوەبەر بانگی چەند کارمەندێکی بکات بۆ کۆبونەوەی تایبەتی لە نوسینگەکەی خۆی ، باشی ئەم کۆبونەوەیە ئەوەیە تێچوونی نییە، بەلأم خەوشیەکەی زۆر پچڕاندنە بەهۆی پەیوەندییە تەلەفۆنیەکانەوە، سەرباری ئەوەی زۆر کارمەند هەست بە ئاسودەیی ناکەن لە نوسینگەی بەڕێوەبەر.

(ب)هۆڵی کۆبونەوەکان: زۆرێك لە کۆمپانیاکان خاوەنی هۆڵێکی تایبەتین بۆ کۆبوونوە و لەخۆگرتنی مێزێکی گەورە و هەموو ئامێری دەنگی و بینایە. ئەم هۆڵی کۆبونەوانە زۆر بەسودن چونکە کات و پارەی زۆر بۆ دامەزراوەکە دەگێڕێتەوە و بەخێرایی دەتوانی کۆبونەوەی تێدا ئامادەبکەی. بەلأم کێشەی ئەم هۆڵە پچڕاندنەکانە، بەتایبەت لەو کاتەی هەموان پشوویەك وەردەگرن زۆرینە دەگەڕێنەوە بۆ جێگەکەی خۆیان و سەیری ئەو نامانە دەکەن کەبۆیان هاتووە و پێداچونەوە بەچۆنێتی ئەنجامدانی کارەکانیان دەکەن، زۆرجاریش درەنگ دەگەڕێنەوە نێو هۆڵی کۆبونەوەکە چونکە کەدەڕۆنە دەرەوە بۆ پشوو وەرگرتن زۆر سەرقاڵ دەبن. بەشێوەیەکی گشتی، کۆبونەوە لەنێو شوێنی کاردا باشترە، وەك گوتم کات و پارەی زۆر دەگێڕێتەوەو جا کۆبونەوە هەرچۆن و کەی و بۆچیەکیش بێتو بەلأم باشتریش وەهایە کە هۆڵی کۆبونەوەکان لە

هـەر دامـەزراوە و کۆمپانیایەکـدا لەجێگەیـەکی نێزیـك نـەبێت لەشـوێنی ئیشـکردنی کارمەندەکانەوە و ژاوەژاوی نەیاتەوەسەر.

٢-کۆبونەوە لەدەرەوەی ناوچەی کار:

ئەم کۆبونەوانە دەتوانرێ لە میوانخانەیەك یان چێشتخانەیەك یاخود ناوەندێکی کۆڕیی یان هـۆڵێکی تایبـەتی ئـەنجام بـدرێ، یـاخود هـەر جێگەیـەکی تـر کـە لەگـەڵ بۆچـوونی بەڕێوەبەر و دەستەی کاردا گونجاوبێـت، ئـەم شـوێنی کۆبونەوانـە تێچـونیان زۆرە بـەلام ڕێگەیەکی باشیش دەبێت بۆ بەدیهێنانی گۆڕانکاری لە دەستەکەدا. کۆمەڵێك دمـەزراوە و کۆمپانیا هـەن مانگانـە خـواردنێکی بەکۆمـەڵێك ڕێـك دەخـەن و بانگێشـتی گوتاربێـژێکی بەهێز دەکەن بۆ هاندانی کارمەندانیان.

بـڕوام وەهایـە دەتـوانی کۆبونـەوە لـەدەرەوەی شـوێنی کـارت لـە هەرجێگەیـەك بێـت ئـەنجام بـدرێت، مـن بۆخـۆم چـەندین کۆبونـەوەم لـە باخچـە گشـتیەکاندا ئـەنجام داوە! بۆچـی نـا؟ هـەوای پاقـژ و دیمـەنی جـوان و کەشـێکی ئارامبەخشـە. بـڕوام پێبکـە ئـەم کۆبونەوانـە لـە کۆبونـەوە فەرمیـەکان باشـتر و بەبەرهـەم و سـەرکەوتووترە. جارێکیـان گەشتێکم بۆ سەر کەناری دەریا ڕێکخست، کارمەندام بە خێزانیانـەوە ئامـادەبوون، یـەك کاتژمێر کۆبونەوەم لەگـەڵ کـردن، ئـەوجا خێزانـەکانیش بەیـەکتر ئاشـنا و ناسـیاوبوون، چێژیشیان لەکەش و جوانی دەریاکەش وەرگرت. بێگومان هەر کەسە و تێچوونی گەشتی خۆی لەئەستۆ گرتبوو، بەلام زۆرجاری تر کۆمپانیا پارەی خۆراکی بـۆ خـەرج دەکـردن. ئەم کۆبونەوانـە زۆر لەیـەکتری نێزیـك دەکردینـەوە و کـاتی گونجـاوی پـێ دەبەخشـین و کۆبونەوەکەشمان سەرکەوتوو دەبوو. ئەندێشەت بقـۆزەرەوە، هـیچ کەسـێك نییـە بڵێـت: کۆبونەوکان هەردەبێت فەرمی بن، بەڵکو دەبێت بەبەرهەم و کارا و هاندەربن.

٧٩-کۆبونەوەکان ڕێزگرتن لەخود

((گرنگی بە ڕیشك بدە لقەکان خۆیان گرنگی بەخۆیان دەدەن))

پەندێکی چینی



لەسالّی ١٩٨٦ دا ڕۆیشتمە نێو کۆبونەوەیەکەوە لە کالیفۆرنیا، کەتایبەت بوو بە خۆ ناساندن، هەموومان دە بەشداربوو بووین، کۆبونەوەکە بەباشی بەڕێوەچوو، لەبەرئەوەی دووڕۆژ پێکەوە بووین بۆیە بەباشی یەکترمان ناسی. لەدووەمین ڕۆژی کۆبونەوەکەدا قسەبۆکارمان لەنێو باخچەکە ڕای گرتین و بە بازنە دانیشتاندین و داوای لێکردین بە نۆرە پەسنی تایبەتمەندییە باشەکانی کەسەکەی تربدەین. ئەوجا داوای لێکردین هەریەکەمان ١٠ تایبەتمەندی باشی خۆمان بنوسینەوە لەماوەی دەخولەکدا، بێگومان ئەمە وەهای لێکردین هەست بەگرنگی و مەزنی و ڕێزداری خۆمان بکەین.

ئەم بیرۆکەیەم زۆر بەلاوە پەسەند بوو، بەجۆرێك بڕیارمدا لە کۆبونەوەکانمدا بەکاری بێنم و ناوی ((بازنەی ڕێز لەخۆگرتن))م لێنابوو، لەئەنجامیشدا دەستەکەم هەستیان بە مەزنی و باشی خۆیان دەکرد و دەستیان دایە تێبینی کردنی تایبەتمەندییە سوپاس گوزارییەکانیان. کەواتە تۆیش بۆچی هەوڵی تاقیکردنەوەی ئەم شێوازە نادەی؟ ئەمە هیچی تێ ناچێت، بەلاّم وەها لە کارمەندانت دەکات هەست بەگرنگی خۆیان بکەن و بەباشی ڕێز لەخۆیان بگرن. ڕەنگە بینیبێتت کە هەندێك کۆبونەوە فەرییە و هەندێکی تریش گەرییە، ئێستا دەبێت ئاشنای هەموو شتانەبیت کەلەکۆبونەوەکاندا پێویستت پێیانەو بۆئەمەش ئەم بەشە بەباشی بخوێنەرەوە و بەپوختی بە خالّی یەك بەدوای یەك

دایـان بڕێـژەرەوە، ئـەوجا بیخـەرە بـواری جێبەجێکردنـەوە و دەبینیـت دەکەویتەسـەر ڕێگەت بەرەو بـەدیهێنانی ئامانجـت. هەوڵبـدە داهێنـەربیت و کۆبونـەوەکانت چـێژبەخش بکەیت، چاوەڕێی ئەوەمەکە کۆبونەوەکانت بەرهەمداربن دەبێت خۆت وەهایان لێبکەی.

بڕیاربدە کە کۆبونەوەی سەرکەوتوو بەستیت ...

کلیلی دوازدەیەم

دامەزراندن..

جیاوازی دروست دەکات..

((وەك چۆن شوێنی شیکاریەکان دەکەویت ئاوهایش شوێنی دڵت بکەوە، یەکێکیان هەڵمەبژێرە، بەڵکو هەردووکیان کۆبکەرەوە))

ریچارد ئا.مۆرۆن

٨٠-ئامادەبە..کارەکە ئاسان نییە:

((کەروێشک ڕووخسارێکی جوانی هەیە، بەڵام ژیانی تایبەتی کەروێشک فەتارەتە. بەڕاستی بوێری ئەوەم تیانییە باسی ئەو شتەخراپانەت بۆ بکەم کە کەروێشک ئەنجامی دەدات))

پەندێکی سەرچاوە نادیار



ریچارد کە بەڕێوەبەری بەشی دەرامەتی مرۆییە لە کۆمپانیایەکی گەورەدا جارێکیان گوتی:" پێنج ساڵ بەر لەئێستا، هەستم بەوەکرد پێویستم بەکەسێکی ترە هاوبەشی ژیانم بکات، بۆیە دەستم دایە گەڕان لەهەموو جێگەیەك بۆ هاوسەرێکی باش دەگەڕام، چاوم بەزۆر ئافرەت کەوت و حەزی خۆم بۆ دەربڕین، بەردەوام لەگەڕاندا بووم تاوەکو لەکۆتادا کارۆلینم دۆزیەوە. کارۆلین ئافرەتێکی تەمەن ناوەنجی و جوان، ژیر و ئاسودەبەخش بوو، بۆماوەی دووساڵ خەریکی مەوعیدکاری بووین، گرنگ نەبوو بۆکوێ دەڕۆیشتین گرنگ ئەوەبوو کاتێکی خۆشمان بەسەردەبرد. بۆیە داوای هاوسەرگیریم لێکرد، ئەوکاتەی پێم قایل بوو وەهام هەست دەکرد بەختەوەرترین مرۆڤی سەر زەویم، بەڵام بە تێپەڕبوونی ماوەیەکی زۆرکەم بەسەر مانگی هەنگوینیماندا هەستم بە گۆڕانێکی ریشەیی کردەوە لە رەفتاری کارۆلیندا، زۆر دڵپیس بوو، گەر نەختێك لە ئیشەکەم دێر بهاتمایەتەوە کێشە دەستی پێدەکرد و بۆماوەی یەك هەفتە قسەی لەگەڵ نەدەکردم، هەموو هەوڵێکمدا بۆ رزگارکردنی هاوسەرگیریەکەمان، بەڵام دواجار ناچاربووم قاپە ژەهرەکە بخۆمەوە و بە جیابونەوە قایل بووم، بەڵێ ئێستا بەتەنها دەژیم، پێویستە دیسانەوە دەست بەگەڕان بکەم، بەڵام دەترسم دیسانەوە هەڵەی کوشندە بکەم و کەسی

نەگونجاو هەڵبژێرم، بەڵێ ژن خواستن و كارمەند دامەزراند وەكو يەك وەهاتان ، نازانی باشت كردووە يان خراپ تاوەكو بەتەواوەتی لێی نێزيك نەبيتەوە"، ريچارد ئەمەی گوت و لێی دا و ڕۆيشت.

بەڵێ بێگومان دامەزراندنی كارمەندێكی نوێ و كردنی بە بەشێك لەدەستەی كارت وەكو هاوسەرگيری وەهايە كە كەسێكی تر بە هاوبەشی ژيانت دياريبكەی، بۆيە پێويستت بە هەنگاونانی پێويستە بۆ دانی بڕياری دروست و دۆزينەوەی كەسی گونجاو و چاوپێكەوتنی و دواتريش دامەزراندنی. بەڵام پاشی ماوەيەك دەبينی ئەم كەسە ئەوە نەبووە كە تۆ بەدوويدا دەگەڕايت، لەكاتی چاوپێكەوتنەكەدا خۆی بە قورێكی جياوازی لەخۆی سواغدا و پيشاندابوو، بەڵام ئێستا كە قوڕی ڕاستەقينەی خۆی دياركەوتەوە بەكەڵكی دامەزراند نايات.

لەگەڵمدا هاوڕای بەوەی دامەزراندنی كارمەند كارێكی ئاسان نييە؟ هەرگيز ڕوويداوە كەسێكت دامەزراندبێ و دواتر ناچاربوويتە دەری بكەی ياخود خۆی نامەی دەست لەكاركێشانەوەی پێشكەش كردووە؟ گەر تۆيش وەكو مرۆڤەكانی تر بيت ئەوا وەڵامەكەت بەڵێ دەبێت. لێرەدا هەموو ئەو ئامرازە پێويستانەت بۆ دەخەمە بەردەست كە پێويستن بۆئەوەی كارمەندی باش لە خراپ جودابكەيتەوە و خراپ دانەمەزرێنی، بۆئەمەش پێويستت بە فێربوونی بەهرە و ستراتيژيەتی ئاوەزی و پيشەيی نوێيە بۆ دانی بڕيار لەسەر بنەمای ئاوەزە زانست(لۆجيك) و پەيبردنە ڕووداو(حەدەس)ت، بەڵێ ئەمەيە ئامانجی پشت ئەم بەشە.

٨١-نۆ هۆکار دەبنەهۆی زۆربوونی تێچوون لەکاتی دامەزراندندا:

((زیـانی گـەورە بـە بچـوك دەسـت پێـدەكات، هەربۆیـە پێویسـتە گرنگـی بـە زیانـە بچوکەکان بدەی بۆ خۆلادان لە زیانە گەورەکان))

د.ئیبراهیم فەقی

ئایا هەرگیز تێچوونی دامەزراندنی کەسێکت هەژماردووە؟ زۆر بەڕێوەبەر هەن گرنگـی زۆر بە فرۆشەکان، بازاڕکاری، بودجە دەدەن و هیچ گرنگییەك بە دامەزرانـدن نـادەن. لـە لێکۆڵینەوەکاندا هاتووە کە: بەڕێوەبەران هـەرگیز بەشـدارنابن لـە کـردارەی دامەزرانـدنی کارمەندی نوێدا، وای دەبینن کاری ئەوان نییە و کاری ئەوان شتی ترە. جارێکیان لەگەڵ خاوەن کۆمپانیایەکی ناوەنجیدا قسەم کرد و لـێم پرسـی کـە ئایـا بەشـداریت لـەکردارەی دامەزراندندا؟ گوتی:" مـن بـڕوام بـە پێسـپاردنە، بەڕێوەبـەرێکم بـۆ ئـەم کـارە دانـاوە. کەواتە ئیتر خۆم بۆچی بەشداربم؟ دەتـەوێت لەهاندانـەکانیان کـەم بکەمـەوە لەکاتێکـدا ئەوکەسەی من دامناوە بەتەواوەتی ئاشنای ئیشەکەی خۆیەتی؟" .

گوتم: نەخێر، ئەوجا پرسیارێکی تـرم ئاراسـتەی کـرد:" چـی ڕوودەدات گـەر کەسـی نەگونجاوی دامەزراند؟"، پێکەنی و گوتی:" ئەمە شتێکە دەبێت لەگەڵیدا بژین! بۆخۆی لەهەڵەکانیەوە فێردەبێت".

بـۆ چـارە ڕەشـی ئـەم بەڕێوەبـەرە بەهەڵـە لـە بیرۆکـەی پێسـپاردن ودەسـتەی کـار گەیشـتبوو، خـۆی لـە بەشـداری کـردن لـە کـردارەی دامەزرانـد دوورخسـتبوەوە تـەنها لەبەرئەوەی بڕوای بە پێسـپاردن هـەبوو! بـەڵام مەبەسـت لێـرەدا ئەوەیـە: گـەر کەسـی پێسـپێراو بەهەڵـە کەسـێکی دامەزرانـد ئـەوا ڕێـژەی هانـدانی زۆرینـەی کارمەنـدانی نێـو دامەزراوەکەت نزم دەبێتـەوە. ڕۆژێکیـان سـەرۆکی ئەنجومـەنی کـارگێڕی کۆمپانیایـەکی گەورەم چـاوپێکەوت و لـە بۆچـونیم پرسـی لـەبارەی کـردارەی دامەزراندنـەوە، ئـەویش

گوتی:" دامەزراندنی کەسێکی هەڵە ڕەنگە ببێتەهۆی ئەوەی هەموومان بۆ دواوە بەرێتەوە، بەم هۆیەوە کات و پارە و شەکەتی ناپێویست خەرج دەکەین، بۆیە من لە کردارەی بڕیاردان لە دامەزراندنی کەساندا بەشدار دەبم" ، ئەوجا ئەم پرسیارەم ئاراستە کرد:" بەلأم تۆ کارمەندت زۆر زۆرەو کەواتە چۆن کاتت دەبێت و دەتپەرژێتەسەر بەشداریکردن لە دامەزراندنی کارمەندی نوێدا؟"، بەچاوێکی زۆر متمانەوە لێی ڕوانیم و گوتی:" من ئەم کاتە دەدۆزمەوە. کارمەندانمان وەکو کڕیارەکانمان وەهاتان، گەر کەسی گونجاو دانەمەزرێنین، ڕەنگە کڕیارمان نەمێنێت"، گومانی تێدا نییە ئەم جۆرە بەڕێوەبەرە سەرکەوتووە و بەهای کارمەندی باش ئاشنایە. دامەزراندنی کەسی هەڵە دەبێتە هۆی زیان گەیاندنی زۆر. باوەکو بەدیاریکراوتر قسەبکەین و لەو نۆ هۆکارە بکۆڵینەوە کە وەها لە بەڕێوەبەر دەکەن هەڵەبەکات و لەکردارەی دامەزراندا پارە و کاتی زۆر خەج بکات، ئەوانیش:

١–لەدەستدانی کات بۆ دامەزراندن هەڵەیە:

کاتی زۆر بۆ نەخشەدانان، هەڵبژاردن و چاوپێکەوتنی تایبەتی و دەستکەوتنی سەرچاوەکان و دواتر دامەزراندنی دادەنێی و بە فیڕۆ دەدەی، هەروەها کاتی زۆریشت لەدەست دەچێت لە ناساندنی ئەم کەسە تازەیە بە کار و سروشتی کارەکە.

٢–لەدەستدانی پارە بە مەشق و ڕاهێنان:

دامەزراوەکەت پارەی زۆر خەرج دەکات لە مەشق پێکردنی کارمەندان. کۆمپانیای IBM ڕێگە بە کارمەندی فرۆشەکان نادات بە تەنها کاربکات مەگەر هەشت مانگ بەسەر دامەزراندنیدا ڕۆیشتبێت! ئەم کۆمپانیایە مەشقی باش بە کارمەندەکەی دەکات و فێری لێهاتوویی فرۆش و بەهرەی تایبەتیشی دەکات. دەزانی ئەم کۆمپانیایە چەندە پارەی لەکیس دەچێت گەر پاش مەشق پێکردنەکە کارمەندەکە دەستی لەکارکێشایەوە و

لەکۆمپانیاکە ڕۆیشتە دەرەوە، بێگومانی کۆمپانیاکە پارەیەکی بێشوماری بەفیڕۆ دەڕوات.

٣-هەڵەکان:

کارمەندی نوێ هەڵەی زۆر دەکات تاوەکو فێری ئیشەکەی دەبێت و متمانە بەخۆی دەکات. ئەم هەڵانە ڕەنگە ببێتەهۆی لەدەستدانی هەندێك کڕیار، کارمەندێك لەبەشی شتن نزیکەی پێنج سەد پەرداخی شکاند لەماوەی سێ مانگی سەرەتای ئیشەکەیدا، ئەمە سەرباری ئەو شتانەی تریش کە پێشبینیت نەکردووە، بێگومانبە لەوەی بەر لە مەشق پێکردنی ئەم کارمەندە هەڵەی گەورە ئەنجام دەدات.

٤-موچە و زیادەکەی:

بێگومانین لەوەی کە موچەی دراو بە کارمەند بەجۆرێك لە وەبەرهێنان دەزانین، بەڵام کاتێك کارمەندەکە ناکارا دەبێت و بەرهەمێکی نابێت موچەکەی وەکو خەرجی لێدێت، خەرجی زۆر، بۆیە ئەو موچەیەی بە کارمەندێکی نەگونجاوی دەبەخشیت زیانە.

٥-کاریگەری خراپ:

بوونی کارمەندێکی نەرێنی لە بیرۆکە و ڕەفتار لەنێو کارمەندەکانی تردا دەتوانێت ژەهرەکەی بڵاوبکاتەوە و کار لە باوەڕیان بە خۆیان و دامەزراوە کارتێدا کردووەکەیان بکات و بەهۆیەوە متمانە لەدەست بدەن.

٦-دابەزینی گیانی مانەوی لەشوێنکاردا:

گەر ئەم کارمەندە جۆرێك لە پەرکەمی هەبێت و بەردەوام ئامادەی بەرگری بێت و لە نانەوەی ئاژاوە بەردەوام بێت، ناچاری دەرکردنی دەبیت، ئەمەش لای خۆیەوە کار لە

گیانی ماناوی کارمەندانی تـرت دەکـات. بێگومـان کـردارەی دەرکردنـی هـەر کارمەنـدێك کاریگەری خراپی لەسەر دەرونی ئەوانی تر دەبێت.

٧-ورتەورتەکان-دەنگۆکان:

کارمەندی خراپ ڕەنگە ببێتە هۆی دروستکردنی قسەی پاشەملێ بۆئەوانی تـر و ورتـە ورتی زۆر دروستبکات، کاتێك کارمەنـدەکان دەزانـن هەڵـەکراوە لـە دامەزرانـدنی ئـەوکات واتەواتــەکان زۆرتــر و بــەهێزتر دەبــن. هەنــدێك دەڵــێن: تــۆ بــەهۆی خزماتییــەوە داتمەزراندووە، کەسانی تریش دەیان چیرۆکی تر دەگێڕنەوە و دەخەنەپاڵت.

٨-لەدەستدانی متمانە:

دەســتەی کارمەنــدانت متمانــەکردنیان بــەتۆ لاواز دەبێــت، بــەهۆی ئــەم هەڵــە بڕیاردانەتەوە. بۆیە زۆر وریا و بەهۆش و بێ دڵەڕاوکێبـە لـەکاتی دامەزرانـدنی کارمەنـدی نوێدا.

٩-دووبارە دامەزراندنەوە:

کاتێك بڕیاری دامەزراندنەوەی کەسێکی تر دەدەی لەجێگەی ئەویتر ئەوکات دیسانەوە پارە و کات و وزەیـەکی زۆرت بـەفیڕۆ دەدەی. ئەمانـە هۆکارگـەلێکن وەهـا لـە کـردارەی دامەزراندن دەکەن ببێتە کردارەیەکی تێچوون زۆر، ئـەم بەشـە یارمـەتیت دەدات بـۆ خـۆ بەدوورگرتن لەم هەڵە و کەموکورتیانە لەکاتی بڕیاردان لە دامەزراندنی کارمەندێکی نوێ.

٨٢-هەشت هۆکار وەها لە بەڕێوەبەران دەکات کەسانی نوگونجاو دابمەزرێنن:

((گەر ئەوەندە ژیری پێشبینی کێشەیەك دەکەیت، ئەوەندەش ژیریت تێدایە کە چارەسەری بۆ بدۆزیتەوە))

د.ڕۆبێرت شۆلر

دۆزینەوەی کارمەندە باشەکان کارێکی گران نییە. بەڵام لێرەدا چەند پرسیارێك هەیە: ئایا ئەم کەسە باشانەی دایان دەمەزرێنی بۆ ئیشەکەش گونجاو و باشن؟ ، خاوەنی بەهرەی گونجاون؟ ئاراستەیەکی دیاریکراویان هەیە؟ ئایا ئەوان ئامادەی مەشق و ئامادەکردنن؟ حەزیان لەرۆیشتنە بەمیلێکی زیادتر؟ ئایا ئەوان حەزیان بە سەرکەوتن وگەشەی دامەزراوەکەی تۆ و خۆیشیانە؟ هەموو ئەم پرسیارانە و پرسیارگەلی زۆرتریش پێویستی بە وەڵامە بەر لە دامەزراندن. ڕەنگە ئێستا بیرۆکەیەکی هەڵەت هەبێت لەبارەی چۆنێتی دامەزراندنی کارمەند و خراپیەکانیەوە. ئێستایش وەرە باوەکو پێکەوە ئەو بڕیارانە بدەین کە وەها لە بەڕێوەبەران دەکات بڕیاری ناڕاست بدەن و کەسانی نەگونجاو دابمەزرێنن:

١-نەبوونی ئەزمون:

ڕەنگە بەڕێوەبەر هەستێت بە دامەزراندنی کارمەندێکی نوێ، لەبەرئەوەی ئەم بەڕێوەبەرە! لەکاتێکدا ئەم بەڕێوەبەرە هیچ ئەزمونێکی لەگەڵ ئەم جۆرە کارەدا نەبووە.

٢-نەبوونی ئامادەیی پێشوەخت:

ڕەنگە بەڕێوەبەر لیستی ئەوشتانەی پێویستیەتی ئامادە نەکردبێت، هەمیشە بیر لەو پرسیارانە دەکاتەوە کە بەدیاریکراوی ئاراستەی کارمەندەکەی بکات و نازانێت کام جۆرە وەلامی کەسی بەرامبەر گونجاوە.

٣-سوك سەیرکردنی دۆخەکە:

بەڕێوەبەرەکە کاتی تەواو بەم تازە کارمەندە نادات و لەکاتی چاوپێکەوتنەکەدا وەلامی پەیوەندیەکان دەداتەوە، وەها دەزانێت دامەزاندن کارێکی قەشمەجاڕیانە و هیچە و کاتی زۆری پێویست نییە.

٤-پەیوەندیەکان:

بەڕێوەبەر چاوی بە کارخوازێکی تازە دەکەوێت، تەنها لەبەرئەوەی کارمەندێکی تر پێیدا هەڵداوە بۆیە بە ژیر و گونجاوی دەزانێت و پەسندانەکە بەم دۆخەوە دەبەستێتەوە و بڕیاری دامەزراندنی دەدات.

٥-بڕیاردان بەپشت بەستن بە ناونیشان:

بەڕێوەبەرەکە بەپشت بەستن بە ڕووخسار و ئەوانەی چاوی بینیویەتی بڕیاردەدات.

٦-بڕیاردانی پشت بەستوو بە هەستەکان:

بەڕێوەبەر بەپشت بەستن بە هەستەکانی چەندان کەس دادەمەزرێنێت و گرنگی بە ڕاستی و کەتواری نادات، بۆیە دەکەوێتە هەڵەی دامەزراندنی کارخوازی نەشیاوەوە.

٧-گوێ نەگرتن:

بەڕێوەبەرەکە هەرقسەدەکات، بەبێ ئەوەی بواری بەکارمەندەکە بدات قسەبکات.

٨-نەگەڕانەوە بۆ بڕوانامە و بەهرەکان:

بەڕێوەبەرەکە بە چاوپێکەوتنە تایبەتیەکە قایل دەبێت و دواجار بڕیاری دامەزراندنی دەدات بەبێ گەڕانەوە بۆ بەهرە و بڕوانامەکانی .

بەڵێ ، ئەم هۆکار و ڕەوتارانە وەها لەبەڕێوەبەر دەکەن بەهەڵە بڕیاربدات، بڕیاری نادروست دەربکا و کەسانی نەگونجاو دابمەزرێنێت .

٨٣-دەهۆكار بۆ دۆزینەوەی كەسی ناوازە:

((سەركەوتن و شكستت وەكو بەڕێوەبەر بەپلەی یەكەم پەیوەستە بە توانایيتەوە بۆ هەڵبژاردنی دەستەكەت))

د.ئیبراهیم فەقی



دۆزینــەوەی بــەهرەی كــارخواز یەكێكــە لەئیشــەكانی كــارگێڕی، هەنــدێك لــە بەڕێوەبــەران بەئاســانی دەتــوانن كارخوازی بەهرەدار بدۆزنەوە، لەكاتێكدا بەڕێوەبەرگەلی تر پشــت بــە ئاژانســەكانی دامەزرانــدن دەبەســتن لــەبۆ دۆزینــەوەی كارمەنــدی گونجــاو بــۆ ئیشــەكە، ئێســتایش لێرەدا باوترین ڕێگەكانی دۆزینەوەی بەهرەی ڕاستەقینەت بۆ بەردەست دەخەم:

١-كارمەندانی ئێستا:

بەرلــەوەی لــە جێگەیــەكی دیكــە بــەدووی كارمەنــدی بــەهرەداردا بگــەڕێی، هــەلێك بەكارمەندانی خۆتبدە بۆ دۆزینەوەی بەهرەكانیان.

٢-كارمەندانی پێشوو:

ئەو كەسانە دەگرێتەوە پێشتر لە دامەزراوەكەی تۆدا كاریان كردووە و بەهەر هۆكارێك بووە وازیان لەئیشكرد هێناوە-جگە لە بێتوانا و دژمنە تایبەتیەكان-ڕەنگە بەدووی پێشكەوتنی زیادتر لەجێگەیەكی تر ئەم ئیشەیان بەجێ هێشتبێت، ئەم كەسانە باشترن لەكەسانی تازە و نامۆ" چون پێشتر ئاشنای دامەزراوەكەی تۆ بوونە.

٣-هەڵبژاردن و پاك پشتگیری:

دەتوانی پەیوەندی بە بەڕێوەبەرگەلی ترەوە بکەیت و باسی ئەوکەسانەی بۆ بکەی کە پێویستت پێیانە، دەتوانی لەکارمەندانیشت بپرسیت لەوەی گەر کەسێکی بەم تایبەتمەندیانە ئاشنان ئەوا دەتوانن بانگێشتی دامەزراندنی بۆ بکەن.

٤-کۆلێج زانکۆکان:

ناوەدگەلێك هەن تایبەتن بە دامەزراندن کەلە خوێندنگە و زانکۆکاندا بەردەستن، زۆر بەسود دەبێت گەر پەنا بەوانیش ببەی و هەندێکلەو خوێندکارانەت بۆ بهەنێرن کە خوێندنیان تەواوکردووە و ئەو زانیاریانەشت پێشکەش بکەن کەلەبارەی ئەو کارخوازانەوە پێویستتە.

٥-سەندیکاکان:

زۆرجار دەتوانی پەنا ببەیتەبەر سەندیکا گەلێکی وەکو ئەندازیاران و ئاوەدانکردنەوە و هەژماری و ..هتد، داوایان لێبکەی گەر کەسێکی گونجاو بۆئەوکارەی تۆ ئاشنا باوەکو بۆتی بهەنێرن.

٦-ناوەندەکانی دامەزراندن:

لەهەموو ناوەندێکی دامەزراندندا ناوی ئەو کەسانە هەن کە کارخوازن، دەتوانی پەیوەندییان پێوەبکەیت، دەبینی دەیان کەسی کارخوازی گونجاوت بۆ دەخەنە بەردەست.

٧-كێبڕكێكارانت :

سەرباری ئەوەی توشی بەربەرچدانەوەيەكی نەرێنيانە دەبيتەوە بەلأم هەوڵی دۆزينەوەی كارمەندی گونجاوت بدە لەنێو دەستەی كاری كێبڕكێكارانتدا. گەر كارمەندەكە بەو موچە وكەشە قايل بێت كە تێيەتی ئەوا هەرگيز ئەو دامەزراوەيە جێ ناهێڵێت، پێچەوانەش ڕاستە.

٨-كۆنە كارمەندان:

ئەمان كەسانی خانەنشين بوو دەگرێتەوە، ئەو كەسانەی هێشتاكە بەدووی گرەوەئاستەنگدا دەگەڕێن، دەتوان سود لە شارەزاييەكانی ئەمانيش وەربگريت، دەتوانی لەڕێگەی سەنديكای ملوانكەی زێڕينەوە بيان دۆزيتەوە.

٩-بانگەشە:

دەتوانی لەڕێگەی لاپەڕەی بانگەشەی ڕۆژنامەكانەوە چەندين كەسی بەهرەمەندت دەست بكەوێت. گەر پشت بەم ڕێگەيە دەبەستيت ئەوا بزانە كە پێويستە بانگەشەكەت ديريكراو و سەرەنج ڕاكێش و ڕاستەوخۆ بێت. هەروەها تايبەتمەندی و بڕوانامە و بڕی موچەش دياريبكە و گەر بەپلەيت دەتوانی ژمارەی تەلەفۆنی لە بانگەشەكەدا بەكاربێنی ، بەلأم تەنها پێويستە لەكاتی لەناكاودابێت، ئەگينا باشتر وەهايە تەنها ناونيشان و ئيمێل يان ناونيشانەی پۆستەكەت لەسەر بانگەشە بنوسی.

١٠-ئاژانسەكانی دامەزراندن:

ئەم ئاژانسانە ناوەندگەلێكی باشن بۆ دۆزينەوەی بەهرەی ڕاستەقينە، چونكە بە ڤيديۆ كەسانی پاڵێوراوت بۆ دەخاتەڕوو. ئەم ئاژانسانە باشترين كارمەندنت بۆ دەخەنەبەردەست لەگەڵ زەمانی يەك ساڵ. گەر ڕوويدا و كارخوازێكت هەڵبژارد و بەدڵت

نەبوو ئەوا بۆتی دەگۆڕن، بەڕاستی هەلێکی زۆرباشە بۆ هەڵبژاردنی باشترین، بەلام تێچوونی زۆرە.

دەتوانی سود لە ڕاژەی ڕاوێژکاران وەربگریت لەسەربنەمای نیوچەکاتی و بەچاوپۆشین لەو ئامرازانەی لەڕێگەیەوە بەهرەکانت چنگ دەکەوێت، گرنگ ئەوەیە بزانیت کە باشترین ڕێگەت بەسودی دامەزراوەکەت گرتۆتەبەر.

٨٤-چۆنێتی خستنەڕوو و هەڵبژاردنی باشترین؟

((هەرگیز كەس گەلێك دامەمەزرێنە لەشێوە و ناوەڕۆكدا لەتۆبچن" چون دەبنە هۆی دروستكردن و پێكهێنانی دەستەیەكی كەم كاریگەر و توانا))

ریچارد. ئا.مۆرن

دوایین جار كەی بووە دەركی دامەزراندن خستۆتەسەر پشت؟ چەند كەس ئامادەی دامەزراندن بوون؟ ڕەنگە پتر لە سەد كەس! توێژینەوەكان وەهای دەگێڕنەوە كەتۆ پتر لە سێ سەد كەس دەبینی بۆ دامەزراندنی یەك كارمەند! لەم كاتەدا یەك پرسیار بەجوانی خۆی دەپرسێنێت: چاوت بەهەموویان كەوتووە؟ گەر وەڵامەكەت نەخێرە كەواتە چیت كردووە؟ ڕەنگە بزانی زۆرێك لەو كەسانەی بەدەم داواكاریەكەی تۆوە دێن كەسانێكی پیشە و بەهرە جیاوازن، كورتە ژیاننامەی خۆیان دەهەنێرنە هەموو جێیەك بەئومێدی زوودامەزراندن. ڕەنگە هەندێك كەس تەواو گونجاوبێت بۆ دامەزراندن و هەندێكی تریش نەگونجاو. بۆیە پێویستت بە بینینی هەموو كارخوازەكانە، بۆئەوەی بتوانی باشترینیان هەڵبژێری، بۆئەمەیش دەتوانی سود لەم ڕێنماییانە وەربگریت:

١- ئەو داواكاریە بدۆزەرەوە كە وتارێكی لەگەڵدا هەنێردراوە، ئەمەش مانای وەهایە ئەم كەسە گرنگی زۆر بە دامەزراندن دەدات.

٢- ئەو داواكاریانە هەڵبژێرە كە لەگەڵ كارەكەتدا گونجاون و ئەوانەی نەگونجاون توریان بدە.

٣- هەر داوایەکی ناپاك و نارۆشن ڕەتبکەرەوە، بەتایبەت گەر هەڵەی زمانەوانی زۆری تێدابوو، ئەم جۆرە داواکاریە مانای وەهایە خاوەنەکەی نارێك و کار لەکۆڵ کارەوەیە.

٤- لەو کەسانە بترسە زۆر بە زوویی لەکارەکانیان دەڕۆن ولەسەر ئیشێك نامێننەوە و لەنێوان دامەزراوەکاندا تەراتێنیانە.

٥- لەو کەسانەش وریابە زوو زوو کارەکانیان دەگۆڕن، لەوەی: ئەم کەسە پێشووتر وەکو ئەندازیار کاری کردووە، دواتر بووە بە مەیگێڕو ئەوجا شاگرد و دواتریش کرێکاری بلۆك.. ئەم کەسانە خۆشیان نازانن چییان دەوێت.

٦- بەدووی دەستهاتی تایبەتدا بگەڕێ، بۆنمونە بڕوانامەی تایبەت یاخود پلەیەکی تایبەت.

٧- لەو کەسانە وریابە کە بەڵگەی پشتیگیرییان پێ نییە، وەکو ئەو دەرچوانەی زانکۆ کە ساڵی دەرچون و جۆری بڕوانامەکانیان نانوسن.

ئەم جۆرە هۆکارانە و هیتریش بەپشت بەستن بە بیست و پێنج ساڵ ئەزمون و شارەزایی خۆم لە بەڕێوەبردندا لەلامدا دروست بوونە و یادم گرتوون. بێگومان مەرجیش نییە کەسێك ئیشی زۆری گۆڕیبێت یاخود بە دەستوخەتێکی ناخۆش داوای دامەزراندنەکەی نوسی بێت هەموویان نەگونجاوبن، گەر بەختت هەبێت دانەیەکیان بۆتۆ گونجاو دەبێت، گرنگ ئەوەیە تۆ ئێستا تێگەیشتبیت و بزانیت چۆن کارمەندی خوازراو و پێویستت هەڵدەبژێریت و چێژ لە هەڵبژاردنیان ببینی و دواتریش سودی باشی لێ ببینی و پەژیوان نەبیتەوەو ناچار نەبیت دەری بکەی و بەم هۆیەوەش کات و پارە و وزەی زۆرت لەکیس بچێ .

٨٥-كردارەی دامەزراندن:

((من بۆ جیاكردنەوەی شتەكان پشت بە چاو نابەستم، بەڵكو پشت بە ئاوەز دەبەستم كە باشترین ڕێگەیە بۆ بڕیاردان لەسەر كەسەكان))

سنیكا

دامەزراندن هونەرێكە پێویستی بە فێربوون و یادگرتن و تێگەیشتن و ئەنجامدان و یادگرتنە، ناتوانی بە وشەیەك یاخود بە دێڕێكی ئاسان پێناسەی دامەزراندن بكەی" چون كردارەیەكی تەواوكارە و پێویستی بە بەهرەی هزری و پیشەییە. لەبەرئەوەی بەڕێوەبەرێكی سەركەوتووی پێویستە فێری چۆنێتی هەڵبژاردنی كارمەندی گونجاوبێت، بەتایبەت لەڕێگەی گرتنەبەری پێنج هەنگاوی پێویستەوە، ئەوانیش: نەخشەڕێژكردن، چاوپێكەوتنی تایبەتی، هەڵبژاردن، پێداچوونەوە بە بروانامە و بەهرەكان و دواجاریش دامەزراندن. ئێستایش باوەكو بزانین چۆن ئەم هەنگاوانە بەكاردەهێنین و بەباشترین شێوە سەركەوتوو دەبین لەبەكارهێنانیاندا:

١–نەخشەڕێژكردن:

یۆرپیرس دەڵێت:" **سەرەتای خراپ هۆكارە بۆ كۆتایی خراپ**" ، بۆیە تۆ پێویستت بەوەیە نەخشەیەكی ورد و دروستت هەبێت. دەبێت هەموو هەنگاوەكانی كردارەی دامەزراندن یادبگرین، بۆئەمەش نەخشەی چۆنێتی ئەنجامدانی چاوپێكەوتن لەگەڵ كارخوازدا دیاربیكە لەگەڵ چۆنێتی لێكۆڵینەوە لە بروانامە خراوە ڕووەكان و دواجاریش بڕیاردان، گرنگ ئەوەیە بزانی بۆچی ئەوكەسە هەڵدەبژێری، پێویستە ئەم هەمووە بنوسیت و نەخشەی گونجاو دابڕێژی یاخود لیستی پێداچوونەوە بۆ ڕاستكردنەوەی قسەی كارخواز دابڕێژی. دەبێت بزانی لەم كاتەدا پێویستت بەمانەشە:

أ- جۆری بڕوانامە و بەرپرسیاریەتیەکانی.

ب- پێویستیەکانی کارەکە.

ت- جۆری کەسی مەبەست و خوازراو.

پ- بڕوانامە و پیشە و شارەزاییە پێویستەکان.

ج- کاتی دیاریکراو بۆدامەزراندنی کەسی مەبەست.

ح- کاتی دیاریکراو بۆ چاوپێکەوتنی کەسی کارخواز و ویستراو.

خ- شوێنی ئەنجامدانی چاوپێکەوتنەکە.

د- پێویستت بەیارمەتی کەسی ترە یاخود نا؟ ئایا ئەم کەسە شوێن و کاتەکە ئاشنایە و دەزانێت چی پێویستە ئەنجام بدات؟

ژ- لیستی ئەو پرسیارانە دابڕێژەرەوە کە لە کارخوازی دەپرسیت" بۆ خۆلادان لە کردنی پرسیاری لابەلا و نەپچڕاندنی قسەکانی کارخواز.

ر- لیستی هەڵسەنگاندنت دیاریبکە کە ئەمە وەکو ڕێبەری تۆ وەها دەبێت بۆ هەڵبژاردنی کەسەکە. دەتوانی بیکەت بە پێوەرێك بۆ هەڵبژاردنی کەسی گونجاو، ئەم لیستە دەتوانرێت لەخۆگرتەی وەکو: یەکەم قسەو دیمەن، سلاوی دەست، کەسێتی، ئامانجەکانی، ئاستی زانیاری، بەهرە و توانایيەکانی فێربوونی، شارەزایی و ..هتد ئەمانەبێت.

لەکاتی دامەزراندا پێویستە بەهەموو دەقەکانی داواکاریەکەدا بڕۆیتەوە و بەدووی هەموو شتانەدا بگەڕێی کە پێویستی بە ڕشوونکردنەوەی زیادترە. کاتێك ئامادە دەبیت و لەکردارەی نەحشەڕێژکردن دەبیتەوە دەتوانی بڕۆیتە هەنگاوی دووەم و سود لەو هەنگاوەش وەربگریت.

٢-چاوپێكەوتنی تایبەتی:

چـاوپێكەوتنی تایبـەت لەچـوار برگــە و هــەنگاوی سـەرەكی پێكـدێت، ئێسـتایش هـەموویانت بــۆ ڕوون دەكەمەوە:

أ- پێشوازی: بەر لەوەی چاوپێكەوتن ڕەگەڵ كەسی خـوازراودا بكـەیت گرنگـی بـە ڕێكخستنی شوێن چاوپێكەوتنەكەبدە، دەتوانی لەتەنیشتی كارخوازەوە دانیشیت، یاخود لەكورسی بەرامبـەری، دەشتوانی لەپشـتی مێزەكـەی خۆتـەوە دانیشـیت، ئەمـە هێـز و مەزنیت پیّ دەبەخشـێت بـەڵام بـۆ كـارخواز نائاسـودە بـەخش دەبێـت. كاتێـك دەزانیـت هەمووشتێك ئامادەیە بە بزەوە بەخێرهاتنی كەسی كارخوازبكە و بەناوی خۆیەوە سڵاوی لێبكە و سوپاسی بكە كە هاتووە بۆ چاوپێكەوتنی تـۆ. ئـەوجا بـەو كەسەشـی بناسـێنە كەلەگەڵتـدا هــاتووە بــۆ چــاوپێكەوتنەكە و دواتــر داوای لێبكــە دانیشــێت. زۆرێــك لەبەڕێوەبـەران پێیـان باشـە بەتوندییـەوە دەسـت بـە چـاوپێكەوتن بكـەن، وای دەبیـنن گوشارخستنەسەر كارخواز یارمەتی باشتر ناسینیان دەدات لەڕووی كەسێتی و ڕەفتـار و كاردانـەوەكانی، بـۆ چـارە ڕەشـی ئـەم بەڕێوەبەرانـە لـەبیریان چـووە كـە چاوپێكەوتن بۆخۆی گوشارە لەسەر كارخواز جاوەرە تۆیش گوشاری بخەیتەسەر! ڕەنگە بەهۆی ئـەم هەموو گوشارە زۆرانەوە ئەو زانیاریانەی دەست نەكەوێت كەمەبەستیەتی لەكاتێكدا ئـەم كارخوازە كەسی مەبەستیشە. بڕواش ناكەم هیچ كەسێك حەزبكات لەگەڵ بەڕێوەبـەرێكی وەها توند و مەترسیداردا ئیشبكات.

بیرۆكــەی پشــت چــاوپێكەوتن هانــدانی كارخوازە بۆ حەسانەوە و هەست نەكردنیـەتی بــەترس و دڵــەڕاوكیّ، بۆئەوەشــە ســەهۆڵی نێوانتان بتوێتەوە و هۆگری لەنێوانتدا چیّ بێت، هەروەها پێویستە بەوەش ئاشنای بكەیت كەلـە چاوپێكەوتنەكەدا باسی چی ڕەگـەڵ دەكـەیت و

چەندیش دەخایەنێت چاوپێکەوتنەکەتان. فەرموو ئەمەش نمونەیەك: ((بەڕێز کیڤن حەزدەکەم زیادتر لەبارەی تۆوە بزانم، ئەوجا زانیاریت لەبارەی دامەزراوەکەت پێ دەبەخشم و تاوتوێی کارەکەش دەکەین، ئەوجا وەلامی هەرپرسیارێکی تۆیش دەدەمەوە کە بە مێشکتدابێت، ئەم چاوپێکەوتنە نزیکەی یەك کاتژمێری پێ دەچێت"، ئەوجا لاپەڕە و پێنوسەکەت ئامادەبکە و گەر کەسێکی تریشت لەگەڵدایە دەتوانی داوای لێبکەی تێبینیەکانت بە وردی و کورتی بۆ بنوسێتەوە، لە کاتێکدا تۆ لەگەڵ کارخوازەکەدا تاوتوێی کارەکەدەکەن و قسە و زانیاری ئاڵوگۆڕ دەکەن.

ب- دەستەبەری زانیاری: پێویستە تۆ کە بەڕێوەبەری زۆر باسی ئیشەوردەکانی کۆمپانیاکەت نەکەیت، گرنگ ئەوەیە بەرچاو ڕوونیەك بە کارخواز بدەیت و هیچیتر، ئەوجا ڕاستەوخۆ باسی کارەکەی لەگەڵدابکە، لەگەڵ لەپێش چاوگرتنی کات و هەلی گونجاو بۆ پرسیارکردن و کۆکردنەوەی زانیاریەکان.

ت- کۆکردنەوەی زانیاری: بەپشت بەستن بە کورتە زانیارییە پێشکەش کراوەکەی تۆیش پرسیاری کراوە ئاراستەی کارخواز بکە، کاتێك هەلی قسەکردنی لەبارەی خۆیەوە پێ دەبەخشیت ئەمە یارمەتی دەدات بۆ پونیات نانی متمانە بەخۆی و ئەمەیش هانی دەدات بۆئەوەی بە بوێرانەتر و ژیرانەتر قسەبکات و وەلام بداتەوە. گوێی لێبگرە و قسەکانی پێ مەپچڕێنە، هانی قسەکردنی بدە و گرنگی پێدانەکانتی بۆ دیاربخە. سەرت وەکو ئاماژەی قایلمەندی و بەلێ گوتن بۆی بجولێنە و بزەی سەر لێوەکان ڕابگرە، دەبێت کاردانەوەکانت هەمیشە وشەی زل و مەزنبن، جوانە! ئایا ئەمە ڕاستە؟ بزانە کە کاردانەوە و ڕەفتارەکانی تۆی بەڕێوەبەر هەلی زۆرت دەداتێ بۆ سەرخستنی چاوپێکەوتنەکە یاخود شکست پێ هێنانی. وەك چۆن تۆ هەولی خوێندنەوەی ئەو دەدەی بەرامبەریشت بەهەمان شێوە هەولی خوێندنەوەی تۆ دەدات. بۆیە کاتێك پرسیارێکی ئاراستە دەکەیت پێویستە کاتی تەواوی پێبدەی بۆ وەلامدانەوە.

ئەم جۆرە پرسیارانەی ئاراستەبکە بۆ زانینی توانای بۆ سەرکردایەتی کردن:

نمونە:

- گەر تۆ بەڕێوەبەر بویت و کارمەندێکت درەنگ هات چۆن ڕەفتاری ڕەگەڵ دەکەیت؟
- چی دەکەیت گەر کارمەندێك لەپێش چاوی ئەوانی تر شکاندیتیەوە؟
- چۆن دەتوانی بۆچوونی خۆت دەربڕیت گەر کارمەندێك پرسیاری لێکردی لەبارەی کێشە تایبەتیەکانەوە؟
- گەر کڕیارێك زۆر تورەبوو چۆنی ڕەفتار ڕەگەڵدا دەکەیت؟
- لەکاتی دابەزاندنی بودجەدا چۆن ڕەفتاردەکەیت؟

ئەم پرسیارانەشی ئاراستەبکە" بۆ زانینی کەسێتیەکەی:

بۆنمونە:

- زۆر حەزت لەچییە؟
- دوایین کتێب خوێندودەتەوە چی بووە؟
- باشترین ئەو سەرکردانەی کارت لەگەڵ کردوون کێ بوون؟
- خراپترین سەرکردە کەتۆ کارت لەگەڵدا کردبێت کێ بووە؟
- لەکاتی هەڵسەنگاندنتدا سەرکردەکەت چی پێ دەگوتی؟
- گەورەترین سەرکەوتن/شکست لەژیانتدا چی بووە؟
- دەتەوێت چۆن کەسەکان چاوپێکەوتنت لەگەڵدا بکەن؟

هەوڵبدە بێ لایەنانە قسەی لەگەڵدابکەی، بەهێمنی پرسیارەکانی ئاراستەبکە و گرنگی بەهەر قسەیەکی نەشیاو و نابەجێیش بدە کەلەبارەی کارەکەی پێشووتریەوە حەزی پێیەتی. وریابە لەوەی کاتێك نەتوانێت کەلێنەکانی نێو نوسراوە پێشکەشکراوەکانی پڕبکاتەوە، بەتایبەت مێژووەکەی.

پ- کۆتایی : پاش ئەوەی هەموو پرسیارەکانی ئاراستە دەکەیت و وەڵامی گونجاوت چنگ دەکەوێت، پێویستە ئەم هەنگاوانەش بنێی:

- بە هەنگاوی دواتری ئاشنابکە.
- پێی ڕابگەیەنە گەر چاوپێکەوتنی تری هەبوو.
- کاتی بڕیاردان لەسەر وەرگرتنی یان وەرنەگرتنی پێ بڵێ.
- سوپاسی بکە و تاوەکو دەرەوەی شوێنی چاوپێکەوتنەکە ڕەوانەی بکە.

تۆیش پاش تەواوبوونی کۆبونەوەکە پێویستە ئەمە ئەنجام بدەی:

لەلیستی هەڵسەنگاندا هەموو شتێکی چاوپێکەوتنەکە تۆماربکە، هەموو تێبینیەکان هەر لەکاتی هاتنەژوورەوەیەوە تاوەکو کاتی ڕۆیشتنی بنوسەرەوە. ادنانی هەندێك کات بۆ نوسینەوەی بۆچونی تۆ بەرامبەری یارمەتیت دەدات بۆ هەڵبژاردنی باشترین. گەر کەسێکی تریشت لەگەڵدابوو ئەوا داوای بۆچوونی ئەویش بکە و سودی لێوەربگرە و لەڕاستی دڵنیابە.

٣-هەڵبژاردن:

کاتێك لە ج.س.بینی م پرسی لەبارەی چۆنێتی هەڵبژاردنی کارمەندانی؟ گوتی:" من بانگیان دەکەم بۆ خواردنی قاوەڵتی و هێلکەیان پێشکەش دەکەم. گەر کەسێك بەبێ تامکردنی هێلکەکە ڕاستەوخۆ خوێی پێداکرد ئەوا من ئیشی نادەمێ چونکە بەبێ ئەزموواندن لەخۆیەوە کاردەکات بۆیە وردەکار و ژیریش نییە" ، ڕەنگە بینی لەمەدا زێدەڕۆیی بکات

بەلام بۆچوونێکی ساغی هەیە. هەڵبژاردنی کارخوازی گونجاو مانای وەهانییە کەتۆ

تـەواو كـردوتن بـە كارمەنـد. ئايـا ئەمـە بـەلای تـۆوە نامۆيـە؟ وەرە بـاوەكو بـۆتی ڕوونتربكەمـەوە: دامەزرانـدنی كارمەنـد پـاش يەكـەم چـاوپێكەوتن وەكـو كڕينـی ماسـی وەهايە لەئاودا، كە بەتام ديارە و نازانيت دەستت پێی دەگات يان كە بەدەستت گەيشـت ژەهراويش نييە، كاتێك يەكەمين جار چاوت بە كەسێك دەكـەوێت وەهـا هەسـت دەكـەيت مرۆڤێكی بالاّ و ناوازەيە، بەلاّم كاتێـك دووم جـار چـاوپێكەوتنی لەگەڵـدا ئـەنجام دەدەی دەبينی كەسێكی ئاساييە و بۆجاری سێيەميش دەبينی بۆ ئيشـەكە گونجـاو نييـە. بۆيـە پێويستە پتر لەجارێك كارخوازت ببينی و چاوپێكەوتنی لەگەڵ ئەنجام بدەی.

هەڵبژاردن مانای هەڵبژاردنی كارخوازی گونجاو و شياوە بۆئەوەی دووەم جـار بێتـەوە بۆ چاوپێكەوتن. ئەوجا پاشی دووەم چاوپێكەوتن دوو يـان سـێ كـەس هەڵبـژێر و جـاری سێيەم باشترينيان هەڵبژێرە، بەڵێ ئەمە ئەوەيە كە برايان ترايسی نـاوی لێنـاوە: بڕيـاری سێيی لەكتێبی ((لايەنی دەروونی بـۆ ئەنجامـدان و دەسـتكەوتن)). كاتێـك لـە كـردارەی هەڵبژاردنی كارخوازت دەبيتـەوە، ئـەوجا باشـتر وەهايـە دەسـتەی كارەكەشـت لەگەڵتـدا يارمەتی دەربن و پرسيان پێبكە و بزانە تاچەند كارمەندی گونجاوت هەڵبژاردووە. ئـەوجا هەنگاوبنێ بۆ خاڵی داهاتوو:

٤-پێداچونەوە بە بڕوانامەی كەسانی شياو/دڵنيابونەوە لەڕاستی سەرچاوەكان:

باڤلۆڤ دەڵێت:" **فێربە، بەراوردبكە، ڕاستيەكان كۆبكەرەوە**"، بـە داخـەوە زۆرێـك لـە بەڕێوەبـەران خۆيـان لـە پشـت ڕاسـتكردنەوەی زانياريـە خـراوە ڕووەكـانی كارمەندەكـە دەدزنەوە و بەدواداچـوونی بـۆ ناكـەن، تـەنها پێشـنيارێك دەكـەن و وازی لـێ دەهێـنن و كاتێكيش كارلەكار دەترازێت سەيريان لێ دێت و دەڵێن: بۆچـی وەهـا بـوو؟! گەڕانـەوە بۆسەرچـاوەی زانياريـەكان كـارێكی زۆر تەندروسـت و گرنگـە. بـەر لـەوەی كـارخوازی هەڵبژێردراوت دابمەزرێنی دەبێت هەموو ئەوزانياريانەی لەبارەيەوە پێويسـتن بەردەسـتی

بخەی جا باشبێت یان خراپ. دەتوانی چەند پرسیارێك ئاراستەی سەرچاوەی زانیاریەکانی بکەی:

- ئایا بەڕێز کیڤن لای ئێوە کاری کردووە؟ کەی؟
- بۆچی وازی لەئیشەکە هێناوە؟
- هەستتان چۆنە بەرامبەر ڕۆیشتنی؟
- کار و بەرپرسیارێتی لای ئێوە چی بوو؟
- خاڵی لاواز و بەهێزی چییە؟
- خووی خراپی هەبوو؟ یاخود کێشەی تایبەتی؟
- لە بەرهەمەکانی کۆمپانیاکەدا چۆن بەشداربووە؟
- چی جۆرە کەسێکی پێ باشە و پێ خراپە؟

کاتێك لە ئاراستەکردنی پرسیارەکانی پێشووتر دەبیتەوە، ئەم پرسیارە ئاراستەی خۆت بکە:

- هیچ شتێکی تر هەیە لەبارەوە دەبێت بیزانم؟

ئەم پرسیارە کۆتاییەکی کراوەی هەیە و وەهات لێدەکات زانیاری گرنگترت چنگ بکەوێت لەبارەی کارخوازەکەتەوە، گرنگ ئەوەیە دروستی بروانامە و زانیارییە پێشکەشکراوەکانی دووپات بکەیتەوە، هەروەها دەتوانی لە تۆماری دڵنیایی ئەو کەسە بکۆڵیتەوە" لەڕێگەی پەیوەندی کردن بە کۆمپانیای دڵنیایەوە.

٥-دامەزراندن: پاش لێبونەوەت لەچوار قۆناغەکەی پێشووتر و بەدەست هێنانی کۆڕای دەستەکەت، ئەم پرسیارانە ئاراستەی خۆت بکە:

- ئایا ئەم کارمەندە باشترین و بەسودترینە بۆمن؟

- ئایا ئەمە لەوجۆرە کەسانەیە کەبۆماوەی پازدەساڵی داهاتوویش هەرلەم دامەزراوەی مندا دەمێنێتەوە؟
- گەر لەبەشی فرۆش کاربکات وەها ڕەفتاردەکات کەخۆمیش شتی لێبکڕم کە خاوەنی کۆمپانیاکەم؟
- ئایا لەگەڵ دەستەکەمدا هاوکار و هاوجێ دەبێت؟

گەر وەڵاکانت هەمووی بەبەڵێ بوو، هەستی تایبەتی خۆیشت پێت دەڵێن ئەمە کەسی گونجاوە، ئەوا خۆت تەلەفۆنی بۆبکە و ئەم هەواڵە خۆشەی پێبدە.

کردارەی دامەزراندن

↑

٥

دامەزراندن

↑

٤

پێداچونەوە بەزانیاریەکان

↑

٣

هەڵبژاردن

↑

٢

چاوپێکەوتنی تایبەتی

↑

١

نەخشەدانان

٨٦-کردارەی پاش دامەزراندن:

((دامەزراند کۆتایی سەرەتانییە، بەڵکو سەرەتای کۆتاییە))

د.ئیبراهیم فەقی

ئێستایش تۆ پێویستت بە پیرۆزبایی لێکردنە، هەنگاوی گونجاوت گرتۆتەبەر و هەموو هەوڵێکت داوە بۆ دامەزراندنی باشترینان لەو شوێنە چۆڵەی هەتە و دەتەوێت کەسی گونجاوی بۆ بدۆزیتەوە. ئیترچی؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە کەزۆرێك لە بەڕێوەبەران بەم شێوەیە وەڵامی دەدەنەوە:" باشە، ئێستا خراوەتەسەر کارەکەی، ئێستا پێویستە بوونی خۆی بسەلمێنێت، هەلێکمان پێدا و پاقیمەنی لەئەستۆی خۆی دەبێ! " ، ئەوکاتەی ئەم کارمەندە نوێیە دەست لەکاردەکێشێتەوە زۆریان سەیرلێدێت یاخود کاتێك خۆشیان پاشی شەش مانگ بڕیاری دەرکردنی دەدەن هەر سەیریان لێدێت! بێگومانم لەوەی هەموو کارێکت کردووە بۆ دەستڕاگەیشتن بەم کەسە خوازراوە، بەڵام ئێستا ئەرکێکی ترت کەوتۆتەسەر شان ئەویش یارمەتی دانی ئەم ئەنجامە تازەیەی دەستەکەتە بۆ سەلماندنی بوونی خۆی لە کۆمپانیاکەتدا. لەڕاستیدا لەم کاتەدا وەکو بەڕێوەبەر پێویستت بە ئەنجامدانی کردارەیەکی تریشە کەناوی دەنێین: ((کردارەی پاش دامەزراندن))، لەچوار هەنگاوی سەرەکی پێکدێت:

١-پێشکەشکردن یان خستنەڕوو:

زۆر بەڕێوەبەر ئەوپەڕی هەوڵی خۆی بۆ دامەزراندنی کارمەندێکی ناوازە دەدات بەبێ ئەوەی ئەو کارمەندە بزانێت موچەکەی چەنددەبێت و داهاتووی بەچی دەگات، لەکۆتایشدا ئەم کارمەندە باشەیان لەدەست دەردەچێت. بەڕاستی شەرمە ئەم هەموو

هەوڵ و ماندوبوونە بۆ دۆزینەوە و دامەزراندنی باشترین کارمەند کەچی دواتر بەئاسانی لەدەستی بدەی! بۆیە باشتر وەهایە هەر لەسەرەتاوە باسی موچە و پێشبینی زیادبوونی بکەی و لەکاتی چاوپێکەوتنی تایبەتیدا بۆی ڕوون بکەیتەوە و لەسەری ڕێك بکەون و دواتر وەکو شتێکی چاوەڕوان نەکراو نەیبینێت. خستنەڕووەکانت تۆماربکە لەگەڵ لەپێش چاوی گرتنی ئەمانەش:

أ- دەستەواژەیەکی کورت بۆ بەخێرهاتنکردنی کەسە بەربژێر و کاربۆڕەخساوەکە وەکو ئەندامێکی نوێی دەستەی کارکردنت.

ب- نازناو و کاری دیاریبکە.

ت- ڕۆژ و بەرواری دامەزراندنی .

پ- ناوی سەرۆك کارەکەی.

ج- موچەی مانگانەی.

ح- لیستی سودەکانی، گەر هەبوو.

خ- مافی پشوەکانی.

د- ماوەی کارکردن لەژێر چاودێری وتاقیکردنەوە.

ژ- واژووی هەروولا.

زۆر گونجاوە باسی کاتی تاقیکردنەوەیشی لەگەڵدابکەی و کۆتایی ماوەکەی بۆ دیاریبکەی، هەروەها دەبێت ئەم خستنەڕووە لەلایەن کاربۆڕەخساوەکەوە واژوو بکرێت، ئەوجا دۆسیەیەکی دەدەیتێ بۆئەوەی لە دۆسیەکانی خۆیدا هەڵیبگرێت، وێنەیەك لەجۆری کار و شێوازی دڵنیایی یاخود باجی پێویست بهەنێرە بۆبەشی هەژمارکاری.

٢-گونجاندن و ئاراستەکردن:

هەرلەیەکەم ڕۆژی کارکردنیەوە هەوڵی ناساندنی ئەم کارمەندە بەوانی تری کۆمپانیاکەت بدە، ئەوجا خۆت یاخود کەسێکی لەگەڵدا بهەنێرە و بەناو کۆمپانیا و

بەشەکانی دامەزراوەکەتدا سورِبخوات و ئاشنایان بێت و هەر زانیارییەکی دەربارەی دامەزراوەکەت گەرك بوو بیدەرێ و باشتر ئاشنای بکە بە دامەزراوەکەت، ئەم هەنگاوەش لە کۆمپانیایەکەوە بۆئەوی تر دەگۆڕێت. ناساندنی تەواوی کارمەند بە ئەندام و بەشەکانی کۆمپانیاکە لەهەندێك کۆمپانیا یەك هەفتەی بۆ دانراوە و لەهەندێکی تریش دەگاتە یەك ساڵ، هەرچۆنێك بێت ئەمە پێویستی بە ژیری و توانای زووفێربوونی کەسی خوازراوە. مەهێڵە کارمەندە نوێیەکە لەخۆیەوە کاربکات مەگەر تەواو دڵنیابێت لەوەی کارەکەی ڕاستە و تواناداره بۆ ئەنجامدانی. هەرچۆنێك بووە پێویستە لەیەکەم ڕۆژی دامەزراندنیدا تۆ لەگەڵیدابیت یاخود کەسێکی تری بخەیتە تەك ئەگینا ئەو کارمەندە هەڵدێ یان باش فێرنابێت.

٣-مەشق و ڕاهێنان:

مەشق و ڕاهێنان کردارەیەکی بەردەوام و پێویستە هەر لەسەرەتاوە کۆڵەکەکانی پونیات بنرێت.. مەشقکردن بەکارمەندە نوێیەکە هەر لە یەکەم ڕۆژی دەست بەکاربوونەوە دەست پێدەکات و ئەمەیش متمانە بەخۆکردنی پێ دەبەخشێت، ئەوجا ئەمە فێری ئەوەیشی دەکات چۆن بەباشترین شێوە کارەکانی ئەنجامبدات.. ئەم کردارەی مەشق پێکردنە باشتر وەهایە خۆت پێی ئەنجامبدەی، یاخود کەسێکی باشی بۆدانێی و بەجوانی لەسەر کارەکەی ڕایبهێنێت.

٤-هەڵسەنگاندن:



هەڵسەنگاندن ئامرازێکی زۆرباشە بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی زۆرباش. زۆرێك لە کۆمپانیاکان پاشی مانگێك لەدامەزراندن هەڵسەنگاندن بە کارمەندە تازەکەی دەکات، ئەوجا پاشی سێ مانگ و دواتریش شەش مانگی داهاتوو، ئەوجا هەڵسەنگاندنی ساڵانە.

بەلام من هەمو رۆژێك كارمەندە نوێیەكانم هەڵدەسەنگاند! رەنگە زۆرت لەمە سەیربێت و بڵێی: كات و دەستپەتاڵی زۆری دەوێت، لەراستیدا كارمەندی تازە زیانی زۆرت پێ دەگەیەنێت گەر خۆاكپێدانی پەرچدانەوە(فیدباك)ی ماوەی یەك مانگی پێ نەدەی، پێویستە ئاراستەكانی راست بكەیتەوە بۆئەوەی لەگەڵ كاری رۆژانەیدا بگونجێت، بۆیە ئەو ئاراستەیەی من گرتبووم بەدواداچوونكردن بوو بۆ كارەكانی رۆژانەی كارمەندە نوێیەكە و یارمەتی دانی بوو بۆ گۆرینی لاساریەكانی و ئەوجا هەموو هەفتانەیەك پێكەوە دادەنیشتین و هەڵسەنگانمان بۆ كارەكانی دەكرد و رێكخستنمان بۆ دەكردەوە. من بۆماوەی سێ مانگ بەردەوام دەبووم لەسەر ئەنجامدانی ئەم كارە، ئەوجا بریاری ئەوەدەدەم كە پێش كەوتووە یان هەر لەجێگەی خۆیەتی، دواتر دانیشتنی هەفتانەم دەكرد بە دوو هەفتە جارێك و ئەوجا هەموو مانگێك. لەلای هەر كارمەندێك لەدامەزراوەكەمدا راپۆرتێك یان لاپەرەیەكی هەڵسەنگاندنی ئەم كارمەندە تازەیە هەبوو، كە پاش ئەوەی دەیدا بە سەركردەكەی ئەویش بۆمنی دەهێنا. رەنگە بەم قسانەی من بڵێی قسەی زیادە و هیچن و كەس بۆی ناكرێت و نایبەرزێت ئەم كارە ئەنجامبدات، منیش بێگومانت دەكەمەوە لەوەی كە گەر هەڵسەنگاندنی باش بۆ كارمەندەكەت نەكەیت ئەوا بەخێرایی دەری دەكەیت و دواتریش ناچاری دووبارە دامەزراندنەوەی كارمەندێكی تردەبیت. بزانە كە كارمەندانت باشترین یارمەتی دەر و كارڕەوانكاری تۆن و لەرێگەی هەڵسەنگاندنیانەوە دەتوانی خەوشی و لاساریەكانیان نەهێڵیت و بیانخەیتەسەر رێگەی راست و بۆخۆتیان كێش بكەیت.

كرداری بەدواداچوونی پاش دامەزراندان یارمەتی كارمەندی نوێ دەدات بۆ زوو رزگاربوون لەكاتی هەڵسەنگاندن و گونجادن، ئەمەیش رێزلەخۆگرتنی بەرزتردەكاتەوە و متمانەی باشتری بەخۆی دەبێت، هەروەها ئاشنای دەكات بەو كار و هەنگاوانەی پێویستە بیانگرێتەبەر و ئەنجامیان بدات كە پێویستن لەسەری بۆ سەرخستنی كاری دامەزراوەكەت و رایی كردنی ئیش و كاری خۆیان، ئەمەیش بەسوود بۆخۆت و

دامەزراوەکەشت دەگەڕێتەوە، لەبەرامبەریشدا کارمەندە نوێیەکە هەست بەوەدەکات کە بەڵێ ئەمە ئەو جێگە دروستەیە کەبە دوویدا گەڕاوە و وادۆزیویەتیەوە.

کردارەی پاش دامەزراندن

↑

٤

هەڵسەنگاندن

↑

٣

مەشق و ڕاهێنان

↑

٢

گونجادن

↑

١

خستنەڕوو

٨٧-بیست هەنگاوی بقە لەکاتی دامەزراندنی کارمەندی نوێدا:

((هەموو مرۆڤێکی پێگەیشتوو تامی شکستی چێشتووە، بەڵام شکستی بەردەوام مانای زامنکردنی بەدیهاتنی سەرکەوتن نییە))

گوتەی سەرچاوە نادیار

١) گەر بەتەواوەتی خۆت ئامادە نەکردووە هیچ جۆرە چاوپێکەوتنێکی تایبەتی ئەنجام مەدە.

٢) لەکاتی ئەنجامدانی چاوپێکەوتندا رێگە بە پچڕاندن مەدە.

٣) تەنها بە رووخسار بڕیار لەسەر کارخوازەکە مەدە.

٤) هەر لەسەرتاوە بڕیارمەدە.

٥) کارخوازی ناوازە لەجێگەی نەشیاودا دامەمەزرێنە.

٦) ئەوانەی کە بەدەست نوس کورتە ژیاننامەی خۆیان پێشکەش کردووی لەبیریان مەکە، هەلێکیان بدەرێ، مەرج نییە دواکەوتوو و بێ کەڵك بن.

٧) لە کارخوازە بێ کارەکان مەسڵەمێرەوە.

٨) هەرخۆت قسەمەکە، رێگە بەوی تریش بدە.

٩) پرسیارێك مەکە بە بۆچی دەست پێبکات، رەنگە وەڵامی بەرگریکارانەت چنگ بکەوێت.

١٠) باسی شتە هەستیارەکانی وەکو " گانگانۆکێ، ئاین، بنچینە و نەتەوە..هتد" مەکە.

١١) هیچ بەڵێنێك مەدە.

١٢) ئومێدی درۆی پێ مەبەخشە.

١٣) بەداخ مەبە بۆ دامەزراندنی هیچ کەسێك.

١٤) پەلەمەکە لەدەرکردنی بڕیاری دامەزراندن.

١٥) بەبێ پشتگیری دەستەی کارت هیچ کارخوازێك دامەمەزرێنە.

١٦) بەبێ پێداچوونەوە بە داتا و زانیاریەکانی هیچ کارخوازێك مەکەرە کارمەندنت.

١٧) ماوەی چاوپێکەوتنی کەسێتی بەبێ مۆڵەتی کارخواز زۆر درێژ مەکەرەوە.

١٨) بەپشت بەستن بە هەستی خۆت هەلی کار بەکەس مەدە.

١٩) بەپشت بەستن بە ڕاستیەکان بە تەنها هەلی کار بەکەس مەبەخشە.

٢٠) بەهۆی پێشکەشکردنێکی ناباش و ناسەرەنج ڕاکێشەوە کارخوازێکی گونجاو لەدەست مەدە.

٨٨-دەرکردن..کارێك هەر لەسەرەتاوە لەسەری ڕێك کەوتوون:

((ئەوان لێرەدا لەسەرەتادا پیاوەکان لەقەنارەدەدەن، دواتر تاقییان دەکەنەوە))

مۆلێر

هەرگیز کارمەندێکت دەرکردووە؟ گەر بەبەڵێ وەڵام دەدەیتەوە، ئەی هەستت بەرامبەر ئەم کارەت چۆنە؟ هەرگیز نەمبینیوە بەڕێوەبەرێك بە بەڵێ و پێم خۆشبووە ئەم کارمەندەم دەرکردووە وەڵامی دابێتەوە. زۆرجار وەڵامەکان بەم شێوەیە دەبێت:" هەستم بە تاوان کرد، زۆر ئازارم چێشت، نەمدەتوانی بەئاسانی دەری بکەم، ئەو ڕۆژە نەمتوانی بنووم، تەنانەت زۆرێك لە بەڕێوەبەران ڕەتی بەکارهێنانی دەرکردنیشیان دەکردەوە و داوایان لەکەسێکی تر کردووە لەبریاندا ئەم کارە ئەنجام بدات. هەرچەندە تۆ لەکرداری دەرکردندا بەهێزبیت، بەڵام هەرگیز بە ئەنجامدانی هەستِ بە خۆشی ناکەیت. جۆرج ئالیۆت زۆر ڕاستگۆبوو کاتێك گوتی:" **لەهەموو ڕۆشتنێکدا وێنەیەکی مردن هەیە**"، بەڵام زۆرجار ناچاری خۆ ڕزگاکردنی لە سێوەخراپبوەکە بۆئەوەی سێوەکانی تریش خراپ نەکات. لەڕاستیدا کردارەی دەرکردن بەشێکی گرنگی کاری بەڕێوەبەرە، هەر بەڕێوەبەرێك نەتوانێت کردارەی دەرکردن ئەنجامبدات ئەوا باشتر وەهایە کردارەی دامەزراندنیش ئەنجام نەدات، یاخود بەلای کەمەوە نەبێتە بەڕێوەبەری یەکەم. دەرکردن توانایەکە وەکو هەر بەهرە و توانایەکانی تر، دەتوانی توێژینەوەی بکەی و لێی بکۆڵیتەوە و فێری ئەنجامدانی بیت، یادی بگریت بۆئەوەی ببێتە کارێکی ئاسان و بێ مەڵام و تەندروست بۆتۆ. ((**هیچ کارێك تەواو نەبووە تاوەکو بەتەواوبوو دادەنرێت**))

فوجی

بەرلەوەی بڕیاری دەرکردنی هەر کارمەندێك دەربکەی، خولەکێك بەخۆت بدە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە:

- هیچ ئەگەرێکی ترم بۆماوەتەوە؟
- ئایادەتوانم لەڕێگەی گواستنەوەی بۆ بەشێکی تر بیهێڵمەوە؟
- ئایا دەگونجێت هەلی تری پێبدرێت؟
- هەموو شتێکم بەباشی لەگەڵ ئەنجامداوە بۆئەوەی بگاتە سەرکەوتن؟
- بەباشی ڕاهێنانم پێکردووە؟
- ئایا هەموو ئەو زانیاریانەم لایە ڕاستن؟
- ئایا من بەخێرایی ئەم بڕیارەم داوە؟

گەر وەڵامەکانت بۆ هەموو پرسیارەکان بەڵێ یە، ئەوا پێویستە هەرئێستا دەری بکەیت، ئەوجا ئەم پرسیارانە لەخۆت بکە:

- کەی ئەمە ئەنجام بدەم؟
- ئایا من بەتەواوی دۆسیەکانەوە ئامادەم؟
- کەسێکی تر هەیە جێگەی بگرێتەوە؟

پاش ئەمە بوەستە و خۆت ئامادەبکە بۆ دانی بڕیاری دەرکردن و پێڕاگەیاندنی بەسەرکەوتوویی.

٨٩-کردارەی دەرکردن:

((پێویستە توندوتیژیم تەنها بۆئەوەی بەسۆزبم))

ولیام شکسپیر

ڕۆنـــی بەڕێوەبـــەری گشـــتی ئـــوتێلێکی بچـکۆلانە زۆری سـەیر لێهـات و گـوتی:" چـی کردارەی دەرکردە، بۆ تـۆ بـڕوات وەهایـە کـە یـەك خولـەکیش لەدەسـتی خـۆم دەدەم بـۆ توڕدانـەدەرەوەی سـێوێکی خـراپ لـەنێو سەبەتەکەم؟ " ، گوتم: کەواتـە هەمیشـە چـی دەکەیت؟ گوتی:" کەسـەکە بـانگ دەکـەم بـۆ نوسینگەکەم و پێی ڕادەگەیەنم کە دەرکراوی. بەڵێ من لەکاتی دەرکردنی کارمەندا بەم شێوەیە ڕەفتاردەکەم و ئەمەم بەلاوە پەسەند و باشە"، ئەوجا هەمدیس لێم پرسییەوە: خولی دامەزراندنی کارمەند لای تۆ چەندە؟ گوتی :" بەدیاریکراوی نازانم، بـەڵام ئـەوەش دەزام کە ٥٥٪ ناوەندی تێکڕای ئوتێلکارییە".

بەڕاستی سەیربوو نەیدەزانی تێکڕای خولی دامەزراندن لـە ئوتێلەکـەی خۆیدا چـەندە دەیزانی لەئوتێلەکان بەگشتی چەندە! لەڕاستیدا دەیویست تێکڕابەرزەکە بشـارێتەوە و سەرزەنشتی ئەوانی تر بکات.

دەرکردن کاری بەڕێوەبەرە بۆیە پێویستە فێری چۆنێتی ئەنجامـدانی بێـت وەکـو هـەر کارێکی تری کارگێڕی، بۆیە ڕێگەم پێبدە کە کردارەی دەرکردنت بـۆ ڕوونبکەمـەوە کەلـە چوار قۆناغ پێکدێت:

١-چاوپێکەوتن و نامەی بەدواداچوون:

فرانسیس بیکۆن دەڵێت:" **من هەموو مرۆڤێك بەقەرزاری پیشەکەی دەزانم**"، لە هەنگاوی یەکەمدا لە نوسینگەکەی خۆت چاوت بە کارمەندەکەت بکەوێت و هەڵسەنگاندنی تەواوی بدەرێ و بۆچونی خۆتی لەبارەی ڕەفتارەکانیەوە بخەرەڕوو. دڵنیابە لەوەی بەباشی لە هەڵسەنگاندنەکەت تێگەیشتووە، ڕێگەی پێبدە بۆچوونی خۆیت بۆ دەربڕێت، ئەوجا نەخشەیەکی کاری بۆ دابڕێژە و پێی ڕابگەیەنە کەتۆ چیت لەو دەوێت و هەڕەشەی ئەوەشی لێبکە گەر خۆی نەگۆڕێت ئەم کارە باش و پێشنیار بۆکراوانەی ئەنجام نەدات ئەوا داهاتووی لەم کۆمپانیای تۆدا باش نابێت. ئەوجا ڕێگەی پێبدە باوەکو بڕواتەوە سەر ئەو کارەی تۆ پێی دەسپێری، لە نزیکەوە چاودێری بکە بەبێ خۆبارگاوی کردن بەئەو، هەوڵبدە وەها هەستبکات کەتۆ دەتەوێت یارمەتی بدەی و چاکی بکەیت.

٢-بۆچوونی ئاراستە بکە و کۆبونەوەی بەدواداچوونی بۆ ئەنجامبدە:

گەر ڕەفتارەکانی باش نەکرد، جارێکی تر بەدوویدا بهەنێرەوە و ئەمجارەیان کاتێکی دیاریکراوی بۆ دانێ بۆئەوەی ڕەفتارە نەشیاوەکانی بگۆڕێت ئەگینا دەردەکرێت.

٣-جارێکی تر بۆچونی ئاراستەبکە و هەلی باشتربوونی پێبدە:

گەر کارمەندەکە هەرلەسەر بۆچوون و ڕەفتارەکانی بەردەوام بوو ئەوا جارێکی تر ئاگاداری بکەرەوە. باشتر وەهایە ئەمجارەیان پێنج شەممەبێت و پێی بڵێ: بوەستە، تائێرە و بەس، دواتر ڕۆژی یەك شەمەیشی بۆبکەرە پشوو" چونکە هەینی و شەممە خۆی پشووە و یەك شەممەیش ئەمە سێ ڕۆژ دەکات، بۆئەوەی بەباشی بیر لە ڕەفتارە نەشیاوەکانی بکاتەوە.

كاتێك ئەم كارە ئەنجام دەدەی ئەوكات دەبينی ڕۆژی دوو شەممە كارمەندەكە خۆی ڕۆژی دووشەممە دێت و نامەی دەست لەكاركێشانەوەت پێشكەش دەكات، هەندێكيان پەشيمانی دەردەبڕن و واز لەڕەفتارە خراپەكانيان دەهێنن و دەگەڕێنەوە سەر كارەكانيان، بەلاّم پاشی ماوەيەك دەست دەكەنەوە بە نواندنی هەمان جۆرە كردار و ڕەفتار و بەهۆيەوە ناچاری خۆت دەريانبكەی.

٤–دواين ڕۆژ:

ئەمە ئەو ڕۆژەيە كە چاوت بە كارمەندەكە دەكەوێت و هەواڵی دەركردنی پێڕادەگەيەنيت، بۆئەوەی ئەم كارەيەش ئاسان ئەنجامبدەی پێويستە بزانی كە ئامادەی و هەموو شتێكت لەبارەی ئەم كارمەندە و دەركردنيەوە ئامادەكردووە، بەم شێوەيە:

أ– دۆسيەی ئەم كارمەندە بەگشتی بە چاوپۆشين لەم كاريە هەڵەيەی.

ب– دواين شيكی پارە و هەموو مافەكانی تری لەشێوەی زيادە موچەی و موچەی مەترسی ئەو ماوەيەش كاری تێداكردووە، بێگومان ئەمەيش پشت بەستە بەساڵەكانی كاركردنی و ڕاميارێتی كۆمپانياكە و هەموو مافێكی ياسايی كارمەندەكە.

كارمەندەكە بانگ بكەرە نوسينگەكەی خۆت و بڕياری دەركردنی پێ بڵێ، لەگەڵ پاراستنی بەها مرۆڤبوونی، بێگومان دەزانی دەركردن كارێكی خوازراو و ئاسان نييە، بۆيە زۆر لەگەڵيدا قسەمەكە و باسی هيچی تری لەگەڵدا مەكەرەوە، لەم جۆرە دۆخانەدا هەميشە من دەمگوت:" كيڤن ئەم جۆرە پيشەيە وابزانم دەردی تۆ ناخوات، كاتێك داوات لێدەكەين واز لەم كارە بێنی پارمەتيشت دەدەين بۆ دۆزينەوەی كارێكی باشتر و گونجاوتر لەگەڵ تۆ، بۆئەوەی بتوانی لەجێگەيەكی تر باشتر خزمەتبكەی و بەهرەكانتيان بۆ دياربخەی" . ئەوجا هەواڵە خۆشەكانی پێبدە و پێی بڵێ:" فەرموو ئەوەش موچەی پازدە ڕۆژ لەگەڵ هەموو تايبەتمەنديەكانت لەو ماوەيەدا و موچەی دووهەفتەی تری كاركردنيشت بۆ خەرج دەكرێت، بەبێ كاركردن)) ئينجا لەچاوانی بڕوانە و پێی بڵێ:"

هیوام سەرکەوتنتە"، ئەوجا تاوەکو لای دەرگای نوسینگەکەت بیبە. بەڵێ پێویستە بەڕێوەبەر بەم شێوەیە کارمەندانی دەربکات.

ڕێگەیوکی تریش هەیە کە بەر لەوەی دەری بکەی داوای لێبکەی کە خۆی داوای دەست لە کارکێشانەوە بکات" بۆئەوەی تۆ دەری نەکەیت. ئەم هەلی پێشکەشکردنی دەست لەکارکێشانەوەیە کایەی ئەوەی پێدەدات نەختێك خۆڕاگرانەتر ڕەفتاربکات و خۆی بە بەرپرسیار بزانێت و تۆیش تاوانبار نەکات.

دوایین چاوپێکەوتنی تایبەتی: ئامانجی پشت ئەم چاوپێکەوتنی ئەوەیە هەموو هەلێکی گونجاو بە کارمەندەکەت بدەی، بۆنمونە: دەتوانێت چاوی بەسەرۆکی کۆمپانیا یاخود خاوەنی کۆمپانیا بکەوێت و ڕای خۆی پێ بڵێت، بەپێی ئەزمونی خۆم بۆم دیارکەوتووە کە دوایین چاوپێکەتن سودی زۆرە و گرنگترینیان :

١- یارمەتی کارمەندەکە دەدات لەئیشەکەی دەرنەکرێت گەر ستەمی لێکرابوو یاخود بوختان بۆ ئەم کارمەندە کرابوو.

٢- یارمەتی بەرپرسانی کارگێری دەدات خۆیان لە تێوەگلان لە کێشە دیاریکراوەکان بەدووربگرن.

کردارەی دەرکردن

↑

٤

دوایین ڕۆژ

↑

٣

دووەم جار بۆچوونی ئاراستەبکە

↑

٢

بۆچونتی ئاراستەبکە و هەلی پێبدە

↑

١

چاوپێکەوتن و نامەی بەدواداچوون

٩٠-دە خاڵی بڤە لەکاتی دەرکردنی هەر کارمەندێکدا:

((هەرگیز لەکاتی تورەییدا کەس دەرمەکە. کاتێک تورەدەبم بیست و چوار کاتژمێر چاوەڕوان دەبم کەچی هێشتاکە هەست دەکەم تورەم، بەلاّم لەم کاتەدا جێبەجێ کردنی بڕیارەکان باشتر و ئاسانتر و کاریگەرتر دەبن))

فرانك باكتا

دەخاڵی مەترسیدار و بڤە کە پێویستە لەکاتی دەرکردنی هەر کەسێکدا لەپێش چاوی بگریت:

١. بەبێ ئامادەکردنی دۆسیە و ڕاپۆرتەکانی تایبەت بەو کارمەندە کردارەی دەرکردن ئەنجام مەدە.

٢. بەبێ ڤیلمەندی کارگێڕی ئەم کردارەیە ئەنجام مەدە.

٣. لەبەرهۆکاری تایبەتی خۆت کەس دەرمەکە.

٤. ڕەخنەی مەکە.

٥. بەهۆی سۆزەوە دەری مەکە.

٦. کاتی زۆر بۆ دەرکردنی بەفیڕۆ مەدە.

٧. زۆر قسەی لەگەڵدا مەکە.

٨. پەلەمەکە.

٩. زۆر چاوەڕوان مەبە" چون بە تێپەڕبوونی کات ڕەنگە دیسانەوە هۆگری بیتەوە.

١٠. پاش دەست لەکارکێشانەوەی کارمەندی نەرێنی و خراپ لای خۆت ڕامەگرە.

ئێستایش بیر لەوە بکەرەوە:

گەر بەڕێوەبەر کارمەندێکی بەهۆی نالێهاتووییەوە دەکرد باشە کێ جێگەی دەگرێتەوە بەڕێوەبەر یان کارمەندێکی لێهاتوو؟

٩١-چۆن دەزانیت تیشك خراوەتەسەر تۆ؟

((گەر نەتوانی ڕاستی بدۆزیتـەوە لەهـەر کوێیـەك بیـت، کەواتـە پێـت وەهایـە لـەکوێ دەیدۆزیتەوە))

دوگن

١- کاتێـك دەزانـی و هەسـت دەکـەیت سـەرۆك کارەکەت زۆر ڕەخنەت دەکات.

٢- کاتێك نامەی خراپ ئەنجامـدانی کارەکانـت بـۆ دێت. نامەی نادەستخۆشیانە.

٣- کاتێـك سـەرکارەکەت لـە ئیشـە گرنگەکانـدا پەنات پێ ناگرێت.

٤- کاتێك لە ئەنجامدانی فیدباك دەوەستیت.

٥- کاتێك هیچ کەسێك باس لە بۆچوونی تۆ ناکات.

٦- کاتێك دەورووبەرت پلەیان بەرز دەکرێتەوە و تۆیش هیچ.

٧- کاتێـك کۆمپانیاکـە بڕیـاری کەمکردنـەوەی موچـەدەدات و تـۆیش کـەمترین وەردەگریت.

٨- کاتێك موچەی تۆ زۆر لەوانی تر زیادترە. ئەوانەی موچەیان زۆرە زووتر لە موچە کەمەکان دەردەکرێن.

گـەر هەسـتت بـەهیچ کـام لـەو ئاماژانـەی پێشـووترکرد ئـەوا بزانـە تـۆ بـۆ دەرکـردن دیاریکراوی، بەدووی کارێکی تردا بگەڕێ، باشتر وەهایـە خـۆت دەسـت لەکاربکێشـیتەوە یاخود بەرلەوەی دەرت بکەن خۆت چاکبکە و فریای خۆت بکەوە.

تۆ ئێستا بە تەواوەتی ئاشنای دامەزراندن و دەرکردنیشی. بزانە خۆپاراستن باشترە لە چارەسەر. هەربۆیە تۆیش وریابە و بەژیرانە کارمەندانت دابمەزرێنە و زانیاریان لەبارەوە کۆبکەرەوە، پێویستە متمانەت بە پەیهەستت بێت. گەر بڕیاری دەرکردنی کارمەندێکت دا ئەوا وەکو مرۆڤێکی باش ئەم کارە ئەنجام بدە، وەك بنیامین فرانکلین جارێکیان گوتی:" **دادگەری ڕاستییەو جێبەجێ دەکرێت**"، دامەزراندن بکەرە ئامانجت، هەوڵی فێربوونی بدە وەك چۆن براوەی خەڵاتێکی زێڕینی وەرزشی ئاشنای جۆری وەرزشەکەیەتی، کتێبی زۆر بخوێنەرەوە، گوێ لە ڤیدیۆی زۆر بگرە و ببینە، ئامادەی کۆڕەکان بە، چەندە دەتوانی فێربە، لەمرۆوە بەڵێن بەخۆتبدە و مەوەستە .

لەکۆتاشدا گوتەیەکی فرانسیس دروبیت بۆ دەهێنمەوە:" **هەموو کارێکی مەزن سەرەتایەکی هەیە، بەڵام بەردەوامبوون تاوەکو کۆتایی سەرکەوتن و شکۆمەندی ڕاستەقینە بەرهەم دەهێنێ**".

بڕیاربدە کە هەموو شتێکی تایبەت بە دامەزراندن و دەرکردن فێربیت...

كۆتـــــاوشەكان

بڕوابونت بەخۆت نهێنی سەركەوتنتە..

((هەرچییەك مێشكی مرۆڤ بتوانێت وەری بگرێـت و بـڕوای پێبكـات، دەتوانێـت بیكـات بەڕاستی و بەدیبهێنیّ))

كليمنت ستۆن

ڕۆژێك برايان بە شاكيای خێزانی گوت:" نازانم چی بكەم، وەختـە كارەكـەم لەدەسـت دەدەم، كڕيارەكـانم لـە خراپـەوە بـۆ خـراپتر دەگـۆڕێن و قەرزدەرەكانیشـم لەهـەموو لايەكەوە داوای قەرزی خۆيانم لیّ دەكەنەوە. دەبێت من چی بكەم؟ باشە من بۆچـی ئـەم هەموو نەگبەتيەم توش بووە؟" ، ژنەكەيشی گوتی:" برايان گویّ بەسبەی مەدە، ئێسـتا بڕۆ نـەختێك بحەسـێرەوە و سـەيرانی شـوێنێك بكـە" . برايـان بەقسـەی ژنەكـەی كـرد، ڕۆيشتە سەيران، گەيشتە دارستانێك و ماندووبوون ناچاری كرد دابنيشیّ. لـەناكاو لـەنێو درەختەكانەوە پياوێكی پير دياركەوت و لێی نێزيك كەوتەوە و لێی پرسی:" ئەی كوڕی گەنج بۆچی خەمباری؟"، برايان كێشەكەی خـۆی بـۆ پيـاوە پيرەكـە گێڕايـەوە، پيـاوە پيرەكـەش پێكـەنی و بـەدەنگی بـەرز و نـەرم پێـی گـوت:" وابـزانم دەتـوانم يارمـەتيت بدەم!"، شيكێكی دابـە برايـان و داوای لێكـرد سـالّی داهـاتوو بگەڕێتـەوە هـەمان جێگـە بۆئەوەی وامەكەی بۆ بگێڕێتەوە.

برايان گەڕايەوە مالّیّ و دواتر كاتێك بەجوانی سەيری شـيكەكەی كـرد بـۆی دياركـەوت كـە شـيكەكە ٥٠٠،٠٠٠ دۆلاری پـیّ دەبەخشـێت! ئـەم پيـاوەيش يەكێكـە لەگـەورەترين مليادێرەكانی جيهان كە ئەويش جۆن د.ڕۆكفلر بوو. برايان زۆر دلّشـاد بـوو، بەژنەكـەی گـوت:" قـەرزی هـەموو قـەرزدەرەكان دەدەمـەوە و سـەرلەنویّ دەسـت پێدەكەمـەوە"، ئەوجا بۆ خولەكێك بيری كردەوە و گوتی:" نـەخێر ئـەم شـيكە هەلّـدەگرم و هەولّـدەدەم

بەبێ یارمەتی ئەوانی تر کارەکەم بۆ باشتر هەنگاو پێبنێم" ، بۆیە بانگی هەموو خاوەن قەرزەکانی کرد و لەگەڵیاندا ڕێککەوت کە بە مانگانە پارەکانیان بۆ بگێڕێتەوە.

برایان دەستی دایە کارکردن، زۆری بەژیرانە کاری دەکرد و خۆیشی ماندوو دەکرد، بەماوەی کەمتر لەیەك ساڵ سەرکەوتنێکی مەزنی بەدەست هێنا.

ساڵ تێپەڕی و کاتی ئەوە هات بگەڕێتەوە نێو باخچەکە و شیکەکەی بەڕێز ڕۆکفلر بگێڕێتەوە، کاتێك برایان گەیشتەوە جێگەی مەبەست پیاوەکەی لەنێو درەختەکاندا بینییەوە، کاتێك ویستی بەسەرهاتی خۆی بگێڕێتەوە ، لەو کاتەدا ئافرەتێکی سپی پۆشی بینی کەبۆلای پیاوە پیرەکە دەهات، ئەوجا ئەم ژنە سپی پۆشە بە برایانی گوت:" هیوادارم بێزاری نەکردبیت، من نەخۆشەوانم لە خانەی بەساڵدا ڕۆیشتوان، ئەم پیاوە زۆربەی جارەکان لەماڵەکە هەڵدێت و بە هەرکەسێك ڕابگات پێی دەڵێت: " من جۆن د . ڕۆکلری دەوڵەمەندم" .

ئێستایش دەمەوێت لێت بپرسم:" چی وەهای لە برایان کرد وەها سەرکەوتوو بێت؟ ئەم چەك یان شیکە قەڵبە بوو، یان باوەڕ و متمانەی؟"، برایان بەباشتر لەجاران کاری کرد، ژیرتر و باشتر کاری بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی دەکرد. باوەڕە مەزنەکەی وەهای لێی کرد بە تەواوەتی هەموو هێزەکانی بقۆزێتەوە و بە پێداگیری و ئارامگرییەوە کاربکات، بەڵێ ئەوە متمانە و باوەڕی بوو بەسەرکەوتن کە ئەم کەتوارییەی بۆ ئافراند، تۆ و ئەوانی تریش دەتوانن هەمان کار ئەنجام بدەنەوە.

دەتوانی تۆیش سەرکەوتوو بیت نەوەك تەنها لە ئیش و کارتدا بەڵکو لە هەر چوار بەشەکەی ژیانتدا: تایبەتی و پیشەیی و دارایی و تەندروستیش. ئەم کارەیش تەنها پێویستی بە گرتنەبەری هەنگاوێکی پێویستە کە ناوی کرداری لێ دەنێین. ئەو ستراتیژیەتیانەی لەم پەڕتوکەدا فێری بووی بەکاریان بێنە، بەو مەرجەی چەندین جار بیان خوێنیتەوە و بەباشی لێیان تێبگەی، بیان کەرە خووت بۆ بەدیهێنانی سەرکەتنت.

دەتوانی فێری خووەکان بیت دەشتوانیت بیان گۆڕیت، بۆیە خۆت ڕابێنە و سەرکەوتن بکەرە خووت. ئامانجەکانت دیاریبکە، کاتەکانت هەڵبسوڕێنە، بڕیاری باشتر دروستبکە، سەرکردەیەکی ناوەزە بە، دامەزرێنەرێکی زۆرباشی دەستەی کاری سەرکەوتووبە، هەوڵبدە دەستت بە زۆرترین ئامانجەکانت بگات و چێژ لەکارەکانت وەربگریت، بەبەکارهێنانی ئەم کلیلە کارا و مەزنانە.

وشەکانی جۆرج بێرنارد شۆ زۆر ڕاستن کاتێک دەڵێت:" **هەوڵی بەدەست هێنانی ئەوەبدە کە حەزت لێیەتی، ئەگینا وەهات لێبەسەردێت ئەوەت خۆشبێت کەبەدەستی دەهێنیت**"، بۆیە چاوەڕوان مەکە تاوەکو شتەکان ڕوودەدەن، خۆت بیان ئافرێنە، گوێ بۆ کەسانی نەرێنی مەگرە، گەر وتیان تۆ ناتوانی شتێك بکەیت ئەوا بزانە قسەکانی ئەوان دوورن لەڕاستییەوە و ئەوەیشی دەیڵێن گرنگ نییە.

گرنگی بەخۆتبدە، لەبیری مەکە پێبکەنیت، هیرۆدۆت جارێك گوتی:" **گەر پیاو ناچاربوو هەمیشە سوربێت لەسەر شتەکان و چێژ وەرنەگرێت و نەحەسێتەوە ئەوا توشی شێتی دەبێت، لە زۆر ڕوانگەشەوە ناهاوسەنگ دەبێت**" .

ئێستاکە شارەزایی بیست و پێنج ساڵ لەکاری پیشەیی و فێرکاری و گەڕانی خۆمت بۆ بەردەستە، بۆیە بەباشترین شێوە بەکاری بێنە و سەرکەوتنی پێ بەردەستبخە.

سوپاست دەکەم لەبەرامبەر ئەوەی ڕێگەت پێداوم بە بیست و پێنج ساڵی ئەزمونم بەشدارت پێبکەم، هیوادارم سەرکەوتوبیت و خۆشبەختی و تەندروستی باشترت بە بەش بێت. بەختێکی باش و خوا ئاگای لێت بێت.

دە ڕاسپاردە بۆسەرکەوتن و بەختەوەری

١) بڕوابکە کاتێك ئەوانی تر بەگومانن.

٢) کاربکە کاتێك ئەوانی تر خەون دەبینن.

٣) گوێبگرە کاتێك ئەوانی تر قسەدەکەن.

٤) بەشان و باڵیاندا هەڵبدە کاتێك ئەوانی تر ڕەخنە دەگرن.

٥) پێبکەنە کاتێك ئەوانی تر دەناڵێنن و گازندەدەکەن.

٦) دروستبکە کاتێك ئەوانی تر دەڕووخێنن.

٧) لەبیربکە کاتێك ئەوانی تر پێداگیری دەکەن.

٨) لێبوردەبە کاتێك ئەوانی تر تۆمەتبار بەخشنەوە.

٩) خۆشەویستی دەربڕە کاتێك ئەوانی تر ڕقیان دەبێتەوە.

١٠) لەبیری نەکەیت کە پێویستت بە گیانێکی گاڵتەجاڕانەو کەمۆڵەکەیەکی گەورەی ئارامگرییشە.

١) بڕوابکە کاتێك ئەوانی تر بەگومانن.

٢) کاربکە کاتێك ئەوانی تر خەون دەبینن.

٣) گوێبگرە کاتێك ئەوانی تر قسەدەکەن.

٤) بەشان و باڵیاندا هەڵبدە کاتێك ئەوانی تر ڕەخنە دەگرن.

٥) پێبکەنە کاتێك ئەوانی تر دەناڵێنن و گازندەدەکەن.

٦) دروستبکە کاتێك ئەوانی تر دەڕووخێنن.

٧) لەبیربکە کاتێك ئەوانی تر پێداگیری دەکەن.

٨) لێبوردەبە کاتێك ئەوانی تر تۆمەتبار بەخشنەوە.

٩) خۆشەویستی دەربڕە کاتێك ئەوانی تر ڕقیان دەبێتەوە.

١٠) لەبیری نەکەیت کە پێویستت بە گیانێکی کاڵتەجاڕانەو کەمۆڵەکەیەکی گەورەی ئارامگرییشە.

لەبڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما

نرخ (٨٠٠٠) دینار